# بەیان

ژ «١٢٨»ی شوباتی ١٩٨٧

هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/



پیرۆزتربێت جەژنەکانی شوبات و
ئادار

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی‌یە

سەرەکی ئەنجومەنی گارگێرو

سەرنووسەر

مصلح جەلالی

## دەستەی نووسەران

سکرتێری نووسین فؤاد حسین احمد

دکتور احسان فؤاد

دکتور کاوس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

محمود زامدار

صلاح شوان

مصطفی زیبار

عبدالرزاق بیمار

حمد مصطفی حمەبور

عبدالکریم فندی یحیی

حسین أحمد الجاف

محمد سلیم سواری

مونتیف وخۆش نووس: نزار بەزاز

بەرگی دووەم: شیلان محمد


## لەم ژمارەیەدا

بەیان ژمارە ١٢٨


● تۆماری جەنگ ●

- صدام حسین ی ئاشتی خوازو خۆشەویست ● حسن حسین الهداد ● ٢
- گەشەسەندنی رۆشنبیری کوردی لەژێر ئالای شۆرشدا ● حبیب غالب کامل ● ٤
- نەورۆزی مەهاباد.. شیعر ● عبدالواحد ادریس ● ٧
- بۆ بۆنەی یادی سەرکەوتنی شۆرشی ٨ی شوبات ● شفیق محمود جاف ● ٨
- لە بیرهاتنا دایك بوونا لەشکرێ مللی ● بریندار مزیری ● ١٢
- ئاداری ١٩٨٧ی ئاشتی‌و خۆشی ● سمیرە محمد علی ● ١٤

● لێکۆڵینەوە ●

- فۆلکلۆرو چەند تۆمارێك ● د. عزالدین مصطفی رسول ● ١٧
- کامەرانی ئەمر ● محمد معروف فتاح ● ١٩
- ئاوردانەوەیەکی سەرپێی ● محمود احمد محمد ● ٢١
- شیعر شارەزایی‌یە ● غفور صالح عبدالله ● ٣٠
- مەلا راجی ● عبدالله دارتاش ● ٤٠

● شیعر ●

- نەورۆز ● علی ناجی عطار ● ٤٩
- ٢٤ سەعات ● عبدالله عەباس ● ٥٠
- شاعیر بۆیە شیعر ئەڵێت ● کاکەی فەللاح ● ٥٢
- گوڵ و یەکتر ناسین ● لطیف هەڵمەت ● ٥٣
- ئەنجامی چاکە ● مصطفی عبدالله ● ٥٣
- نەورۆزی کاوە .... پەخشانە شیعر ● ئازاد شوان ● ٥٤
- دەلال ● کمال رمضان ● ٥٦
- چرای بەربلاوی دیدەکانم ● مصطفی زەنگەنە ● ٥٧
- گۆرانی‌ی شەمامە بووکی ● رەفیق محمد شوان ● ٥٨
- دوو پارچە شیعر ● قوبادی جەلی زادە ● ٥٩
- ئەنجامی شەش هەلوێست ● شفیق گرتکی ● ٦٠
- دووریان ● مسعود پەریشان ● ٦٢

● چیرۆك ●

- قوپی‌یە رفیق فایق ● ٦٣
- پشیلەی لەتوونا لەدایك بوو. و. لە ئینگلیزیەوە ● ئەنوەر قەرەداغی ● ٧١
- سبەینێ دەبێ برۆم (شانوگەری)و لەعەرەبییەوە ● سەلام محمد ● ٧٦
- چیرۆکی خەیالی زانستی ● زرنگ ● ٨١

● رەخنە ●

- سێ کورتە چیرۆك و رەخنەکا سەرپێ ● سامی سلیمان حاجی ● ٨٦
- چەند سەرنجێکی رەخنەیی لەوەرگێرانەکەی (برایم زەبوك) ● سەرگوڵ تیمور ● ٩٢

● فۆلکلۆر ●

- چیکەکا دی ژ دەریایا فلکلوری ● زکی محمد سعدالله ● ٩٨
● لاوان ● بەرهەمی لاوان ١٠٢
● راپۆرتی بەیان ● ١٠٥
● یانەی بەیان ● ناسو ● ١١٠



دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەنیشت


«المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پینج خەتە


تکاوگلەیی: -

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.

ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7.000 دینار





# صدام حسینی ئاشتی خوازو خۆشەویست

٠حسن حسین اللەدادە

زۆربەی هەرەزۆری سیاسیە بەناوبانگەکانی جیهانیو سەرکردە ناودارەکان و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە چاویان بە سەرکردەی قارەمان صدام حسین کەوتووەو لە گەڵیا دانیشتوون و بەووردی ئاگاداری ژیان و تێکۆشانی بوون، هەروەها بێجگە لە تێکوشان و ژیانی سەختی ڕابوردووی، ماوەی ١٨ ساڵە بۆ سیاسیەکانی سەرزەمین دەرکەوت و کە سەرکردەیەکی نموونەیی‌یەو لەمێژوودا سەرکردەیەکی وا بە بلیمەتیو ئازایەتیو تێگەیشتووی کەم هەڵکەوتووە لەگشت بوارەکان دا، لە بواری سیاسیو سوپاییو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری توانیویە بەوپەری سەلیقەو بە بڕوا بەخۆ ئەسپی خۆی تاوبنێت و بە چاکەسوارو تاکەسواری قارەمان لەناو سوارکانی تردا دیاربێ..

قارەمان صدام حسین دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە

سیاسیـەکی داناو هوشیارەو بەوپەری دووربینی یەوە مەسەلەکانی و دەوڵەتان شی دەکاتەوەو پەنجە بۆ پاشەڕۆژ و ئەنجامەکان درێژ دەکات و هەموو بۆچوونەکانی ڕاست و دروستن هەروەها وە هەر لەبەر ئەم دووربینی یەی دا پەیوەندیی عیراق و حیزب لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی ڕێك دەخات و بەوپەڕی ووردیو زانابیەوە سنور بۆ ئەم پەیوەندیو هاریکاریەی عیراق لەگەڵ ولاتانی تردا دەست نیشان دەکات . .

قارەمان صدام حسین هەمیشە دەنگی لەگەڵ دەنگی ئاشتی خوازان دا بووەو داوای ئاشتی خوازیی کردووە کە دەبێ گەلانی سەرزەمین لەژێر چەتریدا بە ئارامیو هێمنی بژین و هەمیشە دووربن لە کاری ناکۆکیو خوێن ڕشتن و دووبەرەکی بەردەوام داوای هەق و مافی ڕەوای گەلانی کردووەو دوودڵ نەبووە لە پێشکەش کردنی دەستی یارمەتیو هاریکاری هەموو ڕێکخراوە جیهانیەکان کە تێدەکۆشن بۆ وەدیهێنانی ئامانجی ڕەوای گەلەکانیان . .

قارەمان صدام حسین بەردەوام یارمەتیی ئەو گەلانەی کە داوای یارمەتی دەکەن و لەم جیهانە پان وبەرینەدا بە هەژاریو دەست کورتی دەژین و هیچ دەرامەتێکیان نی یە . . بەتایبەتی گەلانی ئەفریقا . .

ئەمانەی سەرەوە کە باسمان کردن تەنها بەشێکی ئێجگار کەمن لە چالاکیەکانی سەرکردەی قارەمان صدام حسین چونکە ئێمە بەم چەند درێژو لاپەڕانەدا ناتوانین بەووردی باسی قارەمانی گەل صدام حسین بکەین چونکە دەیان کتێب پڕدەکەنەوە، .

صدام حسین ی ئاشتی خواز هەر لە سەرەتای ژیانی سیاسییەوە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك هاتووە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی تر . . وە فەرموویەتی دەبێ کورد بگاتە ئامانجی خۆی کە حوکمی زاتیە لەژێر دەواری گەورەی عیراق دا . . لە ژێر ئالای عیراقی بەهێزو خۆشەویست دا . .

ئەوە بوو کە پارتی سەرکردە هاتە سەر حوکم یەکێ لەو مەسەلە گرنگانەی کە بەخێرایی چارەسەرکرا مەسەلەی کورد بوو، کە ، یاسای ئۆتۆنۆمی دامەزرا بۆ کوردستانی عیراق و دوو ئەنجومەن دامەزرا ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و بەم جۆرە ، خۆشەویست صدام حسین توانی ئارامی لە وولاتەکەمان دا بسەپێنێ

بەیاننامەی ١١ی ئادار زیاتر برایەتیی کوردو عەرەبی پتەوکرد هەموو عیراقیەکان بوون بە یەك هێزو یەك دڵ، لە نێوان ئەم ساڵانەیەدا ناوچەی کوردستان گەشایەوەو ئەوپەری پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوەو دەبینێت . . بەڵکو ئەتوانین بڵێین توانایەکی لە ڕادەبەدەرو تەقەلاو کۆششێکی فراوان دراوەو دەدرێ بۆ بنیاتنان و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بۆ هاوولاتیان بۆ ئەوەی لەناوچەکانی تری وولاتەکەمان دا نەکەویو شان بەشانیان بڕوات . . بێگومان کوردستان لە ژێر سایەو بەخشش و بەرەکەتی پارتی بەعس و سەرکردەی دانا صدام حسین هەمیشە پێشدەکەویو وەکو بووکی جوان و قەشەنگ ڕازاوەتەوە، وەکو سەرکردەی قارەمان صدام حسین فەرموویەتی «هەولێر پایتەختی هاوینی عیراقە».

بەڵێ لەژێر سایەی کاك صدام دا هەولێرو گشت شارەکانی عیراق ڕازاوە دەبێت و کراسی بوکی لەبەردەکات . . لە هەموو وەرزەکاندا لە یادی ١١ی ئاداردا هەزار سلاو لە سەرکردەی گەل صدام حسین دەکەین . .

هەزار سلاو لە گەلی بە وەفاو قارەمانمان دەکەین.هەزار سلاو لە سوپای دلێرمان دەکەین کە وا خاکی پیرۆزی عیراق لە چاوچنۆکە فارسە چەپەڵەکان دەپارێزن . . .



حبیب
غالب
کامل

# گەشەسەندنی ڕۆشنبیریی کوردی لە ژێر ئاڵای شۆڕش دا

هەر لەساڵەکانی بیستەوە ، لە کوردستانی عیراق دا لەم لاو لەو لاوە دەست بە چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی کوردی کرا، ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار لەو ساڵەدا یەکەمین بەرهەمی زادەی بیری مرۆڤی کوردی عیراقی لەشاری سلێمانی ڕووناکیی بینیو زاخاوی مێشکی مرۆڤی کوردی. . . دا، ئیتر دوا بەدوای ئەوە بەرهەم لە دووی بەرهەم دەکەوتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەگەرچی ڕۆشنبیری لەسەر بناغەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وێژەییو شیعرو چیرۆك و کۆمەڵایەتی دامەزراوە، بەڵام تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین کە ڕۆشنبیری کوردی لەو سەردەمەوە بگرە پێش ئەوەیش بە چەندین دەیان ساڵ، تەنیا لە دەلاقەی شیعرو شیعر گێرانەوەدا دەخولایەوەو ئەو ڕۆشنبیرییە لە مزگەوت و لە حوجرەی خوێندنەوە سەری هەڵ داو پەرت وبڵاو بووەوە، چونکە ئەو سەردەمە هێشتا قوتابخانە بڵاو نەبووبووەوەو، ئەوانەیش کە خوێندنیان دەزانی لە حوجرەو لە مزگەوتەوە فێر ببوون.

بۆیە باری ڕۆشنبیری ، هەر لە قاووغی تەسکی شیعردا دەسووڕایەوەو نەیدەتوانی خۆیی لێڕزگار بکات، کە کەمە کەمە ڕۆژنامەگەری کوردی پەلی هاویشت و شارەکانی کوردستانی تەنییەوە، شان بە شانی شیعر پەخشانیش توانی سەر بەرز بکاتەوەو بڵێت من هەم، چی لە شێوەی هەواڵ و چی لە شێوەی بیری ڕاگوزاریو، چی لە شێوەی گێرانەوەی بەسەرهات و ڕووداوی فۆلکلۆریو مێژوویی دا.

ڕۆژنامەو گۆڤاریش دەورێکی باڵایان گێڕا، لە فراوان کردنەوەی مەودای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی بەناو خوێندەواران دا لە شارە دێرینەکانی کوردستان دا، بۆیە چاپخانەکەی (گیو مو[illegible])و پێش خۆیشی شادڕەوان (حوزنی موکریانی)ی برای لە ڕەواندزو لە شاری هەولێر

ڕۆڵێکی دیاریان بینی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بە کوردستان دا، بەهۆی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو ئەو دیوانە شیعرو بەرتووکانەی بڵاویان دەکردەوە ڕەواجێکی باشیان لەناو خوێنەران دا دەبینی، ئەگەرچی ژمارەیان زۆرکەمیش بوو واتە ژمارەی خوێنەران، لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە شارە دووروگوندە دوورەکان دا.

با چاپخانەکەی پیرەمێردی نەمریشمان لەبیر نەچێت، کە پاش گەڕانەوەی لە ئەستەموول، ئەویش لەلای خۆیەوە چاکی لێ بەلادا کردو، بە ڕۆژنامە دەرکردن و بە پەرتووك چاپ کردن باری ڕۆشنبیری کوردیی پتر گەشە پێ دەستاند. لەم دەورانەدا بوو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا گەشانەوە لەوانەیش (ژین، ژیان، ژیانەوە، هاوار، رووناهی، هەتاو، هیوا) و چەندینی دیکە سەرەرای ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی ئەدەبی کوردی گۆڤاری (گەلاوێژ) کە بنەمایەکی پتەوی بۆ ئەدەبی کوردی چەسپاندو ماوەی ساڵانی (١٩٣٩ - ١٩٤٩) بەدرێژایی تەمەنی دەساڵی خۆی بەردەوام بوو.

لەمەوە کە پەنجاکان سەریان هەڵ دا باری ڕۆشنبیری هەر لەڕەوت دا بوو، سستی دای نەدەگرت و لەگەڵ شۆڕشی ١٩٥٨دا، کەمێك ڕۆژنامەگەری کوردی گەشایەوە، بەڵام لەگەڵ بارودۆخی ڕامیاریدا کپ دەبووەوو بێدەنگ دەبوو، بەڵام لەم لاو لەو لاوە کتێب و چاپەمەنی بە ڕەنجی تاکە کەسی هەر دەردەچوون و، گۆمە وەستاوەکەیان دەشڵەقاند، ئەم بارە بەو چەشنە بەرێوە ڕۆیشت، تا شۆڕشی حەڤدە - سی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨ بەرپابوو، کە بوو بە هۆی ئەوەی باری ڕۆشنبیری کوردی سەرلەنوێ ببوژێتەوەو گوڕی خێرای تێبکەوێتەوە، ئەوەبوو ساڵێك بەسەر شۆڕش دا تێنەپەڕیبوو، ڕێگە درا گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (بەیان)ەوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنەوە دەربچێت و بەرهەمی نووسەرە کوردەکان لە ئامێز بگرێت و، چەند مانگێکیش پاش ئەوە واتە لە ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠دا، ڕێگە درا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی زمانی هەفتانە بەناوی (هاوکاری)یەوە دربچێت، کە ئەم دوو بڵاوکراوەیە باری ڕۆشنبیریی کوردییان گوڕ تێخست و چوست و چالاکی یەکی بەگوڕیان خستە ناوەندی وێژەییو ڕۆشنبیرانی کوردەوە.

لەم بووارەش دا شۆڕش بایەخی زۆری بە ڕۆشنبیری کوردی دا، ئەوەبوو (دەزگای هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی) دامەزراندو ئەرکی دەرکردنی ئەو دوو چاپەمەنی یەی پێسپارد، سەرەرای کتێب چاپ کردن ، پاشان لە ساڵی ١٩٧٦دا، ئەو دەزگایە لە تەك دەزگای بەرێوەبەرایەتی گشتی ی ڕۆشنبیری کوردیدا، کە بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیری نوێ)ی دەردەکرد، کران بەیەك دەزگاو ناوی (دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی)ی لێنرا، کە ئەرکی بە چاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ، ئەو سێ چاپەمەنی یەی گرتە ئەستۆ، جگە لە یارمەتیدانی نووسەرانی کوردو چاپ کردنی بەرهەمە ئەدەبیو ڕۆشنبیری یەکانیان.

لە لایەکی تریشەوە لە سایەی شۆڕش دا، چەندین کتێبی کوردی رووناکییان بینیو چەندین چاپخانە کەوتنە گەڕو بڵاوکراوەو کتێبی کوردییان دەخستە بەردەستی خوێنەری کوردزمان

هەر لە سەردەمی شۆڕش دا بوو، کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردی دامەزراو گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)ی دەردەکردو، یەکیەتی نوسەرانی کورد دامەزراو «نووسەری کورد»ی دەخستە بازارەوەو، دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دامەزران پاش ئەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٩دا ددانی بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا ناو لە ساڵی ١٩٧٤دا ئۆتۆنۆمیی بۆ گەلی کورد جێبەجێ کرد، ئەوەبوو لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانەوە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) دەرکراو

بەرهەمی نووسەرانی لە ئامێز گرت، سەرەڕای ئەمینداریەتی گشتی ی ڕۆشنبیریو ژلاوان کە ئیستا خەریکی دەرکردنی گۆڤاری(کاروان)ە بە کوردیو عەرەبی سەرەڕای یارمەتیدانی نووسەرە کوردەکان، بۆ چاپ کردنی بەرهەمە ئەدەبی یەکانیان.

بەم جۆرە باری ڕۆشنبیری کوردی بەرەو پێشەوە دەچوو، یەکەمین دەزگای کوردیش ، ئەرکی هەرەزۆری لەم بوارەدا دەبینی ، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بوو، [illegible] ساڵێك بەرنامەی کاری ڕێك وپێکی دادەناو ڕای دەپەڕاند، تا ئەو ڕادەیەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە ڕۆژی نوێ ئازاری ساڵی ١٩٨٣دا، بە خودی خۆی لە لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری دەزگاکەدا ئامادەبوو، کە ئەمەیش بایەخ دانی شۆڕش بە ڕۆشنبیری ی کوردی دەگەیەنێت و دووپات کردنەوەی بەتەنگەوە هاتنی ڕۆشنبیری کوردی یە لەلایەن سەرکردایەتی ی شۆڕشەوە.

ئەوەبوو سەرەکی فەرماندە لەو ڕۆژەدا ئامۆژگارییەکی بەنرخی ئاراستەی لێپرسراوانی دەزگاکانی ڕۆشنبیری کوردی کردو گوتی:

«گۆڤارو ڕۆژنامەکان پتر بە نووسین لەسەر ئەدەبی کوردیو ڕۆشنبیری کوردیو هونەرو شیعری کوردی پڕ بکەنەوە هەتا گەلی کوردمان تێر دەبێت».

هەروەها بەڕێزی لە ئامۆژگاری یەکانی دا دەڵێت:

«جا دەبێت ئەم حاڵەتە وا لێ بکەین باو بێت هەتا لە ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوا بۆ گەلی کوردمان باوی بکەین و وا بکەین ڕۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا دوایی پڕبێت لە باس دەربارەی کوردو مێژووی کوردو ئەدەبی کوردو ڕۆشنبیری کورد، هەردەم ، هەرچیمان بۆ هات بڵاوی بکەینەوە ، پاش ئەوە گەلی کوردمان تێر دەبێت..».

ئەمەیش دیسانەوە دووپات کردنەوەی بایەخ دانی شۆڕشە بە ڕۆشنبیری ی کوردیو بە گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دا، ئەوەبوو پاش ئەو ئامۆژگاری یە بەنرخ و بێ هاوتایانەی سەرەکی فەرماندە ئەوەندەی تر گوڕ کەوتە باری ڕۆشنبیری ی کوردی یەوەو، لە هەموو لایەکەوە کتێب کەوتە بازاڕەوەو، کۆڕی ڕۆشنبیریو ئەدەبی دەبەسترا، چوست و چالاکی یەکی بێوێنە کەوتە ناو ڕۆشنبیرو نووسەرانی کوردەوە.

ئەوەبوو تەنیا لە دە ساڵی تەمەنی شۆڕش دا، لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ساڵی ١٩٧٩ حەوت سەدو شەست و دوو کتێبی هەمە جۆری کوردی کتێبخانەی کوردی یان ڕازاندەوە، کە چی لە ساڵی ١٩٢٠وە تا ساڵی ١٩٦٩ کە ساڵ و نیوێکیشی تەمەنی شۆڕشی تێدایە تەنیا (٨١٧) کتێب دەرچوون، کە ژمارەی کتێبەکانی ئەو ساڵ و نیوەی لێ دەربهێنین بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی کتێبی دەرچووی دەساڵی تەمەنی شۆڕش لەو کتێبانە زۆرترە کە لەماوەی پەنجا ساڵی پێش شۆڕش دا دەرچوون، جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٨٠وە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ ژمارەی سەرجەمی کتێبی کوردی لەو شەش ساڵەدا گەیشتووەتە (٦٧٣) کتێبی کوردی ی هەمەجۆر، لەمەیشەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ژمارەی کتێبە کوردییەکانی سەردەمی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٠وە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ دەکاتە (١٤٣٥) کتێب.

بەم چەشنە ڕۆشنبیری ی کوردی لە ژێر ئالای شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی گەلاوێژدا هەر دەگەشێتەوەو لەپەرەسەندندایەو، ئەوەتا ئەو ڕۆژەی سەرەکی فەرماندە صەدام حسین ئامادەی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بوو، بە ڕۆژی ڕۆشنبیری ی کوردی دانراو، بەم بۆنە پیرۆزەوە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن و ستایشی ڕێزلێنان و بایەخ دانی شۆڕش بە ڕۆشنبیری ی کوردی دەکەن و پەرە بە چوست و چالاکی ی خۆیان دەدەن و لەدەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکان دا بازووی مەردانەی ڕەنگینی خۆیان دەنوێنن.

# نەورۆزی مهاباد

• عبدالواحد ادریس شریف •

کڵپەی وشەم
کێوی ورەم
دەسووتێنێ هەرچی هارە
دەرووخێنێ
هەرچی تەلاری ئازارە
هێز دەبەخشێ
بەچی‌پاڵە و کرێکارە
چی ماف خوراو دەربەدەرو هەژارە
تابگەنە بە
تیشکی ئەوخۆرەی نادیارە
چرای ئەنگوستە چاوی نێو لادێ وشارە
چونکە گڵپەی
وشەی شیعرم

لە پارچە پشکۆی ئاگری
نەورۆز سەندووە
بە رووباری خوێنی نەوەی
کاوەی سەردەم
پیتەکانم دارشتووە
بڵێسەی گڕیم جۆش داوە
بۆ گیانی ستەم
تا ئەو ڕۆژەی
نەورۆزێکی تر هەڵدەکەم
لە کۆتایی سەدەی بیستەم
ئەوسا وشەم
دەبێ بە هەتوان بۆ زامی


پڕ ئێشی ژیان
بە بڵند گۆ
بۆ ئازادی خوازی جیهان
بۆ خاوەن تفەنگی بیرو بڕوا لەشان
تا کەڵ ئاسا سەربەست بدوێ
بۆ چەوساوان
بێ سڵ لە زوحاك هەلڕێژێ
ئاخی دەروون
ئاواتی ڕوون
کۆتەڵ بۆ گشت سەربازی، ون
لە ـ ناخی شار بڕازێنێ
خۆزگەی شەهید بەدی بێنێ!



شفیق محمود جاف

# بۆ بۆنەی یادی سەرکەوتنی شۆڕشی ٨ شوباتی نەمر بووکی شۆڕشان

گەل و نیشتمانی عیراقی خۆشەویستمان، وەك بۆ هەموو ئاشکرایە، لە دێر زەمانەوە، لە ژێر چەپۆکی بێگانەو بێگانە پەرستی و داگیر کەراندا دەتلایەوەو دەینالاندو لەژێر باری ژیانێکی هەژاری و رەش و رووتی و کەساسی و ماف خوراوی‌دا ژیانی بردبووە سەر.. ژیانێکی دەست بەسەری چ بەدەستی دام و دەزگاکانی عوسمانیەکانەوە... چ بەدەستی دام و دەزگاکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزییەوە، هەتا بەرپا بوونی شۆڕشی «٣٠»ی - حوزەیرانی سالی (١٩٢٠) شۆڕشی مەزنی عیراق لە راپەڕینە یەکگرتووەکەیدا، لە باکوورەوە هەتا باشووری عیراق... بەعەرەب و کوردو هەموو کەمایەتیکان، کە لە ئەنجاما میرییکی «حکومەتیکی» نیشتمانی لە عیراقدا پێکهێنرا، گەلی عیراق بەهەموو کەرتەکانیەوە بە چاوێکی پڕ لە ئاوات و ئامانجەوە چاوەڕوانی بەجێ هێنانی مافە رەواییەکانی دەکرد لە ژێر سایەو سێبەری پاشایتی نوێدا، بەلام ئەو ئاوات و ئامانجانە کە بە هیوایەوە



بوون، بەو شێوەیە نەهاتە کایەوە کە چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵکو هەمان شێوەی پێشوو، ئیمپریالیزمی «ئینگلیزی» داگیرکەر، دەستێکی باڵای هەبوو لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و دەرەوەی عیراق، بەتایبەتی لە رووی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە، بەپێی نەخشەو پلانێکی تایبەتی و دانراو، کە لە لایەن رژێمی پاشایەتی یەوە رادەپەڕاندرا، وەك پێشینان وتوویانە. . . «شوانم ئەو شوانە بێت. . . چ نانێکم لە خواندا بێت. . ؟!».

بێگومان. . گەلی عیراق بە هەموو کەرتەکانیەوە، لە نیشتمان پەروەران. . . رۆشنبیران. . . قوتابیان. . . کرێکاران. . . جوتیاران، کە بە سەدەها قوربانییان پەخشیوە لە پێناوی سەربەستی نیشتماندا - بەدەنگێکی بەرزەوە، هەڵوێستە نامرۆڤایەتیکانی داگیرکەرانی دەدایە دواوە بەرێگەی خۆپیشان دان و مانگرتن، وەك لە گاورەیی بەسەرەدا ڕوویدا دژی مۆنۆپۆلیتی کۆمپانیاکانی جیهانی، لە پێناوی ماف رەوایی گەل و نیشتمانی عیراق لە سامانەکانی نەوتی نیشتمانییدا، تێگرای گەلی عیراق چاوەڕوانی ڕۆژێکی گەسەندووی خۆی دەکرد بۆ رزگار بوون لەژێر دەستی بێگانەو بێگانە پەرستی، ئەوەبوو لە رۆژی «١٤» گەلاوێژی ساڵی «١٩٥٨»دا گەل و سوپای گەلی عیراق بەشۆڕشە مەزنەکەی هەڵساو روخاندنی تەخت و تەلاری رژێمی پاشایەتی لە عیراق دا هەتاهەتایە. .

گومانی نییە، لەسەرکەوتنی شۆڕشی «١٤» گەلاوێژدا، ئامانج و ئاواتەکانی گەلی عیراق بووژایەوە. . . بەو هیوایەوە کە ئەو رژێمە بەناوی گەلەوە هاتووە ئامانج و ئاواتەکانی ئەم گەلە وەدیدەهێنێ، لە نێو سەربەستی و سەربەخۆیی لە ژێر ئاڵای رزگاریدا. . . . بەڵام. . . ئایا ئەو ئامانجانە وەدی هێنران؟؟

بێگومان. . . نەء. . . چونکە دووبارە ئەم گەلە کەوتە ژێر دەستی تاقمێکی نوێ لە چەوساندن و راونان و گرتن و کوشتن و دەربەدەری بوونی نیشتمان پەروەران و خنکاندن و راکێشانی خەباتگێڕان بەدەستی دەزگا ئاگاییەکانی رژێمی دکتاتۆرییەتی «عبدالکریم قاسم»ەوە. .

ئەم شێوەو وێنەیە ماوەی پێنج ساڵی خایاند. . .

پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە یەکێکە لە پارتە نیشتمان پەروەرەکانی عیراق هەمان شێوەی پارتەکانی تر کەوتە بەر کارو کرداری نارەوایی دەزگاکانی رژێمی قاسم - ی - و راونان و کوشتن و گرتن و راکێشانی هەڤاڵ و ئەندامان و لایەنگیرانی ئەم پارتە. . . ئەوەبوو لە ئەنجاما ئەم پارتە شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرە «پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست» بڕیاریدا - هەرچەند قوربانیدابێ - بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە زۆردارو تاوانبارەو رزگار کردنی گەلی عیراق و نەتەوە. . ئەوەش بە لە ناو بردنی عبدالکریم قاسم.

**ئامادەبوون بۆ بەجێهێنانی ئەرکی بڕیار. .**

لە بەرواری «٧» تەشرینی یەکەمی ساڵی «١٩٥٩»دا ـ کۆمەڵە لاوێك لە هەڤاڵە خوێن گەرمەکانی «پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست» «کە سەرۆك پێشەوا هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین یەکێك لەو لاوانە بوو» بەپێی نەخشەو پلانی دانراو لەسەر پێ ڕەوی شەقامی ڕەشیددا تیر بارانی عبدالکریم قاسم یان کرد، لەگەڵ بەرز بوونەوەی دەنگیاندا «ئەمە لە پێناوی شەهیدان دا. . . شەهیدانی موسڵ. . شەهیدانی کەرکوك. . . شەهیدانی هەموو عیراق بەئافرەت و منداڵ و بێگوناهەکان، ئەوەبوو لەئەنجام دا ئەو زۆرداره بریندار بوو و لە مردن «کوشتن» ڕزگاری بوو. . . بەڵام هەڤاڵ صدام حسین گوللەیەك بەرقاچی کەوت. .

پاش بەجێ هینانی ئەرکی بریار، هەڤالان کشانەوە بەرەو ناوی کۆڵانە تەنگە بەرییەکان و گەیشتنیان بە مەڵبەندە نهێنی یە تایبەتیکەیان.

// دەنگی ئێزگەی بەغداد بەرز بووەوە. . بڵاو کردنی ڕزگار بوونی ئەو دکتاتۆرە. . هەروا تاوانبار کردنی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست بەو کردەوەیە. . . شان بەشانی ئەوەش، پۆلیس و ئاگاییەکانی «مخابرات» ڕژێمی قاسم ـ ی ـ کەوتنە پشکنینی هەموو گەڕەك و قوژبنێکی بەغداد بۆ مەبەستی گرتنی هەڤالان و ئەندامان و لایەنگیرانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لەگەڵ ئەو هەموو هەراو هوریاو هەرەشەدانەیان و هەڵکردنی دروشمی جۆراوجۆرو بانگەوازانەیان، ئەوەیان لە بیر چووبوو کە بە خۆیان «تاقمی ڕژێمی قاسم ی» هەزارەها کردارو کردەوەی نارەوایان کردبوو دژی جەماوەرانی گەلی عیراق. . . لە کوشتن و لەسێ دارەدان و ڕاکێشانی بێ تاوانان. .

**پرسیارێك**

ئایا ڕاستیان دەکرد کە ئەو کۆمەڵە لاوو شۆخ و خوێن گەرمانە ـ لە هەڤالانی بەعس. . پیلان گێر بوون و ڕێگەی نارەواییان گرتبوو. . !؟

**وەڵام. . .**

نەء. . . پیلان گێر نەبوون. . . ڕێگەی نارەوایان نەگرتبوو. . . بەڵکو لە پێناوی وەدیهێنانی پرشنگدارو گەشەسەندودا بووە بۆ گەلی عیراق. . . لە پێناوی سەربەستی و سەربەخۆیی و ڕزگار بوون لەژێر دەستی ڕژێمی دکتاتۆرییەت دا. .

**«٨» شوبات و لەدایك بوونی بووکی شۆڕشان. .**

بێگومان. . . هەموو کەشتییەك لە دەریادا هەر دەبێ بکەوێتە بەر شەپۆلی جوراو جۆرو ترسناك. . بەڵام لە ئەنجام دا هەر دەبێ بگاتە ڕۆخی مەبەست و ڕۆشنایی ئاسۆیکی ڕووناك و پرشنگداری بۆ دەرکەوێ. .

// پاش ئەو هەموو گرتن و ڕاونان و بەندکردن و دەربەدەرییەی هەڤالانی پارت «پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست» ئەندامان و هەڤالان، هەمیشە بەردەوام بوون لە ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوەکان و ئامادە بوون لەپێناوی بەجێ هێنانی بریارەکانی پارت لەو ماوەدا هەڤاڵ صدام حسین لە سنووری عیراق دەرباز بووبوو کە لە ئەنجاما لەبەرواری «٢١» شوباتی «١٩٦٠»دا ـ شاری دیمەشقی «دمشق» بەجێ هێشت بەرەو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو «الجمهورية العربية المتحدة» «مصر».

// ئەوەبوو لە ئەنجامێکی ئامادە بوونێکی تەواویدا ـ لە ڕۆژی «٨» شوباتی ساڵی «١٩٦٣»دا ـ ڕێکەوتی ١٤ «ڕەمەزان» قەلای زۆرداری لەعیراقدا ڕوخا بەگۆڕ کردنی عبدالکریم قاسم و دام ودەزگای ڕژێمەکەی بە دەستی هەڤالان و شۆڕشگێرانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە ژێر ئالای دروشمی «یەکێتی و سەربەخۆیی و سۆشیالیزمی»دا.

// بووکی شۆڕشان، لەو تەمەنە کورتەیدا، بە هەموو

توانایەوە تێکۆشا لە پێناوی چاك کردنی باری خۆیی عیراق بەجێ هێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان . . . بەم شێوەیە . . لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا چەندەها دەست کەوتی مەزنی بەجێ هێنا لە کەرتەکانی کشتوکاڵی و ئابووری و پیشەسازی و کۆمەلایەتی و ئاوەدانی دا، هەروەها دانانی نەخشەو پلانی بەرژەوەندییەکانی پاشە ڕۆژ . . . لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند پارت «پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست» تووشی چەندەها گێچەل و کۆسپ گرفت و پیلان بووبوو . . . بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆڵی نەدا . . هەروەك کۆڵی نەداوەو نادات . .

// بەڵام . . . بەهۆی هەندێ باری هەڵەی سیاسی و ئایدەلۆژیەوە لە بیرو باوەری تاقی کردنەوەیێکی تایبەتی نوێدا سەرنەکەوت . . . ئەوەش بوو بە دەرسێك بۆ ڕاپەڕین لە پاشە ڕۆژدا . . ئەوە بوو لە ئەنجاما هەنگاو بە هەنگاو داوی سستی گەمارۆی شۆرشی «بووکی شۆرشان ـ ی)دا و بەرەو نەمان دەرۆیشت . . کە لە ئەنجاما لە ڕۆژی ڕەشی «١٨» تەشرینی دووهەمدا «ساڵی ١٩٦٣» پاش تەنها تەمەنێکی نۆ مانگی ـ عبدالسلام عارف ـ ی تاوانبار هەڵسا بە وەرگەراندنە ڕەشەکەی بەخنکاندنی «بووکی شۆرشان» ئەم شۆرشە ساوایەو کۆتایی پێدانی . . .

// بەڵام . . ئایا . . . هەڤاڵانی پارت دامرکان و لەپەك کەوتن بە هۆی دووبارە ڕاونان و گرتن و بەندکردنیان!؟ . . . نەء . .

کۆڵیان نەدا . . دووبارە کەوتنە ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانیان و ئامادە کردنی هەڤاڵان بۆ ڕۆژانی پڕ لە ئاوات و ئامانج .

**بەرەو بەرەبەیانێکی ڕووناك و پرشنگدار . . .**

//سەرکردایتی پارت «پاش هەڵبژاردنیکی هەرێمی» لە عیراقدا بە لێکۆڵینەوەیێکی وردو تیژ و هەڵسەنگاندنیکی زانیاری لە بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕژێمی عارفی «عبدالرحمن عارف» گەیشتە ئەو بڕوایە کە ئەو ڕژێمە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لاوازی و لە ناوچوون دەڕوا، لە هەمان کاتیشدا بزوتنەوەی شۆڕشگێران «سەربە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست» بەتەواوی ئامادەیە . . لە ڕووی هێزو توانایانەوە . . . چ لە ناوخۆییدا! . . چ لە دەرەوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش و گۆڕانکاری ـ لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایتی لە وڵاتدا . . . لەهەمان کاتیشدا ئەوەی بۆ ڕوون بووبووەوە کە ئەو چەشنە بارودۆخەی ئەو ڕژێمە بە شۆڕش نەبێت، بەهیچ چارەسەر ناکرێت . . ئەوەبوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی «١٧» تەمموزی پیرۆزی ساڵی «١٩٦٨» بە شۆڕشە هەرە مەزنەکەی هەڵسا، بەگۆڕ کردنی ڕژێمی عارفی هەتا هەتایە . .

بەڵام ئایا . . . سەرکەوتنی شۆڕش بەتەواوی دەست نیشان کرا لە یەکەم ڕۆژیەوە . . بێگومان . . . نەء . . چونکە لە ناو شۆڕشدا چەند کەسانێکی خزاو هەن لە ناپاکان کە خۆیان سەپاندە سەر شۆڕش، ئەبێ شۆڕش لەو ناپاکانە پاکش بکرێتەوە . .

ئەوە بوو، سەرۆك پێشەوا هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین ئەرکی لێپرسراوی ئەو پاکش کردنەوەی شۆڕشەی گرتە ئەستۆ، کە لە ئەنجام دا بە شێوەیێکی دلێرانە شۆڕشی لەو ناپاکانە پاکش کردەوە بەتەواوی . . کە شۆڕش ڕووی بێگەردوجوان و گەشەسەندوی لە ڕۆژی «٣٠» تەمموزدا گەشایەوەو بەدلێری زێرین لەسەر لاپەڕەکانی مێژودا تۆمار کرا . .

■ پیرۆز بێ یادی نەمری بووکی شۆڕشان . .

■ ڕێزو سەلاوێکی ڕازاوە بە چەپکە گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ سەرۆك پێشەوای دلێرمان هەڤاڵ تێکۆشەر صدام حسین .

■ ڕێزو سەلاوێکی بەرز بۆ گیانی پاکی «لە هەموومان شکۆمەندتر» شەهیدانی دووهەم قادسیە لە قادسیەی صدام دا .

■ هەمیشە سەرکەوتووبێ سوپای دلێرمان ـ بەسەر دوژمنانمان لە ڕژێمی ئیرانی خومێنی و هاوپەیمانەکانی .

## ل بیرهاتنا دایک بوونا

# لەشکرێ مللی

بریندار مزیری

سەربوری‌یا لەشکرێ مللی . . سەربوری‌یەکا دیارا پارت و شۆرشێ‌یە ، . . سەربوری‌یا پێکهینانا لەشکرێ مللی ئێکە ژ ئالۆزترین سەربوری‌یا ل جیهانێ . . .


ئەڤ سەربوری‌یە سپەهی و ئێکانەیە د دیروکا بزاڤا شۆرشا عەرەبی‌دا ئەڤەو پشتی کو عیراقێ چەند پێنگاڤێت بەرکەفتی هاڤێتن بۆ پێش ئو دگەل گەهشتنا پێڤەهاتیێت شۆرشێ و جهێ پارتێ و قومانداری‌یا وێ دناڤ چڤاکێ و دەولەتێ‌دا . . هەولدا داکو قوناغەکا دی یا نوی دەست پێ‌بکەن بۆ خەباتکەرێت پارتا بەعس داکو بشێن پرێڤە بچن دگەل بزاڤ و لڤینا مللەتی و دەستێ خو بدانە ل سەر ئالوزی و گرفتاریێت بەرهنگاری دبن ڤێجا رابو چەک بەلاڤەکر ل سەر خەباتکەرا

ئەڤە پشتی شۆرشا هەڤدە ـ سی‌هێ تیرمەهێ پارتا بەعسا عەرەبی‌یا هەڤپشکی بەردەوام بۆ رابو ئەڤ کارە کر ئوردگاییت راهینانا مللی هاتنە ڤەکرن بتایبەتی بۆ



خەباتکەرێت پارتێ داکو پشکداریێ بکەن ل بەرگریا فەلەستینێ بەلێ بریارا رەسمی و یاسادانانا تایبەتیا دروستبونا کەلەخێ رێکخستن و هونەرییا لەشکرێ مللی، هاتە هەلبژارتن و دانان ل سالا «١٩٧٠» ئو ل رۆژا ١٩٧٠/٢/٨ دەست ب دروستکرنا وێ هاتەکرن.. یانکو ل بیرهاتنا هەلبونا شۆرشا هەشتێ شوباتێ و ژبەر ریزگرتنا وێ و بیرهاتنا نەمر د دیروکا خەباتا پارتیێدا و خەباتا نیشتمانی و نەتەوەیی .

ئەڤەو یا هەژییێ کوتنێیە کو پێدڤییە ل سەر هەمی خەباتکەرێت پارتێ ببنە لەشکرێ مللی و کەس ژێ بێبار نەبیت ژ بلی ئەندامێت قومانداریا هەرێماتیێ.. ئەو ژی ژبەر جهێ وان دپارتیێدا.. ئەڤە ژی نەبەس کو زەلاما بکریت بەلکو پێدڤییە ژنك ژی پشکداریێ بکەن ئو ل سالا «١٩٧٤» ژنکا جهێ خو کر لناڤ ریزێت لەشکرێ مللیدا پشتی کو بارێت مەوزوعی و چڤاکی دلەشکێ،



مللیدا گەهشتن ڤێجا لدویڤ پروگرامێ بو هاتیە دانان..

دەورێ لەشکرێ مللی هاتە دیارکرن ل دەمێ شەری ئو ب گەرمی پشکداری کر دشەریدا دژی رژێما خومەینی .. ڤێجا چ ژووریيا وەلاتی یان ژی ل دەڤەرا ناڤنجی یان ژێرییا وەلاتی ئو پشکدارییا کری دشەرادا دژی ئیرانا دوژمن . ملێ خودا ملێ برایێ خویێ لەشکرێ وەلاتی سەخمەراتی پارێزتنا ماف و ئاخ و ئاڤا وەلاتی ل دەمێ قادسیا صدامی یێ بوویە باشترین چارچیڤە بو بجهـ ئینانا داخازا خەباتکەرا ژ کورێت نەتەوا عەرەبی ئەوێت ژ دل پشکداریکری دڤی شەرێ ئیرانا دوژمن دایەکرن ب عیراقێ ئەڤەو سەروکێ قوماندار «صدام حسين» بهایەکێ مەزن دا لەشکرێ مللی ئو چاڤێ خودایێ و چ جوادبین نەئێخستە دناڤ بەینا لەشکرێ مللی و لەشکریدا باوەریا مللەتی ب قومانداریا پارتی و شورشێ و ب قومانداریا خەباتکەر «صدام حسين» راستیا بریار و هزرێت وان ب سپەهیترین رەنگ د دەمێ شەریدا دیاردبیت ئەم دشێین بێژین کو هەمی عراقیا پشکداریکر دشەرێ قادسیا صدامیدا .. ڤێجا چ برێکا لەشکرێ مللی بیت یان برێکا لەشکرێ عیراقێ بیت ئەڤە ژی ئێکەمین جارە ژ گەلەك چەرخا وەرە نیشتمان پەروەریا عیراقێ هندا ب هێزبیت ئو بەرفرەهـ و کویر و ببیتە چەکەکێ مەزن و دوژمنا بترسینیت و ب بەزینیت ل هەمی مەیدانێت لەشکریدا .. ڤێجا هوسا و ب رێکا لەشکرێ مللی پالا و جوتیار و فەرمانبەرێت دەولەتی و هەمی چوینێت مللەتی پشکداری کر هوسا ئەڤی شەری ئێکگرتییا مللەتێ عیراقێ پەیداکر ژینەکا نوی نیشا مللەتیدا خەلکێ عیراقی سەر ژنوی ژ دایکبوو و ژدایکبوونەکا نیشتمانپەروەر .. یا بهێز ئ عیراق بو هێزەکا وەسا چ جارا نەشکێت و ئەردێ عیراقێ و مللەتێ عیراقی ب سەروکاتییا صدام حسين هاتە پارێزتن.

★سميرة محمد علي★

# ئازاری ١٩٨٧

## ئازاری ئاشتی و... ئازاری خۆشی یە



ئازار مانگی بەهارو خۆشی‌یە بە تایبەتی لە کوردوستانی خۆشەویستمان‌ڕوا لە خۆشی‌دا دەژێت. . گەلی کوردمان لەم مانگە هەموو ئاواتەکانی هاتە دی، ئەوە بوو، سەرکردایەتی سیاسی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ڕۆژی ١١ی ئازاری سالّی (١٩٧٠) واتە پاش دوو سالّ لە بەرپابوونی شۆڕش (١٧ - ٣٠)ی گەلاوێژی پیرۆز. . بەیاننامەی ئاشتی بڕیاری لە سەر دا، هەروەها بڕیاری لە سەر حوکمی‌زاتی لە کوردستانی عیراق، بۆ میللەتی کورد دا. .

بەڵێ لەم ڕۆژە کە ئەم بڕیارە درا زوڵم و چەوساندنەوە نەما ئاواتێکیان جێ‌بەجێ‌بوو کە ئۆتۆنۆمی بوو کەوا هیچ حوکومەتێک لەمەو پێش بیری لێ نەکردبووەوە هەموو

مافەکانی گەلی کوردیان پێشل کردبوو کوشتن و کوشتاریان خستبوە ناو میللەتەکە، بەڵام مژدەی خۆشی . . . مژدەی سەرکەوتن بۆ ئەم میللەتە سەری هەڵ دا، شۆڕشی (١٧ - ٣٠)ی تەموزی نەمر، شۆڕشی سەربەستی‌و دادوەری یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گەورەکانی ئەوەبوو لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ واتە پاش چوار ساڵی ڕەبەق لە بریاردانی بەیاننامەی ئاشتی . . کوردوستانی ئاشتی بە شانازیەوە دەیڵێن و هەمیشە باسی دەکەین، یاسای ئۆتۆنۆمی کوردوستان بەجێی هێنراو ئەنجومەنی راپەراندن و ئەنجومەنی یاسادانان دامەزران . . وا هەموو جەماوەری کورد بە دەوری سەرکردایەتی سیاسی کۆبوونەتەوەو لە سەرووی هەمویانەوە سەرەکی بەرێزو لێ‌هاتومان صدام حسین (خوابپیارێزێت) . . دەستکەوتی سەرکردایەتی بۆ گەلی کورد دیاریەکی پیرۆزە لەبەر ئەوە دەیپارێزن و هەمیشە پەیمان تازە دەکەنەوە بۆ سەرکردە کەوا جێی شانازین و هەر دەست درێژیەك ڕەت دەکەنەوە ئەگەر بکرێتە سەر عیراق یاخود هەر بستێکی‌تری ئەم خاکە ئازیزە لە زاخو تا فاوو بصرة . . ئامادەن قوربانی بدەن و بە سەرو ماڵ بەرگری لێ‌بکەن و شان بە شانی برا عەرەبەکان و کەمایەتی‌یەکانی‌تر خاك و ئاوی نیشتیمان بپارێزن و ئاڵای بەرزی هەمیشە بەرزبکەنەوە.

ئەم نیشتیمانە، نیشتیمانی کوردو عەرەب و هەمو کەمایەتی‌یەکانی ترە، مرۆڤی کورد لە عیراقی شۆڕش و بەعس دا لە نیشتیمانی عیراق و لە ژێر سێبەری ئۆتۆنۆمی‌و دەستکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەی شۆڕش (١٧ - ٣٠)ی گەلاوێژی پیرۆز دەژێت . . دەست و بازوی عیراقی‌یەکان بنیات دەنێن و پاشەڕۆژی پرشنگدار بۆ عیراقی مەزن دروست دەکەن سەرەکی بەرێز صدام حسین لە وتەیەك دا فەرمویتی :-

**(هێزەکانی ئیمپریالیزمی نوێ وای بۆچوون کە ئەتوانن عیراق ڕسوا بکەن و ئەتوانن جارێکی‌تر بیکەنە مانگایەکی شیردەرو لەقە لە ڕۆڵەکانی بداو شیرەکەی بە بێگانە بداو .**

**وای بۆ چوون و خەوی ناخۆشیان گەلێك بینی بەڵام هەمیشە گەلەکەمان بۆ کامە ڕاستە بۆ ئەوە ئەچێ‌و بەرێگەیەکی ڕاست دا بۆی‌ئەچێت وخەوی بەخەونی ڕەواوە ئەبینی‌و . . هەر وەك بە پایەبەرزی لە دایك بوو**

**هەرواش ئەیەوێ بە پایە بەرزی بژی‌و هەر وەك چۆن سەربەست لە دایك بووە سەربەستی‌و چاکەی هەروەك ئەوێ بۆ خەڵکی کەشی هەروا ویستوە، بەڵام دلێرانە دژی هەمو مل کەچی یاخود لاوازکردنی عیراق یاخود بە چاوی کەم تەماشا کردنیەوە وەستا .**

**شارو دێهاتەکانی عیراق بەم جۆرە بوون وای بۆچوون کە گوایە دەتوانرێت خاسیەتی ناوخۆی نەتەوایەتی دژی چوونەوە سەردایك . . چوونەوە سەر عیراق وچوونەوە سەرخاکی عیراق و چوونەوە سەر مێژووی عیراق، بخرێتە دۆخی بەرهەڵستکاری ناکۆکی‌یەوە وای بۆ چوون کە ڕۆڵەکانی سلێمانی لەوان نزیکترن وەك لە عیراق و لە بەغداو لە مێژووی صلاح الدین وای بۆ چوون کە خاسیەتە ناوخۆییە نەتەوایەتێکان لە هەولێر ئەتوانرێن دژی عیراق بخرێنە دۆخی بەرهەڵستکاریەوە بەڵام ئەنجام چی بوو؟ ئەوەی کە بوو ئەوەیە ئەوەی کە شەڕیان لەگەڵ ئەکات صدام حسین نی‌یە ئەوانەش کە جەنگیان لەگەڵ ئەکەن هەمویان ڕۆڵەی کەربەلاو ڕۆڵەی نەجەف و قادسیەو ڕۆڵەی نەینەواو ڕۆڵەی بەغداو ڕۆڵەی هەولێرو ڕۆڵەی سلێمانی‌و ڕۆڵەی پارێزگاکانی‌ترن و دەوری ئێمەش سەرپەرشتکاری‌و ڕێ‌نیشاندانیانە . . )**

بە تایبەتی لەم دۆخ و بارەدا کەوا عیراق تووش

بە تایبـــەتـی لەم دۆخ و بارەدا کەوا عیــراق تووشی درەنــدەتــرین و مەتـرسی‌تـرین دوژمن بووە ئەویش فارس دوژمنی چاوچنۆك کەوا بۆ حەوت ساڵ دەچێت ئەم جەنگە بەردەوامــە لە ماوەی حەوت ساڵی جەنـگ عیـراقی صدام حسین سەردەکەوێت . . عیراقی‌یەکان بە ورەیەکی بەرزەوە

دەجـــەنگن و سەریـان لە دوژمن شێـوانـدووەو کاریکیـان بە فارس دوژمــن کردوە با بە دەواری شڕی نەکــردبـێـت . .

هەڵــویـستی عیــراق بەهێـــزە تا بیست ساڵیش بێت هەر دەجـەنگێت و هیـلاك نابێت چونکـە جەنگاوەرەکانی عیراق ورەیــان لە سەرکـردەیـان وەردەگـرن و تا دێن بەهێـزتـریش دەبن ، ئازایەتێکی گەورەیان نواند لە فەیلەقەکانی ٢و٣و٧ پاڵەوانانە هەڵمەتیان بردۆتە سەر گومان لێ‌کراوەکان و تێکیان

شکـانـدون و هەردەشکێن . . عیـراق قەڵایـەکی پۆڵایینە بە ئاسـانی ئێـرانی زایـونیزم یاهەر دوژمنێکی‌تر بێت ناتوانن بە سەریا بپەڕنەوە . .



# فۆلکلۆرو چەند تۆمارێک

○ دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول ○

لە ژمارەیەکی پێشووی بەیان دا وتاریکم بە بڵاوکراوەیی دی، کە لەوەپێش لە دەستەی نووسەران دا لام پەسند بوو، ئەو وتارە هەندێ وردەرای نووسەر بوو کە لەئەنجامی خوێندنەوەوە گردبووبوونەوەو بەتاك و تەنیایی نەئەکران بە وتار، بەڵام بەو شێوەیە شتێکی تایبەتیی لێ پەیدا ئەبوو و شایانی بڵاو کردنەوە بوو.

منیش کۆمەڵێ شتی لەو بابەتەم لا کۆبۆتەوە، کە بیروتۆماری سوودمەندن ، بەڵام وەك (سەرمەقەست) لەهەندێ لێکۆڵینەوەو کتێب جێ ماون و لەوێدا پێرەوی لێکۆڵینەوە لایداون، بەڵام بۆ وتاری گۆڤارێکی وەکو «بەیان» بڵاوکردنەوەی لە سود بەدەرنییە. کەواتە با وردە وردە دەست پێ بکەم. . . .

یەکێك لە بەشە گرنگەکانی فۆلکلۆر کە سەر بەگۆرانییە، یا چەشنێکی شیعری گۆرانیو عاتیفییە کە «لیریك»ی پێ دەووترێ - بریتییە لە لاواندنەوە.

لاواندنەوەی مردوو لەناو زۆر میللەت دا هەیەو بووە بەبەشێك لە فۆلکلۆر . بەڵام لاواندنەوەش وەك گۆرانیی گۆرانیبێژو شایەرەکان موناسەبەتی خۆی هەیەو زۆر جار پسپۆری تایبەتیی خۆی هەیە.

بەڵێ زۆر جار ژنی خاوەن مردوو لەوەی بیستوویەتیو لەوەی بۆی دێت، شیعری لاواندنەوە بەئاوازی تایبەتییەوە بۆ مردووەکەی دەڵێت. بەڵام لە زۆر شوێن دا وتا ئەم دوایییەش ژنی تایبەتی هەبوو کە ئیشیان لاواندنەوە بوو چۆن شایەر بە پارە دەگیراو لە شاییو ئاهەنگ دا شیعری دەووت، هەروەها لاوێنەرەوەی تایبەتی هەبوو ، کە بە پارە دەیلاواندەوە - دیارە تەنیا لەپرسەی ناوژنان دا واتە - لەو پرسانەدا کە ژنان تێدا دادەنیشن، چونکە وەك دەزانین، لە وڵاتی ئێمەدا ژن بەجیاو پیاو بەجیا بۆ پرسەی مردوو دادەنیشن، ئیتر ئەو مردووە، ژن بووبێت یا پیاو . هەرچی دانیشتنی پیاوانە بۆ پرسە، کە زوربەی لە مزگەوت دا دەبێ ئەوە لەسەر پێرەوی هەموو موسولمانان لەناو کوردیش دا قورئانی تێدا دەخوێندرێ. بەڵام زۆر جار لە ناو ژنانیش دا قورئان دەخوێندرێ، بەڵام لەوێدا گریان و قورپێوان و لەخۆدان و لاواندنەوەش هەیە.

شیعری ئەو لاوێنەرەوانەش وەك شیعری شایەرەکان دوو جۆرە:

بەشێکیان هەر فۆلکلۆرن، چونکە پشتاوپشت دەمێننەوەو دەووترێنەوەو ئەو ژنەی دەیڵێتەوە، لە خەڵکی تری بیستووەو لە گێرانەوەو گۆرینی دا سروشتی فۆلکلۆری بەسەردا دێتە دی.

بەشی دووەمیان - لە سەرەتادا بەبەشێکی ئەدەبی میللی دەژمێررێت، چونکە خاوەنەکەی دیارە. زۆرجار دەبێت کە بەزمانی ئەو ژنەوە کە بۆ خەڵکی لاواندوّتەوە ئەم چەشنە شیعرانە دەگێررێتەوە . بەڵام لەبەر ئەوەی نە تۆمار دەکرێو نە دەنووسرێتەوەو نە لە چاپەمەنیدا بڵاودەکرێتەوە، ئەوا ئەویش یا ون دەبێو دەفەوتێ، یا هەر لە گێرانەوەدا وردە وردە لێی دەگۆرێو ئەویش سروشتی فولکلۆری بەسەردا

دێته دیو ڕێگەی خۆی دەگرێ.

هەر بەبیرەوەریی من گەلێك ژن لە مەڵبەندی سلێمانیدا هەبـــوون کە ئیش وهـــۆی ژیـان و نان پەیـداکـردنیـان هەر لاواندنەوە بوو وزۆر هونەرمەندیش بوون. هەر لەبەر ئەوەی کاروئیشی لاوێنــەرەوەش لە ناو کۆمـەڵـدا بەچـاوی شایـەر تەماشادەکرا، لەبەر ئەوە سڵ لە ناو بردنی ئەو هونەرمەندە بەتــوانــایــانــە دەکـەین، بەڵام چی دەبێت ئەگـەر کچـە خوێنـدەوارەکـانمـان خۆیـان بگـەیێننە ئەو چەشنە بەرهەمەو بەنـووسینـەوە یا تۆمـارکـردنی لە فەوتانی رزگار بکەن. بەمە بەشێك لە فۆلکلۆر وبەشێك لە ئەدەبی میللیمان لە فەوتان رزگـار دەکـەین و ناوی چەنـد شاعیری میللیی هونەرمەند دەخـەینـە ناو مێـژووی ئەدەبیـاتمـانـەوە، کە هەر ئەوانیشن دامەزرێنەری ئەدبیاتی ژن.

بەڵی تا ئێستـا چەنـد جار باسی ژنـە شاعیـر کراوەو لە بەرهـەمیـان کۆڵـراوەتـەوە. بەڵام ئەم هونـەرمـەندانەمانمان خستۆتە پشت گوێ. تەنانەت بەرهەمیشیان دیارنییە(١)

★ ★ ★

لە ئازربایجان ـ ئیستا «عاشق» کومەڵ و یانەو نەقابەی خۆیان هەیە. جاران «عاشق» هەر لە ڕەنگی شایەری لای ئێمــە گونـد بەگــونـد دەگـەڕان ، بەزەهـری ناعیـلاجی گوێچکەی ناشی‌یان لە سۆزی گۆرانیو دڵ پر دەکرد.

ئیستیـلاحی «عـاشق» لە ئازربـایجـان بەو گۆرانی بێژانە دەووتـرێت کە خۆیـان خاوەنی شیعـرو مۆسیقـاوئاوازو گۆرانیی خۆیـانن . واتـە عاشق خۆی شیعـر دادەنێ، چ خۆی ، چ پشت بە فۆلکلور ئاوازی تایبەتی بۆ شیعرەکەی دەدۆزێتـەوە. بە ئامێـرێکی وەك گیتـار یا «جـوزە»ی بەغـدا مۆسیقا لێ‌دەداو گۆرانی دەڵێ.

ئەو گۆرانیـیــانـەی عاشق دەیلێن سۆزێکی تایبــەتیو ریـتم و ئاوازی خوی هەیــە. وەك چۆن مەقــام و بەستــە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە هەروەها ئاوازی عاشقیش جیایەو کە گوێت لێ‌یدەبێ دەزانی ئەمە گۆرانیی عشقە.

هەندێك لەم عاشقانە لە دەرگایەکی پانەوە هاتوونە ناو مێژووی گەل و وڵاتەوە . بە ناوبانگتریان عاشق عەلی ئەسغەرە.

بەشی ئێمەش بە بەرهەمی ئەم عاشقانەوە هەیە، چونکە لەو وڵاتــەدا کە کوردیشی تێـدا دەژی . هەنـدێـك لەو عاشقانە کوردن. ئەوەی بیست ساڵێك لەمەوبەر من بەدیتن دیومەو بە بیستن گوێم لە گۆرانیی بووە، عاشق شمشێر بوو.

ئەم عاشقـە لەسـەر پێـرەوی عاشقـەکـانی ئازربـایجـان بەزمـانی ئازەری شیعـری دەووت و هەرخـۆی شیعـرەکـانی خۆی بە ئاوازی خۆی بەگــۆرانـی دەووت و ئەو ئامێــرەی ئەوانیشی لێ‌ئەدا. بەڵام جیاوازیی ئەم لەگەڵ ئەواندا ئەوە بوو، کە سۆزێکی کوردی لە زوربـەی شیعـرەکـانی ئەمـدا بوو، چیاکانی کەڵباجارو قوبادیو لاچین بە لووتکەو کانیو ئاوو سەوزیو گوڵی کێوی‌یەوە لەوێدا ڕەنگیان ئەدایەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەدەبیاتی کوردیمان بە زمانی‌تر هەیە.

بێگومان بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی کوردی بە زمانی‌تر نوسراوە. بەڵام ئەو ئەدەبیاتە کامەیە؟ ئایا هەرچی کوردێك بە زمانی‌تر نووسیبێتی ئەدەبیاتی کوردی‌یە؟ یا هەر شاعیرو نووسەرێکی کە بەڕەگەز کورد بێت، بە نووسەرو شاعیری کورد دەزانرێت؟

دیــارە هەر دووا بەدووای ئەم باسی ئەدەبی میللیی‌ــەدا دێینــەوە سەر چۆنێتی نووسینی مێــژووی ئەدەبی کوردی. هەر لە باسی ئەو چۆنێتی‌یەدا لەم مەسەلەیەش دەدوێین . .

ئێمە بەپێی بۆچوونی خۆمان گەیشتووینە ئەنجامێك و سنوور بۆ دانانێکی تەواوی ئەم مەسەلەیەو لێ‌گەیشتنێکی ـ بەرای خۆمان(٢)

(١) زانــای کوچکــردووی کوردنـاسی سۆڤیتی مارگـرێت ڕوودینکـۆ کتێبێکی لەم بارەیـەوە بڵاوکردۆتەوە. ئەندازیاری نووســەر کاك جەلال تەقـي لە ژمـارە (٥١)ی گۆڤـاری (کاروان)دا وتارێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە.

٢ ـ وەك دیــارە ئەم وشــە لادراوانــە لەسـەرەتـای پرۆژەی مێژووی ئەدەبی کوردیی نووسەر لادراوە.

کامەران موکری



١٩٢٩ - ١٩٨٦

# کامەرانی نەمر لە چەند وێنەیەکدا

● محمد معروف فتاح ●

(١)

کات پاییزێکی درەنگی ساڵە، شار خرۆشاوە . خەڵکی شارە
خنجیلانەکەی سولەیمانی رژاونەتە سەرشەقام و کۆڵانەکان.. بۆنە
هاتنی میوانێکی میرییە. لەگەڵ یەکەم قریوەی بڵند گۆکەدا،
ئێمەی قوتابیانی سانەوی سلیمانی بە کتێبەکانمانەوە بێ‌پرس
پۆل و قوتابخانە بەجێ‌دەیڵین و بەرەو سەرا دێرینەکەی شار

دەکەوێنەرێ. باران دەبارێ، بەلام بە دەگمەن چە تربە دەست
کەسەوە دەبینی . بەشی زۆری ئەو جەماوەرە بێ‌باك لەباران و
سەرماو کزەی با هەر مل دەنێ بۆپێشەوە بەرەو ئەو کۆمەڵە زۆرەی
کە لاوێکی چوارشانەی کەڵەگەتی گەنم رەنگیان بەسەر
شانەوەیە. بەرەو ئەو دەنگە بەرزەی کە هەموو خەڵکەکەی
وروژاندووە، بەرەو ئەو دەنگە دلێرەی کە ورتەی لە خەڵکەکە
پریوە.... بەرەو ئەو دەنگە ئازایەی کە بە کەس کپ ناکرێ،

ئەو دەنگە کە بانگی رەوا بەهەموو لایەك دا دەپژێنێ ، بێ‌ترس
بەئاشکرا خواست و ویستی ئەو خەڵکە دەردەبرێ لە چوارینەو
شەشینەی وا گڕاویدا کە گیانی ناحەزانی ئەو خەڵکە داپلۆخێنێ.

(٢)

سەرەتای بەهارە. ئێمەی قوتابیانی سانەوی سولەیمانی لە دەوامی پاش نیوەڕۆداین. دەنگێکی کپ لە شانۆ داروخاوە پەرپووتەکەی قوتابخانەوە دێت و ناوبەناو دەگاتە پۆلەکان و خەریکە شیرازەی خوێندن تێك دەدات. لەپڕ لە دەرگای پۆلەکەمان دەدرێ: کێ لە توانایدا هەیە ببی بە کۆرس با بمێنێتەوە، دوایی بانگی دەکەین. هێندەی پێناچێت، خۆمان لە ژووری پشت شانۆکەدا دەبینین. ژوورێکی شڕی ساردوسری بەتاڵ، کۆمەڵی منالی ڕەش وڕووت خەریکی ئامادەکردنی گۆرانیو سروودن بۆ ئاهەنگێك کە سودەکەی بۆ قوتابییانی هەژاری شارەکەیە. لێرەدا هەموو کەسی بە خۆڕایی ئیش دەکات. فێرکارو ڕاهێنەری تیپەکە لاوە چوارشانە کەڵەگەتە گەنم، ڕەنگەکەیە، دەنگە ئازا دلێرە **نەبەزەکەیە** بووەتە بەشێکی نەپچڕاو لە ئازارو خەمی ئەم شارە. لە هەر کوێیە ناخۆشی هەبێ، لە هەر کوێیە خەم هێلانەی کردبێو پەژارەیی بەناخدا چووبێتە خوارێ، هەر ئەم پیرەمەگروونەیە کەبە هانای خەڵکەکەوە دێ. ئەوەتە لەگەڵ تیپەکەدا ئەچریکێنێ : -

**ناگەڕێینەوە لە شەست تیری ئێوە**
**بۆ ناو کلپەی شۆڕش بەڕێوەین بەڕێوە**
**تاکەی زەدی بکێڵین**
**بەرەنجی شان بیدێرین**
**بەری رەنجمان بەرین بۆ ئاغا**
**چۆن لەتاو برسێتی کورد هەڵمەت نابا**

(٣)

پایزی (١٩٥٩)یە. هۆڵی سینەمای سیروان یەکێکی تر ناگرێ. بۆنە یادی دەساڵەی کۆچی بێکەسی نەمرە. هۆڵەکە تاریکە. بەشێکی شانۆکە دراوەتە بەر روناکی . دیسانەوە هەمان لاوی چوارشانەی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ لەناو بازنەیەکی روناك دا دەبینرێ. لە سەر کورسییەك دانیشتووە. مێزێکی ڕەق و پێنوسێك و چەند پەڕە قاقەزێکی لەبەر دەم دایە. لاوەکەمان ئەم جارە دەربارەی بێکەس دەدوێ . باسی دلێریو ئازایەتی بێکەس دەکات . ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە چۆن هێزی ڕەش، هێزی شەڕ دەیەوێ جارێ بە خۆشی، جارێکی تر بەهەرەشەو زۆرو هەندێ جاربە پلەو پایە پێنووسەکەی لەکار بخات، پێنووسەکەی لێ بکرێ یان وای لێ بکات بە پێچەوانەی ویستی خەڵکەوە بنووسێ. لەپڕ بێکەس لەهێزی شەڕخوا ڕادەپەڕێو بەدەنگە دلێرەکەی دەقیژێنێ «ئەنووسم. . . بۆ گەڵ، بۆ خاك، بۆ خەڵك. . . . نەخێر کۆڵ نادەم. ئەنووسم». خەڵکەکە ڕادەچڵەکەن ، زەمین لەژێر پێیاندا دەلەرزێ. دەنگەکە بە هۆڵەکەدا پەخش دەبێو دەگەڕێتەوە. . کامەران و بێکەس و گۆران. . . . لەچاوی تەماشاکەراندا دەبنە یەك.

(٤)

بەهارە مانگی نیسانی (ساڵی ١٩٨٣)یە. هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر لیپاو لیپە. ئەمڕۆ لەدوای ماوەیەکی زۆر بێدەنگیو دوورکەوتنەوە لاوە گەنم ڕەنگەکە، کە ئیستا لەپایزی تەمەنیدایە، دەربارەی خۆیو شیعر دەدوێ. لەم ساڵانەی دواییدا مقۆمقۆیەك کەوتووەتە ناو خەڵکییەوە: هەندێ دەڵێن میری شیعر بەزیوە، هەندێك دەڵێن لووتکەی پیرەمەگرون نەویوەو پیرە داربەڕو وشك بووتەوەو بەرنادات. هەندێکی تر بە پێچەوانەوە دەدوێن. دەڵین بێدەنگیو دوورکەوتنەوە لەخۆیدا هەڵویستە . دەڵێن پیرەمەگروون هەرگیز نانەوێو داربەڕوو هەڵ ناکەنرێو وشك نابێتەوە. خەڵکیسادەن یان خۆیان لە راستی گێل دەکەن؟ دەبێ هەر لە شتی زەق بگەن؟ گومان لە کێ دەکەن؟ لە شاعیری خاك و خەڵك؟

**لە کەلەبچەو لە کۆتی پێ بپرسن**
**من چیم و کێم؟ ئەوان چاکم ئەناسن**

پیرەمەگوون دەگاتە سەر شانۆ، دەس دەکات بە قسە دەربارەی خۆیو شیعر . جەماوەر هەر بە دەنگەکە رادەمێنن، ئەوەتە لە پیریدا (ئەگەر ئەمە پیریی بێ) پشکۆیەکە دەچزێ بە گیانی ناحەزان دا . ئەوەتە «بوونی» ئاگرێکە لە کوژاندنەوە نایە.

# ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی!!

نووسین: (محمود احمد محمد)

ئەگەر بەگوێرەی بۆڕەخسان و بوڵوان، هەڵوەستەیەکی سەرپێیی بکەین و تۆزێك بەرەو ڕۆژگاری تێپەڕیوی ئەدەبی کوردیمان بگەڕێینەوەو سەیرانێك بە نێو مێژوی ئەدەبی کەوناراوی خۆماندا بکەین ، دەبینین چەند ئەستێرەیەکی پڕشنگداری هەرگیز نەکوژاوەمان هەبوە ؛ ئەو ئەستێرەگەشانەی کە سەردەمی منالّی و تافی لاوێتی و چاخی پیرییان لە ڕێگای وشەی پیرۆزی کوردیدا بەخت کردووە وەکو مۆم لە پێناوی ئەدەبەکەیاندا تواونەتەوەو جێگەی شانازی‌یان لە ناو دڵی گەلا بۆ سازکراوەو چونە خانەی نەمرانەوەو بەهەم و شیعریان بووە بەریحانەی عەتر بێزوگوڵی مەجلیس و ئاوی صافی شیرن و زولاڵی هەرگیز نەبڕاوەی ئەدەبی کوردیمان و ، ویردی سەرزوبانی ڕۆشنبیرانی دوێنێو ئەمڕۆمان، هەزار ڕەحمەت لە گوڕو مەنزڵگایان بێ .

لە دێر زمانەوە بڕێ لە ڕۆشنبیرانی کورد ـ کە ئەو کاتە هەموویان مەلاو فەقێو خوێندەواری مزگەوت بوون ـ هەستیان

بەوە کردووە کە زمانی کوردیش وەکو هەموو زمانە ڕەسەنەکانی سەرزەوی شیاوی شیعر پێ وتنەو پەخشان پێ نەخشاندنە، بەڵام بارودۆخی گەلی کوردو زروفی سیاسیو کومەلایەتی زۆر جار بوّتە کۆسپ و تەگەرەو بەپەردەیەکی ڕەشی ناهەموار، تارمایی و ڕووناکی ئەم ئاسۆ پیرۆزەی لێ لێل کردون، وەکو گیژەلۆکە ئەم ڕێگایەی لێ کویرکردونەوەو ماوەی پێ نەداون بەتێرو تەسەلی بەزمانە زگماکەی خۆیان پەخشان دارێژن و شیعر بچرن و بیکەنە زمانی نووسین و زانین.

خۆ ئەگەر بێت و کەم تاکورتێك تاکو تەراشتێك بەم زمانە نووسرابێ ئەوە نووسەرەکەی کەوتوّتە بەرتان و تەشەرەی ئەم و ئەو ئەمیش بەناچاری یا فەوتاندویەتی یان شاردویەتیەوەو لەبەر چاوان ونی کردووە، ئیتر بوّتە خۆراکی جروجانەوەر، لەژێر تەپ و تۆزا فەوتاوە، شیعرە نەمرەکەی مامۆستا نالی کە دەفەرموێ:

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردیە ، خۆ کردیە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

باشترین بەلگەی ئەم ڕایەیە، هەر بۆیە شەکە بەکوردی نووسەکانی پێش نالیو سەردەمی نالیش لە دیباچەو سەرەتای نووسینەکانیانا داکۆکییان لە بەکوردی نووسینەکەی خۆیان کردووە ، هەزارودوو بەلگەو ڕوون کردنەوەیان هێناوەتەوە بۆ دەم کوت کردنی دژ بەکوردی نووسەکان و ڕەچەشکاندن و کردنەوەی ئەم دەروازە پیرۆزە. . . ئاشکراشە نووسین بەکوردی بەشێوەی (کرمانجی سەرو) و شێوەی (گۆرانی = هەورامی) دەگەرێتەوە بۆ ڕۆژگارێکی دێرین و ڕابردوی کۆن، تا ئێستا سەرەتایەکەمان بەتەواوی بۆ ڕوون نەبوّتەوە بەم شێوە نووسراومان زۆرو هەمە چەشنەیە، جێگای شانازیمانەو بەردی بناغەی ئەدەبی کوردیمانە.

بەڵام سەرهەلدانی شیعری کوردی بەشێوەی (کرمانجی خوارو) دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی نوزدەهەم و بەم لاوە ، کە بۆ یەکەمجار لە قەلەمڕەوی (بابان)دا قوتابخانەی نالی سەری هەلداو پرشنگی هاویشت و تا بەتەواوی پرتەو بەخش بوو قوناخێکی نوێی بۆ شیعری کوردی داناو کودەتایێکی سەرەکی لە مێژ وی ئەم ئەدەبەدا لەسەر دەستی سێ کوچکەی(بابان) [نالیو سالم و کوردی] بەرپابوو ئەم ئینقیلابەش بەڕابەرایەتی مامۆستا نالی بوو.

بەلێ دەتوانین بەوپەڕی بڕواوە ئەم قوتابخانەیەی نالی دابنێین بە قوناخێکی هەرە مەزنی مێژ وی ئەدبمان، لەسەر هەموو ڕوشنبیرێکی کوردیشمان پێویستە لە ناخی دلیەوە سەری نەوزاش و سوپای دانەوێنێ بۆ ئەو سێ شۆرە سوارە، هەتا دونیاش دونیایە گەلی کورد قەرزاری ئەم سێ شۆرە سوارەی گۆرەپانی ئەدەبەکەیەتی جا ئەگەر ئەم جۆرە شیعرەی قوتابخانەی نالی بوّماوەی زیاد لە سەد ساڵ [واتە لە بیستەکانی سەدەی نوزدە هەمەوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم] چەکی دەستی شاعیرانمان بوبێو جۆرە شیعرە تەعبیریان لە هەستی خۆیان و گەلیان دابێتەوەو ئەم جۆرە شیعرە کلاسیکیە ئاوێنەی بێگەردی بالانمابوبێ بۆ ناسینی کۆمەلگای گەلی کوردمان لەو سەد ساڵەدا، ئەوا بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و کوژانەوەی ئەم شەڕەنگیزەو دوایش ڕوخانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی گۆڕانێکی سەرەکی دیکە بە سەرباری ڕامیاریو کومەلایەتی گەلی کورداهات و باروزروفێکی تری بۆ خولقا بە جۆرێك کە شیعری کلاسیکی قوتابخانەی نالی نیدەتوانی بەئاسانی تەعبیر لەو ئێش وئازارو گۆڕان و هەلس وکەوتەی گەلی کورد بداتەوە لەم حالەدا ئەو جۆرە شیعرە باری گونجانی بۆ دەربرینی هەموو دەردو مەینەتیو خۆشیو ناخۆشی تێیدا کورتی دەهێنا ، خۆ ئەدەبی ڕەسەنیش ئاوێنەی کۆمەلەو دەبێ هەموو داب و نەریت و هەلسوکەوت و گۆڕان و خۆشیو ناخۆشی کۆمەلەکەی بەڕوونی تێدا ڕەنگ بداتەوە. واتە پێویستە بەگوێرەی گۆڕانی کومەل و سیفەتەکانی ئەدەبەکەشی بگۆڕیو پەلوپۆ بهاویو هەستی گەل دەرببڕێ ، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئاوێنەکە بالانوما نابێو ڕەسەنایەتی ئەدەبەکە دەفەوتێ ، بۆیە هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەم بەم لاوە بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیو کومەلایەتی گەلی کورد ئەدەبەکەشی گۆڕاو، شێوەوشێوازێکی تری گونجاوی بەخۆوە بینیو بەرگ ولیباسێکی دیکەی تازەی بە بەرداکراو تازەکردنەوەیێکی بنەڕەتیو سەرەکی لە خوێدا بینی .

شۆرە سواری ئەم تازەکردنەوەیەش چوار کەڵەشاعیری شارە خنجیلانەکەی بابانن؛
[مامۆستاگوران، شێخ نووری شێخ سالح، ڕەشید نەجیب، ئەورەحمان ب ەگی بابان]ە. کە ئێمە لەم نووسینەماندا بەسەر پێ‌پی‌یەوە دەمانەوێ سەیرانێك بەنێو. باخ و میرغوزاری (ئەورەحمان بەگی بابان) دا بکەین و دەمەتەقەیەکی بەقەدەر دەرفەت، لەگەڵ شیعرەکانیدا سازدەین و بەگوێرەی بۆلوان و بۆرەخسان دەوری ئەم کە ڵە شاعیرە ڕابەرە لەم تازەکردنەوەدا بخەینە ڕوو، لەگەڵ برێ لە نمونەی شیعرەکانی کە ڕاستەوخۆ لە دیوانە دەست نووسەکەی خۆیەوە ڕایان دەگۆیزین.

بەڵام پێش ئەوی بچینە ناو ئەم باسەوە پێویستە بزانین ئەورەحمان بەگی بابان کی‌یەو چ کەسە؟

لە کوێ پێگەیشتو چۆن ژیربوو، زنجیرەی ژیانی چون بەسەر بردو دەوری خۆی بینی؟. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنانە پەنا دەبەینە بەر ئەو (بایوگرافیە = السیرة الذاتیة]ی کە بۆ خۆی لە دوتوێی دیوانەکەیدا بەخەتە خۆشکەی خۆی بەناوی کەسێکی سێیەمەوە نووسیویەتی بەجۆرێك ئەگەر خەتی خۆی نەبوایەو شاهیدی زۆریش نەیان گوتایە ئەمە بۆخۆی نووسیویەتی پیاو بڕوای نەدەکرد، ئێمەش لێرەدا هەر لەبەر لایەنە ئەدەبی‌یەکەی‌و دەرخستنی هونەری پەخشان نووسینی ئەورەحمان بەگ دەیخەینە سەر ڕێنووسی کوردی‌و وەکو خۆی پێش کەشی خوێندەوارانی بەڕێزی دەکەین. هەر چەندە نووسینەکە هاخندراوە بە وشەی بێگانەوە، ئەمەش دەقی نووسینەکەیە.

[خاوەنی ئەم دیوانە ئەورەحمان بەگە لە بنەماڵەی بەبەیە، یەعنی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی خالید بەگی
کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشایە. لە سلیمانی لە تاریخی /١٢٩٨ی ی هیجریدا لە دایك بووە. لە دەبوستانی ئەهلیدا تەئلیفاتی فارسی: گولستان و بوستانی سەعدی‌و دیوانی خواجە حافزی شیرازی‌و گەلێ کتێبی بەنرخی لە زمانی فارسی خوێندوە ولە مەدرەسەی ڕوشدی‌یەی عەسکەری] زمانی عوسمانی - واتە تورکی - تەحسیل و تەواوکردووە، وەلە پاشا لە مەدارسی عیلمی‌یەی ئەهلیدا علومی (متداول)ەی تەحسیل کردووە، وەلە عومری هەژدە ساڵیەوە تەبیعەتی شیعری زۆر بەرزو نازك بووە وە بەلەقەبی [حەزمی] تەخەللوسی کردووە، هەتا ئیحتیلالی سلێمانی لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ی ز.دا لە دائیرەی (احصاء)و (نفوس)ی سلێمانی‌دا سەر کاتب بووە.

کە حکومەتی ئیحتیلال، دەوائیری ئیحساو نفوس ئیلفادەکا [موماالیە] بە کاتبی [تمتعی کسابت] تەعین ئەکات.

(موماليە) چونکە دائیما شێت و شەیدای ئازادی‌و سەربەستی بووە، لەژێر ئیدارەی حکومەتی ئیحتیلالدا ئیمتزاج ناکات و لە وەزیفەکەی ئەبورێ. [لە سەرەتای] سەورەی ٢٠ی مایسی ساڵی ١٩١٩ی شێخ مەحموود (موماالیە) ئەم ڕێکەوتە بەهەل ئەزانی‌و ئەچێتە (مهاباد)و تەبریز، وە بەتەلغوراف بۆ سەفیری ئەمریکاو فەرەنساو ئیتالیا کە لە تارانن و حکومەتەکانیان (حلفا)ی حکومەتی بەریتانیا بوون، شکات لە ئیدارەی حکومەتی ئیحتیلال ئەکات، وە داوایان لێ ئەکات کە عەرزی حکومەتەکانیان بکەن بەپێی مادە (١٤) ئیقتیراحی ویلسون: ڕەئیس جمهوری ئەمەریکا ئازادی‌و سەربەستی بەقەومی کورد بدرێ.

هەتا ئەم ئەگەڕێتەوە شەڕی دەربەند واقیع ئەبێ، لە قەسەبەی (بانە) بە شکستەیی بەلەشکری شێخ مەحموود ئەگات. وە ئەزانێ حکومەتی ئیحتیلال هاتۆتەوە سلێمانی ئەمێش ناوێری بگەڕێتەوە، لەوادی فیرارا ئەمینێتەوە، لەپاش موددەیەکی زۆر لە تەرەف میجەر سۆنەوە عەفوئەکرێت ئەمجار ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بەڵام وەزیفە قبوڵ ناکات.

چونکە حکومەتی ئیحتیلال ئەورەحمان بەگی بەئازادی پەرستێکی گەورە ئەناسی، دائیما لەژێر چاوە دێری‌دا ئەبێ. حکومەتی ئیحتیلال لەسەر پێویستی‌یەکی خۆیان لە ٣١ی ئەغستوسی ١٩٢٢ز دا کە سلێمانیان تەخلیەکرد بۆ پەردەی شاردنەوە ئەوەڵ کەس ئەمیان گرت و نایانە ناوزیندانەوە لە نیهایەتی مایوی ١٩٢٢ شێخ مەحموودیان بەناوی حەکەمدارەو هێنایەوە بۆ سلێمانی، میستەر چەپمەن کە سیاسی‌یەکی گەورەی

بەریتانیایە لە شیمالی عیراقدا بەناوی مشاورو موستەشار لەگەڵیا بووە، ئەوڕەحمان بەگ ئەیزانی ئەم سیاسەتی بەریتانیایە زۆر قوڵە و بەم زوانە حەل ناکرێت، ئەخلاقی شێخ مەحموودیشی ئەزانی کە جێی ئیعتیماد نی یە، لەم وەزعە خۆی دوورخستەوەو شوێن حەرەکاتی شێخ مەحموود نەکەوت، بەڵام ئینگلیزەکان دائیما بە (معارز)یکی گەورەی خۆیان ئەناسی.

لە کاتێکا کە شێخ مەحموود بەخۆیو هێزو تەوابیعیەوە لە ئەشکەوتی دێی جاسەنە لە ناحیەی سورداش لەگەڵ ئۆزدەمیرو زابتانی تورکیادا لە موزاکەرە دا بوو فیرقەیێك عەسکەری ئینگلیز لە شەش مایسی ١٩٢٣دا هاتە سلیمانی لەپێش هەموو کەسدا ئەوڕەحمان بەگیان گرت وەلە ئوردوگای قلیاسان حەبس یان کردو ئەمریان دا بەتاڵانی ماڵی، وەلە تەرف عەسکەری هیندەوە هەرچی ئەسبابی ناوماڵ و زەخیرەی خواردنی بوو تاڵان کرا وەتەبعەن دیوانی هۆنراوەو ئەشعاری لەناو ئەم تاڵانەدا بوو.

شێخ مەحموود کە خەبەری هاتنی ئەم فیرقە عەسکەرەیبیست لە ئەشکەوتی دێی جاسەنەوە، بەخۆیو تەوابیعیەوە خۆی کێشایەوە بۆ قەزای شارباژێر. ئەم فیرقە عەسکەرە چووە ناحیەیە (مەرگە) ـ کە ئێستا بە ناحیەی بنگرد مەشهورە ـ نۆ دێی ئەم ناحیەیە، کە عائید بە عەشیرەتی شیلانەیە وێران و تاڵانی کردو گەڕایەوە بۆ سلێمانی، شەست کەسی بەحەپس و کەلەبچە کراوی لەگەڵ خۆیا بردنی بۆ کەرکوك، ئەوەڵ موتتەهەمیان لە نەزەری ئینگلیزدا، ئەوڕەحمان بەگ بوو. لە کەرکوك بەرەبەرە هەموویان بەرەڵلا کردن بەڵام ئەوڕەحمان بەگ لە پاش هەموویان بە هەشت مانگ (تەخلیە)کرا.

لەزەمانی (احتلال)دا ئەم زاتە دائیما لەژێر موراقەبەدا بوو، لە ساڵی ١٩٢٥دا بۆ حەلی مەسئەلەی ویلایەتی (موصل) لە (عصبة الأممە)وە هەیئەتێ بۆ ئیستفتاء بۆ عیراق نێررابون، سەرۆکی ئەم هەیئەتە (کونت تلکی)ناوی ()هنگاری الجنسیة» بوو لەپێش ئەوەدا ئەم هەیئەتە بگاتە سلێمانی، بەئەمرو ئیشارەی میستەر چەپمەن کوتوپڕ ئەوڕەحمان گیراو حەبس کرا، چونکە میستەر چەپمەن لەپاش تەشەکولی حکومەتی عیراق مودەیێ بوو لە سلێمانی مابوو بە تەرتیباتی معاونی (شرطە)ی ئەو ڕۆژە (حەمزەی کوری شاسوار) ناوو بەشەهادەتی زۆری پۆلیس لەتەرەف مەحکەمەی دروستکراوی زەمانی (احتلال)ەوە دوو ساڵ مەحکوم کرا.

ئەم هەیئەتی ئیستفتایە لە نیهایەتی (کانون الأول)ی ١٩٢٥دا هاتە سلێمانی، لەو ڕۆژانەدا لەوانەی جێگای شوبهە بوون لە هەزار کەس زیاتر حەبس کرابون، وە لە نیو مەتر زیاتر بەفر، لە سلێمانی باری بوو، وە ڕەشەبایەکی تیژ وتونگ داروبەردی بەستبو.

شەوێکی توف وتاریك هەیئەتی ئیستیفتاکە لە سەعات چواری عەرەبیدا ئەچنە سەراو تەنها لە ناو ئەو هەموو حەبسانەدا، بەهۆی پولیس لە زیندانەوە ئەوڕەحمان بەگ بانگ ئەکەن وە بەموتەرجمێکی تورکیو فارسیزانەوە زۆر ورد لە هەموو خسوسێکەوە پرسیاری لێ ئەکەن، ئەمیش بە جەسارەتی (مەدەنیەوە) لە زەمانی میللەتی مادو شاهانی کەیانیانەوە موختەسەرێ لە تاریخی کوردستانیان بۆ بەیان ئەکات. وە ئەڵێ ئێمە کە نەتەوەی میللەتی مادین، لە عەسری بیستەمدا بەم چەشنە مەغدوربوین بڵاویو پەرێشانیمان ئەڵبەتە عەدالەتی (عصبة الامم) قبوڵی ناکات. وە لە فەقیریو هەژاری کورد زۆر درێژە بە بەیان ئەدات، وەلە خسوس ئوسو ل و ئیدارەی ئەو تاریخە ئیزاحاتی تەواو ئەدات حەتتا ڕەئیسی لوجنە بەهۆی موتەرجیمەوە لێیئەپرسێت تۆ لە ئەستامبوڵ لە چ مەدرەسەیێ خوێندوتە؟)

ئەم لەوەرامدا ئەڵێ: لە مەدرەسەی ئەهلی سلێمانیا تەحسیلم کردووە. ئەگەر تەحقیق بفەرمون مەداریسی ئەهلی سلێمانیە زۆر بەرزو ناوداره. خولاسە بەسەربەستی لە خسوسی میللەتی کوردو کوردستانەوە مەعلوماتی تەواوی بەیان کردووە.

بەبێ لیخۆشبون و کەم کردنەوە دوو ساڵ مەحکومیەتە کەیان لە زیندانی موسڵدا پێ تەواو کردو شەش مانگی تر لە موسل)دا لەژێر موراقەبەدا هێشتیانەوە ئەمجا لە ساڵی ١٩٢٧زدا ئیزنی گەڕانەوەیان دایەو هاتەوە سلێمانی ..

ئەم زاتە لە عومری (١٥) ساڵیەوە بۆنیشتمان و قەومیەتی سوتاوە، وەدائیما شێت و شەیدای ئازادیو سەربەستی بووە، ئەشعاری غەرامیو عادی زۆر کەم و نایابە هەرچی وتووە وەکو خوا لێبوردو حاجی قادری کۆیی، کەف و کوڵی دەریای نیشتمانیە ڕستیو ئازادیەتی لا عیزاج و قەریحەی لە جیاتی

غەزەل و قەصیدەی درێژ مەیلی دەستەبەستە (تەرکیب بەندی] بووە هۆنراوەکانی زۆرکەمی غەرامی یە ئەتوانین بڵێین هەمووی باسی هەژاریو ئەسیری قەومی ئەکا، وەبەهەڵبەستی ئاگرین و ڕەهبەریە بۆئازادیو سەربەستی میللەتی کوردە.

وەکو لە پێشەوەو وتمان مەجموعەی ئەشعاری لەلایەن قواتی ئیستعمارەوە لەگەڵ ئەسباب و ناومالی تالان کرا ئیتر لەزەمانی (احتلال)ەوە لەقەبی حەزمی تەرك کرد وە، لە هونراوەکانیا لەقەبی (بابە)ی بەکار هێناوەو ئەهێنێ....]

## ئەوڕەحمان بەگ و ڕابەرایەتی لە شیعری تازەی کوردیدا

وەکو لەمەوە پێش وتمان گوڕەپانی شیعری کوردی لە بیستەکانی ئەم سەدە بەم لاوە تازەکردنەوەیەکی بەخۆوە بینی. چەند هۆیەکیش هەبوونە گۆڕان و تازەکردنەوەیە، هەرە گرنگیان ئەو دەردو ئازارو نەخۆشیو دیلیو ژێر دەستەییو گۆڕان و سوڕانە - بوون کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە پەیدابوون ئەمە وای کرد کە زۆر لە شاعیرانی تورك و عەرەب و هی تریش شیعرەکانیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارو دوخەدا کە جەنگی جیهانی یەکەم خستیە سەرشانی کۆمەڵ و بۆی بەجێ هێشتن یان بڵێین شیعرەکانیان ڕام بکەن بەجۆرێك کە زیاتر ویستی گەل و داواکانی تێدا دەرببڕدرێ. زیاد لەمەش ئەدەبی ڕۆژئاواش بەشیعرو پەخشانیەوە کارێکی سەرەکی لە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردبوو. هەرچەندە کارتێکردنەکەی ئەدەبی ڕۆژئاوا بۆ شاعیرانی ئێمە ڕاستەو خۆش نەبووبێ بەلام گرینك ئەوەیە شوێن دەستی لە بەرهەمی شاعیرانماندا دیارەو ناشاردرێتەوە ئەمەش بۆخۆی دیاردەیەکی ڕەسەنایەتی ئەدەبی کوردیمانە.

وەکو لەمە بەریش وتمان هەڵگری ئالای ئەم تازەکردنەوەی شیعری کوردییە چوار کەڵە شاعیری نیشتمانپە ڕوەری سلیمانی گۆران، شێخ نوری، ڕەشید نەجیب، ئەوڕەحمان بەگ - بوون، دیارە شاعیری تریش هەبوون خۆیان تێ هەڵسون و - گروگاڵی تازەکردنەوەکەیان کردووەو خۆیان خستۆتە پاڵ ئەوان، برێکیش لە نووسەرانمان پەپێدا هەڵگوتن و خاترو خواییشت بەشاعیرە تازەکەرەوە یان لە قەڵەم داون و، پلەی شاعیریان زیاد لە پێویست بەرزکردۆنەوە، بەلام دیارە پێدا هەڵگوتن و وەسف و سەنای دوور لە واقیت و ڕاستی، مرۆڤ ناکا بەشاعیر. بەڵکو بەرهەم و باشماوەی هەر شاعیرێك باشترین بەڵگەو چەسپێنەری شاعیریەتیەکەیەتی . ئەڵبەتەتە من لێرەدا مەبەستم بەمە شاعیرو ڕابەرێکی وەکو پیرەمێردو ئەمسالی ئەو نی یە.

بەلام مەبەستم ئەوەیە هەرچی ڕاست بووەوە وتی:

فلان شاعیرو فیسار شاعیریش دەوری سەرەکی هەبووە لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا پێویستە داوای بەڵگەی لێ بکرێ، بەڵگەکەش لەخودی بەرهەمی شاعیرەکەوە هەستێ، چونکە وەکو وتمان بەرهەمی شاعیر باشترین بەڵگەیە بۆ جەسپاندنی ئەم جۆرە داوایانەو وەڕامی هەموو پرسیارێك دەداتەوە زۆر ڕاستی یان دەچەسپێنێ و گەلێك نامۆیان دەرەتێنێ.

جا هەرچەندە ڕابەرایەتیو دەس پێش کەری تازەکرنەوەی شیعری کوردیمان تا ئێستا لە گوریس کێشەکێدایەو زوربەی ڕوشنبیرانمان ڕابەرایەتیەکە دەدەن بەمامۆستا گۆران، لەم ڕووەوە کە (گـۆران) بەهۆی ڕۆچون و ورد بوونەوە لە مەسەلەی تازەکردنەوەکەدا هەستێکی ناسکترو ڕوانینێکی فراوان ترو قوڵ تری لەلا پەیدابووە، بۆیە قوتابخانەکە وە پاڵ ئەو دراوەو پێی دەگوترێ: (قوتابخانەی گۆران) مامۆستا موسلیح جەلالی لە کتێبەیدا (شێخ نوری: دەنگی ڕەسەنی شیعر..) کاك [ئازاد عبدالواحد]یش لە کتێبەکەیدا : [دیوانی شێخ نوری شێخ سالح بەرگی یەکەم] زۆر بەڵگەی بەهێز دەهێننەوە بۆ ئەوەی دەست پێشکەریو ڕابەرایەتیەکە بۆ شێخ نوری بچەسپێنێ و ڕەنگە هەرواشبێ بە هەرحاڵ من نامەوێ بچمە ناو ئەم کێشەیەو، بەتایبەتی کە ئەم نووسینە ئەوەندە تەسکە دەرفەتی ئەوە بەخۆ ڕەوا نابینێ.

بەلام دەڵێم: لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەم ڕاوو بۆ چونانەی هەردولا، پێویستە بگوترێ کە ئەوڕەحمان بەگیش وەکو مامۆستا گۆران و شێخ نوری شۆڕە سوارێکی ئەم مەیدانە بووە ، وەك ئەوان ، شان بەشانی وان هەوڵی داوە - نەك هەر بۆ گۆڕینی کێش و قافیەو بەس - بەڵکو بۆ گۆڕینی چەمك و واتاو ناوەڕۆك و ڕام کردنی شیعر بۆ ئەوەی زیاتر چۆنیەتی کۆمەڵگاکە بەهەموو داب ونەریت و بارو دوخێ ڕامیاریو کومەلایەتیەوە دەقاودەق دەربپڕێ ، هەروەکو چۆن شاعیریو تێڕوانینی تایبەتی خۆیو

کەسایەتی و دەنگی ڕەسەن و شوێن دەستی بۆ هەموو جموجوڵێکی ئەو سەردەمە لەگۆشەو نیگای تایبەتی خۆیدا لەناو چوارچێوەی قۆناخی شیعری کوردی تازەمان دا بەڕون و ئاشکرایی دەبینرێ . جا ئەوڕەحمان بەگ هەرچەندە سیمای لاساکردنەوەی برێ لە شاعیرانی پێش خۆ یو هاوچەرخی خۆی پێوە دیارە چ لەڕوی ناوەڕۆك و ئەزموونەوە چ لە ڕوی وەزن و قافیەوە وەکو هەموو شاعیرێکی تر، بەڵام پێویستە ئەوە لە یادنەکەین کە ناوبراو خاسییەت و شێوەو شێوازو گۆشەی نیگاو تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر هونەرمەندانە هات وچۆی (ذاتی)و هەستیاری، جۆشاوی کەف و کوڵی دەرونی بە سیحربازیو دەست ڕەنگین و بلیمەتی بە کارهێناوە هەر دەڵێی کلافە دەزوی ڕەنگاوڕەنگی تێکەڵ بە سوزی دەرونی پڕجۆش و خرۆشی لێك داوەو لەو ڕایەڵ وپۆیە تابلۆی ئەفسوناوی پێ دروست کردون، چامە شیعری پێ نەخشاندوون و وێنەی سەرسوڕ هێنەری پێڕانواندون، هەرگیزاو هەرگیز داوێ لە کلافە دەزوەکانیشی کورتیان نەهێناوەو پۆووکری لێك هاڵاوەو کاڵا بەقەد باڵا تێهەڵهاتوتەوەو هەزار ئافرین بۆ روحی پاکی . بەڵێ کەسایەتی و مۆرکی تایبەتی هێندە بەزەقی لە شیعرەکانیدا دەبینرێ ڕەنگە بتوانین بڵێین بۆخۆی مەدرەسەیەکی سەربەخۆیەو ڕێبازو قۆناخێکی جیاوازە، یان بەلانی کەمەوە بەیەکێك لەو ڕابەرانەی کە بوونە داهێنەری قوتابخانەی شیعری تازەو هەڵگری ئاڵای ئەم جۆرە شیعرە حیساب بکرێ . کە وابوو هەرکاتی ئێمە مێژ وی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بنووسین و باسی لێوەبکەین

پێویستە وەکو ڕاستی یەکی بەڵگەدار دەوری ئەوڕەحمان بەگ فەرامۆش نەکرێ و مافی خۆی بدەینێ و بەیەکێ لەو چوار پایەی تازەکردنەوەی شیعری کوردیمان بژمێرێ و بەڕابەرێکی سەرەکی ئەو کۆدە تا ئەدبیە بنووسرێ.

مامۆستا گۆران کە دەڵێ: (عبدالرحمن بەگی نفوس) لە سەرتای ژیانی شاعیریەتی دا زۆر بەگەرمی دەستی دایە تازەکردنەوەی هەڵبەست و، لە (نوری) کۆنترە بەڵام ئەو شیعرەکانی بڵاونەئەکردەوە، ئەگەرچی عبدالرحمن لە دوایی زیانیا لە هەڵبەستەکانی دا تەتوێرێکی نەکردو وەستا. . . .] خۆی ئەم مافی ڕابەرایەتی و ڕەچەشکێنیەی داوەتی و دانی پێدا ناوە ئیتر ئێمەی ناوبژیکەرو شاهید چیمان بەدەستەوە دەمێنی؟ . . .

هەڵەیەکی مێژ و ییشە ئەوەی کە هێندێ نووسەرو ڕوشنبیرمان ئەم قۆناخەی ئەدەب و شیعری کوردیە بەقوتابخانەی گۆران لە قەڵەم دەدەن و ڕابەرایەتیەکەش لەمدا کورت هەڵدێنن و هیچ حیسابێك بۆ ئەوڕەحمان بەگ و هاوەڵەکانی ناکەن هەروەکو چون هەڵەیەکە ئێمە بێنین بۆخاتری (عبدالرحمن) بەگ دەوری مامۆستا گۆران یان شێخ نوری یان ڕەشید نەجیب پێشێل بکەین و پاش کوێی خەین و بیشارینەوە. جا چونکە ئەم هەویرە زۆر ئاو دەباو ئەم باسە زۆری دەوێ و لێرەدا جێگای نابێتەوە، هەڵی دەگرم بۆ دوتوێی ئەو لێکوڵینەوەی کە لەسەر سەرجەمی دیوانەکەی ئەوڕەحمان بەگم کردووە خوا یاربێ زۆری پێناچی کە تەواو دەبێ و لە قەوارەیەکی گەورەدا پێش کەش بەکتێبخانەی کوردی دەکرێ.

وا لێرەشدا بۆ نمونە چەند چامەیەك لە دیوانە دەست نوسەکەی خۆی دەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیزو بەرێز بۆ ئەوە ئەدەب دۆستان چێژ یك لە شیعری ناسکی ئەم شاعیرە نەمرەمان بکەن و پێی ئاشنابن.

## ئەوڕەحمان بەگی بابان و نمونەی شیعری

---

وەکو دەڵێن شاعیر لە هەموو کەس هەست ناسکترەو دوربین ترە زوو هەست بەئازاری کومەڵ دەکا لە واقیع حاڵی دەبێ بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدا کە بەچەکی شیعر ئەو واقیعە بکۆڕی هەمیشە هانی جەماوەر دەدا بۆ ڕاپەڕین و بەکژدا چونەوەی ڕژێمی کۆنە - پەرەست و زۆردارو نائاسایی، . . بۆیە دەبینین شاعیرمان : (ئەوڕەحمان بەگ) وەکو هەموو مونەوەرێکی پێش خۆی و هاوچەرخی هەستی کردبوو بەو هەموو تەنگ وچەڵەمەو زەبروزەنگەی کە گەلی کورد توشی هاتبوو لە دەست عوسمانی و ڕژێمی ئێران. هەستی بەوەو کردووە کە ئەو هەموو گۆڕێس کێشەکی و تێك هەڵچونی ئەم دوو هێزە ، مەیدانی شەرو هەرایان هەر گۆڕەپانی کوردوستانەواهەر کورد تێیدا زەرەرمەندبووە، چونکە لە سایەی ئەو شەرە نگیزانەوە وەڵاتی کوردو هەرێمێ تاڵان و برۆ کراوەو تەرِوپوشی پێکەوە سوتێنراوە، دوایش کە ڕێك کەوتوون ئاشتی یان بۆتەوە هەر دوولا دەستە چەورەکەی خۆیانیان بەسەری کوردی بێچارە سریوتەوەو بوونەوەبەجیران و مویان

بەبــەین دا نەچــووە جا هەر چەنــدە زوربــەی جەمــاوەر هاتنی ئینگلیزو دروست بوونی حکومەتی شێخ مەحموودیان بەهەڵاتنی ڕۆژێـکی نوێزانی بەڵام ئەورەحمــان بەگ، زو لە فاکــوفێکی ئینگلیزەکـان گەییشت، هاواری لێ هەڵسـاو کەوتـەخۆ، زۆر بە لێـزانیـەوە فرۆفێڵی ئینگلیـزەکـانی بۆ جەماوەر، شی کردۆتەوە پێی ڕاگەیـانـدوون، کە داگیـرکەر هەر داگیرکەرە وەئێمە کە تا ئێستا کوێلەو ژێر دەست و چەپۆك پێدا دراوی تورك و فارس بوین، وا ئێستـا ئیگلیـزیش بوو بەسـەربـارو (نۆ)ش هاتە سەر (دە)، سەد شکــور بە کفن دزی پێشــوش چونکــە ئەگـەر تورکـەکـان یان ئیرانیەکان ڕاستەوخۆ دەیان گوت ئێوە ژێر دەستەی ئێمەن. بەڵام خاڵـە ئینگلیـز لەژێـر ناوی ئازادیو ڕزگـاریخوازی بۆ گەلان بە دووڕوییو دووزمانی لەگەڵمان دجوڵێتەوە سەری زمانی شەکرەو بنی زمانی ژەهری مارە.

ئەوەتا کە مێجەر نوئیل بە چل سواری عەسکەری هیندۆکەوە ڕۆژی (١٥)ی تشـرینی یەکـەمی ساڵی ١٩١٨ بەمـەبـەست و چاوپێکەوتنی شێخ مەحموود ، هاتە سلێمانی ئەرەحمان بەگ لەو ڕۆژەدا ئەم شیعرەی نووسیووەو دەڵێ:

(١): سەد دریـغ دەوری ئەسیـری قەومی کورد نەبـڕایـەوە
تاکـو ئێستا ئەم گرێیە هەر بەکەس نەکرایەوە.
میللەتی گەورەو بچوك گشتی بەسەر بەرزی ئەژی
کورد هەر لەژێر بارا بە دیلی مایەوە
تاکـــو ئێستـــا هەر دراوسێ بوون عەدوی خاکی وەتـەن سەیری
میللەتی نەگبەت کەن کە ئینگلیز هاتە کۆڕو کایەوە

سەر زمـانی وەعـدەیی شیـرین و ئازادی وەتـەن
ژێر زمانی بۆ ئەسیری دام و دانەی نایەوە

سەر زمانی (حامیە) بۆ قەومی لێقەوماوی کورد
ژێر زمانی زوڵمەکەی (ضحاکی) بۆ هێنایەوە

سەر زمانی ڕەهبەرە بۆ قەومی بێچارەو زەبون
ژێر زمانی زەهر ئەرێژێ بۆ یەکێ جوڵایەوە

مادە (١٤)ی مەنهەجی ویلسونی پێش خۆی خست و هات
مادەکە بۆ قەومی کورد دیلی ئەبەد خوێنرایەوە

هەرچی قەومێ کەوتـەرێ بۆسـەربـەخـۆیی سەرکەوێ
سیاسەتی ئینگلیز بەدوو پاشقول لە ڕێ گیرایەوە
(بابە! ئینگلیز هاتە ناو ، ئومێدی سەربەستی نەما .
ڕەحمی یەزدانی نەبێ، ئەمرین هەموو بەم غایەوە.

(٢) ئارایشی بەهار.
(بـابـە)وەکـو شاعیرێکی هەست ناسك و بەهرەوەر بەبێ نقەنق و تەکـەللوف توانیـویەتی ئەندێشەو کەفوکوڵی دەرونی هونەرمەندانە بدرکێنی ، بەبێ زۆر خۆکــردن نەخش ونیگـاری تابلۆی هەست بزوێنی کێشاوە، ئەوەتا کە باسی جوانی بەهارو دەشت و گوڵزار دەکـا، تابلۆی ئەم دیمـەنـە پێـك دێنی لە دەنـگ ورەنگی مەل و باڵنـدەو بولبـولی خۆش ئاواز، کەتێکـەڵ دەبن بە پێکەنینی گوڵی تازە لە خەم ڕەخسیـو نەسیمی بەیـانی عەتـر بێـزی دەمەدەمەی تاریك و ڕوون و کازیوە، هاوکات لەگەڵ بۆنی شەونم و ڕەنگی گوڵاڵــە سوورەو زەوق و نشــەی دار ئەرخــەوان و ژاڵــە، کەروێشکەی سەوزەو گژوگیا، لە قەد لاپاڵ و دەشت و شاخا، تێکەڵ بەهەموو جۆگەو جۆبارو تاڤگەو بریسکەی زیوین و خورەو هاژەی ئاوی سەرەوژێــر هەڵــڕژاو بۆ پێــدەشتی شێن و ڕەنگـاو ڕەنــگ، دوایی دەڵێ: ئەم دیمــەنــە تەلیسمـاوییە ئەفسـون ئاسـاییـە بەشێکـە لە جوانی یارە شۆخ و بەزەوقـەکـەی من کە ئەمرۆ بەیەك لارولەنجەو سەیرکردنێك و نیگاو پێکەنینێك دووسەد جار بەهــاری هێنـــا، خۆشی خستـە دڵی هەمـوو کەسێکـەوە. بەراستی ـ بەبێ هەمـوو مەبـەستێکی پیدا هەڵگوتن ـ دەتوانین بڵێین (بـــابـە) بەتـەواوی مەعنـاوە شاعیـرە ، هونـەرو تەعبیـری شیعری، دەست ڕەنگینی بۆ دەچەسپێنی.

بەســەر سامییــەوە لە عاست ناسکی هونـەری شیعـری یەوە واقت وڕدەمێنیو بە هەست و جۆش دەکەویە سەماکردن بەدەم خوێندنەوەی ئەم تابلۆ بەهارییە کە دەڵێ:

شنەی هەوای بەیانی، بۆنی بەهاری هێنا
ئەم بۆنە عەطر بێزە ، نەشئەو خوماری هێنا

کۆتر بە یاهویاهو، قومری بە بانگی کوکو
بازی تەوار بە قوقو، کۆچ و هەواری هێنا

پۆر هاتەدەر لە پەردە، ڕەنگین و شین و زەردە
پۆل پۆل لە دەشت و هەردە، ڕاوو شکاری هێنا

ئاوازی زاری بولبول، لەسەر لق و لەسەر چڵ
خەندەو تەبەسسومی گوڵ، خەیاڵی یاری هێنا

شەونم لەسەر گولاڵە، جامی شەرابی ئاڵە
دار ئەرخەوان و ژاڵە، نەقش و نیگاری هێنا
سەبزە وا لە دەماخا، چین چین لە دەشت و شاخا
نەسرین و گوڵ کە باخا، نەفخەی عەطاری هێنا

هەر جۆوو جۆیبارە؛ هەر سەروە هەر چنار
بە هەشتە یا بەهارە، خۆشی دیاری هێنا

ئەو دولبەرە قەشەنگە، ئەو یارە شۆخ و شەنگە
بە پێکەنین و خەندە، بوسەو کەناری هێنا

ئەو نازك و نازەنینە، مەلائیکەی زەمینە
بەو تۆزە پێکەنینە، دوسەدبەهاری هێنا

(بابە)! ئەو گوڵە گەشە، ئیمڕۆبە کەیف و نەشە
وەختی بۆسەو باوەشە، بەختی بەکاری هێنا

٣ ـ کوردەڕۆ

حکومەتی ئێران بە بەهانەی چەك سەندنەوە، لەیەکی کانونی سالی / ١٩٥٠ دا بەهێزی هەوائیو وەرزشییەوە پەلاماری عەشیرەتی جوانڕۆیدا بەم بونەوە ئەوڕۆژە (بابە) = واتا ئەورەحمان بگ ئەم شیعرانە نووسیوەو دەڵی :

گەلی دوژمن لەگشت لاوە خەریکی کوشتنی تۆیە
لە هەر گۆشەی وەتەن گوێ بگرە دەنگیشین و ڕۆ ڕۆیە

ئەسیریو کوشتنی کورد زۆر دەمێك. تەوقی ئەستۆیە
لە پاش کوشتاری (موکری) ئێستەکە نۆرەی (جوانڕۆ)یە

لەبەرچی خوێنی ئەم قەومە موباحە لای هەموو قەومێ؟
لەسەر ئەم قەومە مەظلومە قیيامەت بۆچێ ناقەومێ؟

لە قانونی ژیان هەر قەومی کورد مەیئوس و مەحرومە
جەزای دارە، ئەوی ژینی بوێ لەم قەومە مەظلومە

بەری ئەم دارە، ئەستۆو گەردنی لاوانی مەحکومە
لە دونیادا ژیان بۆ قەومی کورد، نایاب و مەعدومە

لەکوێی ئەی ڕوحیکاوە! هەڵگری بەیداخی حوڕییەت
نەجاتی میللەتی کورد دەی لەدیلیو مەینەت و ذیللەت

مەپرسە سیروان بۆسورە؟ دیجلە بۆچی لێلاوە؟
بەڕاستی ئاوی ئەم نەهرانە سێ صەد ساڵە خوێناوە

چ خوێنی خوێنی کوردو لاوی کوردوستانە ڕێژراوە
لەلای تورك و عەجەم کوشتاری ئێمە مودەیەو باوە

لە مێژووی کومەلا (بابە)! یەکوصەد تۆڵە نوسراوە
ئەمە دەورێکی (ضحاکە) نزیکە هەڵکەویکاوە.

٤ ـ هونراوەی نیشتمانی.

وەکو لاوی سلێمانی حوڕڕو ئازادە یە، ژینم
لە پێناوی وەتەندا دائەنێم صەدڕوحی شیرینم

بەلای ڕاست و چەپا نارۆم بەهێزی پشتم ئەستورە
وەکو شاخیوەتەن سەر بەرزو دڵ ڕەق پڕ لە تەمکینم

لە نەزعا نامەوێ یاسین و لەقەبرا نامەوێ تەلقین
وەتەن یاسین و تەلقینم، وەتەن ئیمانەو دینم

لەخەودا نەقشی ئازادیم لە ئیقباڵی وەتەندادی
موبیەدەل بو بە خۆشیو پێکەنین، گریانم و شینم

هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/

له دەوری بەردەوە میراتی کوردە خاکی کوردوستان
بۆ ئەم باغی بەهەشتە (بابە)! من دیوارو پەرژینم

٥ ـ هونراوەی دڵداری

بەجارێ مەستیکردم بۆسەییکی ئەو دەم و لێوە
مەگەر لیکی دەمی ئەو دولبەرە شیلەی ڕەگی مێوە؟

بە تۆمانێ لە ئەشکی ئاتەشینم قەت نەرم نابێ
مەگەر گوشتی دڵی ئەو کافرە بەردی ڕەقی کێوە؟
لەسەر صەفحەی گوڵیکی ئەرخەوان: نوختەییکم دی
مەگەر ئەو کوڵمی صاف و نازکە خاڵیکی واپێوە؟

کەچاو هەڵبڕی شوریکی مەحشەر دێتە بەرچاوم
مەگەر موژگانی ئەو شۆخە هەموو تیری دڵ ئەنگێوە؟

بەدو غونجەی گەشم زانی دەسم بۆچاکی سینەی برد
مەگەر ئەو دوشکۆفەی نازك و نەرمینە، دوسێوە؛؟

شەوی ڕێم کەوتە بەزمی بێ مەیی و ساقیهەمو سەرخۆش
مەگەر چاوی ڕەشی ئەم دولبەرە جام و قەدەح پێوە؟

لە ئاسوی ئاسمان (بابە) چەپەر بەندانی حوری بو
مەگەر هاتونە سەیری لەنجەیی ئەوشۆخی پەریسێوە؟

٦ ـ هونراوەی دڵداری

مانگی چواردەو یەکشەوە گردن لەڕوی ئەو دولبەرە
موعجیزەی شۆخی نەبێ چۆن مانگە شەو نەرم و تەڕە

پیاڵەگێری مەیکەدەی ئەو نەرگسی شەهلایەیە
یاخو موژەگانە لەبەر بەد مەستی دەستەو خەنجەرە؟

ڕائیحەو بۆنی بە هەشتە نەشئە بەخشی ڕوحمە
یاخو خەندەی پێکەنینی لێوی لە علی دولبەرە؟

تاقە خاڵی شینی سەرگۆنای مەطافی عالەمە
بەردی ناو کەعبەی دزیوە ئەم چەتیوە کافرە
خاریقەی ئیعجازی شۆخی سەروی هێناوەتە بەر
قەددی بەرزی دوشەمامەی گرتووە بۆ نۆبەرە
ماچی لێوو ناو دەمم کرد دەستی کردە بۆڵەبۆڵ
پیری وەك تۆ لێ‌ی حەرامە ئەم شەرابی کەوثەرە
(بابە)! ئەو لاوێکی وەك خۆی شۆخ و لاوچاکی ئەوێ
تۆ بەواتە ڕاوی ناکەی ئەم فریشتە پەیکەرە.

٧ ـ ساقی نامە؛

(ساقیا)! ئیمرۆ شەرابی کۆنی دو ساڵەم بەرێ
پڕ لەعەترو عارەقی سەرگۆنەیی ئاڵم بەرێ
یالە غەمزەی دولبەرێکی شۆخی چاوکاڵم بەرێ
یالە شیلەی شەهدو قەندی لێوی پڕخاڵم بەرێ
لەوشەرابی شەرمە بێ ئەتکێ لەکوڵمی دولبەرم
نەشئەیی صەد مەستی کەوثەر ئەڕێژێتە سەرم
(ساقیا)! کەیفم هەیە ئیمرۆ مەیی (ناب)م بەرێ
هەر لەبادەی ئەرغەوانیو لەعلی (خۆشاب)م بەرێ
یالە سورایی شەفەق یاخۆ لە (مەهتاب)م بەرێ
پیری مەیخانەم شەرابی پوخت و نایابم بەرێ
لەو شەرابی کۆنەبێ ئیجادو میراتی جەمە
هەر دڵۆپێکی شیفای صەد بێ‌زمان و ئەبکەمە
(ساقیا)! ژینی جیهان، لای من هەمودەردی سەرە
تێکە بۆم جامێکی پڕ لەو ئاگرو پشکۆیتەڕە
فێنکی بە خشی دڵو جانە، زوڵاڵی کەوثەرە
هەر قومێکی تاج بە خشی صەد ئەمیر قەیصەرە
جەشتنێ سەر خۆشم بکا (بابە)! بەناڵەی مەستەوە
مەحشەرێ پەیدا بکەم ئازادی بێنمە دەستەوە

جا من لێرەدا کەکۆتایی بەم نووسینە دێنم داوا ئەکەم لە هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردی دڵسۆز، کەدەستی یارمەتی دڵسۆزانەم بۆ درێژ بکەن وچی‌یان لایە لەبەر هەمی ئەورەحمان بەگە و چی لێ ئەزانن. بەنامە یان بەهەر شێوەیەکی تربێ منەت بارم بکەن منیش دەستی سوپاس و نوازشیان بۆ بەسینگەوە دەگرم دیوان و لیکۆڵینەوەکەش تێرو تەسەل تر دەبێ

# شیعر شارەزایی یە

« لەبەرئەوەی نەمتوانی ببمە قەدیس یان پاڵەوانێك بۆیـە هەوڵم دا لە ڕێگـای نووسینـەوە ئەو دڵخـۆشیـە بدۆزمەوە» . - نیکۆس کازانتراکی -

★ ★ ★

● غفور صالح عبدالله ●

بێگـومـان وتـراوەو دەوترێ شاعیر ئاگر دزە. واتا دزینی ئەو ئاگـرەی - پرۆمـیـثـۆس - لەپێنـاویـدا بەستیـانـەوە بەتـاشـەبـەردێکـەوەو هەڵۆکان کەوتنە خواردنی جگەری. . بۆیـە ئەرکـەکـەی شاعیـر دژوارە و ڕێگایەکی تووناوتوون و هات و نەهـاتی لەبـەردەمـدایـە بۆ دەوزینەوەی ئەو ئاگرە کە ڕاستەقینەی شیعرە . . شیعریش دۆزینەوەی ڕاستی‌یە. .

شیعـریش تەنهـا وشـەی پڕ سۆزو بریقەدار نیە، بەڵکو شیعـر هەڵـوێستی ڕاستـەقینـەی مرۆڤی هۆشیـارە . . شیعر

ووشـەی پڕ زەنـگ نییـە بدرێتـە گوێی ئافـرەتێکی شۆخ و شەنگەوە. شیعر ئەو ڕێگایەیە بەرەو جەژنی لەدایك بوونی سەر زەویمان دەبات. ئایندەش هەر بۆ شیعر و شاعیرە . . زۆرجار لەمەڕ خۆمان دەووترێ : شیعر هەڵویستە ، شیعر خەم و ژانە، شیعر جوانی ئافرەتە ، شیعر بەهرەیە، شیعر دەنگی ڕاستیە ، شیعر دەکرێتە جل وبەرگ و هەژارانی بێ پۆشتەدەکرێتەوە، شیعر بەرهەڵستی کردنە . . . هتد. بەڵام ئەم هەموو شیعرانە پێویستی بە شارەزایی هەیە.

پێـویستی بەمـانـدووبـوون وبیـدارکـردنـەوەی قووڵـە و پێویستی بە نەخشەکێشان و وەستایەتی هەیە : ـ

**یەکـەم.** ، هەر هیـچ نەبێ دەبێ بابـەتـەکـەی چاك خەمـڵابێ لەمێشکی شاعیـردا و تێکـەڵ بە خودی شاعیر بووبێ. . **دووەم،** پێویستی بە ئەندازیاری شیعری هەیە، **سێیـەم،** زەخیـرەی ڕۆشنبیـریی شیعـری، . **چوارەم،** شارەزایی شتەکانی دەوروبەری شاعیر و جۆری ئاڵ وگۆڕو مامـەڵـەکـردن لەگـەڵیـانـدا و وێنـەکێشـانیان. شاعیر دەبێ بەچـاکی ئاگـاداری دەریـاو رووبـار و گێژاوە و شەپۆڵەکانی بێت و چۆن چۆنی تیشکی خۆر کاریـان تێدەکـات و بە چ ڕەنگێـك دەدرەوشێنـەوە. دەبێ دەنـگ و هاژەی شەپـۆڵی دەریـا لە دەنـگ و هاژەی شەپـۆڵی رووبـارو قەڵبـەزەی ئاو جیابکاتەوە، حدسێکی ئەوتۆی هەبێ دەنگی خشەی مار و مێروو خشەخشی گەڵای دارو درەخت لەیەك جودابکاتەوە.

هەروەسـا ڕەنـگـی زەردەپـەڕو زەردەی بەیـان لەیـەك جودابکـاتـەوەو چۆن لە وێنـەیـەکی شیعـریـدا وەسفیـان دەکات. . و دەبێ بزانێ چۆن چێژ لە دیاردەکانی سروشت وەردەگرێ و وێنەیان دەکێشێ.

بۆ ئەم وەستـایـەتی و شارەزاییـە ـ گوران ـ ی نەمـر وەیاددەخەینەوە کە چۆن بە وێنەو مۆسیقای ووشە سروشتی خواکـردەی کوردستـانی وێنـەکێشـاوە لە هەردوو گەشت نامەکەی قەرەداغ و هەورامان :

**کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەس**
**سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی**
**بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی**
**جۆگەی ئاوەکان تیا یا قەتیش ماو**
**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو**
**هاوار و هاژەی کەف چەرێنی چەم**
**بۆ تەنیایی شەو لایە لایەی خەم**
**توولەرێی بارێك، تووناو توون پشکن**
**رێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن**
**ناو ڕێگا تەق تەق، لارێ بەرری زل**
**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل**

لە گەشتەکەی قەرەداغ : ـ

**عاسمانی شین و ئەستێرەکانی**
**پێدەکەنن بۆ بەری بەیانی**
**گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان**
**زەرد هەڵگەرابوون، کز کز ئەسووتان**
**دەرژا لەسەردا کزەبای بەیان**
**ئەیلەرانەوە کولەو پەردەکان**

یان دەڵێ : ـ

**لەبەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئاگر**
**دای بەتاریکیی شەوی ناو دێ در**
**شمشاڵ بە ناڵەی لەرەو لەرزەدار**
**دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار. .**

بۆیە ئەگەربێتو شاعیرێك ئەو شارەزاییەی ـ گۆران ـ ی نەبێت لەو باوەڕە مەبە بتوانێ تەنها چمکێکی ئەو سروشتە وێنەبکێشێ . . لەبەر ئەوە تەماشادەکەین ئەو شاعیرانەی لە ژیانی گوندایەتیەوە دووربوون و هەموو ژیانی خۆیان لە شار بردوتەسەر . زۆر کەم شارەزان سەبارەت بەدیاردەکانی سروشتی کوردستان و زمانەکەشیان کەم برشتە ، وشەکانیان هەر ئەو وشانەن بەزۆری دەستکردە و لە زمانی خەڵکی شارەکان بەکاردێت . . دیسان دەبێ زمانێکی هەبێ لە زمانی مێژوونوسێك زانستیو مەنتقی تر بێ و لەزمانی زمانەوانێك دەوڵەمەنتربێ . بۆئەوەی بتوانێ چۆن وشە لەناو قوڕو لیتەی خاك و خۆڵەوە دەربێنێ و لە خڵت و خەوش پاکی بکاتەوەو بیهاوچەرخێنێ . ئەگەر وەها نەبێ دەسەپاچە دەبێ بەرامبەر زۆر دیاردەکانی سروشت و ناتوانێ بەووردی هەموو بەشەکان و شتەکانی ئەو سروشتە باس بکات ، بۆیە حەمزاتۆف دەڵێ : **«زمانی گێر دەرهەق بابەتی هەرەناسك وەکو گورك و مەڕ وەهایە . »** .

بۆ نموونە ئەگەر هاتوو باسی ئاسکێکی کرد ، دەبێ بزانێت ئاسك لە کۆرپەییدا چی پێدەڵێن و کە گەورەبوو کەوتە تەك دایکی چی پێدەڵێن ، هەروەها بە نێر و مێی ئاسك چی دەڵێن ، هەروەها سەرجەمی گیاندارەکانی تری سروشت . چونکە شیعر زمانی گەردونەو تەنها بۆ هەست و سۆزو دڵداری و خۆشەویستی ناووتریێو نانووسرێ . ئەمەش رای تایبەتی خۆمانە سەبارەت بە شعر . . زۆرجار کە ناوی چامەی نەمر دێت یەکسەر ـ چامەکەی ـ نالی ـ مان دەکەوێتەوە یاد کە لە شامەوە بۆ سالمی ناردوە :

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور . .**

یان هەردوو گەشت نامەکەی گۆران . . دەربارەی چامەکەی نالی ئەوە نازانین بە چەند ڕۆژ یاخود ساڵ ئەم چامەی نووسیوەتەوە . . بەڵام سەبارەت هەردوو گەشت نامەکەی گۆران ، ئەوەندە دەزانین کە بنگست

بە بنگستی ئەو هەردو ناوچەیەی پشکنیوە ، ئەگینا لە ژوورەکەی خویدا دانەنیشتوەو بەو هەموو وەستایەتیەوە سروشتی قەرەداغ و هەورامان نەخشەبکێشێ . هەندێ دەڵێن شاعیر لە ژوورەکەی خۆیەوە دنیا دەبینێ . لەو باوەڕەدا نیم ئەگەر لەوەو بەر ئەو دنیایەی نەدیتبێ بتوانێ وەکو شاعیر مامەڵەی لە گەڵدا بکات هەروەکو گۆران وێنەی بکێشێ ! دیسان نموونە شیعری جیهانیش هەیە وەك :

چامەی «وێران خاك» ی تی ، ئێس ، ئەلیوت . کە تاوەکو ئێستاکە سەدان رەخنەی لەسەر نووسراوە . ئەلیت ئەم چامەیەی بەچوار ساڵ نووسیوەتەوە . . یاخود چامەی «ئانابیس»ی سان جۆن بێرس کە ئەویش ئەم چامەیەی ئەنجامی چەند ساڵێك گەڕان بەبیابانی چین دا نووسیوەتەوە یان چامەی «قەلەرەش»ی ئەدگار ئالان پوو . .

ئەم قسەیەی منیش واتای ئەوە نییە داواکاریەکی گەورەی لەو جۆرە دەکرێ لە شاعیرەکانمان ، بگرە خواست و ئاواتێکە لەمەڕ رۆشنبیرەکانمان کە شیعری کوردی چامەی ئاوهای هەبێ .

بەڵام بەرای ئێمە ئەمە تاوەکو ئێستاکەو ساڵانێکی دوورو درێژیش هەر مەحاڵ دەبێ . . چونکە مەسەلەی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵی کوردو وباری شارستانیەتی کورد ئەم ئاووهەوایەی بۆ نەرەخساوە . چونکە بە هیچ کلۆجێك ناتوانرێ خودی مرۆڤ لەو ئاو هەوایە خۆی رابپسکێنێ ئەمە ئەگەرچی باری رۆشنبیری ژمارەی رۆشنبیرانی کورد لە زیادبوون دایە و ماوەیەکی دوورو درێژە کەوتۆتە جموجۆڵ و لێرەو لەوێ هەڵپە دەکرێ دوخەکە بگاتە ئاستێکی بەرز و شیاو .

من لێرەدا نامەوێ وەکو نووسەرو موفەکیرە سۆشیالیستەکان بۆ مەسەلەکە بچم و هەموو گۆڕانکاریو پیسخەوتنێك ببەستمەوە بە مەسەلەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە و باری رۆشنبیریی کۆمەڵیش بەو پێوەرە پێوانە بکەم، چونکە ئەگەر مەسەلەکە لەم تێروانینەوە بێت ئەوا ئێستاکە نە لە ئەمریکاو نە لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا شاعیر نەدەبوو شیعرە وەرگێردراوەکانیان پێمان نەدەگەیشت . چونکە لە وولاتانی پێشکەوتوو ئامرازی‌تر هەیە بۆ چێژدانی زەوقی جەماوەر وەکو سینەماو تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر کە زۆر پێویستی مرۆڤ رادەپەڕێنێ . بەڵام لەبەرئەوەی شیعر زمانی راستەقینەی خودو ویژدانی مرۆڤە هەر لەو وولاتانەشدا لەپێشکەوتندایەو ئێمەش لاسایيان دەکەینەوە . چونکە شیعر لە سەرەوەی هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب دەنگی راستی و بەگژاچوونی دیاردە ناهەموارەکانی مرۆڤ و دەورو بەرەکەیەتی . لێرەشدا «گۆرکی» دەڵێ : (هاتمە ئەم جیهانەوە بۆئەوەی ناڕەزایی دەربڕم و بەربەرەکانی‌بکەم) . بۆیە ئەگەربێتو نووسەری رەسەن بەم وەعی‌یەوە مێشکی خۆی زاخاو نەداو هەوڵی نووسین نەدات، وەکو بووکە بەفرینەی بەر تیشکی گەرمای ناهەمواری دەورووبەرەکەی زوو بە زوویی دەتوێتەوە . . .

شاعیری رەسەنیش دەبێ - رامبۆ - ئاسایی تینویەتی نەشکێ هەروەکو خۆی دەڵێ : «نە داستانەکان و نە کەسەکان تینوێتیم ناشکێنن» . ئەم تینوێتیەش پێویستی بە شارەزایی‌و زەخیرەی رۆشنبیریی هەیە بەهەموو بوعدەکانیەوە . .

زۆر لەو کەسانەی لەمەڕ ئێمە کە دەستیان داوەتە شیعر نووسین، دەشێ ئەوەیان خوێندبێتەوە کە - رامبۆ - لەتەمەنی ٣٧ ساڵی مردوە، کەچی بوە ئەو شاعیرە مەزنەی سەرجەمی شیعری نوێی فەرەنسا و شیعری جیهانیش . هەروەکو - هنری میللەر - دەڵێ : سەرجەمی شاعیرانی فەرەنسا قەرزارباری رامبۆن .

واتا ئەگەر رامبۆیەك لەو تەمەنە لاویەدا ئەو ئەرکە مەزنەی بەجێ هێنابێ واتا لەو تەمەنە لاویەدا پێ‌رانەگەیشتوە زەخیرەیەکی رۆشنبیریی ئەوتۆی هەبێ . . دیارە مەسەلەکە هەر بەهرەیە و هیچی‌تر . ئەوانیشی لەمەڕ خۆمان مەسەلەکە وەها تێگەیشتوون و چ بایەخێکی ئەوتۆ بەشارەزایی و رۆشنبیریی نادەن . هەردەنووسن و دەنووسن بەڵکە ئەمە خوای کرد رۆژێك لە رۆژان چەند چامەیەکی شیعری وەکو «پاپۆرە سەرخۆشەکە»[1] و «وەرخێکی دۆزەخ»[2] و «رووناکیەکان»[3] بنووسن و ببنە رامبۆیەك . . . - گۆرکی - دەربارەی بەهرە دەڵێ :

«هەرگیز چاوەڕەێ بەهرە نەبووم بەڵکو چەندان سەعات لە پشتەوەی مێزەکەم دادەنیشتم تاوەکو چەند دێرێك بنووسم» «ڤرجینیا وولف» یش لەبارەی بەهرەوە دەڵێ : «هەرگیز بەهرەی مەزن نایەت، بەڵام لەبری ئەوە موعجیزە بچووکەکانی رۆژانە هەیە . رووناکیەکان . چەند تەڵە شقارتەیەك لەپڕێکدا لە تاریکایی دادەگیرسێ) . . کەچی بەتایەتی شاعیرە لاوەکانمان ئەوە نازانن کە رامبۆ لە تەمەنێکی زۆر مناڵدا دەچو بۆ کتێبخانەکان و بێ‌ووچان دەیخوێندەوە . ئەمەش بەپێی قسەی زاواکەی رامبۆ کە دەگێڕێتەوە و دەڵێ : جارێکیان رامبۆ ئەو دەمەی پێنج ساڵان دەبێ لەگەڵ خوشکە بچووکەکەی دەچێتە کتێبخانەکەوە و کتێبێکی بەرچاودەکەوێ . داوای کتێبەکە دەکات . خاوەن کتێبخانەکە داوای پارەی لێ دەکات، بەڵام رامبۆ پارەی پێ‌نابێت و لە جیاتی دەیەوێ خوشکە بچووکەکەی بداتە خاوەن کتێبخانەکە . سەرەرای ئەمەش چەند مامۆستایەکی تایبەتی هەبوو .

ئەوەبوو رامبۆ لە تەمەنێکی کورتدا زوربەی کتێبەکانی مێژوو مێژووی فەلسەفە و زۆربەی رۆمان و شیعری

ئەوسەردەمەی ماشی یەوە. هەر لەو تەمەنەشدا زۆربەی کون و قوژنبی ئەم دنیایەی تەی‌کرد چ بە پیادەیی و چ لە ڕێگای دەریاوەو شارەزایەکی تەواوی پەیداکرد سەبارەت بە هەموو خەڵکی زۆربەی دنیاو میللەتان و دەریاو چیاو پێدەشت و بیابانەکان تاوەکو گەیشتە حەبەشە و لەوێ بەهۆی زۆر گەرانەوە ئەژنوی تووشی شێرپەنجە دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا و جوانە مەرگ دەبێ.

ئێمەش ئەگەر بێتو چاوێك بخشێنین بەلاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکاندا چەندان شیعری لاوە شاعیرەکانمان بەرچاوەدەکەوێ کە «ئەنا» نەخۆشەکە، بەسەریاندا زاڵە و بوتە موتەکەیەك و ناتوانن خۆیانی لێ دەربازکەن، چونکە زۆربەیان لە مەسەلەکەدا کەم شارەزان و هێشتاکە لە ئامانج و پەیامی شیعر نەگەیشتوون و ئەم شیعریان ئەو شیعریتریان دەجوویتەوە. ئەگەربێتو ئەو سەدان کۆمەڵە شیعرانەی لە کتێبخانەکاندا هەیە بەسەرکەینەوە تەماشادەکەین هەر کۆمەڵەی تەنیا شیعرێکن و سەرپاکی ئەو شیعرەش بریتیە لە «ئەنا نەخۆشەکەی» خاوەنەکەی. هەروەها زۆر ووشەو زاراوەیان تێدا دووبارە دەبێتەوە وەکو: [ووشەی شیعرم، دەنگی شیعری من، ئاوزەنگی شیعرم، بۆن و بەرامەی شیعرم، زریانی و شەکانم، شیعری من دنیایە، شیعری من نوقل و خورمایە، شیعری من گرە، شیعری من بارانە، شیعرم کچێکی خرپنە، ووشەی شیعرم بەفری چیایە... هتد.]. سەدان تری لەم جۆرە قسانە کە شیعری ئێستای کوردیان قەرەباڵغ و سیخناخ کردوە.

بێ‌ئەوەی شیعرەکانیان توانیبێتی جێگای خۆی بکاتەوە، لە کاروان سەرای کاروانی شیعری سەردەمدا، یان هیچ واتایەکی نوێ ببەخشنە خوێنەر.

★ ★ ★

ئێمە کاتێك دێینە سەر شاعیرە کلاسیکەکانی کورد، تاوەکو ئێستا زۆربەمان شیعرەکانیان دەڵێینەوەو چێژیان لێوەردەگرین و بەشانازیشەوە ناوی هەندێکیان دەبەین. ئەگەربێتو بڕوانینە ژیانیان، تەماشادەکەین هیچ کامیان لە قوژبنی حوجرەی مزگەوتدا پێکی نەخواردوتەوە و هەموو شیعرەکانیان لەوێ هۆنیبێتەوە، بەڵکو هەریەکە بەش بەحاڵی خۆی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەراوە و تەنانەت گەرانەکەی پەڕیوەتەوە بۆ دەرەوەی سنووری کوردستان، بۆ ئێران و تورکیا و شام و زۆر جێگای تری هەندەران و بەدوی زانیاریەوە هەمیشە وێڵ بوون. هەرکە بۆ کوردستانیش گەراونەتەوە و بوون بە مەلای کوێرە گوندێك، ئەوەندەیان زانیوە خەریکن دەردو کەسەرو وەعی و تێروانین و فەلسەفەی خۆیان لە قاڵبی شیعر دەربڕیوە. ئەوە نەبێ تەنها گەرانەکەیان بۆ زانیاری ئایینی بوو بێت، بەڵکو ئەدەب و شیعری زۆربەی میللەتە دراوسێکانیان خوێندوتەوە و هەزمیان کردوە، ئەمەش ئەنجامی زمان زانی خۆیان. زۆربەشیان لە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و تا دەگاتە ئینگلیزیش شارەزابوون و شیعریانیش پێ نووسیوە. هەندێکیشیان لە هەندەران سەریان ناوەتەوە وەکو، نالی و حاجی قادری کۆیی.. بۆیە هەتا هەتایە شیعری کلاسیکی کوردی شانازی دەکات بە ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری و، مەولەوی و، مەحوی، نالی و سالم، مستەفا بەگی کوردی یەوە. کە تاوەکو زۆربەی شیعرەکانیان ئەگەر بەراورد بکەین بە واتاو وەعی و فەلسەفەوە پڕ بە پێستی ئەم سەردەمە جەنجاڵەن. و هەندێ لەم شاعیرە کلاسیانەلەو مەودا و قوناغە پەڕیونەتەوە بەرەو نوێ‌کردنەوەی شیعر وەك شێخ نوری شێخ ساڵح و عبدالله گۆران کە ئەمانیش وەك شاعیرانی تر قاڵبووی شارەزایی شیعرو گەران و هەمیشە تینووبوون. بە تایبەتی گۆران بوە نێوانێکی دیاری لە نێوان شیعری کۆن و نوێی کوردی.. بۆیە ئەوانەی لە مەسەلەی شیعردا زەین تەسکن ناڵەی شیعری شاعیرە کلاسیەکانمان هەر بە مەسەلەی بەهرەوە دەبەستن و هیچ حیسابێك بۆ سەرەڕۆیی و دەربەردەری و شارەزایی و بلیمەتی ئەو شاعیرانەمان ناکەن، و بەبێ هیچ تاقی کردنەوەیەك خۆیان لە مەسەلەیەکی قورس و نارەحەت دەدەن کە شیعرە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەهاتوون بە چاکی شاعیرە

کۆنەکانمان بخوێننەوەو بچنە بنج و بنەوانەی تاقی کردنەوە شیعریەکەیانەوە. . ئێمە تا رادەیەك ئاگاداری ئەو بزوتنەوە شیعریەی عێراق هەین کە لەسەر دەستی شاعیران، بدر شاكر السیاب و نازك الملائكە و عبدالوهاب بەیاتی هاتەکایەوە ، واتا بزووتنەوی (شیعری ئازاد). وابزانین ئەم بزوتنەوەیە لەخۆڕا نەهاتە ئەنجام. بەڵکو ئەم شاعیرانە هەموو بنج و بنەوانە و قوژبن و کەلێنێکی شیعری ستوونیان تاقی کردبۆوە و گەیشتنە قەناعەتێك کە شیعری ستوونی (الشعر العمودي) تەمەنی پتر لە پازدە صەدەیە بگرە زیاتریش و مەسەلەکەش بەلایانەوە سوابوو. بۆیە ئەو شۆڕشە رووی‌دا کە شۆرشێکی دەگمەن بوو لە شیعری عەرەبی و زۆر کۆت وپێوەنی شیعری ستوونیان شکاند ، چونکە دەیانزانی شیعری ستوونی ناتوانێ بە هەل و مەرجەکانی سەردەم هەڵسێ . بۆیە شاعیرە لاوەکانی لەمەر خۆمان زۆر دەسەپاچەن و شیعرەکانیان بریتیە لە ئەنا نەخۆشەکەی خۆیان، چونکە نەیانتوانیوە شوێن پێ هەڵگری «تواصل»ە شیعریەکە بن. . ئێمە ئەگەر بێتو بێینە سەر شاعیرانی ئەمرۆمان لە مەسەلەی شارەزاییان دەربارەی جیهان بە دەگمەن لەچوارچێوەی عێراق چوونەتە دەرەوە. هەشە هەموو دنیایەکی شارە بچکۆلانەکەی خۆی بوە. لەبەرئەوە تەماشادەکەین شیعرو تا دەگاتە جۆرە ئەدەبیەکانی تری کوردی لە چوارچێوەیەکی داخراودا دەخولێتەوە، تەنانەت ئەوانەی خولیای شیعر کەوتوتە سەریان هەوڵیان نەداوە گەشتێکی هاکەزایی بکەن بە کوردستاندا بۆئەوەی کە دەنووسن بزانن چۆن ئێش و ژانی هاوخوێنەکانیان بخەنە بەرچاو ، بەلام ئەگەر مەسەلە بێتە سەر قسەی قەوی و زل، ئەوا بەشی کەس ناهێڵنەوە بەلام لە مەسەلەی دەربرینی شیعر یاخود ئەدەب زۆر زۆر نسشتی دەهێنن و دەسەپاچەن . . خۆمیش وەکو نووسەرێکی تازە دەست پێکردو لەم دەردی‌سەریە دوور ناخەمەوە و دنیا دیتەیەکی ئەوتۆ نیم، لەبەر ئەوە هەمیشە بیرم کردوتەوە لە نووسین دەست هەڵگرم چونکە هەروەکو گۆران دەڵێ :

**هەرچەن ئەکەم ئەو خەیالەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.**
**لێکدانەوەی دەروون قسەی زبانم**
**بۆچی وەها دوورن لە یەك، نازانم.**

بەلام ئەوەی هەستم پێ‌کردبێ ئەگەرچی ئەو خاسیەتی گەران و گەریدەیەمان نییە، تەنانەت لە مەسەلەی خۆمشتومالْ کردنیش هێشتاکە زەین تەسکین. ئەگەریش شیعرێکی نوێ‌مان نووسیبێ کارتێکردنێکی گەورەی شیعری جیهانی و نەتەوەکانی دەوروبەری پێوە دیارە . ، تاوەکو وەهای لێهاتوە مەسەلەکە بۆتە عەیبێکی گەورەو لێ‌وەرگرتنێکی دەقا و دەق.

★ ★ ★

ئەگەر بڵێین بزوتنەوەی - روانگە - و سەرهەڵدانی لە سەرەتای سالانی حەفتاکاندا تارادەیەك خۆی لە خۆی‌دا چەشنە چاولێکەریەکی بەئاکام و پر سوودبوو . مەسەلەکەش تا رادەیەك خوێن گەرمی و بە تەنگەوەهاتنی کۆمەڵە شاعیرێکی لاوی کورد بوو و دەیانویست شەختە بەندانی شیعری کۆنی کوردی بشکێنن و بەگەمیە دروست کراوەکەی شیعری نوێ هەموو ئۆقیانوسەکانی دنیای شیعر تەی‌کەن و شیعری کوردی بەرەو جیهانیەت بەرن، ئەگەرچی ئەو بزوتنەوەیە وەکو هەموو بزوتنەوە شیعریەکانی جیهان تەمەن کورت بوو نەیتوانی بەردەوامی خۆی بپارێزێ. لەبەر زۆر هۆو بارودۆخی ئەدەبی و کۆمەلایەتی . چ لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە شیعرە لەلای جەماوەرێکی زۆری خوێنەرانەوە هەزم نەکرا و تارادەیەکیش بەربەرەکانی کرا. بەلام بزوتنەوەکە توانی خۆی لە خۆی‌دا ببێتە مێژوویەکی راچەڵەکین لە کاروانی شیعری نوێی کوردی. ئەوەندەش وەکو بەردێك وەها بوو توورردرایە ناو گۆمی مەنگی شیعری کوردیەوە بارودۆخەکەی شڵەقاندو خستیە جم وجۆل. .

ئەو سەردەمەی کە روانگە سەری‌هەڵدا لەنزیکەوە لە شاری کەرکوك ئاگاداری ئەوە بووم کە باس هەر باسی روانگە بوو، رۆشنبیرەکان چاوەڕێی ئەوە بون کەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان دەردەچن، تاوەکو بزانن دەنگ وباسی روانگە بەچی گەیشت یان چ رەخنەگرێك لەسەر شیعری روانگەی نووسیوە، یان چ رەخنەگرێك هێرشی بردۆتە سەر یەکێك لە شاعیرانی روانگە، یاخود بزانن شاعیرانی روانگە چ شتێکی نوێ دەڵێن. . روانگە لە شاری کەرکوك زیاتر لایەنگیرانی هەبوو، بەڵام ئەوەی بەربەرەکانیان دەکرد کەمتربوون، هەروەها چوار شاعیری هەرە چالاکی روانگە خەڵکی پارێزگای کەرکوك بوون، صلاح شوان، لەتیف هەڵمەت، سەلام محمد . ئەنوەر شاکەلی. . .

ئەو شاعیرانە کە لەسەر بیروباوەڕی بزووتنەوەکە رێکەوتبوون ، توانیان پێی خۆیان لەزەوی شیعری نوێی کوردی بچەسپێنن و ببنە چەند ناوێکی دیار لەکاروانەکە وەکوو جلال میرزا کریم، ئەنوەر قادر جاف، صلاح شوان، لەتیف هەڵمەت، عبداللە عباس، ئەنوەر شاکەلی، جەمال شارباژێری ، سەلام محمد، نەوزاد رفعەت، و کەسانی تریش. . لێرەشدا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیرانی روانگە بەرچاو دەخەین بۆ ئەوەی خوێنەر تا رادەیەك ئاگاداری شیعری روانگە ببێت:

ئەنوەر قادر جاف لە شیعری «وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد» دەڵێ:

**هەوری رەشی داوی رێگر**
**بارانی مەرگ بەسەر سەرما ئەبارێنێ**
**بەڵام گیانە! بەڵام ئەی دەنگ**
**دێوانەم و کەشکۆڵەکەم خەمی تیایە**
**بۆستە بەرم و ناو جانتاکەم**
**نامەی زەردو سووری تیایە**
**بەڵێ ئەی دەنگ. . !**

**ئەشکەوتی قووڵ. . نرکەی گیانت ئەتاسێنێ. . .**

صلاح شوان لە شیعری «دڵدارەکەم» دەڵێ : -

**دڵدارەکەم . .**
**هەموو خەڵکی ئەڵێن گوایە**
**دڵداریی من لەگەڵ تۆدا تەنها مردنی لەدوایە. .**
**منیش ئەوەن سەیری چاوەکانی تۆم کرد**
**تا چوومە ناو بیلبیلەی چاوەکانتەوە**
**ئەوەن هانام بۆ دارستانی سووتاوی چاوەکەت برد**
**تا. . تۆ بویتە گلێنەی هەردوو چاوەکەم**
**تا . . تۆ بویتە گوللەی غەمی دەستە چەپە نەبراوەکەم. .**

★ ★ ★

**لەناو ئەشکەوتی دەماری لەشی ساڵانی مێژوودا**
**گەرام بۆ سێبەرێ، یان شوێن پێیەکی تۆ**
**بەدوای تۆدا چاوەکانم کردە هەڵۆ. .**

★ ★ ★

ئەنوەر شاکەلی ، لە شیعری «پرۆژەی کوو دەتایەکی نهێنی»دا دەڵێ : -

**لە رووومەتی ئاوێنەدا**
**هەنگاوەکانمان ئەبینرێن**
**نوقمی قوڕن**
**پەلەقاژەی رزگاربوونیان چیرۆکێکە**
**بۆ مناڵان ئەیڵێینەوە**
**لە رووومەتی ئاوێنەدا**
**چاومان نییە، ئەکەوینە ناو چڵپاوی**
**درك و داڵ و ئاگری رۆژی تەماوی. . .**

★ ★ ★

هەروەها سەلام محمد لە شیعری «گەشت وپێناسین»: ـ

کە لە دۆزەخ گەڕامەوە ، رووم کردە شار
گەڵاکانمان رەنگی شەبەقیان لەبەرا بو،
تینووی بەهار. .
دەنگی ستەم، لەگوێما ئەززنگایەوە.
ئازار . . ئازار . .
یەکەم دەروازەم کردەوە: ـ
ئاگادار بن. . دڵدارەکانی ئەم شارە ترسنۆکن
ئاگادار بن ئا ئەم شارە بێ دڵدارە
ئا ئەم شارە. . ئاسمانێکە بێ باڵدارە. .

★ ★ ★

لەتیف هەڵمەت لە شیعری «سەرەتایەکی تر بۆ داستانەکە»:

من هاتوم . . . لەرووباری ئازارم دا. . .
چەپکی خەم و شەرمم پێیە
من هاتووم. . لە هونراوەی خەمبارم دا
گڕی ووشەی گەرمم پێیە
دانتیم . . دانتیم
خەمی دووری ـ پیاتریسم ـ هێناوە
ـ فلۆرنسە ـ م ون کردوە. . بێ شوێن و جێم
بێ فرۆکە . . بێ ئۆتومبیل ،. . بێ کەژاوە.
ونم. . ونم. .

★ ★

عبداللە پەشێو ، لە شیعری «تابلۆیەکی زستانی» دەڵێ : ـ

ئەو منالەی ، ئێوارە . . دیم
لەسەر شۆسەی شەقاوێکە
برسێتیی لە خۆ لول دابوو . . .
داوەلی خوای خۆی ئەپێکا:
ئەم شەو . . لای من
میوانێکە،

لە بنمیچی ، ژوورەکەما، راکشاوە:
بەپەنجە لاوازەکانی
ئەستێرەکان ، ئەسرێتەوە
بەری کلاورۆژنەی گرتووم،
لێ ناگەرێ. . .
بۆ بسکۆلەی، کراوەی مانگ ، بکرێتەوە. .

★ ★ ★

بەردەوام نەبـوونی شیعـری روانگە هەروەکـو ووتمـان دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەکی زاتیو موزوعی و رۆشنبیرییش لە سەردەمـی سالانـی حەفـتـاکـان . هەروەهـا پاشگـەزبـوونـەوەی ئەو شاعیرانـە لەو تەجروبە شیعری‌یە، هەروەکـو ووتمـان شیعـرەکـانیـان لەلای خوێنـەرێکی زۆر پەسەند نەدەکران و بەربەرەکانیش دەکران. بۆیە لە ترسی بەگژاچـوون بە شاعیـریـەتیان لەلایەن کەرتی رۆشنبیرانەوە پاش گەزبوونەوە، یاخود لەو تاقی کردنەوە شیعریە دەستیان هەڵگـرت ، ئەوەبـوو دەتـوانین بڵێین ئەو بزوتنـەوەیـە وەکـو کردەوەیـەکی بەکـۆمـەڵی کە بانگـەوازێك شاعیـرەکـانی کۆکـردبـووە هەرەسی هێنـاو هەریـەکـە لە شاعیـرەکـانی روانگـەش بونـە خاوەنی دەنگی تایبـەتی خۆیـان، ئەو راچەڵـەکینە پاڵی‌پیـوەنـان کە بەرەو ئاسـۆیـەکی‌تری شیعر مل بنـێن، هەبـوون پەیـتـا پەیتـا لە پەرەسـەنـدن و نەش ونمـاکردنێکی ئەوتـۆ بوون کە شیعـری کوردی بۆی هەیـە دەستـی رێـزیـان بۆ بەسنگـەوە بگـرێ ، هەشبـوون لە سەر هەمـان رێباز مانەوە، یاخـود ساردبـوونـەوە و دەنگیـان نەمـا. . یان لەم سالانـەی دواییـەدا دەستیان داوەتـە بابـەتی‌تـری ئەدەبی هەروەکو بلێی شیعر زمانی دنیا تایبەتیەکەی خۆیەتی بەلام پەخشان زمانی کۆمەڵە. . هەبووە تەنها دیوانێکی شیعریان بەچاپ گەیاندوەو ئیتر هیچ دەنگ و سەدایەکیان دیار نییە لە گۆرەپانـەکـەدا. . بەرای ئێمـەش ئەمـە ئەوە دەگـەیەنێ کە خۆیـان دەرکیـان بەوە کردبێ کە ناتـوانن لەوە بەو لاتـرەوە

هەنگاوبنێن، یان ئەوەتا ناتوانن ئەو خەیاڵەی پێی مەستن بیخەنە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەوە، کەچی هەن بەگورج و گۆڵیەوە لەرەوتەکە بەردەوامن و دەنگیان زوڵاڵ دەبێ و شیعریان ئاسۆی نوێتر دەگرێتەبەر ، بەڵام ئەمانەش لە ژمارەی‌و پەنجەی دەست تێپەرناکەن. . . مەسەلەی بەردەوامی و سەرکەوتن و تازەگەری‌و دۆزینەوەی شێوەی تازە لە کاری هونەریی بەتێکڕایی دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەسەلەی گەورە :-

یەکەم خەمێکی گەورە، کە ئەم خەمەش ئەنجامی وەعی‌و هۆشمەندی هونەرمەندە ، ئەگەر هۆشیار بێ دەبێ خەمە گەورەکەش بگریتە کۆڵەوە شار بە شار و کیشوەر بە کیشوەر گرێ دەی . ئەگەر ئێمە بمانەوێ شیعری زیندو و داهێنەرمان هەبێت، یاخود شاکاری هونەری دەبێ وەکو «رامبۆ، سێرگی یەسینین، ڤان کوخ» هۆشیاریەکەی خۆیان بگرنە کۆڵەوە تاوەکو بەدەستی خۆیان لەناویان دەبات، ئێمەی کوردیش ئەگەر بمانەوێ چامەی نەمر و کاری هونەری داهێنەرانەمان هەبێ ، دەبێ کەسانێك لەناومان لەدایك ببن وەکو رامبۆ و یەسنین و کوخ تاوەکو خۆیان لەناو دەبەن خەمە گەورەکەی خۆیان لە کۆڵ بنێن و یەك سات لێی جیانەبنەوە، ئەگینا تاقی کردنەوەکانیان تەنها زاتیەکی بێ ئەمەك و لاسایی کردنەوەیەکی دەقاودەقی دەبێ و هیچ ئیزافەیەك ناکەن لە شیعری کوردی‌دا و زوو بە زوویی تیادەچن و هەر هیچ نەبێ ناگەنە چارەکێکی لوتکەی ئاواتی هونەریی خۆیان. .

دووەم/ مەسەلەی خۆشەویستی:

١ : - خۆشەویستی ئافرەت، ئەو خۆشەویستیەیە کە هەموو خۆشەویستیەکی‌تری تێکەڵ دەبێ . هەندێ لەو شاعیرانە زۆربەیان ئافرەتێکیان دەکردە هەوێنی شیعرەکانیان و پەیتا پەیتا شیعریان پێوە هەڵدەبەست و دەنووسی و ئیتر هەموو خۆزگەو هیواییێکیان لەو ئافرەتەدا قاڵ دەبوو و بەدەوریدا دەخولایەوە ، کەچیش هەرکە ژنیان هێنا لە خۆشەویستیەکە ساردبوونەوە و تا گەیشتە ساردبوونەوەیان لە شیعر و خاوبوونەوە و گەرم وگوری جارانیان نەما ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مەسەلەی خۆشەویستی ئەو بنەما قووڵەی نەبوە لەلایان و هەروەکو بڵێی کەف و کولێکی هەرزەکاری بوو، تنها هەڵمی سێکس پاڵی پێوەناون. بەڵام ئەگەربێتو تەماشایەکی نموونەی خۆشەویستی راستەقینە بکەین لە شیعری جیهانیدا ، یەکسەر لویس ئاراگۆن مان وەیادەکەوێتەوە. کە «ئیلزا تریویلێ»ی خێزانی بۆتە هەوێنی زۆربەی بەرهەمەکانی. تەماشا دەکەین زۆربەی دیوانە شیعریەکانی بەناوی ئەوەوەن :

«شێتی ئیلزا، چاوەکانی ئیلزا، ئیلزا لەبەر ئاوێنەدا. . هتد» کە چی ئیلزایەکی رووخسار ئاوڵاوی ئافرەتێکی کوڵەنە دەبێتە هەوێنی ئەم هەموو خۆشەویستی و دا هێنانانەی ئاراگۆن . لەوانەیە خۆشەویستیەکەی ئیلزا رەمزێك بوو بێت یاخود شەیدایی بۆ ئافرەتێکی‌تر بووبێ لە پێستەی ئیلزا، یان دەشێ ئیلزا رەمزی خۆشەویستی نیشتمان بوو بێت بەڵام هەموو لە بوتەی خۆشەویستی ئافرەتێکدا.

٢ : خۆشەویستی ئەو ئەرکەی لە سەر شانیەتی وەکو شاعیرێك هەروەکو شاعیری نەمساوی «ریلکە» دەڵێ : -

(دەبێ شاعیر لەیەکەم ساتەوە خۆی بە شتە مەزنەکانەوە ببەستێتەوە . چونکە چارەنووس لەگەڵ رۆژگاردا پاڵی پێوەدەنێ بۆئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە لە ئاستی ئەو شتانەوە کە بەردەوام ئەو ئامانجەیە لە پێش چاوی و بە رێبازی تایبەتی خۆی کە لەوەوبەر کەسێك پەی پێ نەبردوە. . ] بۆیە ئەو شاعیرانە لەو خۆشەویستیە نەگەیشتبوون و وەهای لێکردن بەرەو خاوبوونەوە پاڵیان پێوە بنێ. . دەشێ مەسەلەکەش لەمەڕ هەندێکیان تەجاوزی وەعی بێ. کە ناتوانن چیتر لە تاقی کردنەوەکەیان ئیزافە بکەن و بەگوێرەی ئەو وەعیەی هەیانە شیعر بنووسن ، چ لەبەر ئەوەی پێویستیان بە زمانێکی نوێتر و فۆرمی نوێ‌تر هەیە ناتوانن بیخەنە روو، یان لەوانەیە دیسان

تاقی کردنەوەکەیان بەربەرەکانی بکرێ . بەڵام تەجاوزکردنی وەعی‌یش خۆی لە خۆیدا مەرگەساتێکی گەورەی مرۆڤە زۆر لە خۆ لەناوبردنەوە نزیکە . . .

یاخود خۆشەویستیەکی هەندێ لەو شاعیر نە کە شیعریان پێ ی دەنووسی بەند بوو بە ئایدۆلۆژ یەکی تایبەتەوە، و شیعرەکانیان هەر بۆ خۆشەویستیی و پیاهەڵدانی ئەو ئایدۆلۆژ یە بوو، بۆیە هەرکە لەو ئایدۆلۆژ یە دابڕن لە مەسەلە شیعریەکەش خابوونەوە هیچیان پێ ئەما . .

هەروەکو ووتمان «روانگە» چاولێکەریەکی بە ئاکام وبەسوودبوو ئەگەرچی تەمەنێکی کورتی هەبوو، بەڵام کارتێکردنی روانگە هەروەکو خۆی مایەوە لەمەڕ ئەو لاوانەی هەوای شیعر نووسین کەوتبوە کەلەیان و بگرە بەلنگەو قووچی و چەواشەوە لەلای ئەو لاوانە چەسپ بوو و تاوەکو ئەم بەچەواشەوە وەرگرتن و کارتێکردنەی روانگە بۆتە پەتایەکی تووش و موزمین لەلای زۆربەی ئەو لاوە کەم ئەزموونانە لە بواری شیعردا . وەهای بۆ دەچن شیعر تەنها ووشە ریزکردنە . هەروەکو شاعیرە دادایی‌یەکانی فەرەنسا دەهاتن ووشەی رۆژنامەکانیان پارچە پارچە دەکرد و بە ئارەزووی خۆیان لە رستەدا ریزیان دەکرد و ناویان لێ دەنا شیعر . هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم ڕۆشنبیریو نەشارەزایی ئەو لاوانەی شیعر دەنووسن و ناتوانن بچنە بنج و بنەوانەی فەلسەفەی شیعرەوە . بەڵکو تەنها سۆزو عاتیفە و خەمی کەسایەتی شیعریان پێ دەنووسێ بە بێ هیچ نەخشەکێشانێك لە رووخسار و ناوەرۆك و زمان دا . بۆیە ئەگەر چاوێك بخشێنین بە گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکاندا دیاردەیەکی دڵخۆشکەری ئەوتۆت بەرچاو ناکەوێ لە شیعرەکانیاندا و تەنانەت دیوانە شیعریەکانیانیش لە کتێبخانەکاندا خوێنەر بەترس و وریایی‌یەوە بەلایاندا دەچن . .

ئێمە کاتێك باسی شیعری لاوەکان دەکەین مەبەستیش لەو شاعیرانەیە کە تازە دەستیان داوەتە شیعرنووسین و بڵاوکردنەوە . ئەم قسەیەی ئێمە دەربارەی شیعر تەنانەت ئەو شاعیرانە دەگرنەوە کە بە تەمەن لاو نین و لەم ساڵانەی دواییەدا شیعریان لە لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان دەبینرێن . بە کتێب کۆمەڵە شیعر بڵاودەکەنەوە ، ئەگەرچی ئەوانەش بە تەمەنن و دنیا دیتەن بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە مەسەی شیعریشدا دنیا دیتەن چونکە ئەوانیش هەروەکو زۆربەی لاوەکان حیساب بۆ ڕۆشنبیریی ناکەن و تەنها پەنا دەبەنە بەر بەهرە ، بۆیە شیعرەکانی ئەوانیش هەروەکو لاوەکان بە دەگمەن ئاوڕی لێ دەدرێتەوە ، تەنانەت دەنگی خوێانیش نادۆزنەوە ، هەرجارەی لە ئاشێکی دەکەن ، لە پارچەیەکدا شوێن پێ هەڵگری شاعیرێکن و پارچەیەکی‌تر لاسایی شاعیرێکی‌تر دەکەنەوە . .

لە راستیدا ئەم نووسینە کورتەی ئەو باسە درێژەیە کە دەستم داوەتێ و پێیەوەی خەریکم تاوەکو لە داهاتوودا ئەم مەسەلەی شارەزاییە بە ووردی ساغ بکەینەوە لەگەڵ نموونەی شیعردا . . .

★ ★ ★

پەراوێز :

١ ، ٢ ، ٣ ، = سێ چامە بەناوبانگەکەی رامبۆن . . .

سەرچاوەکان


١ ـ یاداشتەکانی نیکۆس کازانتزاکی کتێبی یەکەم . . .
٢ ـ یاداشتەکانی مەکسیم گۆرکی
٣ ـ داغستانی من / رەسوولی حەمزاتۆف ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی .
٤ ـ نامەکانی ، ریلکە بۆ شاعیرێکی تازە پێ‌گەیشتوو . گۆڤاری (الثقافة الاجنبیة) ژمارە ٣ / ١٩٨٢
٥ ـ دیوانی گۆران .
٦ ـ گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٣
٧ ـ گۆڤاری (عالم الفکر) ژمارە ٤ ساڵی ١٩٧٩ .

# مەلا ڕاجی

## شاعیری گەورەی هۆزی جاف

۱۹۱۲ ۱۹٦۹

عبدالله دارتاش



وێنەی ڕاجی

«ڕاجی تکاکار لە دەرگای خووا
«هەستیارو بوێژ دل، پڕ لە نەوا
«ڕازگرو دلتەڕ دڵداران ئاسا»
«دڵی بۆ دیدەی دڵ مەستان تاسا»
«جاف بوو تیرەناس هەم فەرهەنگ ئاسا»
«مێژوو هونەرو شیعری تیاگیرسا»
«هەموو شوێنێکی کوردستان گەڕا..»
«کردی بە هەڵبەست بوو بە شەوچرا»
«ناڵی بوو بۆخۆی لە ناڵەی دڵا»
(وەفایی)پیشە لە لوتکەو چڵا»
پایز لە ژینا بەهار لە دڵا.
گەنج بوو لە تەمەن زوو لەڕێ گلا.

## کورتە ناسینێکی «ڕاجی»

«ڕاجی» ناوی تەواوی مەلا «عبدالرحمان کوڕی ئیبراهیمی کۆیەکانی‌یە لە هۆزی جافی مکایەڵی‌یە لە ساڵی «١٩١٢» زایینی‌دا لە شارە جوانکیلانەکەی کۆیە چاوی بە دنیای ڕوون هەڵیناوە ، لە ساڵی «١٩٢٠»ز لە لای باوکی دەستی بە خوێندنی مەلایەتی کردووە لە گوندی «گەڵنێری» سەر بە ناحیەی چناران،لەقەزای ڕانیە، کە بە هۆی مەلایەتی‌یەوە لەوێ نیشتەجێ بوون. دووای ئەوەی کە هێزێکی لە خوێندن لە لای باوکی پەیدا کرد ئینجا چوتە شاری (کۆیە)هەتا خوێندن لەلای مەلا گورەکانی «کۆیە» تەواو بکا، لە پاشان ئارەزووی گەڕانی بزووتوە بە شوێن خوێندن دا لە ساڵی ١٩٢٦ز هەندێ ناوچە گەڕاوە وەك مەرگە، سولە یمانی ، خۆشناوەتی تا ساڵی ١٩٢٩ز ئینجا بۆ جاری سێ یەم هاتۆتەوە بۆ شاری کۆیە بۆ ئەوەی خوێندنی بەرزی مەلایەتی تەواوبکات، بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٣٧ ز بڕوانامەی لە مامۆستای خوا لێ خۆشبوو «مەلا بهاء الدین کوڕی شێخ طیب) وەرگرتوە

● (ڕاجی) موتاڵای کتێبەکانی قوتابخانە ڕەسمی‌یەکانیشی زۆر کردووە، وەکو جەبر، هەندەسە ، جغرافیا . هتد.

مامۆستا «ڕاجی» یەکێك بووە لەو تێکۆشەرانەی کە گیرو گرفتی نێوان قوتابی ئایینی و قوتابی قوتابخانە ڕەسمی‌یەکان لابەرن تا برایەتی زانیاری پەیدا ببێ لە نێوانیان دا تا بە چاوی خۆی ئەم برایەتی‌یەی دی.

دووای ئەوە بووە بە مەلای چەند دێیەك تا ساڵی ١٩٥٨ز لە «گەڵنێری»یەوە بارکرا لەگەڵ دانشیتوانی گوندەکە بەهۆی دروست کردنی بەنداوی «دوکانەوە کە گوندەکەیان ژێر دەرپاچەی دوکان کەوتووە وە لە گوندی «سابوراوای» تازەی سەر بە ناحیەی «سورداش» جێ‌نشین کران.

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ز دابوو بە مەلای «بەکرجۆ» ماوەی ساڵێك مەلایەتی بۆکردن بەڵام بەداخەوە تووشی نەخۆشی‌یەکی کوشندەبوو هەر بەو نەخۆشی‌یەوە سەری نایەوە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٦٩/١٢/١ز لە گۆڕستانی بەکرەجۆ دا لاشەی پاکی بە خاکی نیشتمان سپێردرا «ڕاجی» نەمر ئەم تەمەنە کورتە پڕ کوڕیرەوەری.و نەهامەتی‌یەی بەسەر بردوە بەڵام بەرهەمەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە کاتی بە فیڕۆ نەداوەو هەمیشە لە هەوڵ و تێ‌کۆشان دا بووە جا چ بە هۆنراوە چ لە میانی کۆمەڵایەتیدا.

«ڕاجی» شارەزایێکی باشی لە زانستی ئایینی و زمانی کوردی‌و عەرەبی و فارسی و تورکی‌دا هەبووە بلیمەتی شاعیر گەیشتبوە ئەو ئاستەی کە لە تەنیا هۆنراوەیەك دا توانیویەتی «چوارە زمان کۆ بکاتەوە وەك «کوردی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی» هەروەها بەرهەمێکی شیعری زۆری هەیە کە دیوانێکی گەورە پێك دێنێ هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە هۆنراوەکانیش بە کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی هۆندوتەوە، سەیری هەر کام لەم هۆنراوانە بکەی هەر دەڵێی بە زمانی زگماکی خۆیەتی هەرچەندە زمانی شیعر زۆر گرانترە لە وتووێژی ئاسایی.

مامۆستا «ڕاجی» شاعیرێکی زۆر گەش بین و زمان پاراوو نوکتەباز بووە وە مرۆڤێکی زار شیرین و زۆر کۆمەڵایەتی بوە هەروەها مرۆڤێکی دڵ تەڕو سەرگەمی بەزم و شایی‌و خۆشی خەڵك بووە. بە کورتی دڵ و دەروونێکی گەرم و بە سۆز و تێکەڵاوی هەبوە لەگەڵ خەڵك دا مرۆڤێك بووە حەزی لە دوورە پەرێزی نەکردوە.

«ڕاجی» دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆنینەوەی وشەی جوان و بە ماناو ڕەسەنی کوردی کە هۆنراوەکانی پێ متوربە کردون و هۆنراوەکانی گەواهی دەدەن کە وەستایانە دای ڕشتوون بە ڕەگەز دۆزی «جناس» و ڕەوان بێژی شایانی باسە لە مەیدانی داشۆری‌دا «هجو» ئەسپی خۆی تاو داوە. جگە لەمانە بە هۆی گەڕانی ناوچەکانی کوردستانەوە شارەزایێکی تەواوی هەبووە لە هۆزو تیرەکانی کوردەواری پێویستە بگوترێ شاعیر لە هۆنراوەکانی‌دا جگە لە ناوناوی «ڕاجی» نازناوی «ژیکۆ»و «پێشکۆ» یشی بەکار هیناوە.

### کتێب و دانراوەکانی

بێ‌گومان مامۆستا مەلا ڕاجی لە بەر ئەوەی لەلای مەلا ناودارەکانی ئەو سەردەمەی کویە، خوێندنی مەلایەتی خوێندوەو سەلیقەیێکی تەواوی هەبووە لەم بوارەدا. هەروەها لەبەر ئەوەی زور ئارەزووی لە

کتێبی فکـری بووە وەکـو زانستی (ژیـر بیـژی) = علم المنطق) و فەلسەفە تواناى خۆی سەلماندوە لەم بوارەدا.

**ناوی ئەو کتیبانەی دایناوە**

١ ـ کتیبی (زبدة المنطق) لە سالی ١٩٣٥ بە زمانی عەرەبی

٢ ـ کتێی (لقطة عجلان)ی زەرکەشی کە کتیبێکی تیکـەڵ بوە (لـە ئوصول و حکمەت و منطق) بەزمانی عەرەبی بە هەڵبەست دایناوە.

٣ ـ کتێبی (ناونیشانی کوردان) کە بەندێکی نەتەوایەتی و دڵداری بووە بە هەڵبەست لە ساڵی ١٩٣٦ ز. دایناوە.

٤ ـ کتیبی (فرایض = شرح المنهج) کە بەشی (میرات = بوماوە)بە لەسەر مەزهەبی فقهی شافعی‌یە دایناوە لەساڵی (١٩٤٥) وەرگیراوەتە سەر کوردی بەشیوەیەکی زور گرنگ و رێك وپیك.

٥ ـ قەسیدەی (بوردیەی لە سالی ١٩٥١ بەهەلبەست کردویە بە کوردی.

٦ نامیلکـەی (رسـالـة.. الطـلاق ثلاثـاً) بە عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٥ دایناوە لەگەڵ گەلی ڕاو نمونەی بەجێ.

٧ ـ لە ساڵی ١٩٥٢یش وەڵامی (مفتیش معاریف کەرکوکی داوەتەوە کە پرسیاری لی‌کردوە (ئایە خوا دەتوانی یەکێکی وەك خۆی دورست بکات یان نە؟ بەزمانی عەرەبی بورهانی بو کردوە کە نابێت!!)

٨ ـ لە ساڵی ١٩٦٤ لە سەر تکاو داوای کاکە زیادی کۆیە (دەمە. تەقێی فەقیرو دەولەندی» داناوە.

**دیوانی شیعری راجی:**

لە ڕاستی دا ئەگەر چاوێك بە دیوانە گەورەکەی شاعیردا بگێرین و، بەراووردێکی ئەو هەمـوو بەرهـەم ومـل ملانێـەی بکـەین کە لەگـەڵ ژیـانی‌دا بەرپـای کردووە لەگـەڵ ئەوەش دا کە شاعیـر ژیـانی بە مەلایەتی‌یەوە بردۆتە سەر چونکە لە هەندێ رووەوە مەلایەتی ئەرکێکی گرانی کۆمەلایەتی‌یە، دەبینین پرە لە بەرهەمی بە پێزو چامەی درێژ و هۆنراوەی پر سوزو بیری تیژ و دارشتنێکی وەستایانەو بەهرەمەندانە ، لە رووی هەستی نیشتمان پەروەری و دلسۆزی خاك و نشتمان و کۆمەلەوە کە زادەی بیـرو هەسـت و بۆچـوون و هەلـوێـستی شاعیـرن، کە پەنـگ خواردووی ڕۆژگـاری تالی تەمەنیەتی کە هۆنیویەتیەوە وەك ڕستەی مرواری و گەرهەری پردانەیە ی لە وشەی بە تام و پر چێژ و جوانی کوردی.

بێ گومان ئەم شاعیرە مەزنە لەگەڵ بارودۆخی ئەوسای نەتەوەکەی‌دا تووشی چەندین کۆسپ و نەهامەتی بووە کە بوون بە کەرەستەیەکی زینـدووی بەرهـەمـەکـانی ، هەروەهـا کاکڵەی بیـری شاعیـر کە بیرو هەستی هەژاران و چەوسـاوەکـان و جەمـاوەری ساکـاری کۆمـەڵی کوردەواری بووە، بەڵام ڕەووشتی گۆشـەگیـری شاعیـر وای لە خۆی کردووە کە ئەم گەوهەرە پر بەهایە شاراوەو نەناسراوی جیهانی ئەدەب بێ.

بەڵام لێرەدا دەمانەوێ کەمێك لە سەرێ بدوێین، ئەگەر شاعیر لە سەردەمی شاعیـرانی وەکـو «نـالی» و «نـاری» و «وەفـایی» دا بوایـە بێ‌گومان لە ئەوان کەمتر نەدەبوو ئەگەرچی مامۆستا «راجی» یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەرخ بەڵام بەداخەوە بێ‌بەش بوو لە هۆیەکانی بایەخ پێـدان لە بواری چاپـەمـەنی‌دا هەر وەکـو بـاوە شاعیـرانیش شوێن پێی یەکتری هەڵ دەگرن بەڵام هەریەکە بە جۆرێك بە پێی ڕوودا‌وەکانی ڕۆژگار ئەو کارەساتانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر هەلـوێست و هەستی شاعیـرو دەیبـزوێنن . ئەو کاتـە شاعیـر وەك وێنەگرێك یان وەکو مێژوونووسێك هەستی خۆی تۆمار دەکات.


ئەوەی لە دیوانەکەدا بەرچاو دەکەوێ «راجی» وەکو هەموو شاعیران جگـە لە چامـەو غەزەل و پێنج خشتـەکی و چوارنیـەو شیعری تاکیشی داناوە. ئەوەی شایانی باسە مامۆستا «راجی» هۆنراوەیەکی دوورودرێژ ی دانـاوەو ناوی هەمـوو تیـرەو هۆزەکـانی کوردی هۆنیـوەتـەوە، بەم پێ‌یە مامـۆستـا «راجی» دریغی نەکـردووە لە ئاستی خزمـەتکـردنی زمـان و مێـژوو و کەلـەپـووری نەتەوایەتی میللەتەکەی و موتربەکردنی بە پەندو ی بەیتی فۆلکلۆری و کەرەستـەی خۆمـاڵی و وشـەی ڕەسـەن، هەروەها «ڕاجی» بەهرەمەندانە هەستی ناسکی پر ئامۆژگاری تێکەڵ بە ڕەوتی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەکات و دەستگرۆیی دەکات بەرەو هەق پەرستی و لانەدان لەو شارێگایەکی کە کاروانی کۆمەڵگای بێدا دەڕوا، هەروەکو لەم چوارانیەی‌دا دەڵێ: ـ

«سەربەخۆ سەرخەوشی بەزم و مەیکەدە
پر بکە جەرگ و دڵ و گیان و گەدە
خۆت بە هەڵبسپێرە بێرە بیری سوز
دەست لە داوێنی نیگارت بەرمەدە»

«راجی» لەم هۆنراوەیەیدا بە واتایەکی چڕ دەریدەخات کە سەربەخۆ مەست و سەرخۆشە بەبێ ئەوەی مەستی مەی و بادەبێت، بەڵکو سەرخۆشی بەزم و گۆفەندی ناو کۆمەڵ و دۆست و خۆشەویستان و مەستی دیداریانە مەستی بیری بزوێنەرو پڕ جۆش و خرۆشە، نەگ ئەو مەستە هەمیشەیی‌یەی کە تەنها گەدە دەبێتە ڕێ پیشاندەری حەزو ئارەزووەکانی.

هەروەها «راجی» دەڵێ‌خۆت لە ڕاستی لامەدەو بە تەواوی بیر لەسۆزو دڵنەوازی بکەوەو، کارێکی وانەکەی کە روخسارو نیگارت بشێوێنی و لە داب و نەریتی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی خۆت لانەەی «چونکە سووربوون و ڕۆیشتن لەسەر ڕاستی و لانەدان لە ڕەوشت و نەریت مرۆڤ دەگەیەنن بە ئامانجە پیرۆزەکان.

هەربۆوە هەر دەبێ لەهەموکات و زەمانێکدا کێبرکێ و لاسایی و لاف و گەزاف و دەرخستنی بەهرەو توانا ئەوەتا ڕاجی شاعیرو شاعیر بەزێن شان (شانی (مستەفا بەگی کوردی) دەداو دەڵێ.




«دیدەکەم ، یاریدەئەم، جەرگ و هەناوو گیانەکەم»
«دینەکەم ئایینەکەم، ئامینەکەم ، ئیمانەکەم»
«شەنگەکەی پرشنگەکەی گوڵ دانگەکەی دڵ سەنگەکە»
«لاسەکەم ، ریواسەکەم، بڵباسەکەم، گورانەکەم»
«بیر کوژەی، ئاشق، دژەی هەی خوێن مژەی گوڵ دارژە»
«زارەکەم ، شازادەکەم، بەگزادەکەم، کوردانەکەم».

---

یا لەم هۆنراوەیەی دیکەیدا سکاڵا دەکا لەدەس ڕەوشتی نەکرو نەفرۆشی‌یەکەی خۆی و بیری وردو هۆش و هەستی بەپێز و نووکی پێنووسی تیژ ئینجا دەست بەتاڵ و داماوی دەست ڕۆژگاری گۆشەگیری. بەڵام نەرووخاوەو زمانی هاندانی هەر گەشەو گەشێنی دەنوێنی و بانگەوازی ژیانی هونەروەری و زانیاری سەرمەدی یان بۆ دەسەڵمێنێ و دەڵێ

### سکالانامەی راجی

«نووکی پێنوسم ئەوا خستمیە ناو شاری ئەدەب
گەرچی نەفرۆش و نەکڕ خۆمم لە بازاری ئەدەب
چونکە گیرفانم پڕە وادەس باتاڵ داماوە ژین
تا زمان ئەبڕێ لباسی بیری هۆشیاری ئەدەب
تیکەڵاوم کەن بەخاك و بەردەلانی مافی کورد
تا معطرکا دەماغم بۆنی گولزاری ئەدەب
هەر ئەدەب گەر پێبگەینی هۆزی دواکەوتو لە شوێن
ڕەبی کوێری‌کەی دوو چاوی دوژمنی یاری ئەدەب
خاکی کوردستان بووە کانی فەن و زانست و ژیان
بوچی؟ بەختی نوستوە لێوشکە ڕووباری ئەدەب
ڕووی هونەر چۆنی ئەکا! ئاوێنەکاری تائەبەد
دیمەنی نەسڕێتەوە هیچ کەس لە دیواری ئەدەب

یا لەم هۆنراوە تاکەیدا . دەڵێ)

، ،دڵ لە ختکەی چو لە تاوی گەردن و چاوی بەڵەك ، ،
، ،ڕاچەنی گیانم لە خرمەی بازن و دەست و مەچەك ، ،

واتە دڵ لە خوی چوو بورایەوە لە بەر کاریگەری و ئەفسونی گەردن و چاوی بەڵەك و جوانی لەگەڵ ئەوەش دا گیان و دڵ و هەمو هەستەکانی (حواس) شاعیر ڕاچەنی چونکە دڵی عاشقان زور هەستیارو ناسك دەبێت و دادەخورپێ وەلە بچووکترین چرپەو خشپە

جا چ جایی دەنگی خرمەو خرینگەی بازنەی دەست و مەچەکی دڵبەرو دڵخواز ئیتر بەجارێ کاریگەرتر دەبێت ـ بێ گومان هەست و خەیاڵی عاشق هەموو شتێکی دڵبەرەکەی تومار دەکات هەمیشە لە گوێچکەی‌دا دەزرینگێتەوە،

. . . . .

شاعیـر هەسـت و گڕی خۆشـەویستی تین و تەوژمی بۆ دینێ‌و دڵ ودەروونی دەخرۆشێنێ‌و . . دەڵێ . .

**تاقە سواری عیشقی دوچاوم، لەرێ دا نابەزم**
**گەرچی قەوماویشە جەنگی دل لەجێ‌دا نابەزم**
**خان و مانانە لەکووچەی باغ دا خونچەم کەدیت**
**من ووتم بۆچ عاجزی جانا؟ ووتی بوچ عاجزم**
**ئەم بەرو سینەو مەمانەی چونکە گەنجی «زاهیە».**
**گەرچی خۆی لادا بەراستی دەستی خۆم برد بی‌دزم**
**تاخەریکی گەستنی ولیوی شەکەر بار بوم.**
**هێندە نەبو لێوو زمانی خوم بجنم و بی‌گەزم.**
**پێچەوانەی پێچکە پێچکەی ئەم دڵەی پێچراوەمە**
**دەستەوانەی دەستەکەی بەستوویە دەستی قاقەزم**
**کاسە کەڵلەم ، کەمبەرەو دوگمەی کە ئەخرینگێتەوە**
**چاوی هەڵ دێنێ بەشکە کوێربێ ناحەزم**
**هیزی کۆمەڵ پەروەریم خستوتە دلداری بەلام**
**چەشنی «راجی» گیرودەی سەد کارەسات و قەڵبەزم**

شاعیـر . . بە ئاشکرا لەم شیعرەی‌دا دەری دەخـا کە عاشیقێکی بەتین و توانـایـە. هەرگیـز لەرێی ئەوین دا کۆڵ ناداو نابـەزێ ، بە شێوەیێکی وەها عەشقی ئەو چاوانە بووە سوار چاکی رێگای ئەوینەو بەردەوام لەسـەر ئەو ریگـایـەیە هەرچـەنـد پڕە لە کەنـدو کوسپ و ئاستـەنگە سەرەرای بەرپـابوونی و قەومـانی جەنگی دڵ لە نێـوناخی پرداخی شاعیردا ـ دیسان سوورە لەسەر هەمان رێگە ئەو رێی‌یە بەرنادا.

راجی خۆشـەویستـەکـەی دەچوێنێ بە خونچـە کە لە گوڵـزاردا دیـوێنێتی‌و پەنـا دەباتـە بەر ئەوەی کە بە وتـوێـژێکی نهێنی ناو ناخ و دەروونی عاجزو دڵ تەنگی‌و پەژارەی خۆیشی بەر با دەدات . . بۆیە دەڵێ ، ، ئەم بەرۆك وسینەو مەمانەی کە دەڵێ‌ی گەنجی «زاهیە» واتە ئوانێکی زور سەرنـج راکێش و پێ‌ی دەڵی :ـ لە خۆبـایی مەبـەو نەشێوی‌و ئەفسوونی کۆتای دێت و نامێنی لەبەر ئەوەی خوشەویستەکەی ئاسکێکی سرکەو خۆنادات بە دەستەوە بۆیە شاعیر پەنا دەبا بۆ ئەوەی بەشێـوەیێکی ناکـاوکی ، ، مفـاجیء» دڵی برفێنێ. ئەوگەنجینەی دەسکـەوێ لەم هەمـوو هەست و خەیـاڵـەدا بوو کە لە گەڵ ویست و ئارەزووی خۆی‌دا ، دەسـت لە ملان بوو خەریـك بوو لێـوی خۆی بگـەزێ. لەو کاتـەدا بە خەربـەرهـات و بیـدار بۆوە. کە روانی بە پێچەوانەی راستی‌یەوە. جا بۆیە بە شێوەیێکی رەگەز دوزی‌یەوە. پێچ و گرێی نێو دڵ و دەروونی خۆی دەردەخات و دەڵێ : ئەم عیشقە بووە بە هۆی ئاڵۆزیی هەست و ژینی‌و بە پێچەکەو پایەی دڵی بە ستراوی شاعیـر بە عەشق و خۆشـەویستی دڵـدارەکـەیەوە هەروەهـا بوە بە دەستـەوانـەو دەست بەنـدی کە ناتـوانی بەهـوی ئەو کوت و زنجیرەوە پەژارەی پەنهـانی دەروونی دەربـبرێ‌و بیخاتە سەرەرووپەری کاغەز ـ کاتێ کە دەڵێ کاسە ، کەڵلەم، واتە سەرمەستم بەدەنگی خرینگەی کەمـەرەو بازنـەو دوگمـەی هەیـاسـەی ـ هەروەهـا وەستـایانە دێتە سەر ستایشی دڵخوازە کەی کە بە چاوی خۆشەویستیەوە تەماشای دەکات بوئـەوەی ناحـەزانی کوێـرو نابینا بن . . شاعیـر : دەڵێ . من کاری دڵداری بەو پەڕی کۆمەڵ پەروەری دەزانم بۆیە تووشی هەزاران کێشەو کارەساتم شاعیر ئاسا.

★ —— ★

یا وە کو شاسواری عیشق و حەزلی کردن دیسان دێتەوە مەیدان و ئەسپی سەرکـەشی خۆی تاودەداو گوڕەپـانی ڕم بازێ دەخـاتە جوش و خرۆشەوە . . دەڵێ : ـ

**پڕە دەریایی سوروشکم چ لە دامەن چ قەراغ**
**لە دورو گەوهەری شاهی لە سکەی گیان و دەماغ**
**وەرەوە دڵبەرەکەی باوەشی خواهش کە ئەمن**
**کێم هەیە بێجگە لە تۆ بێتەوە ماڵم بە چراغ**
**هەروەکو خونچە ئەپشکووم لە بەرو دۆشی تووا**
**بەپیاسەی دەسی بولبول بە هەناسەی رەزو باغ**
**بێ تۆ ئەی غارەتی دینم بەخودا چۆڵە وولات**
**بی‌تۆ ئەی مایەیی ژینم بە خودا کوێرە ووجاغ**
**بە نەسیمی سەحەری مردوو زیندووی بکەوە**
**باوەشێنێکی بە زولفان بکە «پشکۆ»یە نەساغ**

بەم جۆرە بڵقی فرمێسکی شاعیر هەڵ دەقوڵێ و شەپۆل دەداتەوە دەرەوەی دەروون و کودەتاییکی لە ناخی دا بەرپا کردووەو فرمێسکەکانی وەکو دوڕو گەوهەری شاهانەیە چونکە زادەی هەست و بۆچوونی شاعیرە و لەدونیای هەست و خەیاڵاتی ئەودا هەر یار جگەرگۆشەیە، بە هی خۆی دەزانێ کە هەڵگری خۆشەویستی یەتی داوا دەکا لە ئامێزی بگرێ رایموسێ ئەوەتا بەزوبانی حاڵ دەڵی دڵبەرەکەی باوەش خواهش واتە بو باەشی حەزو ئارەزوو کێم هەیە جگە لە تۆ بێتەوە ناو ماڵی دڵم کە وەك شەوچرای شەوستان و ڕۆشنایی پەخش کا بە کونجی دڵی خەرابات و پەست و بەستەم دا . هەروەکو خونچە گوڵی نازناز کە دەپشکوێ و دەگەشێتەوە و دەکرێتەوە بە تیشکی هەتاو . واتە بەم شێوەیە دەگەشێمەوە ئەم دارو ئەو داری نەعمەخوانی بولبولانیش نیشانەی دڵخوشی بولبولەو ڕازاوەی وەرزی بەهارە لەگەڵ لەنجەولاری بە دەم نەشئەی (با) وە شاعیر سوێندی عاشقانە دەخواو دەڵێ ئەی دینبەرم دابڕان لە تۆی ئازیزو نایاب. خۆم بەبێ وجاخ دەبینم وڵاتیش بە چۆڵ دەزانم ـ هەروەها داوا لە خۆشەویستەکەی دەکا بە هەناسەی ژوانی سیحراوی لە سەحەردا مردوە وەرە بیژێنینەوە ـ چونکە بە درێژایی شەو نەنوستوە «شاعیر» لێرەدا کارامەو بەهرەمەندانە دەڵێ: با وەشینی کە بە زولفان (پشکۆ)، یە نەساغەو نەخۆشە.،

مامۆستا، لێرەدا خۆی دەچوێنێ بە پشکو کاتی کە خاموش دەبێ و بەوری خاموشی بەسەریدا پەرت دەبی ورشەو گەشەی دائەپۆشێ، بەڵام ئەگەر باوەشین بکرێت گرەکەی گەش دەبێ و دەژیتەوە.

هەروەکو لەپێش دا گوترا (پشکۆ)یەکێکە لە نازناوەکانی شاعیر وە لەزۆر شیعردا بەکاری هیناوە یا لەم چوار دێرەدا مامۆستا (راجی ) خۆشەویستەکەی دەچوێنێ بە خونچەیەکی تازە پشکوتوو کە هەموو کەسی شاهیدی ئەوەی بۆ ئەدەن کە هەرچی یاساو سیفاتی جوانی هەیە بەسەریدا دەسەپێ ، بێگومان شاعیر. وا دیارە دڵبەرەکەی کچۆڵەیەکی تازە پیگەشتووەو نەونەمامیکی ئەوتۆ بوە کەوا بەوشێوەیە هەستی هۆنەری بجوولێنێ و بڵێ. یارەکەی لە جوانی دا ئەو قۆناغەی بڕیوە. بۆیە بەوەی دەچوێنێ و بەراوردی دەکابە باغی «چناروك» کە هەموو گوڵزارو گوڵستانێ جێ دیلێ بۆیە دەڵێ چش لە باخی سەرچنار کە لەم چوار دیڕە شیعرەیدا. . . دەڵێ:

**خونچە پشکووتن لە باخ و شاهیدن موختاری شار**
**پێشنیازی کە بە یاسای دیمەنی جوانی و ویقار**
**خونچە عاجز بوو لە گوڵ لێوی پژاوو پێکەنی**
**وا بەجێ دێڵی چناروك چش لەباخی سەرچناو**

بەم شێوەیە شاعیر لە بواری چواندان و لێك چواندن دا توانیوێتی بیرو هەستی خۆی برازێنێتەوەو ، گرێ کویرەی نێو دڵی خۆی بکاتەوە نرخ و بەهایەکێ بەرز بداتە خۆشەویستکەی. . . بڕوانە راجی لەم شیعرەیدا چەن جوان وەصفی پایزو ژیانی کۆچەرایەتی کوردەواری دەکات و وێنەیەکی جوانی بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

**وەختی نی‌یە ئیستاکە، بمێنی لەهەواران**
**وا پایزی ڕەش هات و ئەقەومێ لە دەواران**
**ئاهی منی دڵ خەستە کە ناوەستێ لە دیوار**
**کەی خۆدەگرن قامەتی شمشادو چناران**

ئاهو هەناسەی، گەرمی [ڕاجی] دڵ بریندارو بیمار ناوەستێ وکپ نابێتەوە هەمێشە وەکو هاژەو تەوژمی ڕەشەبا دیواریش دەهەژێنێ و تەنانەت دارو درەختیش خۆی ناگرێ لەبەر ئاگرو گڵپەی دروونی لەبەر دەردی دووری ـ چونکە خۆشەویستەکەی چوەتە هاوینە هەوارو دور کەوتوەتەوە. وا وەرزێ هاوینیش بەسەرچوو پایزی بەسەر داهات جا ئەو پایزە چ پایزی تەمەن بێ، یان . . پایزی خۆشەویستی بێ یان. . پایزی سورشت ـ چونکە خەزانی دڵداری گڕوبلێسەی لە دەرونی عاشق دا بەر پائەکا جا لێرەدا شاعیر وەکو نیگارکیشیك ئەو دیمەنەمان لە تابلوییکی شیعری‌دا بۆ دەڕازێنێتەوە.

بێگومان پایز گەواڵەو ڕەهیلەی زۆر بە تەوەژمی ـ تیایە کاتێ هەڵی‌دەکا زەمنیە بۆ وەرزی زستان خۆش دەکات جا ئەوانەی وا لە هەوارو دەوار دان پێویستە پیش ئەوەی لێیان بقەومێ بینەوە ناو دێ و ئاوەدانی.

بۆیە شاعیر دەڵی: کێ هەیە خۆی بگرێ لە بەر ئاهو ئەندوهی من کە پێکراوی جوانی شوخ و شەنگی قامەتی یارم کەبەرزە وەکو قامەتی شمشادو چنار تەنمانەت درەختی چناریش خۆی ناگرێ لەبەر هێزو، گوڕی ڕەشەبا ئاهو هەناسەی مرۆڤ ئەگەر لە دەروونیکی پڕ لە سۆزو گڕوکڵپەی هەڵقرچاوەوە بێ. هەروەها بۆ مەشخەڵێ گڕگرتوی دەروونی، هەزاران کەس ئاگری دووریی دەگەشێننەوە. . ! لەبری هێدی کردن و خامۆش کردنەوەی ـ بەڵام گرنگی ئەم هۆنراوەیە لەوەش زیاتر هەڵ ئەگرێ ئەویش ئەوەیە کەدیمەنی کۆمەڵی کووردەواری وهاوکاری و کۆمەگی کۆمەڵایەتی دەردەخا . کە یەکسانی ژن و پیاو هەیە لە بواری ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان دا.

**«خونچە ڕووسووری خەجاڵەت ما لە دەرگای مێرغوزار**
**«چاوی زەردو ڕووی سپی نێرگز لە چاوانیا دیار**
**«خونچە خاڵی سەر دەمی وانەو دەمیدەمی دیدەمە**
**«خوێنی دڵ پێی هەڵ ئەچێ وەك بڵقی جەرگی هەرزەکار**
**«خونچە قەترەی شەونمی ئەسری وەنەوشەی زولفەکەی**
**باقیەیکی هەژدیهای کردوتە گەسکی چاوەزار**

شاعیر لیرەدا دەڵێ . خونچە ڕووسوور خەجالەت بارو شەرەمەزاری مێرگوزارە کە واتەی ئەم کینایەتە (درکە) بۆ ئەو کارەساتە خالی نی یە لە لێکچوون و پێ چواندن چونکە لە ڕاستیدا شاعیر تاساوەو تون بوتەوە کاتێ کە لە ناکاودا لە دەرگای مێرغوزار، بەیەك گەیشتوون و دلەکوتێ خۆشەویستی شێواندوونی‌و ڕەنگی دڵبەرەکەی سپی هەڵگەڕاوەو هێندە جوان و قەشەنگ هاتویە پێش چاوی کە پەری شێوە خوی نواندو هێندەی تر پاك و بێ گەردی ئەو خۆشەویستی یە پڕ لە دڵسۆزی یەی ڕازاندوتەوە بۆیە دەیچوێنێ بە گوڵی نێرگزو ئەم وێنە ڕەنگینە لە دڵ و مێشك و خەیالی شاعیر دەرەخسێ‌و شاعیر بەوەندەش ناوەستێ دیسان دێتەوە سەر وەسفی جوانیی خۆشەویستەکەی وا دیارە چاوکاڵ و ڕەنگ و روخساری سوروسپی بوە وەکو گوڵو نێرگز خوی نواندوە.
یادەڵێ (خونچە خاڵی سەر دەمی (یارە) لیرەدا شاعیر پەنا دەباتە بەر لێچوونی - ئاوەژوو - (التشبیه المقلوب) بەم شێوەیە لە گلینەو دیدەی چاوەکانیدا جێگیر بووە بۆیە ئەو دیمەنە سازگارە بوتە هوی بزواندنی‌و هەڵچوونی خوێنی هەروەکو خوێنی هەرزەکارو لاو کە هەمیشە لە جۆش و خرۆشدایە.

هەروەها ئارەقی سەر گوناو کولمەی، دەچوێنێ بە دلۆپەی شەونم کاتێ کە دەم و چاوی وەکو مانگی تەواو زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی ماندووی ئەندوهی دیداری لەسەر روخساری پەخشس دەبێ. وەکو دانەی مرواری. کە دەڵێ (خونچە قەترەی) واتە وردە قەترەی) شەونمی - سەر گونای - بەلام شاعیر زیرەکانە لەمەیدانی (مُشبەو مشبەبە)یدا. زولفی یار وا لێدەکا کە باسی چەپکە گوڵێکی وەنەوشە دەکا لەبەر جوانی‌و گەشی‌و ڕەنگ و بۆی کە سەری زولفان مۆر بووە لەبەر ئەوەی ئەوەندە بە جوانی خزمەتی پرچ و پەرچەم و زولفی خوی کردوە‌بەرەنگی خەنە مۆری هەڵگەڕاندوون چونکە سورشتی ئافرەتی شۆخ و شەنگی کوردەواری‌و داب و نەریتیان وایە کە زولف و پەرچەمیان لەخەنە و، وەسمە دەگرن مۆر دەبێ وەکو ڕەنگی وەنەوشە هەروەها شاعیر وردەکارو کارامەیە لەم بوارەدا بویە دەبینی ناوی سەری زولفای دەبات بە ئەژدیها - چونکە بوتە پاسەوانی گەنجینەی گوناو پەرژینی پەرچەمی لە چاوو زاری ناحەزان.

## «ڕاجی‌و هەست و هەڵوێستی نیشتمانی»

ڕاجی هەستی نیشتمانی پەروەری بزواوەو چەندین هەستی دڵسوزانەی تومارکردوە بۆ بیرەوەری‌یە نشتمانی‌یەکان وکو نرخاندنی رۆلی وەرزێرو جوتیارو کرێکارو ڕەنج و کۆشەشی ئافرەت و هاوکاری لەگەڵ پیاوان دا هەروەها دەربرینی ریزەکانی گەل و یەکێتی‌و برایەتی کوردو عەرەب بلیمەتانە لەم هونراوە تیکهەلکیشەیدا بە کوردی و عەرەبی هەستی بە سوزی خوی ڕازاندوتەوە بەم شیوەیە هیرش دەباتە سەر ئیمپریالیزم و دارو دەستەکانی‌و ڕسوایان دەکات و دەڵێ :

**بەدەردیان بردن و کوشتن سەرو کلکانی ئیستعمار**
**«فصار الشعب یجزیهم رجوماً من أیادینا »**
**«بلێ دوژمن هەموو تێکڕا بناسن هەڵمەتی شێران»**
**«فلا یأتو ببهتان علی من رد ماضینا . . »**
**«بەسەر بەرزی لە عالەم دا شیعاری ئێمەیە وێکڕا**
**«نراعی من یراعینا ، نعادی من یُعادینا . . )**
**لە میکروب و لە چلکی ناکەسان بیشۆنەوە خاکتان»**
**«فان طهرتم الارض سلامُ الله یُبقینا . . »**

بەم شێوە ڕێکو کاریگەرە بەزمانێکی پاراوی شیعریەوە دەڵێ ئەوامیللەت گەیاندنی بەسزای خۆیان نەفرەت بارانی کردن و هیچ کەسێك ناتوانێ ئینکاری کولنەدەریی ئەم گەلە قارمانەی عیراق بکات و تیکی بشکێنی‌و تەفرو تونای بکات بەلام هەر وەکو سیفەتێکی ڕەسەنی ئەم گەلە ئیسپاتی کردووە کە هەر کەسێ برایەتی بنوێنی لەگەلما نا برایەتی لەگەڵ دەکەین هەرکەسێ دوژمنایەتیمان لەگەڵ بکات بەوپەری تین و تواناوە دوژمنایەتی لەگەڵ دەکەین هەمیشە پارێزگاری‌و بەرگری لەم خاکە خۆشەویستە دەکەین و پاکی‌دەکەینەوە لە دوژمنان جا دەڵێ ئەگەر خاکتان پاك کردەوە لە دوژمنان ئەو کاتە خوای گەورە ستایشتان دەکات و پشتگیرتانە. . هەروەها لە یادو بیرەوەری‌یە نشتمانی‌یەکانی دیکەیش دا شوێن پەنجەی دیارەو ئەوەتا لەبیرەوەریی شورشی گەلی عیراقی قارەمان دا. یادنامەیێکی جوان و رازاوەی تومار کردوە کە دەڵێ -

«چواردەمی تەموز، شەوی ژیان = شێر ڕاپەڕین بەبێ وچان»
«گەل و سوپاکەی قارەمان = دایان هێنا ئاخر زەمان»
«لە دوژمنی دین و ئیمان = نوری سەعید، عەبدی شەتیان»
«هەرچی کە نیسبەت بون بەوان = بەپێ لەقە داپەستران»
«کوڵان و شاریان پێ گەران = بەشەق بەتف بە راکیشان»
«خوێنیان مژین دایکی کوڕان = بون بە عیبرەت لەڕوی جیهان»

یا ئەوەتا بەدەنگی زوڵاڵی شیعری بانگی ئاشتی خوازی ڕادێڵێ جونکە ناخ و هەستی هەموانە شاعیر دەڵێ :

چ هێزێك دەستی قەت ناگاتە ئیمە
«لەگەڵمانەکە هێزی ئاسمانی
«برای کوردو عەرەب وێکرا سوپاس کەن
بکەن پیرۆزی چەژنی نشتمانی.
لە سلمی عالەمی وەك گوڵ بپشکوون
دڵان پڕکەن لە خۆش و کامەرانی
لەسایەی وان دلێران و نەبەردان
زەماوەند کەن کە دوژمن هات قرانی

بەم ڕەنگ و دەنگە شاعیر بەهۆی شارەزایی وناسینی قارەمانیتی و گیانبازیی گەلی ئازاو دلێرەوە پشت ئەستوور بەم هێزە بەوپەڕی لە خۆبایی بوونەوە. دەڵێ هیچ هێزی ناتوانێ دەست بداتە بەر دەستی هێزەکانی سپای عیراق لە بەر ئەوەی کەسێك خاوەن هەقێکی مەشروع و ڕەوابێ‌و بەرگریی لە بوون و کەرامەتی خۆی بکات بێ‌گومان هێزی خودایی لە گەڵدایە ئەوەتا ڕووی گوفتار دەکاتە هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب دەڵێ هەمیشە سوپاسی خوا بکەن کە ئیمە براین و لە یەك سەنگەرداین دژ بەدوژمن و ناحەزانمان ـ هەروەها کورد واتەنی.

(ئەگەر برا، لە پشت برابێ) (مەگەر قەزا لەلای خودابێ). . . لەم بارەیەوە دریغی نەکردووە نموونەی ئەم هەڵوێستانەی زۆرن لە دیوانەکەیدا لێرەدا بەوەندە وازدێنین و دەچینە سەرباسێکی دیکە ئەوی ڕاست بێ لە ژیانی شاعیردا ئەوەیە کە شاعیر لە ژیان دا ڕەنج دیدەو زۆرماندوو ڕەنجور بوە بۆیە کە باسی خۆی دەکات لە چینی کرێکارو پاڵەدا خۆی دەداتە قەڵەم بەو پەڕی سەربەرزی‌یەوە هەستی پاکی خۆی دەردەبڕێ‌و دەڵێ . . .

ئەگەر خۆشت نەناسی من بناسە
کرێکارم کرێکارم کرێکار،
دەرامەت گەر هەبێ بۆ هۆزی پڕ ئیش، ،
دەس و باسك هەمو پەیت و گری‌دار،
گرێ‌دەن پەتك و مل و شان و گوریسان. .
سەری مەردی بەرزکەن مانگی ئایار،
بەجوتیاری بەجووت یاری بدەن هۆز،
بەتەنیایی نەکەونە هات و هاوار

شاعیری نەمر لەبەر هەستیاری بیری فراوانی و گیانی هەژاری‌و هەژارپەروەری چونکە خوی لەو چینە ڕەنجدەرە دابوە هەستی بە ژیانی هەژاری‌و نەداری‌و ژان و ئازاری ئەم چینە کردووەو بویە هانی کرێکارانی داوە بۆ کارکردن و هەوڵ دان بۆ خۆژیاندن ، چونکە هەموو سەرمایە دەرامەتی کرێکار ڕەنج و هێزی بازوویەتی بەڵام دەبی ئەوەش بلێن ئەگەر تین و توانا هەبێت ئەوا ولاتەکەمان پڕە کان و خاکێکی پڕ لە پیت و بەرەکەتە . .

هەروەها شاعیر وەکو کرێکارێکی ڕاستەقینە لادەکاتەوە ئیشارەت بۆ گرنگی مانگی ئایار دەکات کە لەم مانگەدا داواکارێکی گرنگی کرێکاران جێبەجێ کرا. ئەویش ئەوەبوو لە (١٧) سەعات کارەوە بوو بە (٨) سەعات کارکردن لە ڕۆژێك دا بۆیە کرا بە چەژنی کرێکاران لە جیهان دا دەبێ ئەویش بگوترێ کە لە عیراقی ئەمڕۆدا بەو پەڕی توانوە یارمەتی کرێکاران دەدرێ‌و یاسای خانەنیشینان بۆ دابین کراوەو گەڵ شتی تریش شاعیری مەزن لەم چامە درێژەمی‌دا کە بریتی‌یە لە (٥٢)بەیت زۆر بە زیرەکی وەستایانە لە سەر یەك (کێش و سەروەست) دای ڕشتوەو باسی تەواوی هۆزو تیرەی لق و چڵی خێڵە کوردییەکان دەکات و جگە لە هەریم و ناوچەکان هەروەها موتربەی کردون بە ڕستەو پەندو ڕوخسارو ئامرازە ڕەوانبێژییەکان (وجوه بلاغیة) ئەوەی شایەنی باسە شاعیر شارەزایێکی تەواوی هەبوە لەم بارەیەوە دەڵێ:

«ڕاپەڕی شیرێ خەیاڵی من لە بێشەی پەرچەمی . .
«بەوری غەمزەی دی سەرەو ژێر بوو بەدوو ماری بەڵك»

هەر لەم چامەیە داوای دەربڕینی خەم و مەخابنی خۆی کە میللەتەکەی یەك پارچە بوەو بەلاّم لە دواییدا پارچە پارچە بوەو، بووە چەندین تیرەو هۆزەوە:

«هۆزی من ناویان جیابوو باڵەك و شیروان و لەك»
جاف و گۆران و بەگ و ئاغاوو گرمانج و گزیر»


«ڕۆژبەیانی داودەو کاکیو خەباریو زەنگەنە»
ئاغەسووری مەندم و سمایل عوزەیری تەك بە تەك
بیشەبابیو گەژاڵی تاگرافی و شەرەفان
دۆسکیو زیدان بلێجان پیرمام و پڕ کوتەك
خانیو ماسیرۆو گەلاڵی گەردیو پنیانشی
ئورەماریو ئەرووسی داویان شەمزین کوتەك
گەر خودا حەزکا لە زیندانی دوچاری دیتە دەر
چاوی باوکی گەش دەکاو جوملەی برایانی لەتەك
تەون و بازاری ئەوێستامان لە (ئاویستا) نەبووە؟؟
وا بەهەشتی جوانەژن بوتە ڕەوشتی خش خشەك
تانە ناکەسانم هاتە شان (ژیکۆ) بەسە
ڕیچکەی مێرووت گەیشتە ئاسمان کێشەت کەپەك

لەکوتایی ئەم وتارەدا دەڵێم هیوادارم لەم ڕۆژنەیەوە توانیێتم بەم شارایە چمکێك لە ژیان و شتێك لە بەرهەمی پڕ بەپیزو بە چیژەکەیم خستبێتەڕوو بەر چاوی خوێندەواران تا بە یاترمەتی خوا ئەم دیوانە بەم زوانە دیدەی خوینندەوارانی پێڕوشن دەبێتەوە گۆشەیێکی کتێبخانەی کوردی برازێنێتەوە

## سەرچاوەکان


١ - دیوانی (ڕاجی) دەسنووس)
٢ - هەندێك زانیاریو پارچە شیعرێکم دەسکەوت لە کەشکولەکەی مەلا جمالی فەقی ڕەسوڵ (کۆیە) بەهوی کاك جواد حەمەدەمینەوە.
٣ - گەڕانێك بە دیوانی شاعیری گەورەدا. ماموستا، عبدالرزاق بیار لە گوڤاری (برایەتی) ژمارە (٨) ١٩٧٠.
٤ - ئەدەبی کوردی لیکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی. ماموستا علاءالدین سجادی ١٩٦٨/
٥ - خۆشخوانی ماموستا علاءالدین سجادی ١٩٧٨
٦ - ڕەوانبێژی ماموستا عەزیز گەردی (بەرگی ١ - ٢ - ٣)
٧ - أسرار البلاغة عبدالقادر الجرجانی / القاهرة.

# نەورۆز



٥علی ناجی عطارە


رازاوەتەوە دنیا بە جوانی
شاخی رەنگاورەنگ سپیو سەوزو زەرد
بەفرو دارستان لووتکەی ماهیزەرد
هەریەك لە ..نگی ئەو دیمەنانە
چاو لیّی تێر نابێ ئەوەندە جوانە
زنجیرەی شاخی پیچاوپێچی چڕ
لە دۆلی قوولا هاژەی ئاوی خوڕ
دنیا بە جارێ دەنگ ئەداتەوە
هەر ئەڵێی ی باندە وا لە لاتەوە
لووتکەی ماهی زەرد سەری لە ئاسمان
هاتۆتەوە یەك وەك تیرو کەوان
بەندەن بە بەندەن لە هەردو لاوە
بەسەر دەربەندا کەوانەی داوە
وردە بارانیش ئەبارێ ناو ناو
بریسکەی جوانی بەرامبەر هەتاو
شەوق ئەداتەوە کە دێتە خوارێ
ئەڵێی مرواری لە هەور ئەبارێ
ئەوا بەهارەو نەورۆز هاتەوە
بە بەرگی سەوزو بە خەلاتەوە
بەتارای سەوزی دنیای پۆشیوە
مەستە شەرابی هەوری نۆشیوە
شەماڵ شنەشن بە نەرمە باوە
باوەشین ئەکا لە هەمو لاوە
ئەمانە هەمو جوانی نەورۆزە
بویە ئەوەندە لامان پیرۆزە
بیست ویەکی مارت رۆژی نەورۆزە
لای کورد جەژنێکی ئێجگار پیرۆزە
رۆژیکە کە وا کاوەی پاڵەوان
بەبازووی هونەر زوحاکی فەوتان
تەفروتوونا بو زورداری خوێن ڕێژ
تەخت و تاراجی رووخا سەرەو لێژ
یادی ئەم رۆژە بو کوردەواری
ئەمێنێ لەبیرناچێ ئاساری

ئاخر ئاگری زستان و سەرما
نەورۆز دایگیرسان تێ‌پەڕبو نەما
نەورۆز پاڵی نا بە زستانەوە
بای وەشتی هێنا بەفری توانەوە
هاتنی بەهار نەورۆزی هانی

چوار وەرزەی ساڵ
خۆشم ئەوێ..
لە بەهارا..
نێرگزیت و

شیعری
عبدالله عباس

# ٢٤ سەعات




حەزم لێتە
حەزم لە نێرگزەجارە
زیاتر ، لەئاوی کانیاوە تەقیوەکان
، بۆ تۆ تینوم..
تینوم بۆ تۆ
هاوین، لە قرچەی گەرمادا

شنەیەکی هەرە خۆشی
شنەی ژیان
شنەی لەچیا هەڵکردوو
خۆشم ئەوێ

★ ★ ★

لە پایزا...
گەڵاڕێزان..
هەتا بڵێی خۆشم ئەوێ
لە پایزا...
خۆشەویستیت
ئەم با بۆ سەفەرێکی دوور

تا سەرلەنوێ
لەگەڵ بارانا . . . بێمەوە
لە نوکەوە دەست پێ بکەم
وەك یەکەم بەیەکگەشتنمان



خۆشم بوێ . .
خۆشم ئەوێ . .

★ ★ ★

لە زستانا . . .
لەگەڵ هەورە تریشقەدا
لەگەڵ رەهێڵەی بارانا
باران
باران
خۆشم ئەوێ
لەکاتی بەفر بارینا
بەفر . .
بەفر . .
لە تۆفانی سەخت زیاتر
تۆفانی عەشق . .
دائەبارێ
خۆشم ئەوێ
خۆشەویستیم
بەسەر دنیادا ئەبارێ
کلوە بەفر
حەزی منە . .
خۆشم ئەوێ

★ ★ ★

- بۆچی ئەونە عاشقی شنەی؟
- بەر لەوەی لەدایك ببم
تارماییەکی نەناسراو
هات و بەری چاوی گرتم
تاکاتێ لەدایك ئەبم
تۆ نەناسم
کاتێ، هاتمە سەر رووی دنیا
شنەیەك هات
تارماییەکەی رەوانەوە . .
لەوساتەوە .
هەمو شنەیەکی کوت و پرو ناسراوم
خۆش ئەوێ
تۆم خۆش ئەوێ
شنەی بای وەشتم خۆش ئەوێ
بەڵام، تۆم زیاتر خۆش ئەوێ
ئەو شنەیە ،
کە هەڵ ئەکا . .
تۆ ئەبینم
باڵای بەرزی خۆم ئەبینم
تۆ ئەبینم . .

★ ★ ★

- چیات بۆ ئەونە خۆش ئەوێ
- چیای بەرزی وڵاتەکەم
فێری کردم
سەربەرزبم
هەروەك و ئەو
سەربەرزبم
رووم لەخۆربێ
کە روو لە خۆر
رائەوەستم
پشتم چیا
هەرتۆ دیاری
خۆشم ئەوێ
کە لە پێدەشتیش ئەوەستم
لە چوار وەرزا
خۆر، بەرووما ئاوا نابێ
چیا، لەپشت
پێ، لە پێدەشت
دەست بەخۆشەویستی تووە. . .
خۆر لە لوتکە ئاوا نابێ
چوار وەرزەی ساڵ
خۆری رووی تۆ
ئاوا نابێ
حەزم لەتۆ. .
هەڵئەچێت و . .
خەفەنابێ . .



# شاعیر بۆیە شیعر ئەڵێت

○ کاکەی فەللاح ○

کە وشکەخەم ئەتوێتەوەو
ئەبێ بە فرمێسکێکی گەش،
ئەڵێن باری لەش سووك ئەبێ
ئەی ئەوانەی خەمیان زۆرەو
لەناوەوە
خۆیان، خۆیان ئەخۆنەوە
چاویان فرمێسك ناناسێ
ئاخۆ قورقوشمی سەر دڵیان
چەن گران بێ
بەو هەموو خەمە سەوزەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ،

ئەبێ هەور
لە وەرزی شەستە بارانا
دانەکات و
بەهاریش وەجاخی کوێر بێ‌و
گوڵی پێ نەگەشێتەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ
ئەبێ چاو بۆ بینین و
گوێ بۆ بیستن و
دڵ بۆ لێدان و
بۆ ژیان نەبێ
بەو هەموو خەم و ژانەوە
ئەگەر شاعیر شیعر نەڵێ
ئەبێ داییك نەزۆك بێت و
منالێش بێ هەناسە بێ‌و
لێوی ساواش
بزە هەر نەزانێ چی‌یە


× × ×


شاعیر بۆیە شیعر ئەڵێ
وشکە خەمی بتوێتەوەو
ببێ بە فرمێسکی شیعر
ببێ بە بارانی شیعر
گوڵ و بەهارانی شیعر
ببێ بە چاو
بەگوێ
بە دڵ
بۆ بینین و بۆ بیستن و
بۆ چرکەو لێدانی شیعر
شاعیر منالێشی نەبێ
بە شیعر وەجاخی روونە
چاوی کۆرپەو لێوی ساوای
گەر بشگری
هەر بزەیەو زەردەخەنە

# گوڵ و یەکتر ناسین

هە مزاتۆفی شاعیر دەڵێ:
کیۆ نشینانی داغستان
بۆ پەیوەندی پتەوکردن
بۆ دیدەنی یەکتر بچن
خەنجەر بە یەکتر دەبەخشن..
دەبا ئیتر بۆ قووڵ کردنی پەیوەندی
هەرچی شمشێرە بیشکێنین
کە دیدەنی یەکترمان کرد
گوڵی نێرگز لە حەوشەکەیدا بڕوێنین...!
× × ×

○ لطیف هەڵمەت ○





# شەبخامی چاکە

کولەکەی گیانم ئاوا قۆستەوە
بۆم تەرخان کرا لە برا دۆستەوە
لە ژووری ساردو سڕا خزا بووم
قاڵ و نێچیری تۆڵەو سزا بووم
لاوێ پێکەنی خۆی کرد بە ژوورا
باوەش بە بەرگی قەرسیلیو سوورا
فەرمو خەڵاتەو پێشکەش تۆ کرا
لە کەسێ داینێ لە جێی حەو برا
هەموی پەڕتوك و نوسراوی دیار بون
گوڵی سەر پەنجەی جوانتربن یار بون
دیاریەکەت وەك بووك گەیی بە دەستم
بووبە میوانی دەروون و هەستم
بەسەر کردنەوەت لە هۆشمە نی بوو
بۆ وورەو گیانم خواردەمەنی بوو
زەردیوی نەهێشت لە ڕەگ و رووما
قاقای هەڵپەڕان لە نێو گەرووما
لەسەر بنچینەی داخی بەربادم
ئەم خەڵاتەی تۆ سەوز بو لە یادم
فرمێسکی شادیو زیوی لە چاوا
وەك دەنکە ترێ لە سەهۆڵاوا

● ● ●

لە جوان کاریتا وەك باخ ئەنوێنێ
زێری پڕ کۆشم تیایا ئەخوێنێ
هەتا سەرچاوەی پاك مابێ ماووم
ئەم یادگارەش ها لە بان چاووم
نازدار ترین و شوێنی شیاووم
ئەژیو ئەچەسپێ چەشنی ناز ناووم
دیدە بە سۆزێ نازی ئەکێشێ
وەك کۆتر لە بان هێلکەی هەڵنیشێ

● ● ●

ژیان بە پیاوی باش و ڕاست ماوە
مرۆڤی چەپەڵ بلقی سەر ئاوە

مصطفى عبدالله

★پەخشانە شیعر:

ئازاد شوان

پێش کەشە بە ڕۆڵە دلێرەکانی کوردستانی ئێرانی خۆشەویست

# نەورۆزی کاوە نوێ دەکەینەوە



دەسوڕێینەوەو
دەگەڕێین..
لە گێژاوی خەمەکانا
لە ناوجەرگەی
گەردەلول و زریانا
بە دوای شتێکدا دەگەڕێین

لێمان وون بووەو
نایدۆزینەوە
فرمێسك . .
لە چاوانمان قەتیس ماوە
چونکە گریانیشمان
لێ قەدەغە کراوە
خۆشەویستیمان
لێ یاساغە
هەناسە هەڵکێشانیشمان
بە فەرمانە . . بە لێدانە
شارەکەشم
هەردەم
لە ئاخ و ئۆف دایە
گوڵی زەردو سووری ناو باخەکانی
هەڵ بزرکاون
سیس و ئاساون
لاوو گەنجەکانیشی
لە تاریکی زیندانەکان دا
لە ژێر ئەشکەنجەدا
بە سونگی سنگ هەڵ دڕاون
کیژۆڵەکان . .
لە دڵدارەکانیان دەگەڕێن
بەڵام دڵدار . .
بە فەرمانی زوردار
لە گۆڕەپان و
ستوونی سەر شەقامەکان
هەڵواسراون
دەست و قاچ براو
چاو هەڵکۆڵراو

گوللە باران کراون
گوناهیان . .
تەنها ئەوەبوو
نیشتمانیان خۆش دەویست
شاخ و ئاوو خاکی کوردستانیان
پەرستگابوو
دڵداری ئەم خاکەبوون
عاشقی ئەم شارەو
قاسپەی کەوی
ئەم چیایانەبوون
دڵداری سەربەستیو ئازادیبوون
نموودی سەربەخۆییو سەربەرزیبوون
بۆیە دوژمن
لێیان بەقینە
دلی پیسی بەکینە
بەڵام ئەنجام
سەرکەوتنە . . ئازادییە
سەربەخۆییو ڕزگارییە
دڵدارەکانیش . .
بە یەك شاد دەبنەوە
داری ناو دۆڵ و شاخەکان
چرۆی نوێ دەپشکوێنن
نێرگزو گوڵاڵە سوورە
پەرەی تازە
دەڕەنگێنن
نەورۆزی کاوەو
ئاگری سەرکەوتن
دادەگیرسێنن .

★ ★ ★

هەوالنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/



# دەلال

کەمال رەمەزان ئاکرەیی

پاپورێت مە ناگەهن ئێک
ترسێن ژێ هوشێنا پێلا
چ زوی بەرزەدکەن یار
سوزا دلی و قوناغ ورێك
ژ دل کول و ژانێت مە
رانادەن . . . رانادەن
ئەرێ دەلال
دەمێ دبۆرن
لێ کولانێت ژیارامە
زەنگلێت وا مت کرن
دەنگێ ڤەنادەن
دەنگێ ڤەنادەن
دەمێ دگەهنە بەر ئاڤا دەلالێ
ژ مە ناکەن جان سلاڤا
شینی و گریە
پڕێ چاڤا
بوچی دەلال
شرینی یار

دبارین . . . دبارین
ڤیانەکا . . . ژیانەکا
تژی خێر و بێر
هێلینا دشوین
چاڤێت بێ یار خەما بۆ دخوین
شاعرێ پەرێڤا خو هێلای
دبێژینێ بوبێ موسای
گولا بێهنا خو ڤەکوشت
ژ دەڤێن بولبولا بۆ دکێشین بای
ئەرێ دەلال
پا بوچی یار

ئەز دنزانم دەلالێ . .
ل ئێك دەریا
ڤەدخوین تێرتێر
ل ئێك ئەسمان
دبینە ستێر
ناڤ چەپەرەکێ دبینە شێر
ناڤ مەشکەکێ مە دهەژینت
نیلێن دادەکا زیخ و دلێر
ل ئێك باغ دبینە گول شلێر
ل نگەل تاڤیەکا بارانێ

# چرای بەربڵاوی دیدەکانم

مستەفا زەنگنە

ئەی ئەو کەسەی خۆشەویستیم . . .
بەرزە بەقەد بەرزیی بالات
ئەی ئەو کەسەی . .
تەمەن تارای بووکێنیتەو، گوڵی ئاوات .
لەکەژاوەی یەکەم چرکەی بڕواتەوە . .
وەکو گوڵی بەر بەرۆژە . . .
چاوی ماندووی رێگای دووری . .
بۆعەشقی تۆ دەکاتەوە
ئاور لەخۆر دەداتەوە

●●●


ئەی ئەو کەسەی . . .
تۆ هەمیشە لەپێش چاومای
لەنێو دەنگی پیتەکانی گری ئاومای
لەگەڵ گوڵ و داهاتنی بای بەهارای
لەگەڵ بەفر و کزەی ساردی بەفرانبارای
ئەی ئەو کەسەی . . .
تۆ هەمیشە لەپێش چاوی
تۆ هەمیشە . . .
سوزی سەختی ناوهەناوی
هەتا مابم . . . هەتا ماوی . .
لەبەر دڵ و لەناو خوێن و لەپێش چاوی
لەبیری مندانەك مۆمی . .
هەزاران مۆم . . تۆ هەتاوی


●●●

ئەی ئەو کەسەی . . .
وەکو فرمێسك . . . زیخی چاوم دەشۆیتەوە
خەمەکانم هەڵ دەمژی و . .
زامەکانم دەخوێتەوە
وەکو هەناسەی گەرم و سارد . .
دێت و دەڕوێ
بەناو بۆریی سییەکانما . .
لەپێش چرای بەربڵاوی دیدەکانما . .
دێت و دەڕوێ
کانی یەکانی خەمی خەستی هەموو گێتیش،
لەباوەشتا ئارام دەگرن
کەچی دەریای بەومەنی دڵی منیش
بۆ ماچێکت ورك دەگری و . . .
روودەکاتە چیای کەش و سەختی بالات
بەسەر پەیژەی گری بیردا . .
هەڵئەزنێ
وازناهێنێ . . تا دێتە لات
بڕیارێکەو لەگەڵ خۆیدا . .
بۆداوێنت دابچەمێ
گشت دلۆپێك لەمیهری پاك . .
لەپێناوی چاوەکانتا بێ بەچەمێ

●●●

تۆ ئەی لە هەتاو گەرمتر
تۆ ئەی شیلەی هەنگی بیرم
تۆ ئەی چڕتر . .
لەمەودای تواناو تەقدیرم
بەینێکی کە وا کەڕۆیت و . .
چارەنووست لەرێتایە
منیش نوقمی گۆمێك دەبم . .
بێ سەرەتاو بێ ناوەندو بێ کۆتایە
دەمێنمەوە هەروەکو ئاو
وەك قەراغی رۆخانەیەك . . [1]
لێی تۆرابێت شەپۆلی ئاو
وەکو هەڵۆیەکی نامۆ . .
کەوتبێتە ناو کەمینی تەل ریژراوی .
هەتا ئەژنۆ
لەگەڵ هەموو ئەمانەشا
ئەم زامانەی وان لەناخ و لەسەر لەشا
خۆشتم ئەوێ بەسۆزێکی شێتانەوە
ئەتانخەمە ناودەروون و . . .
گلێنەی ئەم چاوانەوە





# گۆرانی شەمامە بووکێ

به ئاوەو به ئاوە
شیوه سوور [1] بەئاوە
سەوزە سورمەی خاوە
پیروزت بێ زاوا
شەمامە بووکێ..شەمامە بووکێ
ماینێ بووکمان ئاڵە
بووکمان خۆش جەماڵە
بردمان ماڵ بەماڵە
بۆ گریای کیژ خاڵە
شەمامە بووکێ..شەمامەبووکێ
ماینێ بووکمان شێیە
بردمان دێ به دێیە
بۆی گریا هاوسێیە
شەمام له بەر نانی
پێم نا له کلدانی
نەفام بووم نەمزانی
عاشق بووم قەدرم زانی
شەمامە و شلێرە
بەینێك وەرە ئێرە
گوناح نیەو خێرە

بەدەس خۆم نیه دڵ له لاته
روحم به فیدای دەورەی باڵاته
شەمامەو شەمامە
شەمام شلکی
زەردو تەنکی
چاوت زۆر جوانه
گەلێ ناسکی
تیر ئەگریته خەڵکی
شەمامەو شەمامە
شیوه سوور به بەردە
بووکێ تارای سەری زەردە
دەس لەو ماینەی بەردە
ماینێ بووکمان سوورە
بووکمان رێگای دوورە
بووکمان سەرەو ژوورە
سەرو ماچمان پێ بسپێرە
هەر ئەمشەومان ماوە لێرە
گوناح نیەو گەلێ خێرە
گەلێ خێرو حەسەناتە
سەدەقەی سەری براتە

شیوه سوور: مەبەست له شیوه سوور بنار خاڵخالانی ناوچەی شوانه که دەرژێنه ناو ئاوی زێی بچووکەوە.
تێبینی: ئەم هۆنراوە فۆلکلۆری له ناوچەی شوان کۆ کراوەتەوە له ساڵی ۱۹۷٦.

کۆکردنەوەی: رەفیق محمد شوان

# دوو پارچە شیعر

قوبادی جەلی زادە .

## ـ ئێوارەیەك لە كۆڕنیش دا

زەردە . . ناوت نازڕێنێ
بەس سەر داخە .
سینگایان بوخچەی نهێنی‌یە
كۆترەكانی ئەم قەراخە !

. . . .

شەرم مەكە لەو چنارە
زۆری دیوە .
بە بارتەقای پەلك و پاری . .
ماچ بەباڵای كەلەگەتی ،
هەڵزنیوە !

. . . .

چۆن نازانی . .
لەم كۆڕنیشە بێ كەسەرە
ماچ . . . بلیتی هاتنە ژوورە
ماچ . . . بلیتی چوونە دەرە؟!

. . . .

دوور مەكەوە . . .
خۆ نەم گوتوە ،
بە ماچێكم بەسەركەوە .
خۆ نەم گوتەوە
بە پەنگری كوانووی سینگت
پەنجەكانم گەرم كەوە!!

. . . .

نا گیانەكەم . .
توورە مەبە .
لێوەكانت مەخە سەر یەك .
با بەس دیجلە پێمان بڵێ
ئەو دوو كوردە ناگەن بەیەك!!

●●●



## ٢ ـ من و تۆ


شیعرم . . لە پرچی تۆ دەچێ .
دەیبرنەوە . . ،
لەو دیو دروێنەی مقەستا
وەك خەمی شاعیر هەڵدەچێ .
شیعرم . . لە پرچی تۆ دەچێ . . !

لێوت . . لە شیعری من دەكا . .
كە دای‌دەخەی ،
گشت رووبارەكان لاڵ دەبن .
دەی‌كەیتەوە . .
تاوە سمفۆنیا دادەكا . !
لێوت لە شیعری من دەكا .

چاوت . . . لە شیعری من دەچێ . .
دەی‌نوقێنی . . ،
تۆپی زەوی شەو كوێر دەبێ .
هەڵیان دێنی . . ،
لە سێبەری برژانگتا رۆژ دەگیرێ .
گیانە من و . . تۆشس لێك دەچین . .
لە ئۆقیانووسی فرمێسكا
تۆ ماسی نیت و ناخنكێی .
لە مەشخەڵانی ئاگرا
سەمەندەر نیم و ناسووتێم . . ؟!

# ئەنجامی شەش هەڵوێست

شەفیق گرتکی



١)

ئەنجام
قــورس هــــات و
لە مهاباد گیرسایەوە
تێر داستانی ئازایەتییان
بۆ یەکتری گێرایەوە
بەڵام دوایی گشت چیرۆکێك
سەرکەوتنی شەیتانیش
لە بۆ ناو زبڵ پووکایەوە

٢)

دەنگی نەمری
کۆنترین شار لە جیهانا
دەنگی نەمری بەرز بۆوە
ووتــی تــو چــون

ئەوێری تا دنیا ماوە..
بمــکەی بەئــێش
دارای لە تۆ زۆر بەهێزتر
لەسەر خاکم سوپای شکا
ئەتۆش بەئەستێرە ڕژانێ
هەر زوو دەبی بەخوڵەمێش

٣)

وەڵامێکی کوڵەمســت
لە هەڵگوردی بەرزم پرسی
بۆچ لە زستان
دەست لە مل هەور بەرنادەی
بەردەوام هەر ماچی دەکەی
ئەویش وتی:
لـــە بەهــاردا..
جوان بنوارە دەوروبەرم.

شیعر

٤)

«بەفرو دەروون»

جوتیارەکان. . ئاغاکانتان زۆر توورەنە

لە زستان و بەفرو ئێوە

دەزانــــن بـــۆ ؟

چونکە بەفر نیشاندەری دەروونتانەو

هی ئەوانیش خەشم و قینە

×× ×× ××

٥)

مێژوو

لێـــیان پـــرسیم

مێژوو چ ڕۆژێ پەیدابوو

منیش ووتم

لە هەولێری دێرینی کورد پرسیاربکەن

×× ×× ××

٦)

شادی

[دێو] خەڵکی دێی

خستبوە ترس و لەرزەوە

لانکەکانیان بەناوی. . .


کـــر دەکـردنـەوە

تا لە پرێك [مام زرقوت[1] ]ێ سەری هەڵداو

پێی بەدێوان هەڵکێشاوەو

شادی بۆ گوند هێنایەوە

×× ×× ××




(١) دێـو نیشـانـەیـە بۆ ئەفسـانـەیەکی کوردیو (مام زرقوت)ی پاڵەوان بەسەریدا زاڵ دەبێت

# دووڕیان



شیعری: مەسعود پەرێشان

هێشتا زەردی، کەمەربەندی هەورەکان بوو
دووڕیانێ، لە خۆی یاخی بوو:
جێ‌سمی لە قورچەقیوی لەوەو پێشی ئەسپەکانی
دیسان دەچەقینە گیانی
سووتووی ژێر قۆڕیو وشکەداری ڕێبوارانی بێ‌خۆش بوو
تکەی مەتارەی قەوزەدار،
تنۆکی ڕوندکی شادی، کانیاوێکی نەتەقیو بوو
(تار مایی‌یێ). . !!!
ـ چاوەڕێتم،
(هەر لە ناو مێشکی خۆیەوە)
ـ من شازادەی ئەو دووڕیانەم
(مەر لەبەر خۆی)
ـ دەبێ هەو بێ
ـ گوایە گومان لە پەردەی حەوتەمیش ئەکرێ
گورگ؟ ڕێبوار؟ شازادەی ژووان؟
ـ نەخێر نەخێر هیچ کامێکیان
ـ ئەی گوایە بۆرژاو نازانێ
بێوەژنی مێژوو نەزۆکە
سێبەر بوو بەتەونی کلکی ئەستێرەیێ
دەمێ تریفە پەخشەکا
دەمێکیش لە ئامێز هەورێ بزردەبێ
ـ بۆ کوێ دەڕۆی. . .
کامە مانگەشەوی روونە،
بەنمەی تاقە دلۆپێ. . تاریکە شەو ناگۆرمەوە
(پنچکێ لەولا زیت هەڵچوو)
ـ چیخچکە نانێکی قیرسزێ
تنۆکێ ئاوی خنسێ
(بەدەم باوە)
ـ گۆرانییێکی نابەلەد
ـ ئەوە گوێچکەکانی من نین
ورێنەی شایەری شێتن
(گڤەی بایێکی تر ڕابوو)
هەناسەی دووڕیان سربوو
ـ کام سێبەر بەقەد ڕۆشنایی خەفەتبارە
من نازانم،
کامە جێ سم. .
لە لەشی خۆم بچەقێنم؟
هەوراز خۆی لە خۆی تۆراوە
تۆش نشێوت داوەتە بەر
ـ خۆزگە هەوراز ئەبوو بەتاج
بەڵام چی بکەم،
نشێو ڕکایی هەوڕازە!
سێبەر بۆ باڵای ڕۆشنایی بەردەبازە!!!!



وەڵــلاهی وەبیــلاهی خۆم بەپێــوە بۆ ڕانــاگیــرێ. . . ! سەرم گێژدەخوات چاوم ڕێشکەوپێشکە دەکات. . . ! هەر ئەوە نی‌یە بەلادا نەیەم!!!

بۆ مانگێــك دەچێت پاسەوانی ئەم دوکـانـە دوابڕاوەم، دوکـان ناکاتەوە. . ! دەڵێن خاوەنەکەی عەملیات کراوە. . ! بیلاهی پێم عەیب نەبــوایــە یەك دوو جاردەچووم بۆ لای. . ! داخی گرانم نای‌ناسم. . ! دوکاندارەکانی دراوسێ‌ی لەناو خۆیانا مقۆمقۆیان بوو ئەیان وت:

- ئەوە بۆ هەفتەیەك دەچێ لە خەستەخانە هاتۆتە دەرەوە. . !

- ڕەنگ وبۆی نەگۆڕاوە، خوا ڕەحمی بەماڵ و منداڵەکانی کردووە. . !!

- دوێنێ چووین بۆلای پێمان وت کە بەیانی بێت بۆ بازار بۆ تەنــدروستیشی چاکتــرە. . ! بەلام ئەم دەیگــوت: «وەڵــلاهی بەسەری ئێوە لە ماڵــەوە بێ تـاقەت بووم، میوان و منداڵیش لەو لاوە بوەستێ. . ! سەیرئەوەشە هەرچی دێ بۆلات شەش حەوت منـداڵ لەگـەڵ خۆی دێنێ، ئیتر ماڵــەکە وەك خەستــەخـانـەی شێــرەکەی لێ دێ، کوڕم دەوێ بەمنــداڵێ بڵێ وا مەکە بابــە گیان. . ؟ دنیا کاول دەبێ، دارو دیوار بەدەستیانەوە زەلالەتیانە! نازانــن بۆ لای نەخــۆش هاتــوون. ئەوەشــی لە چوار دەورت دانیشتووە هەر باسی نەخۆشی و مردن دەکەن سەر قەبرانت بۆ لە بێــژنــگ دەدەن، کە چۆن مردوون هەر ئەوە نی‌یــە مردوەکــان ـ

# قۆپی یە!!

نووسینی: ڕەفیق فایەق

تەمیز - ناکەنەوە. . ! بەسەری ئێوە پاڵەوان دەتۆقێنن. . ! ئەمە بە ناخێری گیانیان بۆ لای نەخۆش هاتوون و دڵخۆشی دەدەنەوە. . ! لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە لە کاتی هەستانیاندا دەڵێن مامە حاجی پارێز بکە. . ! ئاخر پیاوی چاك! باوکت دکتۆر بووە دایکت سیستەر بووە، لە خۆمەوە پارێزی چی بکەم؟! بەسەری ئێوە زەرفی عەلاگەیان بدەری وەك گەزۆو مازوو بۆت دەخۆن، پارێزیش بۆ ناکەن. . لە باسی دکتۆرو خەستەخانە بوونەوە. . ! ئینجا دێنەوە سەر، سەر وگوێلاکی شەخس و مشایەخ. . ! ئەمێرن بۆ پیری شەوکێل و وەکاشە. . !!»

توخوا چۆن دڵم بڕوای دێنێ بەردەمی ئەم جامخانەیە بەجێ بهێڵم .؟ نەوەکو لەپڕدا بێت و دوکان بکاتەوە، خوا نەخواستە هاتم و بڵێ نەماوە تووشی- جەڵتەی دەماخ - دەبم حەیف بۆ ئەم جامخانەیە ئاوا نوقمی تۆزو خۆڵە!! وەرن سەیری کەلوپەلەکانی ناوەوەی بکەن چۆن تۆزو خۆڵ دایپۆشیووە. . ! بێ‌خاوەنی‌یە! ئەها سەیری ئەو ڕیزە دەرمانی سەر ڕەشکردنەوەیە بکەن!، کە - بەندە - مانگێکە عەودالێتی. . . ! کون و قوژبنی ئەم شارە نەما بۆی نەگەڕێم، هەر ئەم دوکانە هەیەتی. . . ! ئەویش خوا بەوە ڕەحمی کردووە خاوەنەکەی عەمەلیات کراوە. . . !!! ئەم دەرمانە شتێکی دڵخۆشکەرە، وەڵڵاهی بەسەری ئێوە پیاو وەکو سەیارە - گراین - ونوێ دەکاتەوە بەزاتی خواو بەسەری ئێوە ئەو ڕیزە دەرمانەم بەقەدەر دایکی ئازاد خۆش دەوێ. . ! چاوتان لێ‌یە چۆن لەسەر یەك سەفتە کراوون. . ! بە قوربانی ناوەکەشتان بم ئەوەندە خۆشە لەسەر دەم دەڵێ ناوی ئەجنبی و مەجنبیە - کۆلستۆن - لەوانەیە لە - داتسۆن - ەوە هاتبێت. . ! جارێکی تریش بەقوربانی خۆت و ناوەکەت بم،، ! نانێك هەبێت لەم دەرمانی سەرە دایە، هەموو ڕۆژێك سەیرت نەکەم دڵم ئۆقرە ناگرێت، با عەینەکەکەی بۆ لە چاو بکەم بزانم ڕەقەمەکانیان لە شوێنی خۆیان ماوون!!! ئەها وەرن لەگەڵما سەیربکەن ئەوە: بنی غامقە - بنی متوەسیتە ئەشقر غامقە - ئەحمر نبیزی - ئەوەی ژێرەوەش ئەسوەدە وئەسوەد ئەزرقە. . ! بە قوربانی بم ڕەشی قەترانی‌یە. . !ماڵ بە قوڕگیراوە ئەوەندە ڕەشە دەڵێی شەش حەوت کاربۆنت بۆ سەرت داناوە! ئاوا ڕەش و مۆر دەیگرێ. . ! پێوەی بچیتە بەرهەتاو سەروقژت دەڵێی پەڕی تاووسە دەشەکێتەوە. . . ! ئێستا ئیستراحەتم کرد. . . ! ئەم دەرمانی سەر ڕەشکردنەوەیە، نەبوایە. . چیمان بکردایە. . ؟ دەبوایە لە ماڵ نەهاتینایەتە دەرەوە. . ! نیعمەتێکی سەیرە! هەر لە سەرتی دەدەیت یەکسەر دەپانزە ساڵ منالت دەکاتەوە، نە شەرەشەقی دائیرەی نفووس وە نە حاکم و موختارو شاهێدو شاهێدکاری دەوێ. . !! قسەیەکیش بۆ - دز بکەین خاوەنەکەشی زەوقی جوانە، چاوتان لێ‌یە چۆن بە تەرتیب ڕیزی کردوون. !! سەیری ئەو ڕیزە عەترە بکەن چەندە شووشەکانی‌یان قەشەنگە، ئەگەر بۆنیان خۆش بێ چاکە. . ! گرانی‌و هەرزانی‌یان چۆن بێ. . ! ئای لەو ڕیزە ملوانکە مرواری‌یە چەند جوانە سەیری دەنکەکانی بکەن چۆن دەستی‌یان کردۆتە ملی یەکتری. . ! هەر ئەوە نی‌یە نایەنە زمان و بڵێن! «توخوا خەڵکینە وەرن بمکڕن. . ! با لەم جامخانەیە ڕزگارم ببێت دەڵێ قەفەزی تاوانبارە. . . با خۆم لە گەردنی کیژو ئافرەتە شۆخەکاندا ببینم و سەیری دینای ڕۆشن بکەم». . . ! ئەی ئەو کراسە بۆ ناڵێیت کردویانەتە بەری ئەو بووکە چاو شینە، وەڵلاهی لە دوورەوە دەڵێ ئافرەتی تەواوە. . ! تا لێی نزیك نەبیتەوە. . ! هەر لە دوورەوە چاوشارکێ لەگەڵ ڕێبوارەکاندا دەکات! قوماشەکەی نایاب و بەنرخە لە حەریر دەچێ، ئاخۆ چ فریشتەیەکی خوایی لەبەری دەکا. . ؟ بەزاتی خوا ئەو ماڵە دەکات بە چراخان. . . !!

ئای لەوە خۆ ئەوە شوێنی لووت و دەموچاوم لە جامخانەکەدا دەچووە. . ! بەزاتی خوا لە تاوانبارو شتی قوڕ دەچم. . . ! وەرن تەماشاکەن سەروگوێلاکم چۆن دەرچووە، خوا پێم نەگرێ لە جامەکانی - یەحیا فەنی - وێنەگریش دەچم. . !! ئێوە حەکەم بن دەبێت ئەم جامخانەیە حەزو ئارەزووی چەند دەموچاوی تریشی گرتبێتە ئامێزو تیایا توابێتەوە. . . ؟ وەکو ئەشیعەی لێ هاتووە لە جامخانە دەرچووە. . !!

- ئەرێ مامەکە سەعات چەندە. . ؟

- بابە گیان دەونیوە: . . !!

- بەسەعاتی کۆن یان تازە. . ؟

- سەعاتی من نەکۆنەو نەتازەیە..!!

- دیارە ئەم سەعاتەی جەنابت زۆر غەریبە نەکۆن و نەتازە بێ..! دەبێ لەسەر سەعاتەکەی - مەریخ - میقاتت کردبێ، بۆ خاتری خوا ئەم خەڵکە بۆ وا! سەری لێشێواوە بەجارێ بەجارێ شیرازەی پچڕاوە سەعاتەکەشیان لە سەرعاتی ئۆمەتی موحەممەد میقات ناکەن..! ئاخر زەمانە!

- دەبڕۆ باوکم یەخەمان بەردە...! خۆمان دەردمان زۆر کەم نی‌یە ..! تا سەعاتی کۆن و تازەو مەریخی تۆ (حەل)بکەم...!!!

توخوا وەرن سەیری ئەم قەرەباڵغیەی ناو بازاڕ بکەن لە وزە چۆتە دەرەوە...! دەڵێ جەجاڵ هەستاوە...! زۆر سەیرە ئەم خەڵکە بۆ وای بەسەر هاتووە...! هەر شانت بەرشانی زەلامێك بکەوێ...! ئیتر پەروباڵت دەکەن...! گەورەو بچووکی نەماوە..! هەر زەلامە وخێسە لە زەلامی‌تر دەکات...! خۆش ئەوەیە هەمووی هەر مۆر دەبێتەوە...! زەلامی - فۆرگاسن - یشمان هەیە..! ماڵێ ئاوا نەبێ لە هەموو خەڵکەکە مۆر دەبێتەوە،

یەعنی خەڵکەکە (کوللەشەش) دەکات..! قیرسیاش لەمە هەر زەلامی بەنەوعێك دەرکەوێت! خاوەن کوللە شەشەکەش وەك کیسەڵ دەچێتەوە قاوغەکەی خۆی..! کورم دەوێ لەم قەرەباڵغیەی دەرباز ببێت..! پەنا بەخوا ئەم خەڵکە هەموو شت وەك کر بوونایە قات وقری دەکەوتە دوکانەکانەوە...!

نا... نا ئەمانە زۆر بەیان بۆ چاوباشقاڵی وچاو لەوەڕاندن دێن بۆ بازارو قەیسەری‌یەکان، بە خوا شتێکی عەیب و ناشیرینە..!!!

- کاکە دوکانی حاجی عارفی داودەرمان فرۆش لە کوێدایە..؟

- برا گیان لەم قەیسەری‌یە برۆ دەرەوە ولای حەوزە وشکەکەوەیە..! پرسیاربکەو پێت دەڵێن...!!! دوکان و قەیسەری نەما سەری پیا نەکەم لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە ئەچم بۆ لای هەر دوکانێك بەم جۆرە وەڵامت دەداتەوە!

- بێ‌زەحمەت برا گیان دەرمانی سەر ڕەشکەردنت لەلا دەست ناکەوێ..! ئەوەی ئۆکسجینە کەی لەگەڵایە..؟

- نەوەڵلاهی نیمانە..! مامە گیان بۆشی مەگەڕێ..! زۆر کەمە حەزدەکەی سەرێك لە بازاری عەسری بدە..! بەڵکو ئەمە خوایە چنگت بکەوێ...! مامە با بچووکی خۆت قسەیەکت عەرز بکا..! نەکەی سەواو موعامەلەیان لەگەڵا بکەی..! ئەگینا ڕیسەکەت دەبێ بە خوری..! ئەوشتەی دەست نەکەوێ بە دەقات دەیفرۆشن...!!! ئاخ لە دوکانداری ئەم زەمانەیە هەرچی بڵێی ویژدان نی‌یانە..! لەوان وایە هەتا هەتایە لەم دنیا ڕووناکەدا دەژین..! وا دەزانن نامرن، بیر لە قەبرو قیامەت ناکەنەوە..! چاویانە قایمە..! دەستت بڕوا هەر هەموویان هەڵواسیت..! دەستت سەوز دەبێ..! بەدەمی خۆیشیانا ناچێ بەرەزیلی و پیسکەیی و چروکی دەژین..! بۆ هەتیوو مەتیوی بەجێ دێڵن..! ئەمان چاکی دەخۆن چونکە پشتیان پێوە نەیەشاوە...!!! «ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆر» ئەوەندە ئەم دوکان و ئەو قەیسەری‌یان پێ کردووم، خەریکە ناوی خومم لە بیر دەچێتەوە..! وەکو - موعامەلەی جنسیە - یان لێکردووم ئەم دوکان حەواڵەی ئەو دوکانم دەکا، ئەو دوکان ژمارەیەکم دەخاتە سەرو ڕەوانەی فلانە دوکانم دەکا، فلانە دوکان واریدەم دەکاو صادرەم دەکا بۆ فلانە دەرمان خانە.. فلانە دەرمان خانەش هەندێ ڕەقەم و شوختەم لێدەداو بۆ لایەکی ترم ڕەوانە دەکا... هەر دوکانەو دەرمان خانە لە کۆڵ خۆیم دەکاتەوە...! سەگ بە حاڵم نەبێ! هەر مەپرسن لێم وەکو - ڕەچەتە - بە دەرمان خانەکاندا دەسوڕێمەوە! بەسەری ئێوە هەر حەیام چوو..! بیلاهی مردنم چاکترە، بەم قەڵافەتە زلەوە لۆژ لۆژ بەدووای دەرمانی سەردا بگەڕێم..! لە سەد دوکانیش تەریقت بکەنەوە، ئافەرم هەر عار نەنێیت ماڵێ چاوباشقاڵیم بەقورگرت، ئەگینا من و دەرمانی سەر ڕەشکردن - کوجامەرحەبا - دوکانداری وا لاساریش زۆرە کە وەڵامی ڕەقت دەداتەوە دەڵێ گوڵلەیە پێتەوە دەنێ:

- دەبڕۆ باوکم ئەوەندە شتێکی گرنگ نی‌یە بەدوایا دەگەڕێیت..! وام دەزانی بەدوای شیری منداڵدا دەگەڕێی وا شڵەژاوی..! تۆ سەیری ئەو سەروهەیکەل وقەڵافەتەی بکەن..! بەزاتی خوا لە پێشەوە وام دەزانی بەدوای پارچەی

(دەراسە)دا دەگەرێ . . . توخوا ئەمە وەلاّم دانەوە بوو . . . ! یان گوللە پێوە نان . ؟ هەر بەئێوە دەڵێم . . ! ئەم دەرمانـە نەعللەتیە چاك لە من چۆتـە قولـلەی قاف، مانگێکـە بەدوایـا وێـل و سەرگـەردانم . . ! مانگێـك ئیجـازەی دایـرەم بەدەرمـان کرینـەوە کوشـت . . ! دائیـرەش لێم وەڕس بوون . . ! دوو هەفتـەی ئەم ئەخیرەم بەبێ مەعاش بۆ حساب دەکەن، یەعنی باوکی ئازادە فەنی ئەو دوو هەفتەیە لەسەر ـ ویل ـ دەڕوا بەڕێوە . . ! هەمووی خەتـای خۆمـە . . . مالـێ خومـم بەقـوڕ گرت . . . ! لای ئافرەتەکانی دائیرە ئەوەندە درۆ و فشەم کرد . . ! موستەحەقم لەوە خراپترم بەسەر بێ . . . ! ئەزانن چەند زمان درێژیم بەسەر ئەو سێ چوار ئافرەتـەی ژوورەکـەما دەکرد . . ! زمانم نەبوو بەلاّی سەر بوو، بەسەری ئێوە زمانم سێ بەچوار درێژ بوو . . ! دەبخۆ، ئەوە دەردت بێ . . . ! هەڵێ ترێنە بارت سەنگینە . . ! هەمووی خەتای خۆمە لۆمەی کەس ناکەم! دەردێکی وا تووش بووم هەر مەپرسن . . ! غەیـرەدین بەزەیی بەحـالّمـا دێتـەوە . . ! دەرد لەمە گرنتـر نی‌یـە پیـاو نەوێـرێ سەیـری ئاوێنـە بکـا . . ؟ مووی سەروسمێلّم بوونـەتـە دوژمنم . . ! لەبـەر چاوم، وەك تیـر لەسەر دڵم چەقیوون . . ! قەد دیوتانە پیاو لە تاو ئاوێنە نەوێرێ ڕیشی خۆی بتاشێ . . ! هەر چەند سەیری خۆم دەکەم هەر ئەوە نی‌یە شێت نابم، ئەو گوێزانە کە بەڕیشما دێنم وا هەست دەکەم دڵم قارش قارش دەکا . . ! بێخی سەرم هەموو دەرکەوتووە هەر تاڵەی بەجۆرێك خۆی دەنوێنێ . . ! خۆزگە ئاوێنە لە دنیادا نەئەما . . ! ئەوساکە دڵم ئاوی دەخواردەوە!!!

ـ مامەکە زەرفی عەلاگەت ناوێ . . ؟

ـ مەگەر خۆمی تێکەم . . ! ئەوەی من دەیکرم خوا خوامە کەس نەیبینێ . . بۆ ئەوەی دەسەکەم کەشف نەبێ ./. !!

بۆ نەگبـەتـیش هەر سەرم کردە سەر سەرینـەکـە . ! خەوم لێ‌دەکـەوێت، خەو دەبینم . . . ! خەوی نەگبـەتی چوار دەورم دەبێ بەئاوێنە بەند . . ! دەرمانەکەم کریوەو خەریکی گرتنەوەیم، بە ڕێکوپێکی لە سەرمی دەدەم و بەشانە ئەکەومە وێزەی سەرو قژم بۆ ئەوەی بێخە سپی‌یەکە بیگرێت و بیشارێتەوە! کە ئاوەکە دەکەم بەسەرما . . . ! ئێتر بە ئاگا دێمەوە وخەبەرم دەبێتەوە ـ بەندە ـ دێتـەوە سەر سفـر ـ وەکـو یاری مارو پەیـژەکـەم بەسـەر هاتـووە . . . !!! داخی ژووری دائیـرەش ئەوەنـدە گەورەو گرانە لەسەر دڵم، باسکردنی تەواو نابێ، تانەو تەشەرەیان وەك تیر لە جەرگ و هەنـاوم ئەدرێت . . . . . !!!! لەهـەمـوو شت دەچێ، بەس لەژووری دائیـرە نەبـێ . . . ! دەبـوایـە سەر تەنـوور بوایـە . . . ! بەدەم بلوز ونـەخش و چنینـەوە، ئەنـواع و ئەشکـالّ قەوان لێ دەدەن! سەروتۆپەڵ بنێشت لە دەما نازانم چۆن بۆیان ئەجووڕێ . . ! بەزەییم بە چەنـاگـەیـان دا دێتەوە نازانم چۆن ـ سلاك ـ نابێت! برواش ناکەم بێزیان بێ زەمی خەڵك بکەن! مەگەر لەبەر چاوەزار، هەی . هەی . . ـ گێمی‌یەکەم ـ گەرەك وەك لۆکـەشی‌دەکـەنـەوە، مالّی لێ‌دەرنـاکـەن . : مالّیان بە قوڕ گیرێ بۆ خۆیان و زەمی‌یان . . ! ئەو ڕۆژەی خانم مان ـ بووردە ـ ی دەست نەکـەوێ لچ دەدا بەیـەکـا وکێ دەوێـرێ قسـەی لەگەڵدا بکا . . ! تا خۆی ورده ورده وەکو ـ مریشکی مصلحە ـ دەکرێتەوەو دەکەوێتە نوتق دان و سەروگوێلاکی کتێب خانەکان، هەرچی قسەی ناشیرین بەدەمیدا بێ نایگێرێتەوە . . !!!

بەدەم دامـەزرانـدنی بلوزو نەخشی تازەوە، جۆرەهـا زەم و زەمکاریش بەدەمی‌یەوە دادەمزرێنن . . . !

کە لەم دیـوی قەوانـەکـە بێ‌تـاقـەت ئەبن، ئەی‌خـەنـە سەر ئەو دیـوی . . . ! یەکسـەر ژوورەکەمان دەبێ بە مەزات خانە! باس باسی مارەیی و پێشەکی و پاشەکی‌یە ئافرەت دەخەنە مەزاتەوە . . !

ئەوەلّ مەزات :

ـ ئەو کچەی گەرەکی ئێمە شووی‌کرد مارەییەکەی دوو هەزار لیرە بوو . . ! ئاهەنگی شەکراوەکەشی لە یانەی ـ ئەزمر ـ بوو، خوا دەزانێ چەندیان بانگ کردبوو، بوو بوو بەڕۆژی حەشر . . . !

ـ کچینـە ئەوە هەر هیـچ نی‌یـە«ش» شووی‌کرد، مارەییەکەی دە هەزار لیرە ئاهەنگی شەکراوەکەش لە یەکێ لە یانەکانی بەغدا بوو . . ! سیـارەیـەکیشیان بەناوەوە تەسجیل کرد . . ؟ هەموو شت بە بەخت و ناوچەوانە . . !!

ـ ئێمەش شوومان کرد . . ! بە میراتمان کەوتایە چاکتر بوو، تف لەو ڕۆژەی‌تیـا لە دایـك بووین . . ! پێ و قدومی ئێمـە بوو ئەم دنیـایـەش وای بەسـەرهـات . . ! ئەو شووەمـان نەکـردایە چاکتر

نەبوو، ئەو نان و ئاوەش لەماڵی باوکمانا بەزیادەوە هەبوو. . !
بمرەو شوو بە لات مەکە، مردنێکە بۆ خۆی. . . !!!
شەڵڵا هەر خەریکی لفکە چنینی خۆیـان بوونـایە. . . ! بەس نەبـوو پێـوەی خەریـك دەبـوون و خەڵـك و یەکتـریان نەدەخستە مەزاتەوە. . . ! پاش ئەمانە نۆرە دەهاتە سەر ئەو داماوە زەعیف و ڕەق و تەقـە کە تازە تەعیـن بوو بوو، بە ئاسـتـەم ڕۆحی تیـا بوو. . . ! شەیـتـانــە هەر ڕۆژەی بە مۆدێـلـێـکـی تازە خۆی دەگۆری. . . ! بروا بکە ئەو مەعاشەی بەشی جلو بەرگەکان و مکیـاجـەکـەی نەدەکـرد، کراسێك یان تەنوورەیەکی تازەی لەبەر بکردایە هەموو دەکەوتنە چپە چپ، درۆودەلەسە!
- پیرۆزبێت بەڕاستی لێت هاتووە ئینشاڵڵا سەرەو خێر دەبێ. . . !!!
- موبارەکت بێ بەسەری ئێوە نەمناسیتەوە. . ماشەڵڵا کە پێوەی جوانیت. . ! بە سەری جەماعەت بەسەری ئێوە لە کچەکەی - مسلسلە - ەکەی ئیمشەو دەچێ . . !! تەواو گۆریوتی، خۆزگە جانتـایــەکت لەو ڕەنگــە بۆ دەکـریو ئەوەنــدەی تـر قەپــات دەبووی. . . !!! (دەوەرە تەحەمول بکەو شەق مەبە لەم هەموو موجامەلە درۆیە لەگەڵ یەك دەیکەن، هەر یەکێکیان دیار نەبێ ئیتر وەك لیستەی بیتاقە دەیخوێننەوە! حەرام لێشی نایەت لە من کلۆل ترە. . . ! ئەو موجامەلە درۆیە نەبێ ئیشەکە بەرێکوپێکی ناڕوا. . !) نازانـم کوێـرا - خانمی زەعیف چاوی کرایـەوەو بە زوڵێ و بەنازەوە، وەڵامی‌یان دەداتەوە بۆ ئەوەی ئەوان بێ‌تاقەت بکا بەنازێکەوەو بەئاستەم دەم دەکاتەوەو دەڵێ!
- سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم. . ! بە چاوی ئێوە خاڵم لە - لەندەنەوە - هەموو ساڵێك کۆمەڵێ جلو بەرگم بۆ ڕەوانەدەکا. . !! باشــە ئەمـە کەی چاوی کرایـەوە ئاوا دەرچـوو! مانگێـك نابێ تەعین بووە. . ! خاڵی چی و لەندەن و تەرەماشی چی. . !! ئاخر کچـی باش قابیـلە خاڵـت نەنـاسـم، بۆ دینـارێـك سەگ ڕاودەنێ. . ! وەزع وا بروا ساڵێکی تر خاڵی دەکا بە قۆمسیونی لەندەن. . . !!!
ئاخ کە ڕقم لەو قەڵەوە ڕەزا قورسەیانە. . ! نازانم ئەو مێردەی چ خۆشی‌یەکی بەم - کەنتۆری چوار تاکی‌یەدا چووە کە - ماەومجار - یش بە دەستی‌یانەوە گیری خواردووە. . خوا پێم نەگرێ دەبێ مێـردەکـەی دوژمـنـدار بێ. . ! قسـەکـانی وەك نەشتـەر وایە. . ! داخی ئەو مکیاجەی کە ئەیکا. . ! نازانێ ڕەنگەکان هەڵبژێرێو دەمـوچـاوی پێ سواغ بدا. . ! مایـەی خۆیـەتی. . ! ئەو قەڵەمی سەوزو شینەی کە ئەیدا لە پشتی چاوی قورئان بەهەقت دەڵێ بۆکسی ئاسنیـان لێ داوە، وا شین و مۆر دەبێتـەوە. . ! خۆزگـە ئەوەندە دەستم بەسەریانا دەڕۆیشت سەر و ئیسفەنجی تەڕم بە دەموچاویانا دەهێنا. . ! خۆزگە دەهاتن و سەیرتان دەکرد، بزانن چەند تەیرێکی جوان دەردەچوون. . ! ماڵی مکیاجی ئەم ڕۆژەم بەقـورڕ گرت. . ! ئەو دەمـوچـاوە ناشیـرینانە چۆن حەشار دەداو دەیشارێتەوە. . ! بەسەری ئێوە هەر ئافرەتێکی ئەم ڕۆژە مەسرەفی سەیارەیەکی - ئاخچەمی - دەوێ، زەمانی دایکی کلۆلێ ئیمەش - بەردەشـۆر - هەبـوو، وەڵـڵاهی ئەت وت سمـارتەیە. . !! ئەو ساکە خەڵك فەقیر بوو بەزاتی خواو سەری ئێوە دایکی ئازادیان لێ مارەکـردبـووم ئێـوە چەنـد دیبووتان منیش ئەوەندە. . ! باوکم وەکیلم بوو، لەسـەر [سیقـە] بۆی مارەکـردم. . ! ئەوسـا کێ لە ڕووی دەهات لەو جۆرە شوێنانەدا ئامادەی مارەکردن و شتی وا بێ. . . . ! وەکـو ئێستـا بەقـور نەگیـرا بوو. . ! سمێـل دەوری هەبوو. . ! تاڵێ سمێل سیقەی هەزار دیناری هەبوو. . ؟ بەس سمێلی بۆیـەکـراو ناڵێم. . !! لە ترسی دەمی ئەو نامـووبـارەکانە دەبێ ئاوا باسی ژن هێنانی خۆم بکەم:
- بەســەری ئێـوە جەمـاعـەت ئینشـاڵـڵا سەری ئێـوەش بەدرۆ. ناخۆم. . . !! چەند ساڵێ دایکی ئازاد دەزگیرانم بوو ماڵێ ئێمەو ئەوان لە چاو ئەو ڕۆژگارەدا پێشکەوتوو بوون، ڕقی‌یان لە هەندێ نەرێتی ئەو کاتە بوو. . . ! کراوە بوون و بەدڵێ ئێوە بوون. . . !!!
دەسەڵاتم چی‌یە، قابیلە خۆم لەم مەزات خانەیەدا بشکێنم. . !! درۆودەلەسە نەما بۆیان نەکەم، بۆ ئەوەی نەیەنەوە سەروگوێلاکی خۆم. . . ! ئەوەنــدە زاڵم بوون حەپــولکیــان نەئـەدا. . . ! لە هیچەوە شتیان بۆ دەتاشیم! وەکو دومبەڵە دەست بەخوێندنەوەی ڕەقەمەکان دەکەن:
- بێ‌زەحمەت باوکی ئازاد لافاوەکەت لە بیرە. . . ؟

ـ له بیرم دێو له بیرم نایه. . ! وا دەزانم خەوە. . بەس شتێکی غەریب نی‌یە لەلام. . ! ڕوداوێکی وام له خەیاڵدایە. . . ! (شەقیش بەرن هەر خۆم گێل و منداڵە دەکەمەوە. . ! ئاوا دار بەرۆحتانا دەدەم. . ! چۆن لافاوەکەم له بیر نی‌یە! ئەوکاتە له پۆلی سێی ناوەندی بووم. . ! چەندەها ماڵی هەژارانی بەسەر ماڵ و منداڵدا داتەپان. . ! تەنانەت بێشکەی منالی ساوا بەسەر ئاوەوە بوو. . ! چۆن ئەو کارەساتەم له بیر دەچێ. . . . خۆشیتان بێ و ترشی‌تان بێ هەر له بیرم نایە، زۆر سەرکەنە سەریشم حاشای لێ‌دەکەم، ئەڵێم لافاو هەر ڕووی نەداوە. . . ! ناتانەوێ بمکەنە مەخسەرەی خۆتان. . !!

ـ دایکم: باوکی ئازاد ئەوەندە گەورە نی‌یە هەر بیست و هەشت ساڵ ئەگەر ببێ و نەبێ. . ! فەقیرە بەری دنیای نەخواردوە، ئازاد خوا بۆی تەمەن درێژ بکا له دووی زانکۆیە. . . ! بەسەرو سمێڵ نی‌یە کەوا بۆز بووە. . . ! قەهرو خەفەت وای لێ کردووە. . ! برواش ناکەم له ڕووی بێ دەرمانی لێ بدا. . ! خۆی بە پیاو دەزانێ. . ! بەخوا منداڵێ دوێنێ‌یە. . ! بەسەری ئێوە دایکم هەموو جارێ ئەی‌وت: تۆو باوکی ئازاد پێکەوە شیرتان خواردووە. . . ! خوشك و بران. . !! (دەك بەنەعللەت بی دەڵە ورچ بۆ ڕاستت، من له بیرم دێ کەی دایکی تۆیان بردووە بە بووکی. . . ! ئاخر شیری چی‌و تەرەماشی چی. . . ! پێ ڕابواردن وا نەبێ بۆچی چاکە. . . ! نەوێری بەدرۆی بخەیتەوە. . . ! مەلعونە قسەیەکی‌وای دامەزراندوە. . ! قفڵی له دەمم داوە. . ! هەر چ قسەیە بکەم زەرەری خۆمی تیایە!!) بەسەری ئێوە دەرمانی هەر لێ‌نادەم. . ! بوختانم بۆ دەکەن. . ! منالێ دوێنێ و ئەو جۆرە قسانە لەلای من پارە،ناکا. . ! تا تەواو ڕەشی قیریەکەی لێ نەدەم . . . !

زۆر سەهوون چاوتان بە باوکی ئازاد بکەوێ. . ! خەیاڵتان خاوە. . . ! ناتانەوێ ئا بەم سەروسمێڵە بۆزەوە بێمە لاتان. . ! دەترسم زەرەرتان بێت. . ! بەکوێرایی چاوتان ڕەشی نەکەم وەکو پەری ـ تاووس ـ شین و مۆر وسەوز نەنوێنێ زەحمەتە بمبینن. . . ! بیم و گەلە کۆمەکیم لێ‌بکەن. . ! بۆ نەگبەتی خۆم با ئەمەشتان بۆ بگێرمەوە. . ! ئەوەتەی ئەم دەرمانە شوومە دەست ناکەوێ! دایکی ئازادیش لێم لالووتە، خوا پێم نەگرێ دەستەکەم لای ئەویش ئیش ناکا، له قومارچی دۆڕاو دەچم. . ! ماوەیەکە قسە زۆر دەکا. . . ! ئەیدا بەگوێما. . !!

ـ باوکی ئازاد بیر لەوە نەکەیتەوە خۆت تەقاویت بکەیت، لای سەروومانەوە لێ‌بگریت. . . ! تا ئێوارە بەدیارمانەوە چیچکە بکەیت و ببیت بە موحامی مووبەق و دانیش بە دیارمانەوە بامێ قنچك بکەی. . . ! ئەوەندەی تر دڵمان شەق دەبات. . . !!! ئەوە بۆ دوو سەعات دەچێ لەبەر دەمی ئەم جامخانەی دوکانەدا چەقیووم. . . ! دوکاندارەکانیش لێم مۆڕ دەبنەوە. . ! بەکێم تێ‌بگەن ناهەقی‌یان نی‌یە ڕۆژێکی سەیر تێ‌کەوتووین. . ! پیاو ناوێرێ دوو جار بە شوێنێك دا بڕوات، ئیتر بە نەوعێك سەیری دەکەن، باوکم ناهەقی‌یان نی‌یە. . . !!!

ـ کاکە گیان حەماڵت ناوێ. . ؟

ـ نەء قابیلە تەلەفیزۆن و فەردە ئاردم کڕیبێت. . . ! کەی باوی حەماڵ ماوە. . . ! ماڵت بەقوڕ گیرێ ڕات چڵەکانم. . ! تۆ سەیرکەن، سەیری ئەو گوریس و قولاپەی دەستی، ئەی ئەو کۆپانەی پشتی. . ! وەڵلاهی ئا بەو تەرحە بڕۆیت بۆ ـ مەتحف ـ بە ئیمانم نایەڵن بێتە دەرەوە. . . !! خۆزگە ئەم خاوەنی دوکانە زوو دەهات و ڕزگارم دەبوو، له هەراوهوریای بازاڕو فرکانی منداڵە وردەواڵە فرۆشەکان بۆ ناڵێی لەپڕ هەر هەموو پێکەوە ڕادەکەن. . ! پیاو ڕادەچڵەکێنن. . ! هەموو بەیەك دەنگ هاوار دەکەن هات. . . هات. . ! نازانم ئەم هات هاتە چی‌یە. . ؟ خۆزگە ڕزگارم دەبوو له بۆڵەو خووتەی دایکی ئازاد. . . ! هەر ڕۆژەی بیانوویەکم پێ دەگرێ، تازە باسی تەمەن و مەمەنم لێ دەپرسێ. . ! گلەیی له بەختی خۆی دەکا. . ! شانسی خۆم. . له هیچت کەم نی‌یە کوڕو کچ پێگەیشتوون. . ! ئیتر چیت دەوێ له من خۆم دەردم زۆر کەمە. . ! بەزاتی خوا ئەویش لێم بووە بە ئافرەتەکانی دائیرە. . ! ئەوانیش له ئیش و چا خواردنەوە، بوونەوە دەست دەکەنەوە بە چەلەحانێ:

ـ بە خوا کچینە بڕوا ناکەم باوکی ئازاد سەروسمێڵی بۆیە بکا. . ! خۆی هەر وا ڕەش و بریقە دەداتەوە. . ئەوەندە ڕەشە

دەڵێی عەبای ژنانە..! باوکم بە ڕەحمەت بێ هەموو جاری دەیوت من و باوکی ئازاد لە هەرا گەورەکەدا پێکەوە بووین..!!

- توخوا بیبرنەوە...! پێم ناڵێن ئێوە چیتانە بەسەرو سمێڵ و تەمەنی...! کچی باشانە هیچ نەماوە باسی بکەن بەم ڕۆژگارە...! ئەوەندەتان باس کرد وەڵڵاهی ئەوەندەی تر چوتەوە...! سەری زمان و بنی زمانتان هەر باسی تەمەنی منە..! بوون بە مودیری نفوس و یاری بە تەمەنی من دەکەن...!

- ئای باشە باوکی ئازاد بۆ توورە دەبی...! دووگاڵتە نەکەین شەق دەبەین...! کاتەکە بەچی بکوژین.......!! خوابکا شەق بەرن، بەڵام بۆ لەسەر حسابی من؟ خۆ ئێوەش هەزار عەیبتان هەیە بەخوا جوانە!، کاتەکە لەسەر و سمێڵی منا دەکوژن...! وەڵڵاهی ئەمە دائیرە نییە تەمەڵ خانەیە..!

خاڵە ئەم لەتە بیتاقەیەم پێ ماوە...! بەیانی دەخوێنرێتەوە، شەش هەزار دینار دەردەچێ...! بەختم هەیە..! خۆت و بەختت دڵم خەبەری داوە بۆت دەردەچێ..؟ لێم بکرە....!

- بابە گیان بیتاقەی من لەم دوکانەدایە، خوا دەکا دەیکاتەوە... ئەوا بۆم دەرچووە.....!!! سەیر دەبوو ئێستا لەپڕ کابرای دوکاندار وەکو خدری زیندە پەیدا بوایە..! ئینجا چی لەوە خۆشتر هەیە...! دەرمانەکەم دەکڕی و بەپەلە خۆم دەگەیاندەوە ماڵەوە..! حەمامەکەشم بۆ دادەخست..! دەرمانە بۆرم بۆ دەگرتەوەو زۆر بەوەستایی لە سەروسمێڵم دەدا...! ماویەکە داخ لە دڵم بوێ، ئەمزانی چۆنم لێدەدا..! پاش چارەکە سەعاتێك دەستێکم بە سابوون دەشت... بە کەماڵی ئیستراحەت ئاووم دەکرد بە سەرما... ئەگەر خوا کردبێتی ئاو نەبرابێ...! بەسەری ئێوە سەروسمێڵم بیلادی دەردەچوو..! قاتە بۆریشم بۆ لە ئوتو دەدا وپێلاوەکانیشم بۆیاخ دەکرد..! بەیانی خۆم دەمزانی چۆن بە کەش وفشێکەوە لەسەر نووکی پەنجە بەرێوە دەرۆیشتم..! ئەگەر لێشیان پرسیم، ئەم ئیجازەیەت چۆن ڕابوارد؟ خۆم دەزانم چۆنیان بۆ ترش و خوێ دەکەم....! بۆ ئەوەی خەفەتیان بدەمێ...! نازانن هەموو ئیجازەکەم لە سەرو سمێڵی خۆما سەرف کرووە، دەڵێم!

- بەسەری ئێوە دەڕۆژی یەکەم بە ماڵ و منداڵەوە چووین بۆ هاوینەهەوارەکان...! ئەم جارەش بەچاوی ئێوەو بێ ئێوە ناخۆش، کاتێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد...! هاوینەهەواری چی ماڵێ بەقوڕ گیرێ بەسەری ئێوە تفت هەڵدایە نەدەکەوتە زەوی، بەڵام داد لە گرانیەکەی...! کێچ بەگا دەفرۆشن...! بەعەمەلی ئێمەمانان نایە...! دەبێ ساڵێك ڕێجیمی بۆ بکەین ئینجا د ێینەوە سەر تایمی خۆمان...! دەرۆژی دووەمیش بۆی نەخۆش کەوتم...! وەك عارەق خۆر، چۆن عارەق لێی دەدا..! هاوینەهەواریش ئاوا لیێ دام وە لە ماڵەوە بوێ کەوتم..! ماڵێ دۆستێکی وەکو ئێوە، ئاوا بێ..! بیتاقەیەکی دکتۆری بەغدای بۆ حیجز کردم..! وەکو دکتۆرەکانی لای خۆمان - پینەچی بن - بەسەری ئێوە کە چوومە لای ئەو ئەشیعەو دەرمانانەی لای خۆمان بۆیان نووسیبووم، کە دی چاوی پەڕیە پشتی سەری، هەر ئەوە نەبوو شێت نەبێ...! هەمووی لێ وەرگرتم، فڕێی دایە تەنەکەی خۆڵەکەوە! ئەشیوت نیوەی دەرمانەکان مەفعوولی نەماوە...! چاکیشە نەیکوشتوی، سەرتان نەیەشێنم فەحسێکی چاکی کردم و سەر لە نوێ دەرمانی کەی بۆ نووسیمەوە...! ئاوا باسی ئیجازەکەمیان بۆ دەگێرمەوەو دار دەدەم بە ڕۆحیانا...! ناتانەوێ باسی کلۆڵی خۆمتان بۆ باس بکەم...!!

ئەم کابرایە کێیە وا بە چوار دەوری دوکانەکەدا ئەخولێتەوە، ئەها فوویەکی کرد بە کێلونەکەدا...! چاوتان لێیە دەستی برد بۆ گیرفانی و کلیلەکانی دەرهانی، ئەرێ وەڵڵا دەرگاکەی کردەوە...! گوێتان لێیە ئایەتێکی ڕاست و چەپیشی بەسەر دوکانەکەدا خوێند...! لەوە دەچێ بۆ چاوەزار خوێندبێتی...! دە بەقوربان کارەباکە داگیرسێنە..! تەحەمولم نەما..! دەست خۆش دایگیرسان..! دڵێ منیشت ڕووناك کردەوە...! ئەها بە پەرەکەی دەستی کەلوپەلەکان و ڕەفەکان ئەتەکێنێ و ڕێکیان دەخا، با جارێ نچم و ئیشی خۆی بکا..! ئێستا لە دوکان دەچێ....! ئەم چەند ڕۆژە دەت وت دەرگای بەندیخانەیەو داخراوە...! ئەوە کابرایەکی کوێر خۆی کرد بەژوورا،

مندالەکەی دەستی گرتووە. . ! فرسەتە بامنیش خۆمی پیا کەم. . . ! قابیلە بمخوات. . : بەخوا شتێکی سەیرە. . . ! گوێتان لێیە. . ! کابرای کوێر داوای دەرمانی سەر ڕەشکردەن دەکا. . . ! باشە پێم نالێن ئەو کوێرە نەگبەتە دەرمانی سەری بۆچییە؟ ئاخر زەمانە. . . ! نەگبەت بەدوای چاوا بۆ ناگەڕێ. . ! چیت داوە لە دەرمانی سەر!! ڕووناکیەك هەبێت لە چاو دایە. . . !! گوێتان لێیە دەڵێ نەماوەو نیمانە!! لەوانەیە ئەوانەی جامخانەکەی لە بیر چووبێت. . . ! کەوا

- بەندە - مانگێکە پاسەوانی دەکەم. . . ! ئەوە بەمن بڵێ، بەسەری ئێوە شەق دەبەم. . !!!

- کاکە گیان دەمارنی سەر ڕەشکردنەوەم دەویست ئەگەر زەحمەت نەبوایە. . ؟

- نەوەڵلاهی نیمانە. . . ! شك نابەم ماوەیەکە زۆر کەمە!!

- کاکە گیان ئەوە ی ناو جامخانەکە. . . ! ئەگەر عەزێت نەبوایە، بۆت دەرهێنامایە. . . ! حەندیش دەفەرمووی دەیخەمە سەر چاووم. . . !

- ئەوەی ناو جامخانەکە بەعەمەلی تۆ نایە! بروا بکە!

- کاکە گیان دەستم دامێنت. . فریام بکەوە. . بەقیمەت یان بەهیمەت. . ! بۆ یەك مانگ دەچێ چاوەڕێی چەنابتم. . . تۆ بمدەرێ، خۆم و بەختم. . ژەهریش تیا بێ گەردنتان ئازادبێ. . !!!

- بەخوا کابرایەکی موزعیجی. . ! لەکۆڵی پیاو نابێتەوە! ها ئەوە هەر دوو پاکەتە کەو برۆ دەرەوە، پرەشم ناوێ: نەخۆشم و تەحەمولی جەنابت ناکەم. . . دەفەرموو ها. . . ! برۆ دەرەوە لە بەر چاووم . . . ! زۆر سەیرە لە سەدا نەوەدی ئەم خەڵکە خووی داوەتە دەرمانی سەر. . ! خوا دەزانێ لەچی دروست دەکرێ. . . ! نازانم هۆی چییە. . ؟ ڕیش وسمێڵی ئەم خەڵکە بۆ وا زوو دیزو ناشیرین دەبێ، لەوە دەچێ ڕیش وسمێڵی ئیستا هەمووی - عەمارە پۆ - بێ، قورئان بەهەقتان پیاوی وا بەدوای بۆیەی سەردا دەگەڕێ. . . ! خوێنی دوو شاری پێ دەکوژێتەوە. . . ! واسەر دەکابە دوکانەکانا. . . ! دەڵێ بەدوای قاپە خوێنا دەگەڕێ و دەستی ناکەوێ. . . ! ئەم بۆیەی سەرە زاڵمەی لێ عاسی بووەو چنگی ناکەوێ، کە دەچێتە هەر دوکانێکیش بۆ کڕینی دەرمانی سەر زۆر بەعەزرەتەوە. . . لەو دیو دەرگاکەوە جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. . . ! لەو وایە دەچێت بۆ بەنزین خانە. . ! خواخوایەتی کەس ناسیاوی لێ نەبێ. . . ! ئەگەر لێش بێ، خۆی تەریق ناکاتەوە. . ! داوای تۆری لۆکس یان مشەمای جۆنسۆن دەکا. . . ! دوایی دێتەوەو هەواڵی دەرمانی سەر دەپرسێ. . ! زۆر عەیبە کەی جاران وابوو. . . پیاوی پیاوانە تاك، تاك خەنەو وەسمەی تێدەگرت. . ! ئەوەیش بۆ ویقار! نەوەکو، وەکو ئەم خەڵکەی کە بەو جۆرە دەستی یان داوەتێ. . . !!!

ئەی لەو زاڵمە لایخۆی حاجی یەو تازە لە ژێر چەقۆ زگاری بووە وهاتۆتە دەرەوە. . ! خۆ پاکەتەکان بەتاڵن. . . ! خەریکە دڵم دەوەستێ. . ! توشی لەرز بووم. . . بۆیە کردمیە دەرەوەو پارەی لێ وەرنەگرتم. . . ! ئاخ ئیستا چی لە پاکەتی بەتاڵ بکەم. . . ! با داخی دڵێ خۆم بەم پاکەتە بەتاڵانە برێژم کە مانگێکە چاو - شارکێیان لەگەڵا دەکەم، شەرت بێ بتانخەمە ژێر لەقەوە چاکترە. . بادڵم ئاو بخواتەوە. . . ! ئەها سەیربکەن مامە حاجی جامخانەکە پاك دەکاتەوە! ئاخۆ ئەو جامخانەیە چەند حەزو ئارەزووی خەڵکانی گرتۆتە ئامێزی خۆی. . . ! ئێستاش مامە حاجی

بەئاسانی حەزو ئارەزووەکان. . ! چاوتان لێیە سەیری بکەن چۆن دەیسرێتەوە. . . . . . !

**چاوتان لە دوو پاکەتە بەتاڵەکەیە چۆن لەم سەرو ئەو سەری** قەیسەریکەوە بەدەم قاچی ڕێبوارەکانەوە وەکو تۆپ! ئەمسەرو ئەوسەریان پێدەکرێ. . ! وەرە شەق مەبە، پارەش بدە. . . ! جامێك قوپێ وئاوت دەست نەکەوێ بیدەی لە سەروسمێڵت. . ! قوپیە لە خۆت و خەڵکی بکەی. . . !!

- خاڵە پێلاوەکانت بۆیاخ ناکەی. . . ؟ بە سەد فلس ئەگەر بریقەم لێنەهانی پارەم مەدەرێ. . . ؟

- نەء بابە گیان جارێکی تر تۆبە ئیتربۆیاخ ناکەم. . . !!!

شانۆگەریەکی کورت لەیەك پەردەدا



# سبەینێ دەبێ بڕۆم

نووسینی: جلیل القیسي

سەلام محەمەد کردوویە بە کوردی

جێگا ویستگەی پاسی گشتی، ویستگەکە لە ئافرەتێك کە تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ دەبێت بەولاوە کەسی تری لێ نەبوو، پاڵتۆیەکی رەشی لە بەردابوو، جانتایەکی رەش، چاویلکەیەکی رەش، سەرپۆشتێکی رەش، پاش نەختێك منداڵێك بەدەم لەرزینەوە پەیدا دەبێت، پەیتاپەیتا فوو لە ناو لەپی دەکات..

**منداڵ:** (بە دەنگێکی پچڕپچڕەوە روو دەکاتە ئافرەتەکە) ئا... یا... پا.. سی ژمارە چوار رە.. ت بوو

**ئافرەت:** نزیکەی چارەکە سەعاتێك دەبێت..

**منداڵ:** (بە توورەییەوە وەك یەکێك پێوەی درابێ پێلاوەکەی بەزەویدا دەکوتێ) ئاخ... نا.. کێ دەزانێ پاسەکەی‌تر کەی یەت..

**ئافرەت:** دەبوایە لێرە بیت..

**منداڵ:** لێرە چاوەرێم دەکرد، هاتەوە بیرم کە دایکم رایسپاردووم سێ بەکرەی بۆ بکڕم..

**ئافرەت:** (بەسەر سوورمانەوە) بەکرە..؟؟ ماڵتان لە کوێیە.

منداڵ: لە ناوچەی تسعین.[١]

ئافرەت: بۆ لە تسعین بەکرە نی‌یە خۆ شارێکی گەورەیە.

**منداڵ:** وایە.. بەلام.

**ئافرەت:** ئەی بەم سەرمایە تەنیا بۆ کڕینی سێ بەکرە لە تسعینەوە دیێ بۆ شار..

**منداڵ:** نا.. هاتووم سەر لە خاڵۆم بدەم.

**ئافرەت:** (بە دەم زەردەخەنەو میهرەوە) باشە زیرەك.. تۆ لە قوتابخانەی؟...

**منداڵ:** (سەر دەلەقێنێ) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم.

**ئافرەت:** (بە میهرێکی زیاترەوە سەرنجی دەدات) زۆر باشە..

گوێبگرە، پێویستە دایکت بۆ شتی‌وا بچووك نەتنێرێتە شار...

**منداڵ:** ئەو هەرگیز قایل نی‌یە دابەزم بۆ شار، بەلام خاڵۆم خۆش دەوێ‌و حەز دەکەم سەردانی بکەم.

**ئافرەت:** باشە، چاکتر وایە بە یەکێك لە ئۆتۆمبیلە سارووخەکان[٢] بڕۆی کە لە پێش دوکانی ماسی فرۆشەکە دەوەستن، دەی برۆ.. سەرماکە

سەختە. . .

**منداڵ:** (بە دەم لەرزینەوە) وا ئەڕۆم. . . (چەند روانینێکی درێژ و شپرزە لەگەڵ ئافرەتەکەدا ئاڵ و گۆڕدەکات). . وا ئەڕۆم (دەڕوات).

**ئافرەت:** (ئاخ هەڵدەکێشێ). . وەك گەڵا دەلەرزێت (پیاوێکی پیر کە تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ. دەبوو پەیدا دەبێت چەند مەترێك دوور لە ئافرەتەکەوە دەوەستێ). . .

**پیاو:** (بە توورەییەوە) خودایە. . یان ئەوەتانی گەرمایەك دەتبرژێنێ وسیەکانت خاو دەکاتەوە، یان سەرمایەکی گۆشت بڕ وەك چەقۆی ڕیگرەکان (دیسان بە توورەییەوە) چەند سەعاتێکە ئەم سەرمایە وەك دەسکی هاوەن ئێسقانم دەکوتێ (ئاخ هەڵدەکێشێ)یان گەرمایەکی وەك دۆزەخ یان سەرمایەکی وەك سیبریا (تۆزێ دەچەمێتەوەو فوو لە ناو لەپی دەکات) سارد. . کوشندە. . کوشندە. . دروندانەیە.

**ئافرەت:** (بە نەرمیەوە) ڕاستە، مرۆڤ سەری‌سوور دەمێنێ لە وەرزەکانی ئەم وڵاتە.

**پیاو:** (ئاوڕی لێ دەداتەوە. لەسەرخۆ وەك یەکێك لەگەڵ خۆیدا قسە بکات) سەرمایەك. . . وات لێ‌دەکات بۆ هاتنی هاوین نوێژ بکەی زستان دەمان پەستێ‌و لوولمان دەدات، وەك ژووژگمان لێ‌یەت، هاوینیش زمانمان لە دەممان دەردێنێ‌و وامان لێ‌دەکات وەك سەگ هەناسە برکێمان پێ بکەوێت (وەستانێك) بەهار وەك تارمایی دێت و بزر دەبێ، پایزیش روخسارمان بە تۆزو با دەنەخشێنێ. . ئای. . نازانم. . . ببورە ئەرێ پاسی ژمارە شەش تێپەڕی.

**ئافرەت:** (بە وردی تێی دەڕوانێ) نازانم. پێش ماوەیەك پاسی ژمارە چوار ڕەت بوو. . .

**پیاو:** ڕۆیشت. . دەڕوات. . ڕەنگە پاش نەختێکی‌تر. . . (لە سەرما دەلەرزێ) بروانە خانم ئەم سەرما چەقۆییە چیمان پێ‌دەکات، بروات بێ نیوسەعات پێش ئێستا نەم دەتوانی زارم بکەمەوە. . ددانە دروستەکراوەکانم بێ‌توانای خۆم لە یەکیان دەدا.

**ئافرەت:** دەبوایە باشتر خۆت بپێچیتەوە، ئێسقانی مرۆڤ لە تەمەنی ئێمە ماناندا نەرم و بەتاڵە، پێویستە پاڵتۆ لەبەر کەی. .

**پیاو:** (دەست بۆ جلەکانی درێژ دەکات) ئەم بلووزە بە قەد بەتانیەك ئەستوورە. . چاکەتەکەو. . فانیلەکەی ژێرەوەو. . . وو. . . ئای. . هەندێ جار ناتوانم دەستم بجوولێنمەوە (وەستانێك) بێگومان، ئەختیاری. . ساڵە نەفرەت لێکراوەکان بە ڕق و قەپاڵی ژەهراوی تەنانەت ئاسنیش دەخۆن (کچێکی گەنجی جوان پەیدا دەبێ‌و لە تەنیشت ئافرەتەکەوە دەوەستێ). .

**کچەکە:** پاسی ژمارە چوار تێپەڕیوە؟

**ئافرەت:** ماوەیەکە.

**کچەکە:** (بەداخەوە) ئای. . ئائائا. . ئەمە چۆن سەرمایەکە. .

**پیاو:** گومان ئەکەم لەوەی تەنانەت ئێسقانی گەنجیشی لێ دەرباز بێت. .

**کچەکە:** ئۆی مامە. . ئاخۆ گەنجایەتی ڕووبەڕووی ئەم سەرمایە چی‌بکات.

**پیاو:** (بە نەرمیەوە) بێ ئاخ هەڵکێشان بەرگەی بگرێت.

**کچەکە:** (ئەویش بە نەرمیەوە) خۆزگە. . . بەڵام سەرمایەکی بەدە. .

**پیاو:** سەرمایەك. . . بەزەیی نازانێ، وەك بۆمبای دوژمن کاتێ دەتەقێتەوە گەورەو بچووك دەپێکێت.

**کچەکە:** (پێدە کەنێ. . چەند جارێك فووله ناو لەپی دەکات. . . بەلای چەپ و ڕاستا ئاوڕ دەداتەوە. . لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات) چاوەڕوانی چەندە

قورسە.. بە تایبەتی لەم جۆرە کاتەدا..

**پیاو:** (ئەویش لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات) مرۆڤ پێویستی بە تووڕەیی و هەڵچوونە هەتا ئازاری ئەم سەرمایە بێ‌دەنگ بکات.. پاسەکان وەك کیسەڵ هەڵدەکشێن.. دەڵێی لەوسەری دونیاوە هاتوون..

**ئافرەت:** (تەماشای ئاسمان دەکات... بە پیاوەکە) لەو بڕوایەدا نیت ئاسمان دایکاتە باران...

**پیاو:** (بە ساردیەوە) نازانم (بە وردی دەڕوانێتە ئاسمان) چاوم کزە.. (وەستانێك) ئایا ئاسمان ڕەنگی لە قورقوشمی تواوە ناچێت!..

**ئافرەت:** (خۆی و کچەکە خێرا تەماشای ئاسمان دەکەن) ئاسمان خۆڵەمێشیە.. ڕەشە...

**پیاو:** ئەگونجێ.. خۆزگە باران بە زووترین کات دایدەکرد و ئەم سەرما ڕوندانە نیمچە سیبریەی دەرەواندەوە..

**کچەکە:** ئای.. مامە، دەڵێی نیمچە سیبری.. وابزانم جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان سەرمای شارەکەمان و سەرمای سیبریادا نی یە.

**پیاو:** (سەری دەلەقێنێت) نا زیاد مەڕۆ.. بچکۆڵەکەم..

**کچەکە:** بۆ سیبریات دیوە؟

**پیاو:** نەء، کوڕەکەم لە یەکیەتی سۆڤیەت جیۆلۆجیا دەخوێنێت.. هەمیشە داویەتی لە دەست سەرما (کوڕێکی گەنجی ڕێکوپێك دێتە ژوورەوە.. لە کچەکە نزیك دەبێتەوە).

**کوڕەکە:** ئای.. گیانەکەم زۆر بەداخەوە.. ئەم سەرمایە وا لە مرۆڤ دەکات لە تووڕەییدا کوێرایی دایەت (دەستی دەگرێت) بەختەوەرم بە بینینت.. ببوورە.. دەمێکە چاوەڕێ دەکەیت؟؟

**کچەکە:** وام دانابوو پاسەکە هات بڕۆم، دەبوایە لە وادەی خۆتا بێ..

**کوڕەکە:** ببوورە.. دەی.. با بڕۆین..

**کچەکە:** تۆ لەو بڕوایەدای سەرماکە ڕێگای..

**کوڕەکە:** زۆر.. زۆر.. دەی بجووڵێ...

**کچەکە:** بەڵام..

**کوڕەکە:** (بە تووڕەییەوە) چی؟؟ جارێکی تریش.. سەرما پەیوەندی چی‌یە.. بابڕۆین.. بجووڵێ (دەڕۆن).

**پیاو:** (بە زەردەخەنەوە) سوێن دەخۆم ئەم سەرما ڕوندانەیە ئێستا بە گوێرەی ئەوانت دەبێتە شنە.. (ئاخ هەڵدەکێشێ).. بەڵێ ئێستا سەرما دەڕووخێ... وەك گوجیلە خۆی دەداتە دەستەوە و وەك گوجیلەش دەیان لێسێتەوە.. ئای.. گەنجایەتی..

**ئافرەت:** (پاش بێدەنگیەك) کوڕەکەت تەمەنی چەند ساڵە؟

**پیاو:** سی ساڵ، خەریکی ئامادەکردنی دکتۆرایە..

**ئافرەت:** ئای.. گەنجیشەو.. دادیەتی لە دەست سەرما...

**پیاو:** مەسەلەکە گونجانە، ئەزانی گونجان مانای چی‌یە.. دەڵێ لەگەڵ دە پلەی ژێر سفرەوە ڕانەهاتووم بگونجێم (بە پێکەنینەوە) بەگاڵتەوە بۆم دەنووسێت هەر ئەوەندەی شەپۆلێ سەرما بگاتە گوێ کەڕی دەکات، مێشکیش وەك دەنگی فیقەیەکی ناخۆش دەزرنگێتەوە..

**ئافرەت:** ئای هەژار

**پیاو:** یان بۆم دەنووسێت دەستم دەخەمە گیرفانی پاڵتۆکەمەوە بۆ تۆسقاڵێ گەرمی کەچی وردە بەفر لەو سەری گیرفانەوە پێشوازی لە نوکی پەنجەکانم دەکات، منیش لە ڕقا خۆمی پێ‌گەرم دەکەمەوە.. هاهاهاها...

**ئافرەت:** (بە دڵ خۆشیەوە) دەڵێی نامەکانیت ئەزبەر کردووە؟

**پیاو:** نەء.. تەنیا چەند ڕستەیەکی بچووك نەبێت (بە تەوسەوە) کوری سەگە بە زمانێکی جوان باسی خۆیم بۆ دەکات.. جارێك نووسی.. زیاتر لە هەزاران جار تاسەی بینینی ئەو دڵۆپە ئارەقانە دەکەم کە لەڕۆژانی گەلاوێژی خۆشەویستاو لە ژێر بای

ساردگەدا (مبردة) لە ملەوە بەسەر پشتا دێنە خوارەوە (وەستانێك) سەرنجدە چۆن سەرمایەکە لەوێ. . .

**ئافرەت:** (بە دڵ تەنگیەوە) هەژار. . . ئەی نامە بۆ دایکی دەنووسێت؟

**پیاو:** هێشتا تەمەنی دە مانگان بوو کە دایکیم تەلاق دا. . .

**ئافرەت:** بۆ؟

**پیاو:** نازانم. . . شێتی. . هەوەسبازی. . ئاوها بێ هۆ. . وەك هەر گەمژەیەك (وەستانێك) ئارەزوەکانم وەك تاقانەیەکی بەناز ئەو کاتە ئێجگار زۆربوون، ویستم بیگەڕێنمەوە. . نەمتوانی. . ماڵەوەی ڕێگایان نەدا. . منیش سوێنـدم خوارد چیتر نەیبینمـەوەو نەیشهێڵم چاوی بە کورەکەی بکەوێت. . .

خۆم و تاقە خوشکەکەم ئەم شارەمان جێ هێشت و چوینە بەغدا. .

**ئافرەت:** لەوەتەی ئەم شارەت جێ هێشتوە هەر لە بەغدای؟

**پیاو:** بەڵێ. . مانگێك دەبێ لێرەم.

**ئافرەت:** دیارە هێشتا بیرەوەریەکانت دەربارەی پاراستووە. .

**پیاو:** هەموویان بزربوون. . . شارەکە خۆی وەك جاران ناناسـمـەوە، زۆربـەی ناسیاوەکـانم مردوون و هەندێکیان وەك خۆم جێ یان هێشتوە.

**ئافرەت:** ئەی ژنەکەت؟؟ هێشتا هەر لێرەیە.

**پیـاو:** لە کوێوە بزانم. . ڕەنگـە ئێستـا ئەگـەر بیشیبینم نەیناسمەوە. . ، سی ساڵ یان زیاتریش، ساڵگار گشت بیرەوەریەکان قووت دەدەن.

**ئافرەت:** ئەی کورەکەت. . هەمان ئارەزووەکانی خۆتی هەیە. .

**پیاو:** نەخێر. . نەخێر. . ئەو زۆر لەسەرخۆیە. . بێ دەنگ و بەئـارامـە. . قوتـە وەك کەروێشـك. . هەمیشـە سەرکـەوتـووە لە خوێندندا. . زۆری حەز لە شیعرە (ئـاخ هەڵـدەکێشێ) زۆربـەی خووەکـانی دایکی هەڵگرتووە. . ئای. . دایکی. . بەڕاستی ئافرەتێکی بەرزبوو (وەستانێك) من هەرگیز شایانی ئەو ئافرەتە نەبووم. . نا. . نا. . من لەو مرۆڤانەم بۆ ژن هێنان دروست نەکراون. .

**ئافرەت:** ئەی بۆچی هەوڵت نەداوە بە درێژایی ئەم ماوەیە ببینیت؟؟

**پیـاو:** لەخۆبایی بوونێکی بێ مانا. . گەمژەیی. . ئای. . بیرم لەوەکـردەوە ژیانـێکـی تری بدەمێ لەگـەڵ زەلامێکـدا زۆر لە خۆم باشـتر (فـوو لەنـاو لەپی دەکات. . لە ڕادیۆیەکی دوورەوە دەنگی مۆسیقایەکی ناسـك و خەمگین دەبیسترێ. . تەماشایەکی ئاسمان دەکـات) باران. . تەنیا باران دەتـوانێ ئەم سەرمـا بەفرینە بتوێنێتەوە کە لوولانی داوە.

**ئافرەت:** (بە نەرمیەوە) ئەمانیش وشەی کورەکەتن؟

**پیاو:** نا. . نانا. . وەك خۆت دەزانیت لای ئێمە تەنیا باران سەرما دەکوژێت. .

**ئافرەت:** لام وایە. . نابوایە ئەوەندە درێژەدادری بکەم.

**پیاو:** نا خانمەکەم قەیدی نی یە. .

**ئافرەت:** بە تەنیا دەژیت. .

**پیـاو:** ئەختیاری، هەڵـەوەری. . . لێپرسینـەوە. . درێژە دادری. . بەڵێ، لە تەمەنی ئێمە ماناندا بەبێ ئەم جۆرە شتـانـە تەنیا لاشەین و هیچی تر (وەستانێك) چی؟؟ ئا. . بەڵێ تەنـیا دەژیم. . جاران لەگـەڵ خوشکەکەمدا بووم. . بیست ساڵ دەبێت مردووە. . بەڵێ بە تەنیا دەژیم.

**ئافـرەت:** نزیکـەی مانگێك دەبێت دەتبینم لێرە چاوەڕێی پاس دەکەیت. .

**پیـاو:** پارچـە زەویەکم هەبـوو فرۆشتم، مامـەلـەکـەی دواکەوت، ئیتر. . ، پێش هاتنی ئەم سەرما کوشندەیە ئێجگار دڵە بە ئاووهەوای شارەکە کرایەوە، دیمەنی

گردەکـانی لای ژووروو لە کاتی ئێوارەدا شەیدام دەکات و سەردەمی منالیم دەکەوێتەوە بیر.. ڕۆژانی خوێندن.. گشت ڕۆژێ سەفەرەکەم دوا دەخەم.. نازانم بۆچی.. نامەیەکی درێژ دەربارەی شارەکەم بۆ کورەکەم دەنووسم، گەنجایەتیم، ژن هێنانم.. کە بەداخەوە زۆری نەخەیاند..

**ئافرەت:** کەی بۆی دەنووسیت..

**پیاو:** لەگەڵ گەڕانەوەمدا..

**ئافرەت:** هەمیشە.. زووبەزوو نامەی بۆ بنووسە.. غەریبی قورسە.. وای لێبکە هەست بە بەختەوەری بکات.. بەم بۆنەیەوە ئایا تاقانەتە؟؟

**پیاو:** پاش تەلاق دانی ژنەکەم.. ژنیترم نەهێنا.. بەڵێ تاقانەمە.. ئای.. بێگومان بەردەوام بۆی دەنووسم.. ئەویش بە وشە شیرینەکانی بەختەوەریەکی گەورەم پێ دەبەخشێت.. (وەستانێك) ئەو بەختەوەرە..

**ئافرەت:** ئەها..

**پیاو:** زۆر شتی هەیە بەختەوەری بداتێ.. وانەکانی.. (سفیتلانا)ی کچە هاوڕێی... وێنەیەکی گەورەی بۆ ناردووم.. ڕوخسارێکی خڕو سپی وەك پەنیری کوردی.. پرچێکی زێرین.. نامەکانی من.. نەختێ «ڤۆدکا»ش خۆی واتەنی مەگەر تەنیا ئەو بتوانێ بەسەر سەرمادا زاڵ بێت..

**ئافرەت:** ئای.. چەندە بەرزە

**پیاو:** زۆری حەز لە دیمەنی دارو[٣] زەلاتەی رووسیە کەناوی سیمفۆنیای لێناوە.. بەکورتی ئەو بەختەوەرە.. بەختەوەرە.

**ئافرەت:** (ئاخ هەڵدەکێشێ) شتی جوانی دەربارەی شارەکەت بۆ بنووسە، ئاگاداریکەوە وەك جاران لەسەرخۆو.. کپ و.. بە وەفایە.. هیچ تێك نەچووە.

**پیاو:** کێ؟؟

**ئافرەت:** بنووسە.. بۆی بنووسە..

**پیاو:** بێگومان.. (خەریکە دەڕوات) لام وایە دەبێ بڕۆم.. ئەشێ ئۆتۆمبیلێکی ترم دەست کەوێ بمگەیەنێتە ئوتێل.. سبەینێ دەبێ بڕۆمەوە (دەجوولێتەوەو ڕوودەکاتە ئافرەتەکە) چاوەڕێی پاس مەکە.. نایەت.. ئەگەر ئاواتەخوازی سەرماکە سووکتر بێتەوە ئەوا بە پێچەوانەوە هەتا دێ درواندانەتر دەبێت.. وایلێیەت کورەکەم واتەنی وەك سەگێك خۆشەویستی خۆی بۆ گەورەکەی دەربڕێت ئێسقان دەلێسێتەوە (وەستانێك) با زووکەم.

(لە رادیۆ دوورەکەوە گۆرانیەکی خەمگین دەبیسترێ...)

**ئافرەت:** (بەدەنگێکی خنکاوەوە بە کوڵ دەگریت) خودایە.. پاش ئەم هەموو ماوە درێژە ڕێگات دام جارێکی تریش مێردەکەم ببینمەوە.. خودایە لێم گەڕێ تا دوا ساتەکانی ژیانم وەك چۆن تۆم خۆش دەوێت ئەویشم خۆش بوێ (ڕوانینێکی درێژ ئاراستەی ئەو لایەنە دەکات پیاوەکەی پیدا ڕۆیشت) لێم گەڕێ چۆن تۆم خۆش دەوێت ئەویشم خۆش بوێ.. لێم گەڕێ چۆن تۆم خۆش دەوێت ئەویشم خۆش بوێ.

**(١) تسعین: جاران گوندبوو، ئێستا گەڕەکێکە لە شاری کەرکوك.**

**(٢) سارووخ: لە جیاتی (فۆرد)ی ئێستا، جاران لەبەر تیژرەوی وایان ناو دەبرد.**

**(٣) دار: ڕاستیەکەی (بتولا)یە بەڵام وشەیەکی پڕ بە پێستم لە کوردیدا چنگ نەکەوت و وەك سپیندار وایە.**


**(*) لە کۆمەڵە شانۆگەریەکانی جلیل القیسی‌یەوە وەرگیراوە کە لەلایەن وەزارەتی راگەیاندنەوە بڵاوکراوەتەوە.**

چیرۆك

نووسینی:

ئەنا ماریا مەشادۆ[٢]

# پشیلەی لە توونا لە دایك بوو



وەرگێری لە ئینگلیزیەوە

ئەنوەر قەرەداغی

میگویل - هەشت ساڵ تەمەن و دوو باوك و پێنج وولاتی هەبوو و هەندێ کەڕەت لای گران بوو ڕێك خستنی ئەو هەموو ژمارانە لە مێشکیا یان کۆکردنەوەیان و لێ دەرکردن و لێك دان و دابەشکردنیان لەدڵیا!

زۆر جار هەوڵی ئەدا هەر شتە لە جێگای خۆی دابنێت و کە بۆی نە ئەکرا بۆ پێشەوەی ئەبردن و بۆ سەرەوەو ئەی

هێنـانـەوە بۆ خوارەوە هەروەکـو تۆپێ لە سەر گردێکـەوە بەربووبێتە خوارەوە وابوون لای.

تەمـەنی هەشت ساڵی زۆر نی‌یـەو کەمیش نی‌یـە، زۆر کەس هەشـت ساڵـن. خۆگەر هەشـت ساڵ نەبن ئەوا هەشـت ساڵ بوون یان ئەبـن وە زانـینی ئەمــەش شتێکی گران نی‌یە.

بەڵام دوو باوك! ئەوە سەیربوو لە لای چونکە هەموو کەسێـك یەکێکیـان هەیـەو هەنـدێك بەداخەوە هەرنی‌یانە، بەڵام دووان! چەنـد کەسێـك دووانیـان هەیـە هەروەکـو هەنـدێ لە هاورێکـانی ـ میگـویـل ـ بۆوێنـە ـ ئەدریـانە ـ دایك و باوکی لەیەك جیابوو بوونەوە کە ئەو مناڵ بوو بوو و دایکی شووی کردبوەوە وەکو دایك و باوکی میگویل ـ تومەز ئاـاوا هەنـدێ کەس دووبـاوکیـان هەبـوو بەڵام ئەدریـانە ـ جیاوازتر بوو هەروەکو خۆی ئەی ووت:

(میگویل ـ من وەکو تۆنیم من هەر باوکو نیوێکم هەیە، باوکم ـ جواوە ـ بەڵام ئەو لە گەڵمان ناژی هەرچەندە من خۆم هەموو کاتێ ئەتوانم ببینم و یەکشەموان لەگەڵ ئەوا ئەبـەمـە سەرجـار جاریش لە ماڵی ئەوان ئەنووم و کەی بمـەوێت تلفـونی لەگـەڵا ئەکـەمو هاورێکـانیشی هەمو ئەنـاسم و (ئەنتۆنیـو)شم هەیـە کە نیوە باوکـەکـەمەو ئەم لەگەڵمانا ئەژیو ئاگاداریم ئەکات و چیروکم بۆ ئەگێریتەوە کاتی نووستنم و دەرمانم ئەداتێ کە نەخۆش ئەکەوم بەڵام من پێی ناڵێم (بابە).

ـ (کەوابیت ـ ئەنتۆنیو ـ کەی تۆ وەکو باوکە ـ لویس ـ ەکەی منەو دایکم ئەڵێ ئەو تووەکەی نەچاندووم بەڵام ئەوە ئاووم ئەداتێ هەموو رۆژێ).

ئەدریـانە ـ سەرسـام بوو لە پاش تۆزێـك بیـرکـردنـەوە پرسی: (ئـەی باوکـەکەی ترت؟ وەکـو ـ جواوە ـ کەی من وایە؟) ـ میگویل ـ حەزی نەئەکرد باسی ئەم شتانە بکات چونکە لە ناخیا زۆری پێ ناخۆش بوو لەبەر ئەوە بە کورتی بری‌یەوە ووتی؛

ـ (ئاو نەء)

ـ (بوچی تۆ نای بینیت هەموو هەفتەیەك؟)

ئەنجـا پیش ئەوەی ـ ئەدریـانـە ـ لە سەری بڕوات ئەم پێی ووت:ـ

(بزانین کاممان زووتر ئەگەینە ئەو درەختە بە راکردن؟)

مەبەستی ئەوەبوو لەو گفتوگۆیە رزگاری بیت هەرچەندە خۆی نەی ئەتـوانی ئەو شتـانـە لە مێشکی خۆیـا دوور بخاتەوە. کە خۆی بەتەنیا ئەبوو یان شەوان لەکاتی نووستنا کە خەریك بوو چاوی ئەچووە خەوو پێش ئەوەی بەتەواوی خەوی لێ بکـەوێت. تەنـانـەت زۆر شتی ئەزانی لەبارەی بابەتەکەی خۆیەوە بۆ وێنە ئەیزانی کەوا ـ کارلوس ـ باوکی بوو وە ئەو بوو بووە هۆی هاتنە دنیاوەی وەکو باوکە ـ لویس ـ ی کە یارمـەتی ئەدا ببێت بەو کورەی ئێستـا ئەیـزانی ـ کارلوسی ـ باوکی لەداکی جیا بوو بووە کە ئەم زۆر مناڵ بوو بوو تەنانەت پێش لە دایك بوونی ـ ماریا ـ ی خوشکی هەر لەبــەر ئەوەش بووە ـ ماریـا غەمی ئەو دوو باوکی‌یـەی نەبـوو وەکـو ئەم هەروەهـا ئەیزانی کە پەنهـانیـەك هەبـوو لەبارەی ـ کارلوسی باوکیەوە چونکە زوو زوو نە ئەهات بۆ بینینی و هەر جارێك ئەهات شێوەی گۆرابوو، هەندێ جار چاویلکـەی لە چاو ئەکـردو هەنـدێ جار ڕیش و سمێڵی ئەهێشتـەوەو هەنـدێ کەرەتی دیکـەش ڕەنگی قژی جیـاواز بوەو لەهـەمـوو جارێکیشا ناوێکی دیکـەی هەبـوو، بەڵام ـ میگـویـل ـ هەمیشـە ئەیناسیەوەو ئەیزانی ئەوە کێ‌یە ئەوان بانگیان ئەکرد ـ بیشو ـ فیرناندو یان تیاگو ـ میگویل ـ یش هەروەکـو ئەوانی بانگ ئەکـردو لەیـاریـەکـەیـان گەیشتبـوو تەنانەت لاشی خۆشبوو بەڵام هەرکە بەجوتە ئەمانەوە یان کە دەستی ئەکرد بەملی باوکیا بە ئەسپایی ئەی‌چرپان بەگوی‌یا:

ـ (من ئەزانم تۆ ـ کارلوس ـ ی باوکمی ئەنجا باوکی زەردەخـەنـەیـەك ئەیگـرت و چاوی بۆ ئەتـروکـانـدو بەقـایم باوەشی پیـائـەکـردو ئەی گووشی ئەوە تەنها پەنهانی‌یان بوو کە پاراستـهـوویــان لای یەکتـری لە زۆر دەمێکـەوەو لەزۆر وولاتیشـا! ئەوەش لەبـەر ئەوە بوو چەنـد وڵاتیـك تێکـەڵی ئەوبـاره بووبـوون. لە پیشا ـ بەرازیـل ـ بوو کەدایـك و هەردوباوکەکەی تیا لە دایك بوون ئەوە ـ میگویل ـ ی

کردبوو به بەرازیلی ـ بەڵام ئەو لەوێ لە دایك نەبوو بوو لە ـ شیلی ـ لە دایك بوو بوو لەبەر ئەوەش بوو ئەم بەشێکی ـ شیلی ـ بوو هەمیشەش لەبیری نەئەچوو نەنکی ئەی ووت چی. . (یەکێك لە نەنکەکانی چونکە ـ میگویل ئەوەندە نەنك و باپیرو مامو خاڵو پوورو ئامۆزای هەبوو نەی ئەتوانی بیان ژمێریت لەسەر پەنجەکانی لەبەر ئەوەی پەنجەکانی بەشیان نەئەکردن ئەنجا نەنکی ئەی ووت. .

(ئەو پشیلەیەی لە توونا لە دایك بو بێت بە بسکیت گەورە نابێت) لەپێشەوە ئەم تێ نەئەگەیشت ئەنجا نەنکی بۆی روون ئەکردەوەو ئەی ووت!

(تۆ لە ـ شیلی ـ لە دایك بوویت بەڵام دایك و باوکت ـ بەرازیلین لە بەرئەوە تۆش وایت)

میگویل ـ شیلی ـ زۆر بیر نەمابوو چونکە کە ئەوێ یان بەجێ هیشتبوو ئەم زۆر مناڵ بوو و ئیتر قەد نەچو بوونەوە بۆ ئەوێ بەڵام دایك و باوکەکانی باسی زۆر باری چاکی ئەم ماوەیەیان ئەکرد کە لە ـ شیلی ـ ژیابوون و دڵنیا بوو گەر سەرباتەوە کە گەورەبوو زۆر لای خۆش ئەبێت ئەوە بوو ئێستا نەیان ئەتوانی بچن بۆ ئەوێ، نەشی ئەزانی لە بەرچی بەڵام تەمەن گەورەکان ئاوایان پێ ئەوت شتێکی تریش هەبوو کە رۆژێك ماوەیەکی زۆر لەپاش ئەوەی کە لە ـ موزەمبیق ـ ئەژیان لێیان پرسی؛

ـ (میگویل تۆ خەڵکی کوێیت؟)

ـ (بەرازیل و شیلی) وەڵامی دانەوە.

ـ (هەردوکیان؟ ئەی پەراووکەکانت هینی کام ووڵاتن؟)

ـ (پەراووك، پەراووکی چی ـ پەراووکی قوتابخانەم؟ وێنەکانم؟ هینی ئێرەن)

ـ (نەءمیگویل ـ باوەر نامەی لەدایك بوونت، پەساپورتن ئەو چەشنە پەراووکانە). نەیئەزانی وە کە لە دایکی پرسی پێی ووت:

ـ (هینی فەرەنسەن)

ـ (فەرەنسە؟ کەوابێ من فەرەنسیم؟)

ـ (ئەزانی کورم ئەوە روونکردنەوەی ئاسان نی یە بۆ تۆ ـ کە زورمان بوهات ـ شیلی ـ بەجێ بهێلین منوباوکت ـ بەرازیلی ـ بووین بەڵام خۆت و خوشکەکەت باوەرنامەی ـ شیلی ـ تان هەبوو، وە بۆ ئەوەی رێگامان بدەن هەموو بەیەکەوە دەرچین ناچار بووین هەموو ئەوراقەکانت بدەین بەوان.)

ـ (ئەوان کین)؟

ـ (پیاوەکانی ئەوێ، ئەوانەی فەرمان بەسەر هەموانا ئەکەن)

ـ ( ئەی لە پاش ئەوە؟)

ـ (ئەنجا ئێوە هەردوکتان بێباوەر نامە مانەوە، چی دیکەمان پێ نەکرا ـ لە ـ پەنەماو بەلچیکا ـ ش هەر وا بوون بەڵام لە دواییدا کە چووین بۆ ـ فەرەنسا ـ لەوی هەموو شتێکمان راستکردەوە)

ـ (چۆن؟)

ـ (باوکت چوو بۆ دائیرەیەکی میری لەوێ هەموو چیرۆکەکەی بۆگێرانەوە و کەوا ئێوە مناڵی ئێمەن و ئەو ئەوراقانەی پیشاندان کە هەمان بوون و ئیتر بروانامەی تازەیان دەکرد بۆ هەردوکتان هینی ـ فەرەنسی) بەڵام تیایانا تومار کراوە کە لە ـ شیلی ـ لە دایك بوون.

ـ میگویل ـ تۆزێك بیری کردوە و پرسی؛

ـ وتت باوکم چوو بو ئەوێ(کام باوکم؟) لە پاش بێ دەنگی‌یەکی کورت دایکی وەڵامی دایەوەو ووتی:

ـ (بێگومان باوکە ـ لویس ـ ت چونکە لەو کاتەدا ـ کارلوس ـ ون بوو بوو لە شوێنێك).

ـ (ئەی دایە باوکە ـ کارلوس؟) م لە ـ شیلی ـ نەبوو وەکو ئێمە.

ـ بەڵێ ئەو لە ـ شیلی ـ بوو بەڵام لەگەڵ ئێمەدا نەبوو، ئەو لە خانویەکی دیکە دا ئەژیا وە لەو کاتەدا ـ شیلی ـ مان بە بەجێهێشت زۆر شت گۆرابوو راکە راکە و ئاژاوە بووو

هەموو بەیەکەوە دەرنەچووین. ئێمە رامان کردە ناو باڵویزخانەیەکەوە ئەویش بەشێوەیەکی تر ئەوێی بەجێ هێشت باشتر وایە ئەوەندە پرسیار لەو بارەیەوە نەکەیت.

میگویل ـ ئەیزانی نابێت ئەوەندە بپرسێ لەو بارەیەوە، هیچی واشی لەبیر نەمابوو چونکە زۆر منالْ بوو لەو کاتەدا بەڵام کاروباری پاش ئەوەی ئەهاتەوە یاد کە لە ـ فەرەنسە بوون و لەوێ ئەچوو بۆ قوتابخانەی باغچەی منالاْن و کە چۆن رۆژێك بینی لە سەرشەقامەکە ئوتومبیلێك پربوو لەسەربازو بۆ شوێنێك ئەروێشتن ئەم لە پر ـ شیلی ـ کەوتەوە بیر مەترسیەك دایگرت بێ ئەوەی بزانێت بۆچی، بیری کەوتەوە ئەو رۆژەی ئەوەی رووی‌دا لە خوێەوە دەنگێك بەگوێ ئەهات وەکو دەنگی گولە وابوو و چۆن هاورێیەکی دایکی باوەشی پیاکردو وتی:

ـ (مەترسە چاوەکەم هیچ مەترسیەك نی‌یە هیچ شتێك روونادات لێرە). هەروەها بیرەوەریەکی دووریش هەبوو هینی زۆر پێش ئەوە هی شوێنێك ـ فەرەنسا ـ نەبوو وەدەنگی گولەی راستەقینە ئەهات و نەنکی دەستی بەسەریا ئەهێناو ئەی ووت

ـ مەترسە گیانەکەم هیچ شتێك روو نادات)

هەر لەو کاتەشا نەنکی ئەگریاو خوشکە ساواکەشی لە ناو کۆشیابوو نەشی ئەهێشت ئەم بچێتە نزیك پەنجەرەکەوە بۆئەوەی بزانێ ئەو دەنگانە چی بوون. دایکی بۆی رون کردبونەوە کە ئەوە ـ شیلی ـ بوو بوو تۆزێك پێش ئەوەی خۆی و باوکی خۆیان بشارنەوە ئەم و ـ ماریا ـ ی خوشکیشی لای نەنکیان مابووەنەوە ئەوەش پێش ئەوە بووە بچنە ناو باڵیۆزخانەوە کە لە بەرچاوی ـ میگویل ـ وەکو قەڵایەك یان ئەشکەوتی وابوو کەکەس نەتوانێ بچێتە ژوورەوە. ئەوەش پێش رویشتنیان بوو بۆ ـ فەرەنسا ـ چونکە ـ فەرەنسای باش لە بیرمابوو کە وڵاتێکی تری گرنگ بوو بۆ ـ میگویل ـ و ئالەوی بوو قوتابخانەو هاورێ ی هەبوو. جار جار دایکی باسی ـ پەنەما و بەلجیکا ـ ی ئەکرد بەڵام ئەم هیچی لەبیر نەمابوو لە بارەی ئەم دوو وولاتەوە ـ فەرەنسا ـ بەڵێ خۆش بوو لەوێ ـ کارلوس ـ باوکی ئەدی ومام و پوورو خالی ئەهاتن. براو خوشکی دایك و ـ لویس ـ و کارلوس ـ باوکی میهرەجانەکەو حەوزی مەلە کردنەکە کە ئاوەکەی گەرم ئەکرا هەرکە هەوای دەرەوە ساردبوایە ئەوانەی هەموو لەبیرمابوو بەڵام خەڵکی ئەوێ بە ـ پورتوگالی ـ گفتوگۆیان نەئەکرد و ـ پورتوگالی زمانی وولاتەکانی دیکەی ـ میگویل ـ بوو هەروەها ئەو زمانەبوو لەماڵەوە قسەی پێ ئەکرد لەگەڵ دایك و باوکیاو لەگەڵ ئەو خەڵکەی جار جار ئەهاتن و ماوەیەك لایان ئەمانەوە و ئەنجا ئەرویشتنەوە و نامەیان ئەنارد. ئەو زمانە بوو کەلە ـ بەرازیل ـ قسەیان پێ‌ئەکردو ئێستا تیا ئەژیان و پشوەکانی تیا ئەبردە سەر لای نەنك وباپیری و هەر پورتوگالی بوو بەکار ئەهات لەپورتوگال ـ کە شوێنێکی خۆشەو هەمویان ماوەیەکی تیا ژیابوون لە پاش بەجێ هێشتنی ـ فەرەنسا ـ و پرە لە خەڵکی روو خۆش و دەم وچاو پێ‌کەنیناوی پڕە لە گوڵاڵە سوورە پورتوگالی ـ زمانی ـ موزەمبیق ـ یشە کە ئەو خانوەخۆشەی نزیك ئاوەکەی لی‌بوو و دایك و باوکی لە قرچەی گەرمادا بە رووخۆشیەوە ئەگەرانەوە لە ئیش وە زۆر کەرەت ئەیان ووت ئەڵیی لای خۆمانەو بەوە بیرەوەریی ـ بەرازیل ـ یان ئەکردەوە ـ میگویل ـ بیری‌کەوتەوە کە چۆن خۆی و ـ ماریای خوشکی جارجار مانگێکیان لە بەرازیل رائەبوارد بێ‌ئەوەی دایك و باوکیان بتوانن بین لەگەڵیان و کە ئەهاتنەوە هەزار پرسیاریان لێ ئەکردن لە بارەی ئەو شتانەوە لەوێ بینیبوویان..

بەڵام ئێستا هەموویان گەرابونەوە بۆ ـ بەرازیل ـ بەهۆی ئەو لێ‌بووردنە گشتیەوە ـ وەکو گەورەکان ئەیان وت چەشنە یاسایەك بوو شتێك بوو بەهۆیەوە رێگە درابوو بەهەموان بگەرێنەوە تەنانەت کارلوس ـ باوکی سەری دەرخستبووەوە و هەمیشە ئەهات بولای میگویل ـ و ئەیبرد لەگەڵ خۆیا بۆچەند رۆژێك وەئێستا شێوەی هەمووکاتی هەروەك یەك بوو بگرە ناوە راستەقینەکەی خۆشی بەکار ئەهێنا. میگویل ـ هێشتا لە زۆرشت نەئەگەیشت هەرچەندە لەگەڵ زۆرشتیا راهاتبوو بەڵام چەند پرسیارێکی هەر هەبوو وەڵامەکانی نەئەزانی بۆ وێنە کە لێیان ئەپرسی ئەو لەگەڵ

چ تیپیکـا بوو ئەوە ئاسـان بوو لای یەکسـەر ئەیووت: (فلامینگو) و کە ئەیان پرسی لێی تۆ (کاریوکا[٣]) ـ ی یان ـ پاولیستا[٤]) ـ نەی ئەزانی چی بڵێ لەبەر ئەوە ئەی ووت (هیچیان) وە گەر لێیان بپرسیایە (تۆخەڵکی کوێیت؟) هەربەوە وەڵامی ئەدانەوە کە ئەی ووت:

ـ (خۆت هەڵی بێنە) بێگومان کەسیش بۆی هەڵنە ئەهات لەراستیشا خۆشی جارجار زۆر دڵنیا نەبوو لەسەر ئەوەی ئایا ـ بەرازیلیـە ـ یان چی وە ئایـا ئەم کە کوری کارلـوسە ـ بۆچی ناسناوی ـ لویس ـ ی درابوویە، زۆر کەرەت بیری ئا لەم شتانە ئەکردەوەو ئەی هێنان و ئەیبردن لەناو مێشکیا.

شەوێك کە لەماڵی باپیری بوو بیری لەم بابەتانە ئەکرد ەوە هەستی ئەکرد قازانجی ئەوەی دوو باوکی هەبوو ئەوەبوو کۆمـەڵـێـکـی زۆر مام و پوورو ئامـوزای هەبـوو بەڵام تێنەگەیشت قازانجی ئەوە چی بوو ئەو هەموو ولاتانەی هەبوو.

زۆر لەسـەر بیـرکـردنـەوەکـەی نەئەرۆیشت چونکە گرمە گرمی هەورەکە ئەهات و هەر تریشقەیەك جیهانی رووناك ئەکـردەوە و خۆ دەنگی هەورە بروسکـەی وا ئەهـات ئەت ووت پارچـەیـەکی گەورە لە ئاسمـانـەوە کەوتۆتـە خوارەوە رەشـەبـاکـەش ئەوەنـدەبـەهێز بوو لورەی ئەهات هەرچەندە تۆزێکیش ئەترسـا ئەو رووناکی و دەنگەی لا خۆش بوو خۆ دەنگێك ئەهـات ئەتـووت دەنگی یەکسـایی موسیقـایـەکی بەرزە بە تەپلێکی یەجگـار قایم وشمشـاڵێکـەوە هەر وەکـو راستی وابوون (میگویل) کە باش گوێی قوڵاغ کرد بۆی بێگومان بوو ئیتـر پەنجـەرەکـەی کردەوە تاکـو باشتـر گوێی لێبێت و بینیکـە باکـە چەنـد گەڵایـەکی دەرختـە ـ پاپـایـەکـەی[٥] لەحەوشەکەدا رائەکێشاو لە لقەکانی ئەکردنەوە و ئەیهێنان و ئەیبردن و ـ میگویل ـ یش لەبەرخۆیەوە هاوارێکی بۆکرد: ـ

(ئای کاکەی رەشەبا چەند شمشاڵێکی خۆشت دروست کردوە!) بەڵام باکە بەوە لە شمشاڵ لێدانی خۆی نەکەوت و دەنگەکەی ئەتووت شوانێکە لەسەر چیاکان هاوار بۆ بزن و مەرەکـانی ئەکـات یان درەختـە ـ ئیلامـەسـە[٦] کان بانگ ئەکات ـ میگویل ئەوەندە لەگەڵ ئەو دەنگەدا چێژ ی کردبوو وای ئەهـاتـە خەیـاڵ کەخۆی یان کورێکی دیکەی تەمەنی خۆی بە کلێتەیەکی خووریو و پاڵتۆیەکی گەورەوە بەسەر ئەو شاخـە بەرزانـەدا بێت و بچێت و شمشـاڵ لێبـدات بە توانای خۆی یان فیکە بکێشێت ـ میگویل ـ زۆر مەبەست بو لای فێـری فیکـە ببێـت وە زۆرکـەرەتیش مەشقی لەسەرئەکرد بەڵام تەنها ئەیتوانی هەوا بۆ ناو دەمی راکێشێ ونـەی ئەتـوانێ بۆ دەرەوەفـووبکـات و زۆر جار هەنـاسـەی سوارئەبوو بۆی نەئەکرا بەتەواوی فیکەکە دەربهێنێت ئەنجا ئا لەم خەیاڵ و کەین و بەینەدابوو یان خەوی لێ کەوتبوو لای پەنجـەرەکـەوە شتێـك وەکـو باڵنـدەیەکی گەورە بەرزی کردەوە چی بـوو نەیزانـی چونـکـە تاریـك بوو خەویش گرتبـووی بەڵام لەبـاوەشـە نەرم و گەرمـەکەی ـ کارلوسی ـ باوکیئەچوو هەڵی گرتو ئەیزانی کە هەرچەندە ئەم شێوەی دەم و چاوەیشی بگـورێت لەگـەڵ ئەمـا هەرگیـز ناگورێت و ئەم هەر ئەپارێزی و ئیتر چاوەکانی قورس بوو و خۆی دی خرایە ناو شوێنێکی گەرمی دڵگیرەوە.

پەراوێزەکان:

(١) ئەم چیـرۆکـە لەبـەشی ئینگلیـزی گۆڤـاری کۆمـەڵی نووسەرانی ئەفەریقاو ئاسیا وەرگیراوە.

LOTUS: JOURNAL OF AFROASIAN WRITERS ASSOCIATION , NO. 53 - 1983 pp . 100 - 105.


٢ ـ نوسەرێکی پێگەیشتووی ناسراوی بەرازیلە

٣ ـ کاریوکا: سەماو و ئاوازی سامبایە

٤ ـ پارلێستا: ساوپاولۆیە شاری گەورەی بەرازیل

٥ ـ پاپایە: دەرختێکی ناوچەی کاریبی یە بەرەکەی زەردەو وەکو میوە ئەخورێ. گەڵا گەورەکانیشی وەکو ترشیاتیان لێ ئەکرێت.

٦ ـ ئیلامەس: چەشنە درەختێکی میوەگری خواروی ئەمەریکایە.



"چیرۆکی خەیاڵی زانستی"

# وتوویژێك لەگەڵ مۆخ و مێشك دا

• زرنگ •

بەیارمەتی بیرو سەرنج و لێك دانەوە، لەسەر باڵی خەیاڵ فڕیم و، گەشتێکم کرد بەناو خانەو ژوورەکانی مۆخ و مێشکی ئادەمیزادێك دا .. ئای خەڵکینە چیم دی و، چیتان بۆبگێڕمەوە؟! : خانوویەکی ئەوەندە بچکۆلە بوو بستێکی تەواو جێگای داگیر نەکردبوو، قورسایی یەکەشی دووکیلۆ نەدەبوو، کەچی هەزاران هەزار ژوورو خانەی تێدابوو، لەهەریەکێك لەو خانە بچکۆلانانەدا کەبەچاوێکی ئاسایی نابینرێت یاساوڵێکی ئێشك گری تێدابووو،فەرمانێکی تایبەتی پێسپێردرابووو، کەپەیوەندی یەکی هەمیشەیی لەگەڵی دا بوو. کەباش سەرنجم لەم هەزاران هەزار ئێشك گرانە دا، هەندێکی زۆر کەمیانم لێ ناسین.. ئەو چەند دانەیەی کەمن ناسیمن و ، لەکارو فرمانیان شارەزا بووم، لەچاو ئەو گشتەی کە نەم ناسین و، نەم زانی کارو کردارو ئەرکی

سەرشانیان چی یە، وەکو تنۆکێ ئاو بوون لەدەریایەکی بێ پەیو بێ بن دا.

لەمۆخ و مێشکم پرسی: - واقم لێتان ورماوەو، سەرم سوورماوە، پێم نالێن، ئێوە چۆن پێك هاتوون و، کارو کردارو فرمانتان چی یە؟!

بەدەم زەردەخەنەیەکی پر لەگاڵتە پێ کردنەوە وەلامیان دامەوە، وتیان: - ئەی (زرنگ) راستە تۆ هەوڵ دەدەیت لەهەموو شتێك دا شتێك بزانیت، بەڵام بائەوەت لێ ئاشکرا بێت ئەو تۆزقاڵە زانینەی تۆو، ئەوانەی لەتۆش زۆر زانا ترن لەبابەت چۆنیەتی دروست بوون و کارو کرداری ئێمەی (مۆخ و مێشکەوە) لەچاو زانینی گشتی لەم بارەیەوە وەکو تیشکی مۆمێکی لاوازن بەرامبەر بەگرو بڵێسەی ناو کوورەی خۆر. ئەگەر بێت و مرۆڤ بەباشی شارەزا ببێت لەهەموو نهێنی یەکی مێشکی خۆیو، بتوانێت ئەو شارەزایی یەی بەکار بهێنێت، ئەو کاتە بەبوونەی توانای لەبن نەهاتووی زیرەکیو بیرو هۆشی مۆخ و مێشکیەوە دەبێت بەجڵەوگیری سروشت و هەموو هێزەکانیشی.. هەروەها مرۆڤ ئەوکاتە کرداری وابەهێزو پر لە زانستی دەکات کە ئێستابەخەونیش نای‌بینێت، تەنانەت ئێستا رێی خەیالیشی تێ ناچێت!!.. وەبەو ئاواتە زیندەگانیانە دەگات کەئێستا هەر خەوو خەیالیەتی.. (زرنگ) ئێمە ئێستا باسی هەندێکی زۆر کەم لەزانیاریو کارو کردارو فەرمانی خۆمانت بۆدەکەین، ئەوانەی کەمرۆڤ بەهۆی ئەو تۆزقالە ژیریو بیرو زیرەکیو چالاکی هۆشی یەوە هەیەتیو، هەروەها بەهۆی ئەو ئامێرانەی کەبۆئەم مەبەستە دروستی کردوون، دەرکی پێ کردوەو لێی شارەزابووەوە - هەر باسی ئەوانەت بۆدەکەین و لەوە پتر هیچ باسێکت بۆناکەین: چونکە زیرەکیو ژیریو چالاکی تۆو، هەموو کەسانی ئەم سەردەمە، لەوزەو تواناو کێشتان دا نی یە لەهەموو زانستی یەك بگەن و، وەری بگرن...

ئێمە کەمۆخ و مێشکین، پێك هاتووین لە هەزاران ملیۆن خانەو هەر خانەیەکیشمان وەکو ئێشك گرێك راپەراندنی کارێکی پێ سپێردراوە.. هەندێ خانەمان جۆرە چالاکی یەکی جێ گیرو نەگۆری هەیە، کەزیادو کەم ناکات بەرامبەر فرمانێك و زانیاری یەك بەهەول و کۆششی مرۆڤی خاوەن خانەکە هەندێ خانەشمان چالاکی یەکەی جێ گیر نی یەو، لەزیادو کەم بوون دایە، بەگوێرەی بیرکاری هەر مرۆڤێك لەو رووەوە! هەندێ خانەی دیکەش لەوانەیە جۆری ئەو فرمانەی کەپێی سپێردراوە، بگۆررێ بۆجۆرە فرمانێکی دی، بەگوێرەی بارێکی تایبەتی کەمرۆڤ پێی دا تێ دەپەرێت.. هەندێ خانەش لەوانەیە لەو فرمانە - لەوکارە - بکەوێت کەپێی سپێردراوە، بەبوونەی چەند هۆیەکەوە کەمرۆڤەکەی خاوەنی دروستی دەکات: وەکو خووی (جگەرە کێشان)، یان چەند خوویەکی دی لەمرۆڤێك دا، کەئەو مرۆڤە بتوانێت بەهۆی هێزی خو - راگرتنەوە - یان هەر هۆیەکی دی واز لەجگەرە کێشان بێنێت.. یان وردە وردە واز لە هەر خوویەکی دی بێنێت، ئەو خانەی مێشکەی کەئارەزوی جگەرە کێشانی پێ سپێردراوەو، لەئەنجامی ئەو ئارەزووەدا جۆرە تۆزێکی (گەردێکی) تایبەتی لەسەر نیشتوە، کە دەبێتە هۆی زۆر بۆهێنانی ئەو مرۆڤە بۆبەجێ هێنانی ئارەزوی جگەرەکێشان، هەروەها یان هەر خوویەکی دیکە، بەبوونەی بەرگری توندو تیژی ئەو مرۆڤە لەبەجێ هێنانی ئەو ئارەزووەو ئەو خووە ئەو خانەیە وردە وردە لاواز دەبێت و لەکار دەکەوێت.. هەتا ئەویش پتر لاوازو بێ کاربێت، ئارەزووی بەجێ هێنانی ئەو خووەیش لاواز دەبێت لەو مرۆڤەداو نامێنێت.. یان ئەگەر زانستیش زۆر پێش کەوت، دەتوانرێت بەهۆی نەشتەرکاری یەوە (عملیات) ئەو خانە هەرە بچوکەی کەبەچاویش نابینرێت لەمێشك دا - کەکاری بەجێ هێنانی ئەو خووەی پێ سپێردراوە - لابرێت، یان پاك بکرێتەوە لە

(گەردەکەی) کە لەسەری نیشتووەو، بووەبەهۆی ئارەزوو کردنی ئەو مرۆڤە لەبەجێ‌هێنانی ئەوخووە خوویش زۆرە لەمرۆڤ دا: وەکو ئارەزووی هەمیشە خواردنەوەی مەی لەهەندێك مرۆڤ دا، هەروەها دەم و لێوو پەنجە کرۆشتن، ، گاز گرتن لەلەپی دەست لەکاتی هەڵ چوونی دەروونی دا، یان چاوترووکاندنی بەردەوام و بەشێوەیەکی نائاسایی، یان دەنگ دەرهێنان لە گەرووەوە بەشێوەیەکی نائاسایی بەردەوامی، یان دەست هێنان بەسەر مل و ژێر چەناگەدا بەتایبەتی لەکاتی شەرم کردن و هەست کردنی ئەو مرۆڤە بەلاوازی کەسایەتی (شەخصیە)ی خۆی لەناو کۆمەڵێك خەڵك دا، یان بەرامبەر مرۆڤێکی لەخۆی گەورەتر، هەروەها یاری کاغەزێن کردن و تێر نەخواردن .واتە بێزار نەبوون ـ لەو یاریەیە، وەزۆرەها خووی کەیش

زانستی مرۆڤ زۆر کەمە لەبابەت جۆرەهای زانیاریو چالاکیەکانی موخ و مێشك و، چۆنیەتی کار کردنیان . . بەلام ئەی زرنگ ئەوا ئێمە کەمێك لەو زانیاریانەت بۆباس دەکەین: لەوانەی کەمرۆڤ تائێستا لێی شارەزا بووەوە، هەندێکیشی نوێیەو، مرۆڤ تازە خەریکە دەرکی پێدەبات و، پێی دەزانێت. . مرۆڤ ئەگەر بتوانێت جڵەوگیری کارو تواناو هێزو وزەی خانەکانی موخ و مێشکی (دەماغ) ببێت و، ئەوکاتە هەموو نهێنی‌یەکانی بخاتە ڕووو، بەکاری بێنێت بۆخزمەت گوزاریو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی، دەبێت بەزیندەوەرێکی زۆر بەهێزو توانا، بەجۆرێك بەیەك جاری زاڵ دەبێت بەسەر سروشت و، هەمو وشتێك لەم گێتیو جیهانەدا، هیچ هێزێکی دی ناتوانێت هاوتای ببێت! . هەروەها مرۆڤ دەتوانێت بەو بونەیەوە دەست ـ کاری زۆرشت بکا ، لەژیانی‌داو لەم سروشتەدا، کەئێستا بەخەیالیشی‌دا نایەت و، زۆر بێ‌هێزو لاوازیشە بەرامبەری.

بێجگە لەو پێنج جۆرە هەستەی کە مرۆڤ تا ئێستا پێی زانیوە وەکو: هەستی بینین و بیستن و دەست لێ‌دان و تام کردن و بۆن کردن ـ چەند هەستێکی دیکەش هەیە کەتائێستا مرۆڤ پێی نەزانیوەو، نەی توانیوە بەکاری بهێنێت و، ڕای‌بهێنێت بۆخزمەت گوزاریو، بەرژەوەندی خۆی . . وەکو : هەست کردن و پێ‌زانین بەرووداوێك پێش ئەوەی ڕوو بدات و کاتی خۆی بێت، یان ئاگادار بونەوەت لە بەسەرهاتی ئازیزو ناسیاوێکت لە شارێکی دوور، هەر وەکو لەلای تۆدا ڕووی دابێت، بێ‌ئەوەی ئەو کەسە خۆی هیچ باسێکی ئەو بەسەرهاتەی بۆکردبێت: ئەمەش بەبونەی بەیەك گەیشتنی (بێ‌تەلی) بیرو هۆشی تۆلەگەڵ بیرو هۆشی ئەودا ، وەلێ‌وەرگرتنی ئەو هەواڵەنەی کەپێ‌یەتی . . یان لەهەمان کات دا ئەوکەسەش ئاگادار دەبێت لەرووداوێکی تۆ لەو شارە دوورەوە، ئەویش بەبونەی گۆرینەوەی ئەو هەواڵانەی کەبەبێ‌تەلی بیرو هۆشی هەردووکتانە پاش ئەوەی شەپۆلە نەبینراوەکانیان بەیەك دەگەن!.

هەروەها خەو لێ‌خستن بەبونەی تیشکی ڕاکێشەری (موگناتیس) نەبینراوەوە، کە لە ئادەمیزادەوە دەردەچێت و، جڵەوی بەدەست خانەکانی مێشکەوەیە. . بەبۆنەی ئەو خەو لێ‌خستنە تایبەتیو نائاسایی‌یەوە (خەو لێ‌کەوتوو) دەبێت بەخاوەنی هێزو توانای بیرکاریو، زانایی‌یەکی زۆرو بێ‌ئەندازە لەدەرخستن و ئاشکرا کردنی ڕووداوو هەواڵەکانی پاشە ڕۆژ : چونکە بیرو ژیری ئەو مرۆڤە لەکاتی ئەو خەوتنە تایبەتی‌یەدا لەسنووری ئاسایی خۆی دەردەچێت و، هەموو هێزێکی دەجولێت بەبۆنەی زۆربوون و پڕبوونی ئەو تیشکە موگناتیسیانە لەو کاتەدا ، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە هەست و هۆشی سڕ بووەو ، بەخۆی نازانێت و، کەوتووەوتە بارێکی بەهێزو بەرگەگرتنی وانائاسایی‌یەوە تەنانەت دەتوانێت بەناو ئاگریش دا بڕوات، یان چەقۆو شیرو نەشتەر لەخۆی بدات، بێ‌ئەوەی هیچی لێ‌بێت ـ وەکو هیندوکەکان، یان دەروێش و تۆبەکارەکان، لەکاتی (حاڵ) کردنیان دا ـ ئەمەش لەئەنجامی جولاندن وبەڕەڵلا کردنی ئەو هێزە شاراوەیەی بیرو هۆشە (افکار) کەزاڵ

دەبێت بەسەر هەموو ئازارێک دا لەو مرۆڤەدا، وەئەم ئەنجامەش بەدەست دێت بەبۆنەی چەند جوولانەوەیەك و، جۆرە وەرزشە بیرێکی تایبەتی کەیان لە ڕێی بڕوای ئاینی یەوە، یان هەر دوور لەئاینیش پێك دێت ئەنجامی هەموو ئەم ڕێگایانەش ئەوەیە، کەهێزی لەبن نەهاتووی مێشکی مرۆڤ بەرەللا دەبێت. . هەر بەو شێوەیەش مرۆڤ دەتوانێت ببینێت بەبێ چاو، ببیسێت بەبێ گوێ، بدوێت بەبێ زبان و دەم و ئیشارەت کردن ـ واتە لەیەکتری تێ گەیشتن بەبۆنەی بەیەك گەیشتن بێ تەلی مێشکەکانەوە ـ هەر بەو جۆرەش دەتوانرێت بیرو نیازی هەموو ئادەمیزادێك بخوێنرەیتەوە بێ ئەوەی خۆی لەهیچ شتێك بدوێت، یان هیچ نیازێك دەربخات . . مرۆڤ لەپاشەڕۆژدا بەهۆی هێزی زانیاری مێشکی یەوە، پاش ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو زانستانە بەکاری دەهێنێت پەردە لادەبات لەسەر نهێنی یەکانی چۆنی یەتی دروست بوونی ژیانی خۆیو، زاڵ دەبێت بەسەر ڕێرەوی ژیان و هەموو سروشت دا. . . بەلام هێشتا زۆر زانیاری ماوە کە مرۆڤ دەرکی پێ نەکردووەو بەلایشی دا نەڕۆیشتووە

هەروەها چالاکی یەکانی بیرەوەری و یادکردنەوەیش بەشێکە لەچالاکی یەکانی ئێمەی (موخ و مێشك) کەئەو هەواڵ و ڕووداوانەی بەسەرت دا هاتووە ، یان لەمرۆڤێ کەت بیستووە، هەمووی لە (ئەستێرکی) بیرەوەریت دا پەنگی خواردۆتەوە، هەرجارەی یەکێکیان یان چەند دانەیەکیان. سەردەکەوێت و ، دێتەوە بە یادت دا بەگوێرەی پێویست، یان لە خۆیەوە، یان بەبۆنەی دروست بوونی بارو دۆخێکیوا کەشایانی ئەو بیرکەوتنەوەیە.

هەروەها جڵەوی هەموو ئەندامێکی گەورەو بچوکی لەشی ئادەمیزاد هەرلە دڵی یەوە هەتا هەموو ئەندامەکانی کەی بەدەست ئێمەی (مۆخ و مێشکەوەیە)، بەبێ فەرمانی ئێمە هیچ ئیش و کارێك ناکەن و ، لەئاستی ئێمەدا هیچ دەستەلاتێکیان نی یە، تەنانەت کانگای سۆزو هەست و نەست و هەموو گینگلێکی دەروونیی ئادەمیزاد : وەکو خۆشەویستی و، ڕق لێ بوونەوەو، بەزەیی و، ئارەزووی درندەیی یەتی و، پیاوخراپی کردن و، بەغیلی لێ هاتن ـ کانگاو سەرچاوی هەموویان لەئێمەدایەو جڵەویان بە دەست ئێمەوەیە! . .

وتم : ـ دەی باشە خەون چۆن دەبینین و نهێنی یەکانی چی یە؟! . .

بە زەردەخەنەیەکەوە وەلامیان دامەوە : ـ ئەی (زرنگ) بەڕاستی پرسیار زۆر دەکەیت پتر لەوەی لەتوانای زیرەکیت دا ببێت وەلامەکەی وەربگرێت و لێی تێ بگات . . بەلام واباسی خەونیشت بۆدەکەین بەوشێوەیەی کەبتوانیت لێی تێ بگەیت! . .

خەون بینین دوو جۆرە : جۆری یەکەمی ئاگادار کردنەوەتە لە ڕوداوەکان و بەسەرهاتەکانی پاشەڕۆژت، یان هی کەس و کارت، یان تەنانەت هی ئەوانەش کەباش نایان ناسیت. . وەهێشتا رووی نەداوە، ئەمەش بەبۆنەی ئەو هەست و ژیری یە پڕ لە توانایەی کە لە قوولایی مێشکت دایەو، لەکاتی نوستن دا وردە وردە سەر دەکەوێت: چونکە هەست و ژیری مرۆڤ دوو چینە چینی سەرەوە، ژیری یەکی ئاسایی یە لەکارو کرداری ئاسایی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنیت و بەستراوە بەژیانی ئاسایی و ڕێکو پێکەوە (الواقعی)، چینی دووهەم. . چینی ژێرەوەیە کەتوانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە، بەلام ئیش و کارەکەی ئاسایی یانە نی یەوە ڕیکوپێك نی یە، لەبەر ئەوە چینی سەرەوی ژیری (ژیری ئاسایی) نایەڵی هەموو کاتێك ئەو چینە ژیری یەی ژێرەوە سەرکەوێت و بکەوێتە جموجول، تەنها لە هەندێ بارودۆخی مرۆڤ دا نەبێت، یەکێك لەو بارو دوخانەش هەندێ جار لە کاتی نوستن دا ڕوودەدات، ئەویش بەبۆنەی ئەوەی کەچینی سەرەوەی ژیری لەکاتی نوستن دا سست و خاو دەبێت، ئیتر ڕێ دەدات بەچینی ژێرەوە بۆ ئەوەی سەرکەوێت و دەست بکات بەجموجول و، چالاکی نواندن، کەئەنجامەکەی دەرك کردنە بەڕوداوەکانی پاشەڕۆژ لەشێوەی خەون بینین داو ، پاش ماوەی چەند

ڕۆژێکی کەم، یان زۆر دێتە دی. . جۆری دووهەمی خەون : چونکە لەتوانای مێشك دایە هەستی درۆینە دروست بکات بۆئامادەمیزاد، بەجۆرێك جێی هەستی ڕاستەقینە بگرێتەوە بۆنموونە: مرۆڤێك دەتوانێت بەهۆی ئەو هەستە درۆینەوە واخۆی ڕابێنێت ـ پاش وەرزشێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ـ هەموو گەرمی‌یەك بەساردی تێ بگات و لەجیاتی گەرمایی‌یەکەی هەست بەساردایی بکات. . هەروەها بەپێچەوانەشەوە، دەتوانێت ساردی بە گەرمی تێ بگات، ئەو خەونانەشت کەئەم جۆرە هەستە درۆینەت بۆدروست دەکەن هەر بەو جۆرەیە: بووێنە ، لەخەونت دا بەشارو دێهاتەکان دا دەگەڕێیت، کەچی لەڕاستی‌دا هەر لەسەر جێگاکەی خۆتی یان لەخەونت دا توشی بەندیخانەو سزاو ئازار دەبیت، کەچی تۆ هەر لەسەر جێگە نەرم و گەرمەکەتیت یان دەچیت بۆلای خزم و دۆست و برادەرەکانت کەلەشارێکی دوورن، دەست لەملانیان دەبیت و گفتوگۆیان لەگەڵ دا دەکەیت، کەچی تۆ لەجێگای خەوتنەکەت دوور نەکەوتوویتەوە. . یان لەو خەونەت دا توشی شتی وا خۆش دەبیت کە لە خۆشی دا خوتووکە بەگیانت دا دێت، کەچی لە ڕاستنی‌دا هیچت دەست گیر نەبووە . . ئەمەش هەر بەهۆی ئەو هەستە درۆێنەوەیە کە مێشکت بۆتی درووست کردووە ، ئەو کەسانەی هێناوەتە بەرچاوت و، دەیان بینیت، لەو کاتەدا کە تۆ خەوتوویت و، چاویشت نووقاوە. . هەر وەکو وتمان لە توانای ئیمەدایە (موخ ومێشك) وا لە مرۆڤ بکەین بەچاوی نووقاوەوە هەموو شتێك ببینێت ، چونکە: چاو ئامێرێکی شت بینینە تەنها لە کاتی ئاسایی‌دا ، بەڵام ئەگەر مێشکی هەر مرۆڤێك بکەوێتە جۆرە یارێکی تایبەتی خۆی، دەتوانێت والەو مرۆڤە بکات بەبێ بینینی ڕاستەقینەی چاو هەموو شتێك ببینێت . . هەر بەو شێوەیەیش لەپاشە ڕۆژدا مرۆڤ دتوانێت کەسێك ببینێت و، لەلای دانیشێت و، لە گەڵی بدوێت و، هەموو هەواڵێکی لێ‌وەربگرێت و هەموو باسێکی بزانێت، ئەگەر ئەو کەسە هەزاران کیلۆمەتریش لەمەوە دوور بێت: . . بێ‌ئەوەی سواری فرۆکەببن و بچنە لای یەکتری، بێ‌ئەوەی (تەلەفوون) بەکار بێنن، بۆئەوەی لەگەڵ یەکتری بدوێن . . هەروەها بێ‌ئەوەی (تەلەفزیۆن) بەکاربێنن ، بۆئەوەی یەکتری ببینن. . ئەویش تەنها بەبوونەی دروست کردنی ئەو هەستە درۆینەوەیە کە هەموو مەبەستێکی ڕاستەقینەیان بۆ دەهێنێتە دی.

واتە ژیانت وەکو خەونێکی خوش و بەتام دەبێت : بێ‌ئازار ، بێ‌سزا، بێ‌خەم و خەفەت، بێ‌هەناسەی سارد هەڵ کێشان، بێ‌ئۆف ، بێ‌ئاخ، بەهەموو ئاواتێکت دەگەیت، بەهەموو ئارەزوویەکت دەگەیت، هەرچی‌یەکت بوێت لەچاو تروکانێك دا لەبەر دەستت دا دەبێت: وئەمانە هەمووی بەهۆی توانای موخ و مێشکەوە دێتە دی. . . لەم سەرزەمینەدا بەم جۆرە لەپاشە ڕۆژدا شوێن و کات هیچ گرنگی‌یەکیان نامێنێت و نابن بەکۆسپ لەڕێی ئارەزووەکانی مرۆڤ دا چونکە مرۆڤێك لەیەك شوێن و لەیەك کات دا دەتوانێت بەهەموو شوێنێك و بەهەموو جیهان دا بگەڕێت و، بسوڕێتەوەو، بەهەموو کەسێك بگات و هەموو هەواڵێك وەربگرێت، بێ‌ئەوەی لەو شوێنەی خۆی جووڵابێت بێ‌ئەوەی هیچ کاتێکی بەسەردا تێ‌پەڕی بێت. . هەمووی بەهۆی ئەو هەستە درۆینانەوەو کەمێشك بۆمرۆڤی دروست دەکات.

کە موخ و مێشك گەیشتنە ئەم ئاستی باس کردنە، هەموو لەشم کەوتە لەرزین، لەوە پتر خۆم پێ نەگیرا، پێش ئەوەی مێشکم تێك چێت و شێت بیم، بەپەلەپەل موخ و مێشکم بەجێ هێشت، لەسەر پاڵی خەیاڵ هاتمە خوارەوەو، خۆم کردەوە بەناو ژیانە ڕاستەقینە خۆش و ناخۆشەکەی ڕۆژانەم دا.

---

(**تێبینی**: ـ ئەم چیرۆکە خەیاڵیکی ڕوو لەزانستی‌یە (خیال علمی)، زادەی بیروڕاو بۆچوونی نووسەرە بەشێوەی گشتی‌و، سنوورێکی زانستی پەتی‌و دیاری‌کراوی نی‌یە، چونکە ئەو زانین و باسانەی کە ژێری نووسەر بۆی‌چووە هێشتا زانست پێی نەگەیشتووەو بەکاری نەهێناوەو نەی‌توانیوە بی‌سەلمێنێت.

# سێ کورتە چیرۆك و ڕەخنەکا سەرێ

سامي سليمان حاجي

هەوالنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/


سێ کورتــە چیــروك دسێ ژمــارێن لدویڤ ئێــك ژرۆژنــامــا هاوکــاری هاتنە بەلاڤ کرن. چیروکا ئێکێ (عــەریف عەبـدال)یـا سەیـدایێ هێـژا (جمـال بەرواری) دژمارە (٨٢٣) داو چیروکا دووێی (هەتا سالا نوی دهێت) یا چیـروك نڤیسێ گەنـج (قـاسم سلێمان بەرواری) دژمارە ٨٢٦ داو چیــروکــا (چ نینــە) یا برادەر (محسن عثمــان عبدالله) دژمارە ٨٢٧ دا

★ ★ ★ ★

بەری ئەز دەست ب ڕەخنــا خو بکـەم من دڤێت تشتـەکێ ئاشکـراو ڕاست بینمـە بیـرا خواندەڤاناو نڤیسەرا هەرچەندە نڤیسەر ڤی تشتی باشتر دزانن.

● ئەوژی ئەوە کو ڕەخنــە بو نڤیســەری چ شاعیــرێ چ چیــروکنڤیس .. هتــد، خودیکـەکـە لەنگیو کێماسیو باشیێن کارێ خو یێ ئەدەبی تێدا دبینت و دڤێت ل هیڤیا هنــدێ نەبت کو ڕەخنـەگر هەمی دەمـا ل لایێ وی بت و پەسنا کارێ وی بکەت ب باشیو بێژتێ کو کارێ تە یێ جوان و هونەریو ئارمانجبەرەو ... هتد، وبو خو ل سەر وی گوهی بنڤت.. نەخیــر ئەڤــە دێ بتـە خراب کرن نە ئاڤــاکــرن کو دڤێت ڕەخنــە یا ئاڤــاکـەر بت... ڕەخنـە هەڤالینیێ دئەدەبی دا نزانت و هەکە باپیرێن مە گوتیت (برا برایــەو بازار جودایــە) ئەم دێ بێـژین (بـرا برایـەو ڕەخنـە جودایە) وڕەخنەگرێ لدویڤ ڤی دروڤی نەجیت و لسەر ڤی بنیاتی کار نەکەت دێ کارێ وی یێ. بێ بها بت ل بەر چاڤێن خواندەڤانێن رەوشەنبیرو تێگەهشتی.

راستــی من دڤـیــا ڤی تشتی بێـــژم چنکی ئەم هەمی هەڤال و براێن ئێکن و هەکە ئەم ژئێك و دوو شەرم بکەین و لسەر خاترا هەڤالینیو هندەك هەوجەیێن دی چاڤێن خو ژ



قوسوری‌و ولەنگیا بنڤینن، ئەز دبێژم ئەم ب پێش ناکەڤین ... هەلبەت ئەم هەمی ڤی تشتی دزانین و باش دزانین بەلی من دڤیا بێژم بو بیر ئینان و دا هەرسێ چیروکنڤیس دلێ خو ڤەکەن بو پەیڤێن من و بەری ئەز ئاخڤتنا خو بدویماهیك دئینم دێ ئاخڤتنا ئەدیبێ مەزنێ کورد م. أ بوز أرسلان دانمە بەر چاڤێن خواندەڤانا وەکی دبێژت دەپێشەکیا کتێبا خودا (مەیرو) [خواندەڤان تم و تم نەینکا نڤیسکارە، نڤیسکار درەخنەیێن خوەندەڤان دا قوسورو کێماییو شاشیێن خوە دبینەو دخەبتە کو وان راست بکە....]

★★ ■ ★★ ■ ★ ★

تشتێ سەرنجا من کێشای و ئەز پالدایم کو ئەز لسەر ڤان هەرسێ چیروکا بنڤیسم ئەوە کو هەرسێك نەگە هشتینە رێزا کورتە چیروکا هونەرییا نوییا هەڤچەرخ، چ یا جیهانی، چ یا کوردی... براستی هندی کە کورتە چیروکە گەلەك وەرارا کری ل دەڤەرا مەو پێش کەت ل ڤان سالێن دویماهیکێو گەلەك ناڤێن هەین جهێ خو یێ کری دجیهانداو ئەم هەمی وان ناڤا دزانین بەلێ هندەك جارا ئەوژی هەکو هندەك چیروکنڤیسێن گەنج ئانژی یاراست ئەوە بێژم ئەوێن ژنوی دەست ب نڤیسینا کورتە چیروکێ دکەن... ڤان جارا دێ بینین کو ئەڤ چیروکە ـ کە جهێ د اخیێ‌یە ـ نە بە دلێ مەنە ئانکو نە ل وێ رێزێ نە ئەوا مە دڤێت چیروکا مە بگەهێتیو... ئەڤ هەرسێ چیروکە نموونەیە بو ڤێ ئاخڤتنێ.

وبەری ئەز هەر چیروکەکێ جودا وەرگرم من دڤێت بێژم کو چیروك نڤیسین نە تنێ (مەوهیبەیە) ئانکو مروڤی چەند (مەوهیبە) هەبت نابتە ئەگەرا هندێ کو چیروکێن جوان و هونەری بنڤیست و ژ بەر هندێ دڤێت چیروکنڤیس چیروکا بخوینت ژ هەمی رەنگاو ب هەر زمانەکێ بزانت و ... دڤێت رەخنا چیروکێ ژی بخوینت دا بزانت چیروك چی‌یەو چەوا هاتیەو یاسایێن نڤیسینا وێ چ نەو ... هتد ، چنکی نەهەر هزرەکا د سەرێ مروڤی دا وێ بتە چیروك پشتی مروڤ رێز کەت ل سەر کاغەزێو نەهەر چەند ئاخڤتنەك و دوو سێ رویدان دێ بتە چیروك...

● چیروکا (عەریف عەبدال) جمال بەرواری

---

ئەڤ چیروکە ژ چیروکێن شەرێ مە دگەل رژێما ئێرانی‌یە باچەپەلێ لەورا دێ ئاخڤتنا من لسەر وێ پیچەکێ جودا بت ژ چیروکێن دی.

هەرچەندە چیروکا شەری ژی وەکی چیروکێن دی

هەمیان ژلایێ هونەری و کەسانێن چیروکێ و... هتد ، ئانکو هەر ئەو یاسایە یا هەمی چیروک لدویڤ دچن بەلێ چیروکا شەری دڤێت هندەک مەرجێن خو یێن تایبەتی هەبن و ئێک ژوان مەرجا ئەوە کو چیروک دڤێت وینەکێ راست و دروست و (بەر ئاقل) ژ مەیدانا جەنگێ بو مە دانتە پێش چاڤ ب شێوازەکێ هونەری و جوان ، ئانکو دڤێت مەیدانا جەنگێ دیتبت و شەڤەکێ دووا ل گەل جەنگاوەرا نڤست بت وپیچەکێ سەرمایێ پشتا وی گەزاند با و گەرمێ هناڤێت وی سوتبان و زانیبا چەند (صەمونێن) لەشکرێ د (نەرم)و خوشن!.....

بەلێ هەکە ئەم بێین و هێڤ کەینە ڤێ چیروکێ دێ بینین کو، (عەریف عەبدال) ـ کە قارەمانێ چیروکێ یە ـ و ئەڤ رویدانا چیروکێ هەردوو دچێکرینە، ئانکو چیروکنڤیسی یێ ژخەیالا خو چێکرین چنکی:

(١) عەریف ل لەشکرییێ دوور بینێ نادەنەڤێ بەلکی خو ئەوێ ستێرەک دوو ل سەر ملا ژێ بن نادەنە ڤێ ئانکو تنێ ژ ئامری و بێهەل دشێت دووربینێ هەلگریت!

(٢) هەکو دوژمن لە هێڤیا تشتەکی بت وەکی عەریف عەبدال دبێژت «ئەز دبێژم ئەڤ شەڤە دوژمن یێ ل هێڤیا تشتەکی!» نەقیب کامیران ل ڤی دەمی نەشێت بێژتێ «عەریف عەبدال ئیجازا تەیا دروستەو دوو روژ ژی ژدەف من!» چنکی یازانا ئەو هەکو بەری دوژمن هێرشێ بکەت بچەند روژەکا ئیجازە کێم دبن .. ئەز دزانم مەبەستا چیروکنڤیسی ئەو بو کو بومە دیار کەت چەند عەریف عەبدال حەز ژ ئاخا وەلاتێ خو دکەت هەتا ئیجازا خو پاش ئێخستی ... بەلێ پا چیروکنڤیسی ژبیر کر کو ئیجازە نینن دەمێ هێرشا ...

(٣) ب راستی کاک (جەمال) گەلەک (عەریف عەبدال)ێ خو یێ مەزن تر لێ کری و نموونە بو ڤی تشتی دەمی عەریف دبێژت «ئەز دبێژم ئەڤ شەڤە دوژمن یێ ل هێڤیا تشتەکی» ئانکو عەریف عەبدال ـ نە ئێکێ دی ـ ئەڤ تشتە ئاشکرا کر ب شەڤەکێ .... بەلێ دیسا ل ڤێرە ژی یازانا ئەوە ـ نەمانە ئەو مروڤێن جەبهە دیتی ـ کو ئێنەتا دوژمنی دئێتە ئاشکرا کرن بەری چەند روژا بەلکی بەری چەند هەیڤا ژ لایێ هندەک ئەفسەرێن تێکەهشتی و خودان سەربور دڤێ مەیدانێ دا پشتی کو زانین بو کوم دبن لسەر لڤلڤین و هاتن و چونا دوژمنی ئەڤجا پشتی شروڤەکرنێ ودان و ستاندنێ لناڤ بەرا ئەفسەرا ـ نەک عەریفا ـ دێ زانن کا دوژمنی چ ئێنەتەو کەنگی دێ ئێنەتا خو بجه ئینت ئەڤ تشتەو هندەکێن دی وەکی ... «عەریف عەبدال بلەزو بەز قەستا جهێ نەقیبی کرو..» و.. «نەخێر ئەزبەنی ئەز ناچم ما تە نەگوت ئەڤ شەڤە شەڤا مێرانە..» دبێژم ئەڤە هەمی بونە ئەگەرا هندێ کو ڤێ چیروکێ ژدورهێلێ (واقعیەتێ) دوور بێخن و ب پەیڤەکێ دشێم بێژم کو ئەڤ چیروکە سەرو سیمایێ وێ نەیێ چیروکا شەری یەو ل سەر ڤێ هەمیێرا چیروکنڤیسی چ تشتێ نوی نەگوتیەو دەرگەهێ چ بابەتێن نوی نەڤوتایە «لەشکرەک ژ هێزێن لەشکری ئیجازا خو پاش دئێخت چنکی دوژمن دا هێرشەکێ لسەر هێزێن وا کەت» ... ئەز دبێژم ئەز چ تشتێ خەلەت نابێژم هەکە من گوت ئەڤ چیروکە ئانڤژی ئەڤ هزرە گەلەک جارا مە یا دیتی تلفزیونێ داو خواندی دکتێباداو گوهـ لێ بوی درادیونێ داو ب هەردوو زمانا.

ل دویماهیکێ هەکە ئەم ئان هەر خواندەڤانەک بپرست ئەرێ ما ئەڤە تشتەکێ فەرە چیروکنڤیس بزانت ... ما کارێ وی یە ڤان تشتێن هویر بزانت دکاربارێن لە

شکـــرییّدا ؟ ئەز دێ بەرسڤ دەم و بێـــژم هەکــە ئەم ڤێ چیروکێ دگەل چیروکێن شەری ئەوێن ب زمانێ عەرەبی هاتنە نڤیسین ل عیـراقێ هەڤبـەرکـەین - کە چیروکنڤیسێن عەرەب ل عیراقێ قوناغەکا دوورو درێژ دنڤیسینا چیروك و رومانا جەنگێ دا شەقاندی - دێ زانین چەند ئەڤ خبروکە یا ساڤاو سادەیە

★★ ■ ★★ ■ ★ ★

● چیروکا (هەتا سالا نوی)

---

قاسم سلێمـان بەرواری ناڤـەکێ نیـاسـە دجیهانا کورتە چیـــروکـێ داو گەلــەك چیـــروکێن جوان یێن هەین وەکی (هـزرەکـا ئازا) (فـەرمـانبـەر) (ژیان و پاشە روژ) بەلێ ڤێ جارێ نزا وی چییە؟! . . . لەزێ ل بەلاڤ کرنێ دکەت ئان چیروکێن خو یێن جوان ڤەدشێریت بو (کومەڵە چیروکا) خو یا پاشە روژێ؟. . . .

دڤـێ چیـــروکێ داو (هـــەر وەکی دهـــەمی چیـــروکێن سەیـدایدا) کەسـانێن وێ دبـاژارینە ئانکو دەم و رویدانێن چێـروکێ یێ ل باژێـریو. . وەدیـارە کاك (قـاسم) ژیـانـا گونـدا باش نزانت. . هەلبـەت ئەڤ تشتـە نا بیتـە ئەگـەرا باشیو نەباشییا چیروکا چنکی چیروکنڤیس یێ سەربەستە دهەلبژارتنا بابەتێ چیروکا خو، بەلێ ئەز دبێژم گوندو ژیانا گونـــدیـا ل کوردستـانێ بێـدەرەکـە یا نە دەست ڤەدایـە ،

بێدەرەکە یا ل هیڤیا وی یێ بخو ژێ بهەلینت ، شتاخەکە چیـــروکنڤیس - وهـــەر نڤیسـەرەك - دشێت چەنـدی بڤێت بابەتێن جوان و بها گران و و (واقعی) ژێ هەلبژێریت هەر وەکی گەلەك نڤیسەر وەدکەن چ ل ڤێرە چ ب ل وەلاتێن بیـانیو بو نمـوونـە چیـروکنڤیسێ روسی یێ بنـاڤ و دەنـگ (ئەنتون چیخوف زوربەی چیروك و شانوگەرێن خو ل سەر گونـدیـا وژیـانـا گوندا دنڤیسین و . . هەروەکی ئەم دزانین هەتا ئەڤرو ژی هەر ڤەکولین ولدویڤ چون ل سەر ژیان و

بەرهەمێن وی دئێنە نڤیسین. بەلێ پا هەکە مروڤ ل گوندا نەژیـــا بت دەمـــەکی (چ کورت و چ درێـــژ) تشتـەکێ نە بساناهییە مروڤ وان چیروکا بنڤیست ئەوێن باسێ ژیانا گوندا دکەن - هەر وەکی من ئەڤ تشتە گوتی لسەر چیروکا ئێکێ - ودڤێت ژبیرا مە نەچت کو ژیانا مە هەمیو هەر گاڤەك چیروکە ئچ ل باژێرا چ ل گوندا بەلێ من دڤیا بێژم کو ژیانا مە هەر ژ پێشین ل گوندا دەست پێ کرو ژیانا مە کوردا یاراست و دروست ئەوە ئەوا ل وێرێ دەست پێ کری.

ژبـــەر ڤێ چەنـــدێ هەکــە ئەم بێین و ڤێ چیـــروکێ بخوینین دێ بینین دیسا کەسان و رویدانێن وێ دچێکرینە ئانکـو ژ خەیـالا چیـروکنڤیسییـەو هەکـە وەنـەبت ژی ئەز دشێم بێژم کو هزرا ڤێ چیروکێ یل هاتیە وەرگرتن ژ دەرڤە!. . . .

ژنەکا نەشوی کری یا چل سالی «ڤێ شەڤێ دێ چمە چل سالیێ » ل خانیـەکێ بتنێو دیـارە ژی یا دەولـەمـەندە چنکی ئەگەر وەنەبا تەلەفزیون و تەلەفون نەدبون و. . هەر ئەو بخو ژیانا خو برێڤە دبەت ب پارێن خو. . وئەڤ ژنکە مێـرکـەکی حەژێ دکـرو وێ ژیحـەژێ دکر بەلێ «وەکی بازیێ زەر بو هەرو دلێ وی دچـــو نێچیـرەکـا نوی» وژپـەر هنـدێ هێـلا. . . ئەرێ گەلـو هون دگەڵ هندێنە کو ئەڤ ژنکە کوردە؟! ئان هون دگەل هندێ کوز ژنەکا کورد بڤی رەنگی هەیە؟!.

چیروکنڤیسی چ نیشان ئان چ وێنێن وەسا نە ئینایـنە کو مروڤ ژێ بزانت کو چیروکا وی کوردییەو هەکە ئەم ڤێ چیروکێ وەرگێرینە زمانەکێ بیانی قەت ئەم تێ نائیننە دەر کو ئەڤ چیـروکـە کوردییـە ، بەلێ هەکە چیروکەکا وەکی (کەوێ رکێ) ئان (هرچ و دار بەروی) ئان (سالا ئێکێ ژ خاندنێ) - بو نموونە - وەرگێرینە سەر زمانێ عەرەبی - بو نموونە دیسا - وێ گاڤێ دێ زانین چەند چیروکا کوردی پێناسینەکا تایبەتی یا هەی.

براستی هەكــو من ئەڤ چیــروكــه خوانــدی بیــرا من و فیلمێن (مصري) هات هەكو بشێوازەكێ نه دابینكەر (غیر مقنع) فیلم بكوتاهی دئێت ئان رویدانەك چێدبت و دڤێت مروڤ پێ (قنع) بیت و باوەركەت!؟

دڤێ چیروكێ ژی دا نزا چەواو بوچی ئەو ژنك پشتی وان سالێن درێژ بێ هویڤیو ئارمانج و پشتی «داڤێت سپی لناڤ مێرگا پرچا رەش شوین بوین و خیچێت زراڤ كەتن ئەنیا تەروحلی .. دیارە پاییز یانێزیك بوی. . .» دبێژم بوچی پشتی ڤێ هەمیێ ل یارێ كەڤن زڤری ما نە «وەكی بازیێ زەرە؟» .. نزا چەوا ب دوو پەیڤێن نەرم و ب (تەلەفونەكێ) زڤریو پەشێمان بو؟! ، چێدبت چنكی «هێشتا تێهنا ئەڤینا كەڤن ددلی وێدا مابو..» بەلێ مانێ وێ بخو هێلابو چنكی ب كێر نە دهات . . . ڤێجا چەوا لێڤە بو؟! ل ڤێرە دیسا چیروكنڤیسی نەشیا مە (قانع) بكەت چەوا ل ئەڤینا خو یا كەڤن زڤریو.. هەكە بێژت سترانا (عەمرێ بوری . بخوسارەتی) بو ئەگەرا هندێ ئەز دێ بێژمێ كو تە بهایێ ژنا كوردا هەڤچەرخ و كەڤن كێم كر ـ ئەڤە هەكە ئەم قانع بوین كو ئەڤ ژنە كوردە.

پەیڤا دویماهیكێ دەرهەقێ چیروكێ .. ژ لایێ روخساریڤە وەكی وێنەو پەسن و دەمێ چیروكێو مونولوج و رێكا دارشتن و راچاندنا وێ .. ئەڤە هەمی چیروكنڤیس یێ بسەركەتی بو تێداو یادیارە كو شیانەكا باش یا هەی دبارێ چیروكنڤیسینێ ،، بەلێ هەكە پیچەك خو زەحمەت بدەت وكتێبێن چیروكاو رەخنا وان بخوینت دێ شەنگستەكێ موكم و باش بو خو دانت.

ژلایێ ناڤەروكێ ڤە .. دێ بێژم برا پێتڤی نەبو تە خو ئێخستبا ڤی كوژیێ تەنگ و بچویك. . . دونیا مە یا بەر فرەهە!

● چیروكا (چ نینە)

دووەمین چیروكا كاك (محسن)ی یە پشتی چیروكا ویا ئێكێ (نەمەلەڤانیەك د ئەڤینێدا) ئەوا ل هاوكاری بەلاڤ بوی سالا پار.

براستی یا فەرە بێژم كو كاك (محسن) پێنگاڤەك باش هاڤێت دڤێ چیروكێ دا ب بابەتێ هەلبژارتی. . . كە چیروكنڤیس ـ وئەڤە رایا منە ـ دڤیت ئاگەهـ ژ ژیانا میللەتێ خو وهیڤیو ئارمانج و ئێش و ئازارێن وی هەبیت، و هەكە ئەو بو میللەتێ خو نەنڤیست ئەرێ پا كی دێ ئێت ژ دەرڤە بو نڤیست؟! ژبەر هندێ دبێژم كو (محسن)یێ شیای پێنگاڤەك باش و زیرەك پاڤێت.

بەلێ مخابن بابەتەكێ جوان ژبەر كێم شەهرەزایی یێ هاتیە بەرزەكرن و تێكدان و دگەل هندێ ژی روخسارێ چیروكێ ژی یێ سادەو وازە ـ كو ئەز دبێژم ژبەر هندێ بابەتێ چیروكێ یێ سەرەكی یێ هاتیە بەرزە كرن و تێكدان ـ لەورا دڤێت كاك (محسن) هێشتا خو رەنج بدەت و چیروكا بخوینیت بهەردوو زماناو دیسا كتێبێن رەخنا چیروكێ ژی بخوینیت هەكە بڤێت چیروكێن وی ب پێش كەڤن، چنكی تشتەكێ فەرە مروڤ بەرێ خوبدەتە بەرهەمێن چیروكنڤیسێن مەزن و بخوینت دا بو خو مفایێ ژێ وەرگرت ژ سەربورو بەرهەمێ وان . . . بەلێ دیارە كو كاك (محسن) چ چیروكێن وەسا نەخواندینە هەكە چەوا بابەتێ دوزەكا هو یا مەزن و گرنگ «هندەكا شڤێدی ئازادێ بری. . . ) دێ بڤی رەنگێ سادەو ساناهی پێش كێش كەت دڤێ چیروكا كورت دا. . . ئەڤە ژلایەكیو . . . ژلایەكێ دیڤە ئەو بابەنن وبخو ژی یێ بەرزە بوی لناڤ چیروكێو چ جهێ وەسا نەگرتیە هەر وەكی من بەری نهو گوتی .

لسەرێ چیروكێ دێ بینین پەروین یا دپێلێت ئەڤینێ وەربویو یا دكراسەكێ نەخوش دا «پانێ نوكە ئازاد ل هیڤیا منە. . . من و وی سپێدێ ژڤانە. .» بەلێ بوچیو چەواو ژبەرچ؟ . . . نزا . . .! وپشتی دخەو دچیت (!) خەونەكێ دبینت كو ئازاد زاڤایە بەلێ بێ بویك ـ دیارە كاك محسن دڤێت بێژت كو خەون بەروڤاژی واقعی نە

چنكى ئازاد دچيت و پەروين دمينت - پشتى هنگى ژخەو رادبت و سپێدێ بو ديار دبت كو هندەكا شڤێدێ ئازادێ برى . . . . . هتد.

ئەڤ چيروكا كورت دوزەكا سەردەم و مەزن دناڤ هناڤێن خودا دهەلگريت «پەردوين لهيڤيا هندێ بو بيتە سپێدەو بچتە ژڤانێ خو دگەل ئازادى بەلێ سپێدێ ئازاد نەمابو» ئانكو دشەڤەكێدا مروڤ نزانت كا دێ چ قەومت، بەلێ چيروكنڤيس ژ بەر كێم شەهرەزايى نەشيا برەنگەكێ هونەرىو كارتێكەر بو مە داريژت . . . ولڤيرە من دڤێت بێژم ئەرێ بوچى مرنا مروڤەكى دچيروكەكا وەكى (روندكەك) يا (أ. سلمان)ى دا دوو (روندكا) ژ چاڤێن مروڤى دئينتە خارێ بەلێ دوزەكا گرنگ و مەزن دچيروكا (چ نينە)دا قەت مويەكى ژ سەرێ مروڤى نا لڤينت؟! نزا ئەگەرا ڤى تشتى ژبەر رێكا نڤيسەرىيە د پێش كێش كرنا بابەتىداو ئاوا و روخسارێ چيروكێيە؟ . . . . . . . . .

هەر چەندە ئەم هەمى مەبەستا چيروكێ تێ گەهشتين بەلێ . . دڤێت كاك محسن بزانت كو نە هەر هزرەكا بت مروڤ دێ رێز كەت لسەر كاغەزێو دێ بتە چيروك . . . چنكى چيروكێ مەرجێن خو يێن سەرەكىو تايبەتى يێن هەين كو دڤێت هەر چيروكنڤيسەك بزانت.

دچيروكا (چ نينە)دا دێ هندەك لەنگىو كێماسيێن كاك محسن بو وىو خواندەڤانا ديار كەم كە دڤێت چيروكنڤيس ئاگەهـ لێ هەبت و ل چيروكا خو بزڤرت دوو سێ جارا ژى پێش بەلاڤ كرنێ.

ل سەرێ چيروكێ دەست پێ دكەت «دونيا تارستانە بەرف سەرمايە» پاشى بدويف را دبێژت «پەروين يا ديپلێت ئەڤينێ وەربوى. . .» ب سێ پەيڤا بومە كراسێ دونيا تێدا ديار كر كە تارىو بەفرو سەرمايە - ل ڤيرە كاك محسن پەيڤا بەرف يا بكار ئيناى كەچ جارا من گوهـ لێ نەبويە وى بڤى رەنگى بكار ئينا بت د ئاخڤتنا خويا روژانەداو ئەز دبێژم پەيڤا بەفر جوانترەو ئەم هەمى وەسا بكار دئينين - ئەڤ كراسێ دونيا تێدا هەڤبەندى نينە دگەل كەسان و رويدانێن چيروكێو چ مفا نە گەهانديە چيروكێو يازانا ئەوە كو تشتێ بێ مفاو ئەگەر چێنابت چيروكنڤيس بكەتە دچيروكێدا ئەگەر نەء . . دێ چيروكا وى يا هەلەشەو نەلێگداى بت. . ئەڤە ژ لايەكىو. . ژلايەكێ دى ڤە ئەڤ وێنێ (كورت و كێم) ئێك دى (بێ ئيناى كە چ هەڤبەندى دگەل بێ ئەولى نينە «پەروين يا ديپلێت ئەڤينێ وەربوى. .»، . . دناڤبەرا ڤان هەردوو وێنادا گەلەك دليڤە هەبوو كو چيروكنڤيس دشيا تەرخان بكەت بو هندەك ئاخڤتنا ئان وێنا ئان رويدانا دا (ذهنى) خواندەڤانى پێ ئامادە بكەت هەكو ژ وێنێ ئێكێ «دونيا تارستانە. . . .» دچيت بو وێنێ دوويێ (پەروين يا ديپلێن. . . .) دا خواندەڤان (قانع) ببت وتێ بگەهت ودا چيروك ژى يا لێگداى بت و چ برين و خو هەلاڤێتن ژ رستەكێ بو رستەكا دى تێدا نەبت.

ل جهەكێ دى دبێژت «سپيا تيەك ب دونيايێدا هاتە خار»و خروسكا بانگێ سپێدێ دا» و «پەروينێ ديت قەرەبالغەك يا ل بەر دەرێ ئازادى» ئەز دبێژم ل ڤيرە ژى يا ديارە نەلێگدان دچيروكێ دا.

ل عەردەكێ دى دبێژت (ئينا ب هەمى دەنگێ خو كرە گازى مالا وان (بجارەكێ)! هەمى رابونە ڤە ژ خەوێو قەستا دەرىكر» ئەرێ هەكە ئەم ڤان پەيڤابكەينەوێنە دمێژكێ خودا. . . دێ چ بينين. . . .؟!
نەمازە دونيا زڤستانەو ژنوى خروسكا بانگێ سپێدێ پێ داى.

● پێش ئەز ئاخڤتنا خو بدويماهى بينم من دڤێت بێژمە كاك محسن «تە سامانەكێ باش پێ هەى ژ سەربورا ژياێ خو ل گوندا. . . ب پيچەك خواندنێ وەكى ل سەرى مز گوتى. . . دێ چيروكێن جوانتر نڤيسى. . . . . .)

سەرگوڵ تەیمور

# چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی لە وەرگێڕانەکەی «برایم زەبوک»

- یەکێك لە بەشە هەرە گرنگەکانی ئەدەب وەرگێڕانە، کە بە هۆیەوە ئەتوانین ئەدەبەکەی خۆمان بە بێگانە بناسێنین هەروەها خۆیشمان بە وەرگێڕانی ئەو شاکارانە کە زمانی نوو سەرەکانیان نازانین دەوڵەمەند بکەین. بەڵام لە نێوان زانین و نەزانینی وەرگێڕاندا تەنیا موویەك هەیە واتە تەنیا تۆزێك لادان لە دەقەکە زۆر لە مەبەست ئەگۆڕێت جاری واش هەیە زۆر دەشێوێت جا بۆ ئەوەی شێواندن نەکەوێتە دەقەکانەوەو شتی ناقوڵاش بەسەر ئەدەبەکەماندا نەسەپێنین، دەبێت هەر وەرگێڕێك شارەزای تەواوی هەردوو زمانەکە بێت، ئەو زمانەی کە لێوەی وەردەگێڕێت و ئەوش کە بۆی وەردەگێڕێت سەرەرای ئەوەی کە وا بزانم هیچ نەبێت دەبێ چەند بەرهەمێکی نووسەرەکەی خوێندبێتەوە ئەگەر هەموویشی نەخوێندبێتەوە هیچ نەبێت بتوانێت شتێك هەڵبژێرێت لەگەڵ باری ژیانی کۆمەڵەکەیدا بگونجێت نەك بە خراپ کار بکاتە سەر خوو رەوشتی کۆمەڵەکەی. بە هەر شێوەیەك بێت وابزانم وەرگێڕەکان خۆیان چاکتر لە مەبەستم دەگەن، بۆیە لێرەدا وای بە چاك دەزانم درێژەی پێ نەدەم و تەقە لە دەرگای مەبەست بدەم چونکە وا دیارە رەخنەگرە شارەزاکان لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی بە هیچ جورێك دەرگا لە بەردەم وەرگێڕانەکەی کاك «سعید یحیی الخطاط»دا ناخەنە سەر پشت کە بە ناوی «برایم زەبوك»ەو یەکێکە لە کتێبەکانی نووسەری تورك عەزیز نەسین.

لە یەکەم لاپەرەی پێشەکی یەکەوە هەڵە دوای هەڵە دەکەوتنە بەرچاوم، لە سەرەتادا گوێم نەدایەو وامزانی هەڵەی چاپە بەڵام بینیم لاپەرە دوای لاپەرە هەڵە پەرەدەسێنێت بۆیە بۆ یەکەم لاپەرە گەرامەوەو بەووردی تا دوا لاپەرە خوێندمەوەو چەند جۆر هەڵەم تێیدا دەست نیشان کرد یەکەم: هەڵەی چاپ رەنگە ئەمە بۆ یەکێکی‌تر زۆر گرنگ نەبێت بەڵام بۆ تۆ شێوەیەکی تر وەردەگرێت چونکە وەك بیستومە خۆت بە کتێبەکەدا چوویتەوەو هەڵەکانت چاك کردووەتەوە کەچی لە لاپەرەی وادا چەندین دێری سەیر بە هەڵە کەوتووەتە ناو چیرۆکەکەوە کە هیچ جورێك لەوێدا واتایان نییە.

دووەم: بەکارهێنانی هەندێك ووشەو زاراوەی کوردی لە شوێنی سەیر سەیردا. وەك بڵێین رەنگە واتاکەی نەزانێت.

سێ: زۆر وشەی عەرەبیت بەکار هێناوە کە بە کوردی بەرانبەرەکەی هەیەو بگرە جوانتریشە.

چوار: هەرچەندە نووسەری ئەم کتێبە تورکەو بە تورکی کتێبەکەی نووسیوە بەڵام لەوە دەکات تۆ لەفارسی‌یەوە وەرت گێرا بێت، ئەمەش شتێکی ئاسایی دەبوو ئەگەر وەرگێرانەکەت تەواو بکردایە نەك رستە فارسی‌یەکان و ووشە بێگانەکانی کە فارس لە زمانێکی ترەوە وەریان گرتوون و بەکاریان دەهێنن تۆ وەك خۆیان دایان بنێیتەوەو لەهەر لاپەرەکەیدا ڕێنووسەکەی بە جۆرێك بنووسیت.

ئەمەش چەند نموونەیەك لەوانەی باسمان کرد:

- لە لاپەرە (٣) دێری (١١) نووسیووتە لەبەر چەند هۆیەکەوە بۆم نەلواە

● دەبێ بڵێیت «لەبەر چەند هۆیەك».

- لە لاپەرە (٤) دێری (١) برادەرێکی ئەدیب وادەی دامێ».


● ئەتوانی ئەم ووشەیەکە لە عەرەبی‌یەوە هاتووە بەکار نەهێنی‌و بڵێیت (بەڵێنی دامێ» یان (بەڵێنی پێ‌دام).

- لە لاپەرە (٤) دێری «٢١» «فری لێ نازانمەوە»

● نازانم بۆ بۆ لەسەر دانانی «ەوە» بۆ هەموو وشەیەك دادەگری؟ لە راستیدا دەبێ بەم شێوەیە بێت «فری لێ نازانم»یان هیچی لێ‌نازانم

- لاپەرە (٩) دێری (٨) «ئەوەی بینیبم)

● ئەوەی بینیبێتم «یان» ئەوەی بینیومە



- لاپەڕە (٩) دێری (١٤) «بەرهەم و کەرەستەی خۆیانیان بفرۆشنێ و پارەیان لێ بەردەنەوە»..

● جوانترە «بەرهەم و کەرەستەی خۆیانیان پێ بفرۆشن و پارەیان لێ دەربێنن چونکە (بەردەنەوە) بۆ پارە بە کار نایەت.

- لاپەڕە (٩) دێری (١٨) «عادەتیان بە کێشانی جگەرەی ئەمریکا کردووەو .

● « کێشانی جگەرەی ئەمەریکایی‌یان کردووە بە خوو

- لاپەڕە (٩) دێری (١٩) «ئەمریکا دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی دونیا بە جگەرە دەست پێ کردووە!»

● ئەمــەریکا دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی دونیادا بە جگەرە دەست پێ‌کردووە

- لاپەڕە (٩) دێری (٢٣) «بە ڕوخسەتتان دەگەڕێمەوە ئەسڵی مەبەست»

● بە یارمەتیتان بۆ بنەڕەتی مەبەستەکەم دەگەڕێمەوە»

- لاپەڕە (١٠) دێری (٥) «نەمتوانی لە ژوور بمێنمەوە ...»

■ «نەمتوانی لە ژوورەوە بمێنمەوە»

- لاپەڕە (١٠) دێری (٧) «چەرچەف و سەرینەکەم ئاڵ و گۆڕ بکەن»

● « سەر جێگـاو سەرینـەکـەم بگـۆڕن» چونکـە ئاڵ و گۆڕ بۆ گۆڕانەوەی شتێك بە شتێکی تر بەکار دێت نەك وەك تۆ لێرەدا مەبەستتە.

- لاپەڕە (١١) دێری (٣) «بەکۆنە پارچەی پەڕۆ مێزو کورسی‌یەکان پاك دەکاتەوە».

● (بەپارچەپەڕۆیەکی کون کورسی‌یەکان پاك دەکاتەوە)

● لاپەڕە (١١) دێری (٤) «بەرەو مەنجەڵەکانی چێشت هەنگاوم نا»

● «بەرەو مەنجەڵی چێشتەکان هەنگاوم نا»

- لاپــەڕە (١١) دێری (١٥) «کەم وکەسەری چێشتخانەی لە من ساندەوە .

● « کەم و کەسەری چێشتخانەی لەمن سەندەوە...»

- لاپەڕە (١١) دێری (١٧) «نازانم بۆ هەموو کەسێ وایە یانیش منی بەگەشتەوە حسێب کرد.»

● نازانم بۆ هەموو کەسێك وایە یان منی بەگەشتەوەر حسێب کرد».

- لا پەڕە (١١)٠ دێری (١٨) «لەڕێگا بینیم کابرایەکی مووزەردەی سپیلا نە لەتەك ئۆتۆمبیلێکی مۆدیل نوێ وەستاوەو.....»

● «لەڕێگـادا کابـرایـەکی مووزەردی سپی‌کـەلانەم بینی‌و لەتەك ئۆتۆمبیلێکی مۆدیل نوێدا وەستاوەو.....»

- لاپــەڕە (١١) دێــری (٢١ ـ ٢٢) «دەپــانــزە ژن و منــداڵی دەوردابوون و «.

● دە پانزە ژن و منداڵ دەورەیان دابوو»

- لاپەڕە (١٢) دێری (١) «وەڵێ ئەڵمانی بەڵەدم

● «بەڵام ئەڵمانی ئەزانم» چونکە ئەو ڕستەیە زۆرتر فارسی بوو تا کوردی.

- لاپەڕە (١٢) دێری (٣) «تەماشای منداڵ بە گاشە برد..»

● «تەماشای منداڵ بە تاشە بەرد» هەرچەندە تاشە بەرد ئەوەندە گەورەیە کە بیست منداڵ ناتوانێ هەڵیبگرێت.

- لاپەڕە (١٢) دێری (١٥) خۆ ئەمە هەوەڵ جار نیە!»

● «خۆ ئەمە یەکەم جار نییە!»

- لاپەڕە (١٢) دێری (١٧) منداڵ و تاڵی دێهاتێ»

● «تاڵی» هەر نییە بەڵکوو ئەووترێت منداڵ و مەزم

- لاپەڕە (١٣) دێری (١٧) تا چاو کاری دەکا باخی میوەو..»

● «تاچاو کار دەکات یان تا چاو بڕ دەکات

- لاپەڕە ١٣ دێری (١٩) هەندی گۆم ئاویان تێ دەمێنێو..»

● هەندێك گۆم ئاویان تێدا دەمێنێتەوەو..»

- لامپەڕە (١٣) دێری (٢٤) «خەڵکی سەردانیان دەکەن»

● «خەڵکی سەریان لێ دەدەن»

- لامپڕە (١٤) دێری (٩) «پەنجەرم کردنەوەو دابەزیم»

● پەنجەرەکانم کردەوەو دابەزیم یان «پەنجەرەکەم کردەوەو دابەزیم

- لاپەڕە (١٤) دێری (١٨) تا د.رانگی شەو

● تا درەنگێ شەو یان «درەنگە شەوێ»

- لاپەڕە (١٨) دێری (٩) وەك عادەتم کردووە پیاسەی نێو گەرەك و..»

● وەك ڕاهاتووم

- لاپەڕە (١٩) دێری (٩) لە سینەماو تیاترۆ و چایخانە جالب ترە..»

● لە سینەماو تیاترۆو چایخانە سەرنج ڕاکێش ترە یان «سەیرترە»

- لاپەڕە (١٩) دێری (٢٠) شتی عەجایەب دەبینی»

● شتی سەیر دەبینی

- لاپەڕە (١٩) دێری (٢٣) مووت بەسەردا ناهێڵم.

● مووت بەسەرەوە ناهێڵم.

- لاپەڕە (٢٠) دێری (٢) ئەمجارە یاخەی ژنەی برداو بەروکی..»

● »«یەخەی ژنەی بەرداو بەروکی..»

- لاپەڕە (٢٠) دێری (٤) «کەنەپەکان پاك کەرەوە، بڕۆ دۆشەگ ڕاخە»

● «کەنەبە» عەرەبی‌یە شیوەی میسریش نەك عیراقی ئەتوانی بڵێت: «قەنەفەکان پاك کەرەوە، بڕۆ دۆشەك»..

- لاپەڕە (٢١) دێری (١٤) چکاریکم بە پارێزگارە؟»

● «چ کاریکم بە پارێزگارە؟» یان (چی کاریکم بە پارێزگارەوە هەیە؟»

- لاپـەڕە (٢٢) دێـری (٤) «بـە پێژامەلەسەریەکیان دانیشتووەو هەردوو قاچەکانی لەسەر ئەوِی تر داناون»

● «بە پەژامەوە لە سەر یەکێکیان دانیشتووەو هەردوو قاچی لە سەر ئەوی تر داناوە»

- لاپەڕە (٢٢) دێری (٦)٠ «دەنکەکانی تەسبیحی بەرزو نزم دەکا»

● «توو خوا شێوەی ئەم ڕستەیە لە کوردیدا هەیە» خۆ بڵێ «یاری دەکات»

- لاپەڕە (٢٨) دێری (١٨) «خوایە هەر خۆت ئەم موعەممایە دەردەخەی»

● «خوایەهەر خۆت ئەم شاراوەیە دەربخەی..»

- لاپەڕە (٣١) دێڕ (٢١) «لەحەد بەدەرمان کرد

● «لە ڕادە بەدەرمان کرد»

- لاپەڕە (٣٢) دێری (٥) «قەبووڵ ناکا ماڵی بێوەژن و.. بخوی»

● «خوا ڕازی نابێ ماڵی بێوەژن و.. بخۆی»

- لاپەڕە (٤١) دێری (٢٢) «هەندێ سوّقات و دیاری»

● خۆی «سوّقات» واتای دیاری‌یە بەڵام لە عەرەبی‌یەوە وەرگیراوە

- لاپەڕە (٤٧) دێری (٤) «تەبلیغیان کردم»

● «پێیان ووتم» یان «پێیان ڕاگەیاندم»

- لا پەڕە (٤٨) دێری (٢٥) «چوار مەشقێ لێی ڕاکشا»

● جارێك چوار مشقی‌یە نەك وەك تۆ نووسیوتە. (چوار مشقی) یش بۆ دانیشتنە نەك ڕاکشان واتە کورد بەم جۆرە ئەڵێ «چوار مشقی لێی دانیشت» ئیتر نازانم..

- لاپەڕە (٥٠) دێری (٩) «بەڵام دایکەم ئەتەگێکی لازمە»

● «بەڵام دایکم ژێر کراسێکی پێویستە»

- لاپەڕە (٥١) دێری (١٤) «مەخلەس»

● ئەو ووشەیە عەرەبی جلفی‌یە ئەتوانی بەکوردی بڵیت «لە ئەنجامدا»

- لاپەڕە (٥١) دێری (١٧) «ئەگەر عزرایل..»

● «ئەگەر ئیزرایەل»

- لاپەڕە (٥١) دێری (٩) «ئەم بێ دایك و باوکە...»

● «ئەم هەتیوە..» چونکە تۆ وەك جنێو بەکاری ئەهێنی

- لاپەڕە (٥٥) دێری (١٣) «تا ئاخری عومری..»

● «تادوا هەناسەی»

- لاپەڕە (٥٨) دێری (١) نێنەر: وەزیری کشتوکاڵ...»

● «نێرەر وەزیری کشتوکاڵ..»

- لاپەڕە (٦٠) دێری (٢٦) منداڵان ناجاتم ببێو..»

● «منداڵان ڕزگارم ببێو..»

- لاپەڕە (٦٦) دێری (١٣) «ئەگەر دەفن دەبوو...»

● ئەگەر گۆڕی گوم بوایە..»

- لاپەڕە (٦٨)( دێری (٤) «هەر سێ کچەکانی ڕەوانەی..»

● «هەر سێ کچەکەی ڕەوانەی..»

- لاپەڕە (٦٨) دێری (١٦) «هەر جارێ بە بەهانەیەك ڕێك نەدەکەون..»

● «هەر جارێك بە بەهانەیەك ڕێك نەدەکەوتن»

- لاپەڕە (٧٣) دێری (١٧) «ڕۆڵە گیان مقەیەتی خۆت بە..»

● «ڕۆڵەگیـان ئاگاداری خۆت بە» چونکە «مقەیەت» لە (مقید)ەوە هاتووە ئەویش عەرەبی‌یە بەرانبەرەکەشی بە کوردی هەیە

- لاپەڕە (٧٦) دێری (٩) «خەڵکی لە شەوو ڕوژێکدا نونوێژان دەکرد ئێستا دە ڕەکاتە نوێژ دەکەن و..»

● «ئەم ڕستەیە هیچ واتایەکی نی‌یە چونکە خۆی پێنج نوێژ هەیە بەهەموویەوە ئەکاتە حەڤدە ڕکات ئیتر نۆی چی‌و دەی چی»

- لاپەڕە (٧٧) دێری (١٤) «هەموومان دەستە جەمعی...»

● «هەموومان پێکەوە» یان «هەموومان بەکۆمەڵ»

- لاپـەڕە (٧٧) دێـری (١٥) «قـایمەقام ئەوەندە سەرشلوغ بوو. نازانی چی بکا.. بچێتە خزمەت پارێزگار یا نەچێ؟

● «قایمەقام ئەوەندە سەر شلۆغ بوو. نەیدەزانی چی‌بکات....»

- لاپەڕە (٧٧) دێری (٢١) «لەو کاتە پارێزگار تەلەفۆن..»

● «لەو کاتەدا...»

- لاپەڕە (٧٨) دێری (١٣) «دێتە ئێرە با بفەرموێ

● «دێتە ئێرە با بفەرمێت» یان «بفەرمێ»

- لاپەڕە (٧٩) دێری (٢٤) «لە تاقێك وەژورکەوتن لە کوێ دەچنە دەرەوە»

● «لە تاقێك وەژورکەوتن لە کوێوە..»

- لاپەرە (٨٠) دێری (٢١) «چەند تیشە بەردی خستە ژێر کورسی ی تەرخان کراو بۆ ووتار خوێندنەوەو پەردەیەکی سەوزی لە سەر پان کردەوەو پەرداخ و تەنەکە ئاوێکیش لە بان دانا»

● «چەند پیچەکە بەردێکی خستە ژێر مێزی تەرخان کراو بۆ ووتار خوێندنەوەو پەردەیەکی سەوزی لەسەر راخست و پەرداخێك و سوراحی یەك ئاویشی لەسەر دانا»

ئەزانی بۆ چونکە تەنەکە ئاو زۆر گەورەیە تا لەسەر کورسیش نەك مێز دابنرێت ئینجا تاشە بەرد ئەزانی چەند گەورەیە یان نا؟ واتە ئەم رستەیە هیچی بەسەر هیچەوە نییە.

- لاپەرە (٨٣) دێری (١٨) «تەلەفۆنی پارێزگاری کردو گۆتی»

● «تەلەفۆنی بۆ پارێزگار کردو گۆتی»

- لاپەرە (٨٣) دێری (١٢) «خەڵکەکە ماشێنی پاریزگاری..»

● «خەڵکەکە ئوتومبیل» یان «سەیارە» چونکە ماشێن فارسی یە

- لاپەرە (٨٥) دێری (١) دەعواو گێچەڵ»

● «هەراو گێچەڵ»

- لاپەرە (٨٥) دێری (١٠) «لە هەوەنتە باروت نەسووتێنێ»

● «لە خۆرایی باروت نەسووتێنێ»

- لاپەرە (٨٥) دێری (١٥) «نەفەس بێ لە هەناسەی کەسمان نەهاتە دەرێ»

● «واتای چی یە نەفەس لە هەناسە نەهاتوەتە دەر نەفەس واتای هەناسەیە بەڵام بە عەرەبی!»

- لاپەرە (٨٧) دێری (٩) « خەڵکەکە دایانە پقەبق و پیکەنین..»

● «خەڵکەکە دایانە قاقای پیکەنین ئەو وشەیەی تۆ هەر لە کوردیدا نییە

- لاپەرە (٨٨) دێری (٢) «زورناژەنیش وەك ئێمە وان لێ ی تێك چووە

● «زۆرناژەنیش وەکو ئێمە وایە لێ ی تێك چووە

- لاپەرە (٨٩) دێری (١١) «وەك نافورە»

● «وەك فوارە»

- لاپەرە (٨٩) دێری (١٦) «هەر ئێستا پارێزگار هەتا سکمان ژان دەکا تێ هەڵدانمان بۆ دەکا»

● «هەر ئێستا پارێزگار تا دەتوانێ تێمان هەڵدەدا» وابزانم پێویست ناکات هیچ لەسەر ئەم رستەیە بنووسم تەنیا لێت دەپرسم بۆچی کورد وا قسە دەکات؟! تێ هەڵدان چۆن درووست دەکرێت؟

- لاپەرە (٩١) دێری (١٩) «هیچ یەکمان دەنگمان لێوە نەهات»

● «هیچ کاممان دەنگی لێوە نەهات»

- لاپەرە (٩٤) دێری (٢١) «خوایە لە چاووزارو قەزاو بەڵای بەدوورکەیتەوە»

● «چاوەزار» جۆرێکە لە نووشتە یان موروویەکی شینە خەڵکی هەڵیدەگرێت بۆ ئەوەی لە «چاودان» بیانپارێزێت رستەکەی تۆ دەبوایە بەم شێوە بوایە «خوا لە چاوو قەزاو بەڵای بە دوور کەیت».

- لاپەرە (٩٥) دێری (٢٤) «ئاخر کەس نییە تۆزێکی تێ هەڵسوێ..»

● «ئاخر کەس نییە تۆزێکی تێ هەڵدا..»

- لاپەرە (٩٦) دێری (٩) «کێ بێ چاکەی برایم ی لە چاودا نەبێ!»

● «کێ بێ چاکەی برایم ی لە بەرچاودا نەبێ»

- لاپەرە (٩٧) دێری (٦) «دەبێ لەگەڵ ئەوەوە ساخی بکەینەوە..»

● «دەبێ لەگەڵ ئەودا ساخی بکەینەوە»

- لاپەرە (٩٧) دێری (٢٠) «مێرسی...»

● «ووشەی مێرسی لە کوردیدا هەر نییە ئەی کاکە بۆ ناڵێت سوپاس ئەمە یەك دوو خۆ تۆ لە فەرەنسی یەوە وەرت نەگێراوە ئیتر هەقت چی یە بەسەر فارسەکانەوە ئەگەر وشەیەکی بێگانە بەکار بێنن یا نا؟»

- لاپەرە (٩٨) دێری (١٢) «تەمەنی باوکتیان لێ یە دە هەڵسە ملت بشکێنەوەو»

● «تەمەنی باوکتیان هەیە دەهەڵسە ملت بشکێنەو..»

- لاپەرە (١٠١) دێری (١١) «ئەوە منیش شەقێکی باشم دەکوتایە بنا گوێ ی

● «ئاخر شەق چۆن ئەکوترێتە بناگوێ؟!

- لاپەرە (١٠١) دێری (١٦) «ئەتۆ قسەکانت باوەر کرد ئێمەش..»

● «ئەتۆ بەقسەکانت باوەرکردو ئێمەش..»

- لاپەرە (١٠٣) دێری (٢٦) «ماندوو هێنکە بر»

● «رەنگە بتەوێت بڵێ «بەهەناسە برکێ»

- لاپەرە (١١١) دێری (٨) «ئێمەش هەر یەکە گێژو ماندوو بەرەو ماڵەکانی خۆمانەوە رێگەمان گرتە بەر»

● «هەر یەکە گێژو ماندوو بەرەو ماڵی خۆمان رێگەمان گرتە بەر»

- لاپەرە (١١٥) دێری (٢٢) «من دان بەوە دەنێم ... »

● «من دان بەوەدا دەنێم..»

- لاپەرە (١٤١) دێری (٢٦) «وێنەمان لە دەستی قەپاند. واقی ورماین»

● «وێنەمان لە دەستی رفاند. واق وورماین» چونکە قەپاندن بۆ خواردنە.

- لاپەرە (١٤٣) دێری (١٢) «هەموویان بە دووای تیکە کاغەزین»

● «هەمووماں بەدووای تیکە کاغەزەوەین» یان « هەموویان بەدووای تیکە کاغەزەوەن»

- لاپەڕە (١٥٤) دێڕی (١٢) «بەردەوام یاریyan بە ریشیانەوە دەکرد.»

● «بەردەوام یارییان بەڕیشیان دەکرد» چونکە ڕستەکەی تۆ ئەوە دەگەیەنێ گوایە ئەوان شتێ یارییان بەڕیشیانەوە هەڵواسیوە!

- لاپەڕە (١٦١) دێڕی (١) «مووچە خۆریکی تەندروستی ناو «حەیدەر»مان هەبووتەرمەکەی نۆری..»

● «مووچە خوریکی تەندروستی «حەیدەر» ناومان هەبوو بەتەرمەکەیدا نواڕی بەڵام..»

- لاپەڕە (١٦٤) دێڕی (١١) لە ژێر پای میوانەکانەوە سەر ببڕم»

● « لە ژێر پای میوانەکاندا سەر ببڕم»

- لاپەڕە (١٧٧) دێڕی (١) نزیکەی چوار دێر تێکەڵ بوون و هیچی لێ تێ ناگەیت

- لاپەڕە (١٧٧) دێڕی (١٣) «وەك خوێ دەیهاڕم و بەبای دەدەم»

● «نەمانبیستوە خوێ بهاڕێت و بەبا بکرێت» بەڵکو خەڵەو خەرمان .

- لاپەڕە (١٧٨) دێڕی (١٧) خەبەرمان ناردنە گوندەکانی دەورەوبەر»

● «خەبەرمان ناردە گوندەکانی دەوروبەر»

- لاپەڕە (١٧٩) دێڕی (١٥) «ئێمە کارمان بەوەدانیە»

● «ئێمە کارمان بەوەوە نییە»

- لاپەڕە (١٨١) دێڕی (٢١) «حەفتا قوتابی تیایەو فڕی لە مامۆستاکانیان...»

● «لێرەدا فڕی» بەکار نایەت بەڵکوو ووشەی هیچ» جوانترە

- لاپەڕە (١٨١) دێڕی (٢٢) «سەرماو سڕی زستان و...»

● «سەرماو سۆڵەی زستان و...»

- لاپەڕە (١٨٦) دێڕی (١٣) «ئەڵبەت دەبێ بەوپەڕی سەربەستی بدوێین»

● «ئەڵبەت دەبی بەوپەڕی سەربەستییەوە بدوێین»

- لاپەڕە (١٨٨) دێڕی (٣) «لەولاوە هەمزە تێی هەڵکرد..»

● «لەولاوە هەمزە تێ هەڵچوو» یان «هەمزە هەڵیدایە»

- لاپەڕە (١٨٩) دێڕی (٧) «خۆی دەکوتێتەوە لانەی»

● «شوێنی مار پێی ناوترێت لانە بەڵکوو کون»

- لاپەڕە (١٩٣) دێڕی (٩) تکاتان لێ دەکەم فەرمووماں چ ئەمریکتان هەیە»

● تکاتان لێ دەکەم فەرموون چ ئەمریکتان هەیە»

- لاپەڕە (١٩٣) دێڕی (١٩) «مەرسی تەشکور دەکەم»

● «ئەمە دوو جارە هەر جارێك ڕێنووسی (مرسی) بەجۆرێك دەنووسی کە لەگەڵ (تەشەکور) یەك واتایان هەیە.

- لاپەڕە (١٩٥) دێڕی (٨) «هەرچەندەی دەکەین شوێن پچڕاومان بۆ نادۆزێتەوە

● «هەر چەند دەکەین شوێنە پچڕاوەکەمان بۆ نادۆزرێتەوە»

- لاپەڕە (٢٠٠) دێڕی (٦) «لەگەڵ مەلا بەدر» هوە.

● «لەگەڵ مەلا بەدر»دا.

- لاپەڕە (٢٠١) دێڕی (٢٠) «بەلووت وەڵامی داینەوە»

● «بەلا لووتەوە وەڵامی داینەوە»

- لاپەڕە (٢٠٦) «دێڕی (٢٠) خوردەمان بدەنێ»

● «وردەمان بدەنێ»

- لاپەڕە (٢٩) دێڕی (١٣) «لە کەبارێدا رووت کران»

● «لە کەبارێدا رووت کراونەتەوە»

- لا پەڕە (٢١٩) دێڕی (١٩) دەبێ هەوەڵ گوێ بدەنە باسی ئەو خزمەت و کارە پڕ سوودو قازانجە بکەم کە بۆ ئێوەی بەڕێزم ئەنجام داون»

● دەبێ یەکەم گوێ بدەنە باسی ئەو خزمەت و کارە پڕسوودو قازانجانە کە بۆ ئێوەی بەڕێزم ئەنجام داوون»

- لاپەڕە (٢٢٨) دێڕی (١٩) «بۆیە زوو تێك دەگەین»

● «بۆیە زوو لە یەك دەگەین»

## هەڵەی چاپ و چەند ووشەیەکی دیکەی نادروست

| هەڵە | ڕاست |
| --- | --- |
| ل ٤ د ٣ ناوە ناوە ناوە | ناوە ناوە |
| ل ٨ د ١٧ خوَل | خۆڵ |
| ل ٩ د ٤ گل | گڵ |
| ل ١٣ د ٧ دەغەزەداران | دەغەزەدارن |
| ل ١٣ د ١٣ سوحبەتمان کرد | سوعبەتمان کرد |
| ل ١٤ د ٩ خاون | خاوەن |
| ل ١٤ د ١٠ ژوور کەتیان | ژوورەکەتیان |
| ل ١٨ د ١٦ سەرگرمی | سەرگەرمی |
| ل ١٩ د ٢٨ سووروە | سوورەوە |
| ل ٢٢ د ١٢ حجێلێ | جەحێلێ |

| | |
|---|---|
| ل ٢٣ د ٢٥ خۆت دوور بگرێ | خۆت دوور بگریت |
| ل ٢٨ د ١٥ ئاقڵەوە | ئەقڵەوە |
| ل ٣١ د ١٨ دەڵەسەی | دەلەسەی |
| ل ٣٣ د ٢٧ ـ ل٣٥ د ٦ پوور خێریە | پوورە خەیریە |
| ل٣٤ د ٧ پارانیەوەو | پارانەوەو |
| ل ٣٥ د١ نەیسەڵماند | نەیسەلماند |
| ل ٣٥ د ١١ دەرۆم | دەرۆم |
| ل ٤٢ د ٧ داوەر | داوەو |
| ل ٤٢ د ١٩ ـ د ٢٧ فیفانی | ڤیغانی |
| ل ٥٠ د ٩ دایکەم | دایکم |
| ل ٥٠ د ١٩ سپیگەر | سپیکەر |
| ل ٥٠ د ٢٤ بۆیێ | بۆیە |
| ل ٦٠ د ٢٣ بروسك | بروسکە |
| ل ٦٠ د ٢٦ ناجاتم | نەجاتم |
| ل ٦٣ د ١٤ داستانانم | داستانانەم |
| ل٦٧ د ٢١ هەڵسن و کەوتی | هەڵس و کەوتی |
| له ٦٧ د ٢٢ ئەرئیستی | ئارتیستی |
| ل ٦٨ د ٩ حجێڵ | جەحێل |
| ل ٦٨ د ١١ گورگەلی | کورگەلی |
| ل ٦٩ د ٣ شەورۆژ | شەوو رۆژ |
| ل ٧٢ د ٩ دەیهەوێ | دەیەوێت |
| ل٧٣ د ٢ بەبراوبر | ببراوبڕ |
| ل ٧٧ د ١٣ ڕێگای | ڕێگایە ـ ڕێگایەك |
| ل ٧٧ د ٢٥ کەمتەرخی | کەمتەرخەمی |
| ل ٧٩ د ١٠ کۆڵەگەکانی | کۆڵەکەکانی |
| ل ٨١ د ٨ کا مەمان | کاممان |
| ل ٨٣ د ١٢ سەردیقانێی ڕەنگە مەبەستت سەرە تاتکێ بێت | |
| ل ٨٣ د ١٤ قوربانیان | قوربانی‌یان |
| ل ٨٤ د ٢٤ دربناگەی | قرتاگەی |
| ل ٨٦ د ١٤ لە دوورە | لە دوورەوە |
| ل ٨٧ د ٨ لال بۆی | لاڵ بووی |
| ل ٨٧ د ١٧ یەك قروش | یەك فلس |
| ل ٨٩ د ١١ گردنیان | گەردنیان |
| ل ٩١ د ١٧ تاتەبەردتان | تاشە بەردتان |
| ل ٩٦ د ١٢ گرامەوە | گەرامەوە |

| | |
|---|---|
| ل ١٠٢ د ٤ چاوەنۆرن | چاوەنوارن |
| ل ١٠٢ د ٢٣ چەقەوانەی | چەقەنەی |
| ل ١٠٣ د ٢ بەڵێ | بڵێ |
| ل ١٠٤ د ٢ درانگە | دەرەنگە |
| ل ١٠٧ د ٢٦ سبەتیان | سەبەتەیان |
| ل ١١٥ د٢٦ بییتت | بێتە |
| ل ١١٦ د ٢٤ ناوەخۆی | ناوخۆی |
| ل ١٢٤ د ٦ نەمایندە | نمایندە ـ نوێنەر |
| ل١٣٧ د ١٨ وەرەن | وەرن |
| ل ١٤٠ د ١٦ نەوێرا | نەیوێرا |
| ل ١٤٠ ٢٦ یاخەی | یەخەی |
| ل ١٥٣ د١ بەکرێ | بکرێ |
| ل ١٥٤ د ١٠ ڕۆیشتنیەیان | ڕۆیشتنیان |
| ل ١٦٤ د٧ نیورۆ | نیوەڕۆ |
| ل ١٦٥ د ١٧ دابەستا | دابەست |
| ل ١٦٥ د ١٧ دارەبازەیان | دەربازەیان |
| ل ١٦٥ د ٢٦ بزاند | بەزاند |
| ل ١٧٠ د ١٧ نەبووانیە | نەبووینایە |
| ل ١٧٦ د٦ لادێ کان | لادێیی‌یەکان |
| ل ١٨٤ د٢ بیمینتەوە | بمێنێتەوە |
| ل ١٨٧ د ١٧ پێکەین | بپێکین |
| ل ١٨٩ د١٩ عومریان | تەمەنیان |
| ل ١٩٠ د٤ بەلاشە | بێسوودە ـ خوارایی |
| ل ١٩٠ د٨ بەدڵەوە | لەدڵدا |
| ل ٢٠١ د ١٩ نیوّ چاوانی دابەیەك | نێوچاوانی دا بەیەك دا |
| ل ٢٠٤ د٧ برماندا | بریارمان دا |
| ل ٢٠٥ د ١٩ درانگ | درەنگ |
| ل ٢٠٦ د ١ بەدەرە | بدەرە |
| ل ٢٠٦ د٥ کرو | کردو |
| ل ٢٠٧ د ١٦ هەوالانی | هاوەلانی |
| ل ٢٠٨ د ١٢ خەرپنی | خرپنی |
| ل ٢١٢ د ٤ بنورن | بنوارن |
| ل ٢١٢ د ٢١ دمەو | دەم و |
| ل ٢١٣ د ١ پرێسکەیەکم | پریاسکەیەکم |

# چپکه‌کادی ژده‌ریایا فلکلوری

زكي محمد سعدالله

(ئه‌گه‌ر ئاڤ دگۆمادا ما دێ بێهن که‌ڤیتێ) لدیف ڤێ گۆتنا ژووری تشته‌کێ خویایه کو ئه‌گه‌ر مروڤ چ کارا نه‌که‌تن ئو بمینته راوه‌ستای دێ به‌رێ وی که‌ڤیته هنده‌ك کارێت کرێت و نه ژره‌نگ چونکی ئه‌و که‌سێ باشیا نه‌که‌تن به‌هرا پیتر دێ به‌رێ وی که‌ڤیته هنده‌ك کارێت پیچ و په‌لاچه ئو دویر نه‌بینه ئه‌و که‌س ببیته ستری دبن پێت گه‌له‌ك مروڤێت باش و بکێرهاتی‌دا.

ژیانا بێ خه‌بات داره‌کا خرش و بێ به‌لگه. نه‌مانا وێ چێتره ژمانا وێ ئو ئه‌گه‌ر ئێك بێژیته من بو وه‌دبیێ ئه‌ز هوسا دێ به‌رسڤا وی ده‌م. ئه‌و جهێ وێ داگیـرکـری دێ بیتـه جهـه‌کێ باش و بکێـرهـاتی بو داره‌کادی یا بخه‌مل و ڤیقی ئو هه‌لبه‌ت هه‌ژار و خه‌زانێت ڤی ملله‌تی دێ مفـای ژێ بینن و شڤـان و بیـریێت مه دێ بێهنا خو ڤه‌ده‌ن لبن سیبه‌را وێ.

براینو:

خزمه‌تا ڤی ملله‌تی ژلایێ زمانی ڤه بیت ئان ژلایێ دیروکێ ڤه ئان ژلایێ توره‌ی و... هتد ئه‌رگه‌کێ پیروزه و گه‌له‌کێ فه‌ره لسه‌ر ملێت هه‌می خانده‌ڤاناڤه ژبه‌ر کو کاروانێ ره‌وشه‌نبیری و هتد لهه‌می ره‌خێت جیهانێ بێ پێشکه‌فتی و گه‌هشتیه په‌یسکێت به‌رز ئو ئه‌و که‌سێ بڤێت ئارمانجا خو ماچی که‌تن یا فه‌ره لسه‌ر وی ئه‌و خه‌بات و بزاڤه‌کا بێ راوه‌ستان بکه‌ت تا کو بله‌پیڤه بێتن

ئه‌گه‌ر توره‌ڤان و نڤیسه‌ڤان و خه‌مخورێت وه‌لاتێت پێشکه‌فتی روژێ ١/٢ نیڤ ده‌م ژمێرێ ژده‌مێ خو ته‌رخان که‌ن بو ڤا تشتا یا فه‌ره و

گەلەکا فەرە کو ئەم هەرِوژ چەند دەم ژمێرەکا بو ڤی تشتی تەرخانکەین داکو ئەم بگەهینە قوناغەکا وەسا دا **کەس نەبێژیت** زمانێ کوردی پارچەکە ژڤلانە ئان ژبێهڤانە زمانی کو هەر چەندەژی زمان ئێکە ژووا سەخلەتێت گرنگ کو مللەت پێ تێنە نیاسین ئو ئێکە ژووا ستینا بێت کو وەلات لسەر ئاڤا دبیت.

**پێتڤیە ئەم هەمی** دا دەستێت خو بکەینە تێکدا مەزن و بچیك، هەژار و زەنگین، پیر و جوان، رەش و سپی، دا بشێین ئەڤ کەلەپور و تشتێ مایە دلەپێ مەدا بپارێزین

رابن ئەم هەمی پێکڤە بێ جوداهی دا خزمەتا ڤی مللەتی بکەین ئو دا هندەك بەرهەم و ڤەرێژێت نوی بینینە قادا ژیارا ڤی مللەتی.

ئەز بخودێ کەم ئەز گەلەك شەرم دکەم و ددەگرم گاڤا ئەز باش هزرا خو دڤی وەلاتیدا دکەم و بەرێ خو ددەمە ڤی مللەتێ هو بێ.... کو هەتا نوکە من چ خزمەت بو نەکریە چونکی هەر چ نەبیت یا فەرە مروڤ هەر هندێ بو بکەت کو دپاشە رِوژێدا شەرمێ ژخو نەکەت ئانژی هەر چنە بیت پێتڤیە مروڤ نانێ خو (حەلال) کەت.

ئەرێ مانێ دایکێ ئان بابێ هەمی تشتێت لسەر مروڤی هەین خو هەتا ڤەکوشتنێ پا ڤێجا لدیف ڤێ هندێ پانێ وەلاتێ مروڤی دایکا مەزن ئان مللەتێ مروڤی بابێ مەزن تشتێت مەستر و ماڤێت بێ توخیب پێ لسەر مە هەین هەما چنە بیت بلا ئەم هزرا خو دئاخ و ئاڤ و سامانێ ڤی وەلاتیدا بکەین ئو بەرانبەرکەین (پەراوردکەین) دگەل وەلاتێ ئەفریقیا دێ ژنوی زانین نرخ و بهایێ ڤی وەلاتی و (هەتا مروڤ سەر دەستا بریڤە نەچیتن قەدرێ پیا نزانیتن) لدیماهیا ئاخفتنا کورت ئەز ڤا سترانا دکەمە دیاری بو خاندەڤانا دا دپاشە روژێدا داوەتێ لبەر بکەن:-

## - های گوڤەندێ -

های گو های گو های گوڤەندێ
های گو های گو های گوڤەندێ
های سیسنێ چەند و مەندێ
دا شل و مل بێنە گوڤەندێ
من ژبو دلێ ژار هەلقەندێ
دا شل و مل بێنە گوڤەندێ


گوڤەند هات و ڤەگەریاڤە
چ رەڤ رِوڤە ڤەگەرِیاڤە
لڤلکا چارێ ڤەرەسیاڤە
لڤلکا چارێ ڤەرەسیاڤە
دای بەزیێ گرێداڤە
دای بەزیێ گرێداڤە
چ گوڤەندی لبانێ هورمز
چ رەڤ روڤە لبانێ هورمز
دا مەشیانێ سەر بە نێرگز
داوەشیانێ سەربە نێرگز
کیژا شێخە دێچنە هەردش
جوانا شێخە دێ چنە هەردش
گوڤەند گریا لبانێ یالی
چ رەڤ روڤە لبانێ یالی
بێت هاتنێ چاردە سالی
دا مەشیانن چاردە سالْ
کیژا شێخە دێ چمە لالی
جوانا شێخە دێ چمە لالی
گوڤەند هاتە بانێ لبەرمە
چ رەڤ روڤە لبانێ بەرمە
بێت هاتنێ زەندك نەرمە
دا مەشیانێ زەندك نەرمە
کیژا شێخە یا بخو شەرمە
جوانا شێخە یا بخو شەرمە
دێ بلا بێنێ دێ بلا بێنێ
شەنگ و شوخ و شەپالْ بێنێ
دێ بلا بێنێ کو دەرەنگە
مە خیالە گەردەن زەر بێنێ
بەفرکێ گرتو ئاستەنگە
مە خیالە گەردەن زەر بێنێ
مە داوەتە لبسکێت شەنگە
مە خیالە گەردەن زەر بێنێ

دێ بلا بێنێ هێشتا زییە
شەنگ و شوخ و شەپاڵ بێنێ
بەفرکێ گرتن کێرییە
مە خیالە گەردەن زەر بێنێ
من تەوافا سینگێ سپییە
مە خیالە گەردەن زەر بێنێ
های مەمانێ های مەمانێ
خەلکو من حەیفا مەمانێ
های بورانێ چاردە سالێ
خەلکو من حەیفا مەمانێ
تو نە ب شیری نە بمەتالێ
خەلکو من حەیفا مەمانێ
دێ ژبەر برینێت خو نالێ
خەلکو من حەیفا مەمانێ
دەرگزنێ دەر گزنێ
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
دەر و کلیلێت ئاسنێ
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
سەردا هاتو سالح بتنێ
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
قەسرێت ئاکرێ دەرگە جوتن
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
سەر دەورێ سوڵتان مەحمودن
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
هەتا بیاسکو ملا دگوتن
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
قەسرێت ئاکرێ دەرگە سێنە
ئەحمەد بەگو دەر گزنێ
هەتا بیاسکو ملا تێنە
ئەحم بەگو دەز گزنێ
سەر دەورێ سوڵتان حوسێنە
ئەحمەد بەگو دەز گزنێ

قەسرێت ئاکرێ دەرگە چوارن
ئەحمە بەگو دەز گزنێ
هەتا سەر چوکادا دبارن
ئەحمەد بەگو دەز گزنێ
سەر دەورێ سوڵتان جەببارن
ئەحمەد بەگو دەز گزنێ

**- های رۆما رۆما -**

های رۆما رۆما رۆما
سولتانو عەجیم رۆما
چ رۆمەکا بەر دۆمە
سولتانو عەجیم رۆما
یا لسەری بویە کۆمە
سولتانو عەجیم رۆما
رۆم هاتو ئەز نە چوومە
سولتانو عەجیم رۆما
رۆما هاتە نهالا
هات گەشتە نهالا
خوشی تێ دەنگێ قە والا
دێ برەڤینە خەزالا
رۆما هاتە گرکا
هات گەهشتە گرکا
خوش تێ دەنگێ پلکا
دێ برەڤینە لاندکا
رۆما هاتە زەڤیا
هات گەهشتە زەڤیا



- شەرە لەوارێ بەر چەلا -

بەر چەلانو بەر چەلا
شەرە لوارێ بەرچەلا
کانی تاڤێت سیپەلا
شەرە لوارێ بەرچەلا
هەر ژبەر توزا گین گلا
شەرە لوارێ بەرچەلا
بەر چەلا مە چەراندو
شەرە لوارێ بەرچەلا
سەر گۆپك لێ فراندو
شەرە لوارێ بەرچەلا
بەر چەلا وارێ میرا
شەرە لوارێ بەرچەلا
هەیڤا تیرمە و تەیبیرا
شەرە لوارێ بەرچەلا

شەرکێشانە سەر ب شیرا
شەرە لوارێ بەرچەلا
بەرچەلا وارێ شاخێ
شەرە لوارێ بەرچەلا
هەیڤا تیرمە و تە باخێ
شەرە لوارێ بەرچەلا

شەر کێشانە کشلاخێ
شەرە لوارێ بەرچەلا

بەر چەلا نە چەرنین
شەرە لوارێ بەرچەلا
سەر گوپك لێ بفرینن

شەرە لەوارێ بەرچەلا
کودێ ژکوچەرا بستینن
شەرە لوارێ بەرچەلا



لاوان

# گەڕانەوە

● ژوان سورچی ●



دڵنیام
ڕۆژێ دێ دەگەڕێیتەوە
دەرگای سنوورەکان دەشکێنیت و
ڕوو لە ئاسۆی بڵند دەکەیتەوە. . .
هەرزوو دەمزانی. .
نە لە زەوی‌و نە لە ئاسمان
جێگایەك نابێ ئوقرەی تیابگری
لەشی ماندووت لەیادکەیت و
پریاسکەی خەمەکانتی تیا بکەیتەوە. .
کە ڕۆیشتیت خۆتت بەجێ‌هێشت
ئەو کلیلەی نیوەشەوێ کردتە ملی باڵندەکە. . . ئەفسونێکە
بەخۆت نەبێ بەکێ دەشکێت؟
دەرگا، بەنجەرەکان گشت سەرپشتن بۆت
زەوی‌و دیواری ژوورەکەم گوڵاوپرژێن دەکەم (بۆت).
چونکە دەزانم کە هاتیتەوە
ئەنگوستی پەشیمانی دەگەزی
داروبەردی ئێرە ماچ دەکەیت
جارێکی‌کەش سەری‌خۆت هەڵناگریت. . .

# بەستەی غەم

«مصطفی ڕسوڵ خدر «کوێستانی»


بولبول نەزمی پێکەنینی
کێ دەڵێ گریەوشین نی‌یە
ئاورنگی بەستوی سەر خونچە
غەم و خوێن و ئەسرین نی‌یە
. . . .

بەیان کزەی فێنکی شەماڵ
لە بەژنی کەژ کە وەردێنێ
کێ ناڵێ باعەشقی کەژە
کەوەك قاسپە پۆی دەخوێنێ.
. . . .

دەڵێن خەوشە بۆ تۆی شاعر
هێندە بسووتێی بۆ ژاڵێ
ئاخر چبکەم هێند نزیکە
لە دەماری خوێن دەئاڵێ
. . . . .

خونچەی گەشێ بەیانی زوو
لەدیداری گرنگی سوور
چاوی ڕەشێ لە شەرمایە
بچێتە ڕێی عەشقێکی دوور.
. . .

بووڵێڵی کەونی چاوی مات
کە لادانە لەعەشقی پاك
وەرە وەکو ئاورنگی نوێ
بەخت کە سەر وەك لەڕێی خاك.





# فەلەك

من نەكوژە ئەز رەبەنم
فەلەكێ بدەردو ژانم
بلا فەلەك چ نزانم

★ ★ ★

نێ تە باوەری بمن نینە
دێ ژمن ڤەبە من كەس نینە
دلێ من تژی برینە
بلبلۆ بەسە دێ بخوینە

★ ★ ★

سەرسەرێ من چ بارانە
ل دوژمن مژۆ مۆرانە
رێكا من طاریو توفانە
چێكم ژینا من هوسانە

★ ★ ★

ڤان جانا رۆندك باراندن
شیشا دلی هات شكاندن
گولا من بەلگ وەراندن
دارا چ قیت خو هەژاندن

● یوسف رمضان مهاجر ●

شێرزاد عبدالرحمن

# ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری هەولێر

هەولێر، لە سەرەتای ساڵی نوێوە، چەندان چالاکیی هەمە ڕەنگی ڕۆشنبیریی گرتۆتە باوەش، کە بریتی یە لە سازکردنی چەندان کۆڕی ڕۆشنبیری و پێش کەش کردنی شانۆگەری و چالاکیی تر. . . لەم چالاکی یانەدا ژمارەیەك لە ئەدیب و هونەرمەندان بەشداربوون. . دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە هەولێر، لە هەنگاوی یەکەمی وەرزی ڕۆشنبیری ئەمساڵی دا، ئێوارە کۆڕێکی بۆ[غەفور صالح]ی چیرۆك نووس ساز کرد بۆ خوێندنەوەی باسێکی ڕۆشنبیری بەناوونیشانی [خواست و داهێنان لە چیرۆکی کوردی دا]. . . لە سەرەتای کۆڕەکەدا، مامۆستا محمود زامدار بەناوی دەزگاوە وتەیەکی خوێندەوە کە نەخشەو پلانی دەزگای ڕوون کردەوە لە خەملاندنی کۆڕی هەمە ڕەنگ لە پێناو گەشەدان بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی، هەروەها پەنجەی بۆ ئەو بەرنامە تێروتەسەلە درێژ کرد کە لقی هەولێر لەم وەرزە تازەیەدا دەینوێنێ کە متمانەی کردۆتە سەر ڕۆشنبیران لە پێناو گەشانەوەی چالاکیەکانی. ئینجا غەفور صالحی چیرۆك نووس دەستی کرد بە خوێندنەوەی باسەکەی کە بریتی بوولە چەند لایەنێك. . . لەوانە مەسەلەی هوشیاری - و- داهێنان - وئاستی چیرۆکی کوردی. . . لەمەشدا ئاوڕێکی لە ڕابردوو دایەوەو دەستی کرد بە هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی چیرۆکی کوردی. . . . لێرەدا مەسەلەی بوونی ڕەخنەی ڕوون کردەوە لە بواری داهێنان دا، هەروەها شتی ڕۆژانەوە بەرهەمە نەمرەکان لە چیرۆك دا، کە دەتوانن تا ساڵانێکی دوور بەوپەڕی

بەهێزی بمێننەوە لە ئەنجامی ئەو سیفەتە نەمرانەی لەو بەرهەمانەدا دەردەکەوێ. . . چیرۆك نووس، لەم کۆڕەدا، مەرجەکانی گەشانەوەی چیرۆك و داهێنانی دەرخست، لەوانە، ڕادەی ڕۆشنبیرێ و لێکدانەوەی چیرۆك نووس و، بەکارهێنانی شێوە یا



تەکنیك لە بواری نووسیندا، هەروەها کەڵك وەرگتن لە تاقی کردنەوەکان و ژیانی کەسایەتی چیرۆك نووس کە ئەمانە هەمووی دەبن بەکانیاوی لەدایك بوونی داهێنان لە بواری چیرۆك دا. .

کاك غەفور لە باسەکەدا، پەرژایە سەر بەرهەمی چەندان نووسەری بێگانەو کورد کە دەست نیشانی کردن بۆ بەڵگە هێنانەوەی باسەکەی، لە کۆتایی ئەم کۆڕەشدا، ژمارەیەك لە ئامادەبووان باری سەرنجی خۆیان دەربارەی ناوەرۆکی ئەم باسە دەربڕی و نووسەریش وەڵامی دانەوە.

یەکێك لە چالاکی یە هەرە گەشەکانی ئەم دووایی یە، پیشانگایەکی ڕەنگین بوو نەقابەی هونەرمەندانی هەولێر بەبۆنەی ڕۆژی هونەرەوە ڕێکی خست کە [٣٤] هونەرمەند تێیدا بەشدار بوون.

ئەوی ڕاستی بێ، ئەم پیشانگا سەرجەمە، گەلێك دەنگی لە دنیای تەشکیلی کوردی‌دا بەیەکتر گەیاند، کە هەریەك لەو دەنگانە لە قۆناغێکیدا بوون و سیماو دەنگی تایبەتی خۆیان هەبوو. . .

بەشێوەیەکی تێکرا، هەر یەك لەو هونەرمەندانە تاقی کردنەوەیەکی خۆی هەبوو، بەڵام گرنگ، هەندێ شتی بەهێزو هەندێ شتی لاوازی تێدا دەرکەوت، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بابەتەکانی لە دەوری سرووشت و تێرامانی مرۆڤانە ئەسووڕایەوە. بەردەوام بوونی ئەم پیشانگا هاوبەشانە گەلێك ئەنجامی چاك ئەداتە دەستەوە. .

لەوانە چۆن بەرهەمی ڕۆژانە، لە بەرهەمی نەمرو داهێنان لەیەك جیا ئەکەینەوەو ئاستی هونەریی هەڵدەسەنگێنین و، وەکو دیاردەیەکیش دەبێتە مایەی لە دایك بوونی هوشیاری هونەری لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شێوەکاری کوردی کە ڕۆژ بەڕۆژ لە هەنگاونان و بەخششی بەردەوام دایە. لەم پیشانگایەدا هەروەکو دەست نیشانمان کرد ژمارەیەك لە هونەرمەندان بەشدار بوون لە قۆناغە جیا جیاکاندا، لەو هونەرمەندانە: [عەزیز سلیم ـ سلیمان شاکر ـ اسکندر عثمان ـ حسین عبد الله ـ دارا محمد علی ـ چەتۆ حسن ـ نامق علی ـ قادر ـ محسن امین ـ محمود مولود ـ کەمال سعدی ـ فیصل عثمان ـ جوهر محمد ـ دلڤین حسن ـ سەردار سنجاوی ـ شێرزاد سلیمان ـ دارا أنور ـ ئازا حسیب قەرەداغی ـ هاشم علی ـ ڕزگار فقی ـ عمر دەروێش ـ هەلگورد عبدالوهاب ـ توانا محمد ـ




جواد محمد ـ فەرهاد عزیز ـ نزار عبدالهادي ـ ئازاد غفور ـ فاضل ابراهیم ـ لقمان جوهر ـ گەیلان رحمان ـ ئەدیبە اسماعیل ـ سالار

صوفی - حیدر قادر - بژار کەریم . . ]. لە ڕۆژی هونەردا، شاری هەولێر، چەندان چالاکی گرتە باوەش کە بریتی بوو لە شانۆگەری و پیشانگاو جموجوڵی هەمەڕەنگی تر. لە دیارترین ئەو بابەتانە، پیشانگای سەرجەمی هونەرمەندان و، شانۆگەری [موکینبۆت چۆن لە ئازارەکانی ڕزگار ئەبێ؟] کە بۆماوەی یەك ڕۆژ لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر پێش کەش کرا، ئەمەش لە نووسینی پیتەر فایس - و دەرهێنانی صباح عبدالرحمن. . . . لەم بەرهەمە شانۆگەری یەدا، ژمارەیەك لە هونەرمەندان بەشداربوون و هەمان بەرهەم کاتی خۆی بە ناوونیشانی [مرۆڤ و ئازارەکانی] پێشکەش کرا

بەهەمان بۆنەوە، میهرەجانێکی فراوان بۆگۆرانی ی کوردی سازکرا کە هەرسێ پارێزگا تێدا بەشدار بوون

لە هۆڵی ڕۆشنبیری ولاوان و لە ژێر چاودێری بەڕێز جێداری ئەمینداریێتی گشتی ی ڕشنبیری و لاوان مامۆستا محمد محی الدين پیشانگایەکی پۆستەری منداڵان کرایەوە، کە چەندان قوتابخانە بەشداربوون و لە کۆتایی دا خەلات پێش کەش بە منداڵە لێهاتووەکان کرا.

دەستەیەك هونەرمەندی بەتوانا لە شاری سلێمانی میوانداری کران



لە لایەن کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بۆ پێش کەش کردنی شانۆییەکی ئەزموونگەری بەناوونیشانی [غوزیلا] لە نووسینی [یۆجین ئۆنێل] و وەرگێرانی [شێرزاد حسن] و دەرهێنانی [شەماڵ عمر]ی هونەرمەند. لە ڕاستی دا، ئەم شانۆگەری یە وەکو تاقی کردنەوەیەکی[٢] سەرکەوتوو بوو لە ڕووی شانۆی ئەزموونگەری کە چ دەرهێنەر چ ئەکتەران توانیان دەستی داهێنانی تێدا بەدی بێنن. . . لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش، بریتی بوو لە خەون و خۆزگەی مرۆڤ بۆ کۆتایی هاتن بە زوڵم و ستەمکاری و چەوساندنەوە. هەڵبەتە، لێرە، هەرئەوەندە دەرفەت هەیە بڵێین. . . زیاتر لە جارێ پیرۆزبێ داهێنان. . . هەڵسەنگاندنی تەواوی شانۆگەرییەکەش بەوانە دەسپێرین کە لە بواری ڕەخنەی شانۆدا کاردە کەن



کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد - لقی ڕەوانروز، پیشانگایەکی خنجیلانەی بۆمنداڵە بەهرەمەندەکانی شاری ڕەواندوز کردەوە کە زمارەیەك بەهرەی گەشتی تێدا دەرکەوت.

بزووتنەوەی شانۆ لە قوتابخانەکاندا دیاردەیەکی گەشە. . . . [هیوای گەڕانەوە] ناوونیشانی ئەو شانۆگەری یە بوو کە تیپی شانۆی قوتابیان لە ئامادەیی هەولێر و لە نووسین و دەرهێنانی حەمەد ڕەنجەر و نواندنی ئەم ئەکتەرانە پێش کەشیان کرد: [سعید شێخانی ، عبدالخالق عبدالله، عبدالرزاق رشيد، هەڵمەت تاهر، مهدي عباس، ادريس. بهجت، علي ابو زيد، شاخەوان جوهر، خطاب حامد، مظفر عبدالله، عدنان فتاح] دوا چالاکی مانگی یەکەمی ئەمساڵ، کردنەوەی پیشانگایەکی[٢] خنجیلانەی ئیشی دەست بوو کە مەڵبەندی ئیشی دەست لە هەولێر کردیانەوەو چەندین بەرهەمی هەمەڕەنگی دەستکردی تێدا نیشان دا.

# راپۆرتی سلێمانی

ئازاد

به دریــژه پیــدانی چالاکیــه ڕۆشنبیــرییــه‌کــانی شاری سلێمــــانی لەوەرزی ڕۆشنبیـــری ساڵی پارداو بۆ ماڵ ئاوایی کردن لەو ساڵــه پڕلــه چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەمە چەشنە، پێ دەنێینە ساڵی تازە، ساڵێکی نوێ کە ئاواتمانە هەر وەکــو ساڵــی پار، پەرەدانــێــك بێــت بە لایــەنــی ڕۆشنبیریمان و خشتێ بخاتە سەر ئەو دیوارە بەرزەی پێکی هێنــابــوو، لە هەفتــەی دوایی ساڵی پاردا چەنــدان چالاکی ڕۆشنبیری و کۆڕی ئەدەبی و پێشانگای هونەری سازکرا. وا ئێرەدا هەندێکیان بەسەر دەکەینەوە تا لە نامەکانی ترماندا، چالاکیەکانی ئەم ساڵ پێش کەش بکەین.


رانیــه / دەزگــای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لقی سلێمانی، دووەم پێشانگای تایبەتی هونەرمەندی لاو «پیرس ئەحمەد»ی کردەوە، لە ژێر چاودێری بەڕێز قائمقامی قەزای رانیە، لە هۆڵی مەڵبەندی لاوانی رانیە ڕۆژانی ١١/٣١ تا ١٩٨٦/١٢/٦، تیــایــدا هونــەرمــەنــد «٢٨» تابــلۆی هەڵکەندن و هێڵکاری پیشان دا. هونەرمەند لەدایك بووی قەڵادزێ یە و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە.

سلێمــــانی : - ئێــوارەی ١٩٨٦/١٢/١٨ - لە هۆڵی ڕۆشــنبیــری جەمــاوەر لە سلێمــانی، بەســەر پەرشتی بەرێــوەبــەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر، کۆڕێکی مێژوویی بۆ خوشکــە (لــەیــلان) سازکــرا، سەبــارەت بە «ئیڤــاڵت لە روانگــەی مێــژووەوە»، تیــایــدا خوشکــە لەیــلان، لە چەنــد



شێوەیەکی ئیڤاڵتیانەی ناو کۆمەڵی کوردەواریمان دوا، لەپاڵ شی کردنەوەی وشەی ئیڤاڵت و ناساندنی چەند ئیڤاڵتێکی جیهــانی بە ئامــادەبــوان. ئەم کۆڕە لەلایــەن کاك شەهــاب عوسمــان بەرێــوەبــرا، لە کۆتایی کۆرەکەدا چەند پرسیارێك ئاراستــەی خوشکــە لەیــلان کراو وەڵامیــان درایــەوە، بەڕێز مستەفا صالح کریم چەند تێبینی یەکی لەسەر باسەکە هەبوو بۆڕوون کردنەوە، بە خوشکە لەیلان و ئامادەبوانی راگەیاند.

هەر لە چوار چێوەی چالاکیەکانی ڕۆشنبیری جەماوەر لە ١٩٨٦/١٢/٢٠ تا ١٩٨٦/١٢/٢٧ یەکــەم پێشــانگەی هونەرمەندی لاو [هیواعمر محمد] لە هۆڵی مۆزەخانە لەلایەن بەڕێز بەرێوەبەری ڕۆشنبیــری جەمــاوەر مامــۆستا صلاح حامد





اسعد کرایەوە. تیایدا هونەرمەند (٤٠) تابلۆی هەمە ڕەنگی پیشان دا،
شایانی باسە کە هونەرمەند قوتابی پۆلی دووەمی ئامادەیی پیشەسازی‌یە.

● لقی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١٢/٢٠ لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا، کە پێنج شاعیر شیعریان تیا خوێندەوە، لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لەگەڵ ئامادەبوانی لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستان بەیەك گەیشتنەوە. لەم کۆڕەدا، [هیدایەت عبدالله حەیران،




دڵشاد عمر کاکی، عەباس صالح، بەرزان هەستیار، هوشیار بەرزنجی] هەریەکە چەند پارچە شیعرێکی جوانیان پێش کەش کرد. شاعیر کاك جەمال غەمبار کۆڕەکەی بەڕێوەبرد، شاعیرەکانی بە میوانەکان ناساند و پێش کەشی کردن.

● شێخ ڕەزای تاڵەبانی: ناونیشانی کۆڕێکی تری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لقی سلێمانی بوو، لەلایەن مامۆستا س.ع. شادمان بوو، لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٩٨٦/١٢/٢٢ پێش کەش کرا، ئەم کۆڕە لەلایەن شاعیر فەریدون عبدول بەرزنجی‌یەوە بەڕێوە چوو، سەرەتا کۆڕگێڕی بە خەڵکەکە ناساند، پاشان دەست کرا بە خوێندنەوەی با سەکەلەمەڕ شاعیری گەورەی کورد شێخ ڕەزا. جێگای باسە کە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، لەلایەن ئامادەبوانەوە. لەوانە بەڕێزان مامۆستا کریم زەند، عبدالقادر دەباخی، جەمال غەمبار، هیدایەت عبدالله حەیران، لیدوانیان لەسەر کرد، بێ‌گومان جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شیعرەکانی چەندان کۆڕی تایبەتی دەوێت، بەو هیوایەی لەپاشە ڕۆژدا، لە چەند لایەنێکی ئەم شاعیرە و شیعرەکانی باسی بەپێزو تایبەت پێش کەش بکرێت. کۆڕەکە لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی سازکرا.

هەڵەبجە: ـ لە چوار چێوەی چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لقی سلێمانی، سەر لە ئێوارەی ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١٢/٢٣ کۆڕێکی ئەدەبی لە هەڵەبجە بۆ دوو شاعیری لاو (جەلال عازەبانی]و [صلاح ڕەش] سازکرا، کاك «ئازاد توفیق رحیم» یش لەسەر شیعرەکان لێکۆڵینەوەیەکی پێش کەش کرد، کۆڕەکە لەلایەن برای ڕۆژنامەنووس «هێرش محمد أمین»ەوە بەڕێوەبرا، دوای پێش کەش کردنی لێکۆڵینەوە گەلێك پرسیار و بیرورا خرایە بەردەمی شاعیرەکان و کاك ئازاد، جەماوەرێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەدەب دۆستانی شارەکە ئامادەی کۆڕەکە بوون کە لە هۆڵی مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە پێش کەش کرا.

سلێمانی: ـ لە ئاهەنگێکی خنجیلانەی قەشەنگ دا، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ئێوارەی ١٩٨٦/١٢/٢٥ لە هۆڵی ڕۆشنبیری ڕێزی لەو هونەرمەندو ئەدیب و ڕۆشنبیرانە گرت کە لە ڕۆشنبیری ئەمساڵیاندا بەشداری چالاکیە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانیان کردوە.



# یانەی بەیان

• ئاسۆ •

خوێنەری ئازیز:

وا بۆ جارێکی لەیانەکەتانا بەیەك دەگەینەوە و پێتان رادەگەینین کەپۆستەی ئەم ژمارەیەمان بابەتی هەمە ڕەنگ بوون، وەڵامی ئەو نووسینانە درانەوە کە شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوون، ئەوبابەتانەی کە هی «بەیان»یش نەبوون پێشنیاز کرا بدرێن بە ڕۆژنامەی «هاوکاری» و گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»،.

داوا لە ئێوەی خۆشەویست دەکەین هەتا پێتان دکرێ نووسینەکانتان بە خەست و خۆڵی بنووسن ، با هونراوەکانتان کورت و تۆکمە بن، لێکۆڵینەوەکان مەوزووعیانەو زانستانە بن، با بە سەرچاوەی باوەرپێکراو قووڵ و بەهادار پشت ئەستووربن ، تەنیا ڕیزکردنی کۆمەڵێك سەرچاوە بێ پەنجە درێژکردن بۆ دەق و ژمارەی لاپەڕەی دەقەکە، لێکۆڵینەوەکە پتەو ناکەن، بەڵکو دەبێ نووسەرو لێکۆڵەر گیانی مەنهەجیەتیان هەبێ و جۆرە دەسپاکی یەك لەوەرگرتن و سود بینینی دەقەکان دا هەبێ.

جا ئێمە چاوەڕوانی بەرهەمی خامەی ڕەنگینی ئێوە دەکەین و، پشتمان بەئێوەی نووسەر ئەستوورە.

- ئاسۆ -

● «کە چاوی کردەوە» گوایە چیرۆکێکەو دەیەوێ لە ناو گۆڤاری «بەیان» دا چاو بکاتەوە، داوای لێبوردن لەبرای نووسەر دەکەین کە نە چیرۆك بووو، نەپەخشانێکی هونەرکاری.

● برایان«ن.م ، غ.م، هـ . ع. ر، ئ، ع. س،و خوشکە ل.ع.ق» هەریەکە پارچە شیعرێکی بۆ گۆڤاری (بەیان) ناردووە، ئێمە سوپاسی هەستی بەسۆزو ناسکیان دەکەین، بەڵام دەبێ بمانبوورن کە شەقڵی هۆنراوەیان پێوە دیار نەبوو، بۆیە بڵاونەکرانەوە.

● «دوا نامە» کورتە چیرۆکێکە کاك «ش. م . س» بۆی ناردووین لەبەر ئەوەی زمانەکەی تەواونە ئەبوو، مەرجەکانی هونەری کورتە چیرۆکیان تیادا بەری نەدەکرا، شیاوی بڵاوکردنەوە نەبوو.

● چاوشینەکە

لە خاکی چاوە شینەکانتا
شوێن پێی چەند ئەستێرەیەك دیارە
لە شوێن هەر پێیەکدا
نێرگز ڕواوەو
چاوەکانتم هەر لێ‌دیارە

ئەمە کۆپلەیەکی هۆنراوەیەکە کە «ر. ش» بۆی ناردووین ئێمەش تەنیا هەر ئەوەندەمان لێ‌هەڵکراندو چیتر نا.

● «د.ز» سێ پارچە شیعری بۆ ناردووین، هەرسێکیان نەبوون بەشیعرو خۆیان بسەپێنن، تکا لە شاعیر دەکەین شیعری هێژاو بەپێزمان بۆ بنێری.

● «خۆشەویستە نەمرەکەم» هۆنراوەیەکی کاك«ن. م. ع»ە لەڕاستیدا هێشتا پێی نەگرتووەو ڕێچکەی خۆی بگرێ. داوای لێبوردن لەبرای ناوبراو دەکەین هیواداریین کە ورە بەرنەداو زیاتر خۆی ماندوو کات و بۆ شیعربسووتێ.

● کاری خودێ حەز بکەت دێ بجهـ هێت. .» بابەتێکی چیرۆکی فۆلکلۆرییە وسادەیەو کەڵکی بڵاوکردنەوەی نی یە ئێمە ڕاستە پێویستمان بە بابەتی فولکلوریە، بەڵام دەبێ شی‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بێ، نەك ئاوا بەو جۆرەی کە کاك «ع.گ» ناردوویەتی.

● «دێ دریایێ کریت» کە کاك «س. س. حاجی» لەعەرەبییەوە بەدەسکارییەوە کردوویە بە عەرەبی، بابەتی بەیان نی یە، جگە لەمەش ئەوەندە پتەوو بەپێز نەبوو کەشیاوی بڵاوکردنەوە بێ . داوای لێبوردن دەکەین.

● «فرمێسکی نائومێدی لە پەڕاوی بیرەوەری» ئەم هۆنراوە هێشتا ماوەیەتی خۆی وەك شیعر بنوێنێ، ڕوخساری ساکاری پێوە دیارە. بۆیە بەپێویست نەزانرا بڵاوبکرێتەوە.

● «شانۆو جەماوەرێ شانۆیی» باسێکە شێوەی پرۆگرامی کلاسکی بەخۆوە گرتووە، ڕاستە نووسەر پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەستووە، بەڵام پەیرەوی ڕێبازی نوێی نەکردووەو جێ‌پەنجەی خۆی بەسەر نووسینەکەدا دیار نی یە، کە نووسەر پشت بەسەرچاوەیەك دەبەستێ، دەبێ ئەو لاپەڕەیە دەستنیشان بکات کە سوودی لێوەرگرتووە. لەبەر ئەم هۆیانە نووسینەکە بڵاونەکرایەوە.

● «چیرۆکی سێدارە» هەرچەندە لەڕووی هونەرییەوە تا ڕادەیەك بوونی خۆی دەچەسپێنی، بەڵام لەڕووی ئایدیاوە شیاوی بڵاوکردنەوە. نەبوو.

نەك تەنیا فۆلکلۆرو چیتر.

● «نەو جەوان» هۆنراوەیەکی «ر.ن»ە داوای لێبوردن دەکەین کە بڵاومان نەکردووە، ویستمان دەستکاری‌یەکی تەواوی بکەین، بەڵام وەك سەیرمان کرد هێزو پێزی شاعیریەتیکی تێوەردەگری وابۆ هاندانت و کەلەسەر هۆنراوەدا بەردەوام بی ئەم کۆپلەیەت بۆ بڵاو دەکەینەوە:

**هەمووچاوێ چاوێ نیە**
**لەڕووی چاوم**
**من کەژاوەی عومری خۆمم**
**بۆت والاکردا!!**
**گوڵە سەنا**
**بۆ بینینی چاوی تۆیە ئێستا ماوم**
**ئەگین دەمێ ساڵی زووە**
**هیوا لای‌من لەهۆش چووە**

● «دوو کتێب و هلسە نگاندنەك» کاکی برا بۆ چوونەکەت ئەوەندە پتەو نەبوو کەشیاوی بلاڤکرن بێت، داوای لێبوردن دەکەین.

● «بەفرا زستانێ و چ توول ڤەکرنە» دوو هۆنراوەی کاك «ع.ح»ن لەڕووی ناوەڕۆك فۆرمەوە ناتەواون ، کەڵکی بڵاوکردنەوەیان نەبوو.

«بلبلا جەگەر سوتی» شیعرێکە وەك بولبولەکە جەرگی سوتاوە، ئەو نەگەیشتوتە ئاستی سووتانەکە، کە مەرجی شیعری ڕەسەن بدات بەدەستەوە.

● کاك «ف.ب» هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بەناوی ـ بۆچی دیلبەر ـ کە سەرەتایی‌یەو سادەیە، داوای لێبوردن دەکەین کە بڵاونەکرایەوە.

● «نەزڤرین» ئەم چیرۆکە مەرجەکانی چیرۆکی کورتی تیا بەدی ناکرێن. هیواداریین برای نووسەر هی‌باشترمان بۆبنێرێ کە شیاوی بڵاوکردنەوە بێ.

● «گەر مراوی‌یەکان باڵیان هەبوایە» چیرۆکێکی وەرگێڕاوە، وەرگێڕ نەیتوانیوە بەکوردی‌یەکی ڕوون و پتەو دەقەکە بکاتە کوردی ، بۆیە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی نەدرا.

● «بەسەرهاتی دانە بەفرێ» چیرۆکێکی وەرگێڕدراوە، ناوی چیرۆکنووسی بەسەرەوە نی‌یەو سەرچاوەکەش دیارنەکراوە، ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە بڵاوکرابێتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بڵاوی نەکەینەوە.

● «چەند چامەیەك لەچینەوە» کەبریتی‌یە لەژینامەو شیعر درێژە دادوەرێنێکی تەواوی تیایە، هەروەها لە هەردوو لاپەڕەکاندا بێ‌خەت بەجێ‌هێشتن نووسراوە، دەبوایە کورتەیەك لەژیان و چەند کۆپلەیەك لە شیعرەکانی بکرێ بەکوردی، نەك دەقەکە هەمووی. ئەو بایەخەشی نەبوو کە بڵاوبکرێتەوە.

● «بۆی بێ ئارامم» شیعرێکی کاکی ڕەشپۆشە، نەیتوانیوە بەجۆرێکی ئەوتۆی دارێژێ کە تەرایەتیەکی باش بە ناوەڕۆك و فۆرمەکە بدات، داوا لەکاکی خاوەن هۆنراوە دەکەین کە زیاتر بچێتە بنج و بنەوانی شیعری بەپێزو ڕەسەن و کۆڵ نەدات، تارۆژێ خۆی وەك شاعیرێکی باش دەدۆزێتەوەو دەستی شیعر نووسینی بەهێز دەبێ. هەروەها دووەم شیعریشی کە «تەنیا نامەوێ»یە ئەویش ڕووی بڵاوکردنەوەی نیە.

● برایان کاك «ح. سورچی، أ. س.، ر. م. ت» شیعرەکانتان لاوازو کزبوون، ئیقاعەکانیان تەواو نەبوون، چاوەڕوانی بەرهەمی سەرکەوتوتان دەکەین.

● «بەیتا فەقیو کچامەلەی» دەقەکە فۆلکلوری‌یە بۆ بەلاڤکرنێ دەست نادات. لاوازەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەنووسراوە، داوای لێبوردن دەکەین.

# دوا وشە

## هەندێ ڕازی ڕۆژنامەنووسانە . . .

★ ئەوەی وەکو ڕاستی‌یەك لە بواری کاری ڕۆژنامەگەری‌دا دەرئەکەوێ، ئەوەیە، کە کارێکی ئاسایی نیەو خولیابوون و هۆگربوون و شەونخونی تایبەتی ئەوێ. . گەڕان و سووتان و بەسەرکردنەوەی ئەوێ. . بەو شێوەیە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت ڕاستی ئەوە بسەلمێنێ کە داهێنەرەو پیت و قورقوشم و لاپەڕە دەکاتە هۆیەك بۆ دەربڕینی ووشەی جوان. . لێرەدا، ئەوی بمانەوێ باسی بکەین، کارکردنە لە ڕۆژنامە وەکو فەرمانبەرو،کارکردنە لە ڕۆژنامە وەکو خولیابوون و داهێنان.

● ڕاستە، ئەوانەی لە ڕۆژنامەدا کاردەکەن، وەکو هەر کەسێکی‌تر دەیانەوێ بژین و ژیان مسوگەر بکەن، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا، هەوڵ دەدەن، لە نێوان بەخشش و داهێنان شتێك تۆمار بکەن، یا خۆشەویستی نێوان خۆیان و خوێنەران قووڵتر کەنەوە. . ڕەنگە حاڵەتەکە بگاتە ئەو ڕادەیە کە ڕۆژنامەنووسەکە نەتوانێت بەبێ کارکردن لە دامەزراوی ڕۆژنامە بەو شێوەیە بژی کە خەون و خۆزگەی پاشەڕۆژی تێدا بێتەدی. . . چونکە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ڕۆژنامە دەبێتە بەشێکی بوون و خوێنی. کەچی ڕۆژنامە نوسە (خەم ساردەکان)، ئەوانەی چاوەڕوانی سەرە مانگ دەکەن، هێندە بە خەم ساردی‌و ووشکی مامەڵە لەگەڵ کارەکە دەکەن، کە مەرج نیە بەلایانەوە تاچ ڕادەیەك لەگەڵ مەسەلەکە دەژین، هەروەکو مەرج نیە، خوێنەران، تا چ ڕادەیەك ڕازی دەکەن. . .

ئەوانەی وەکو عەشق لە ڕۆژنامە کار ئەکەن، دەزانن ڕۆژنامەگەری بەر لە هەمووشتێ خوڵقاندنی حاڵەتی بەرپرسیاریی‌یە، بەرپرساریی بەرامبەر بەمێژوو، چونکە ڕۆژنامەگەری کارێکی ئاسایی‌نیە. . .

● ڕۆژنامە ڕاستە هونەرە، بەڵام لە هەمان کات پێویستی بە بەهرە هەیە بۆ نموونە، زۆرن ئەوانەی لە بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە دەردەچن و ساڵانێك لە مێژووو تەکنیك و دنیای ڕۆژنامەگەری دەخوێنن، بەڵام کەمن ئەوانەی دوای تەواوبوونی خوێندن لەو ئامۆژگایانەدا بتوانن ناوێك لە دنیای ڕۆژنامەنووسی‌دا دروست بکەن. . . ئەوی لێرەدا مەبەست بێت، ئەو ڕاستی‌یەیەکە کارکردن و بەردەوام بوون لە بواری ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەدا، پیویستی بە بەهرەیە، لە هەمان کات گەڕانە بەدوای تێ‌گەیشتن لە دنیای ڕۆژنامە.

● کە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك، هەر ڕۆژنامەیەك، هەڵئەدەینەوە، ئەتوانین بەئاسانی لەوە بگەین کە ڕۆژنامەنووسان، ئەوانەی لە لاپەڕەکاندا کارئەکەن، تاچ ڕادەیەك مامەڵە لەگەڵ زەوقی خوێنەر ئەکەن و چۆن ئەتوانن خوێنەران زۆرکەن و، دڵنیایان کەن.

سەرکەوتنی هەر ڕۆژنامەیەك، هەر گۆڤارێك، بەندە بەوانەی کاری تێدا دەکەن، بەندە بە ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەنووسانی ئەوتۆ کە هەر لەڕێی ڕێکەوتەوە تووشیان نەهاتبێتە ئەم پیشەیەوە، بەڵکو بە حوکمی خۆشەویستی‌و هوگربوون و ڕادەی خولیابوونیان بەم دنیایە هەرە تایبەتی‌یە. . .

شێرزاد عبدالرحمن

بەیان

مجلة ادبية شهرية

تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد



رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالي





هەواڵنامەی کتێب

http://www.facebook.com/groups/140691186019655/



**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publishing
Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**

نرخی (200) فلسه

دار الحرية للطباعة